# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٩) شوباتی
٢٠١٧

ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) چاپکراوە

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
تۆفیق کەریم
٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣
tofeqkarem@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
عادل سدیق

بەڕێوەبەری هونەریی
ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاری یاسایی
بەکر حەمەسدیق

ڕاوێژکاران

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
پ.ی. سەلام ناوخۆش
م.ی ئیدریس سیوەیلی

وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ

سایتی گۆڤاری خاڵ:
www.xalkurd.com

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم

# لەم ژمارەیەدا

**تەوەر (ئیسلام و مێژوو)**


تورا‌سی ئیسلامی ئەتوانێت چی پێشکەش بە ئەمڕۆ بکات؟ ........................ عومەر ئیسماعیل ڕەحیم ٤
مێژووی ئیسلام یان مێژووی مسوڵمانان ........................ د. زریان حاجی ١٦
مێژووی مسوڵمانان لە نێوان پیرۆزی و واقیعی بووندا ........................ د. حەکیم ئەحمەد ٢٨
تێروانینی ڕۆژهەڵاتناس (یۆلیۆس فلهاوزن) لەبارەی دەوڵەتی ئیسلامی ........................ د. نەریمان عەبدوڵڵا ٣٣
خوێندنەوەی مێژوو بەدیدێکی واقیعیانە ........................ کامەران بابان زادە ٤١
مێژووی ئیسلامی پیرۆز نییە. ن: د. موحسین عەبدولحەمید. ........................ و. ڕێدار ئەحمەد ٤٩
ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام ........................ فاتح سەعدی ٥٢
ئیسلام و مێژووی مسوڵمانان ـ گفتوگۆ لەگەڵ پ.د. قادر پشدەری ـ ........................ ٥٧
چەند ڕۆچنەیەک بۆ تێگەشتن لە مێژوو ........................ د. عوسمان محەمەد ٦٣
میتۆدێکی زانستییانە و واقعییانە بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووی سیاسی ئیسلام ... د. کەریم ئەحمەد ٦٩
فەلسەفەی مێژوو ـ خوێندنەوەی کتێب ـ ........................ حەسەن مەحمود حەمەکەریم ٧٧
مێژووی مسوڵمانان لەنێوان ڕاستی و شێواندندا ........................ د. حسەین محەمەد ٨٢
گفتوگۆ لەگەڵ د. ئیبراهیم جاف ........................ ئیدریس سیوەیلی ٨٦
ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامیی ........................ د. ئاراس محەمەد ٩٣
ڕۆژهەڵاتناسی زانستێکی لە مێژینەی بەکارهێنراو دژی ئیسلام ........................ ئیمداد تەها ١٠٣


**بابەتی گشتی**


دیوی شاردراوەی پەیوەندیی ئەرمەن و زازا ........................ د. هێمن عومەر خۆشناو ١١٤
ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی، پێگەیان لە ناوەندە فەرمییەکاندا........................ و: د.ئیسماعیل بەرزنجی ٢١٢
زانکۆی زەهرا گەورەترین پرۆژەی چاکسازی سەعید نورسی لە کوردستان ... بەهێز حەسەن مەحمود
سیاسەت و کاری سیاسیی، لە تۆماری تەمەنی (د.مستەفا زەڵمی)دا ............عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ١٣٨
ڕوانینێکی تر بۆ مەسەلەی تەقلید ........................ خالید ئەلیاس ١٤٤
هەڵوێستی سوریا بەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجە ........................ عادل سدیق ١٤٩
دواخاڵ ........................ ١٥٢






# تەوەری ژمارە

# (ئیسلام و مێژوو)

تەوەری ئەمجارەمان تایبەتە بە مێژووی ئیسلامیی، کە دەبێت چۆن لێی بڕوانین؟ ئەم مێژووە چەندە پشتی پێ دەبەسرێت؟ بنەما زانستییەکانی توێژینەوەی مێژوو کامانەن؟ ئەم مێژووەی ئێستا هەیە بە جوانی و ناشیرینییەکانییەوە چەندە ماڵن لەسەر خودی ئیسلام؟ لێکدانەوەی ئایدۆلۆژی بۆ مێژووی ئیسلامیی چ نەهامەتیەکی بەدواوەیە؟ ڕۆڵی کورد لەم نێوەندەدا چییە؟

ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکە لە شێوەی دیمانە و بابەت و توێژینەوەدا بووەتە تەوەری ئەمجارە. ڕەنگە تایبەتمەندی ئەم تەوەرە لەوانەی پێش خۆی ئەوە بێت زۆرترین شارەزا و پسپۆڕی بابەتەکە بەشداری دەوڵەمەندکردنی تەوەرەکە بوون، زۆرترین ڕووبەری گۆڤارەکەشی بۆ تەرخان کراوە.

سەرباری هەموو ئەوانەش هێشتا بابەتەکە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ بێزارنەکردنی خوێنەر بەوەندە کۆتایی پێدەهێنین. بەو ئومێدەی قسەیەکی تازە و پێداچونەوەیەکی بوێرانە و تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لە دوو توێی بابەتەکاندا بن. ئەمەیان پێویستی بە گەواهیدان و بڕیاری خوێنەرە، نەك خۆزگە و ئاواتی ئێمە.



# توراسی ئیسلامی

## ئەتوانێت چی پێشکەش بە ئەمڕۆ بکات؟




**عومەر ئیسماعیل رەحیم**

لەدایکبووی ۱۹٦۷، کۆیە.

ماستەر لە فیکری ئیسلامی

شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

## پێشەکی

دەتوانین بڵێین توراس ئەو سامانە مەعریفی و زانستی و هونەریی و فیکریەیە پێشینانمان نەوە دوای نەوە بەرهەمیان هێناوە و بۆ ئێمەیان بە جێ هێشتووە، کە ئەمرۆ ئێمە هەم شانازی پێوە بکەین، هەم لە میانەیدا شوناسی خۆمانی تێدا بدۆزینەوە، قوڵایی و رەسەنایەتی خۆمان بزانین، پێشینانمان ئەوەتا لە هەموو بوارە مەعریفیی و فیکریی و زانستییەکان بە هەزاران داهێنانی زانستی و سەدان تیۆری فەلسەفی و سیاسی و سەدان بەرگ کتێبی ئەدەبی دانسقە و هونەری و دەیەها کتێبی ئەندازەیی و پزیشکی و فەلەکناسیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، کە دەکرێت بۆ ئێستا و سەدان ساڵی تریش هەر سوودی لێوەربگیرێت، توراس مێژووی زانستی و مەعریفی ئوممەتی ئیسلامی وێنا دەکات. هەر لێرەوە دەتوانین راشکاوانە بڵێین هەڵەی گەورەی مێژوونوسان بە گشتی و ئەوانەی مێژووی مسوڵمانانیان نوسیوەتەوە لەوەدایە کە بەتەنها پشتیان بە گێرانەوەی ئەو رووداو و چیرۆکانە بەستووە کە لە مەیدانی سەربازی و ململانێ سیاسییەکان گێردراونەتەوە، بۆیە بەردەوام وێنای مسوڵمانان وەک گەلێکی تینو بە خوێنرێژی و لێوان لێو بە شەڕ و ئاژاوە، لە باشترین و جوانترین وێنەیدا وەک جەنگاوەرێک پیشاندەدرێت، جا لێرەوە و بۆئەوەی ئەو وێنەیە وەراست بگەرێت رۆژهەڵاتناسەکان و توێژەرە نەیار و ناحەزەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون کە توراسە مەعریفی و زانستییەکەی مسوڵمانان پەردەپۆش بکەن، یا لە رێگەی چەندین میکانیزم بێ بەهای بکەن، وەها وێنای بکەن کە هیچ ئەرزش و نرخێکی زانستی و بەهایەکی مەعریفی و جەدوایەکی ژیاری نییە، هەندێک لە نوسەر و تەنانەت ئەکادیمی مسوڵمانیش کەوتونەتە ئەم هەڵەیەوە، بە پاساوی ئەوە کە ئەم توراسە لە باشترین حاڵەت ئەوەیە کە بۆ سەردەمی خۆی گونجاو بووە، بەڵام ئەمرۆ ئێمە کە سەدان ساڵ نێوانمە، مرۆڤایەتی پێشکەوتن و گۆڕینی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئێستا دەتوانین چ کەڵکێک لەو توراسە پواو و کۆنە وەربگرین.

لێرەدا پرسیاری گرنگ و ستراتیژ ئەوەیە! باشە ئەگەر ئەو وێناکردنەی توراس راستە ئەی ئەو هەموو هەوڵ و کۆششانە بۆ گواستنەوەی ئەوەی کە پێیان کرا لە توراسی ئیسلامی بۆ لای خۆیان چۆن پاساو دەدرێت؟ تائێستاش کتێبخانە و مۆزەخانەکانی شارە گەورەکانی ئەوروپا پڕیانە لەو پەرتوک و دەستنوسە دانسقە و دەگمەنانە. خۆرئاواییەکان تەقەلای زۆریاندا چ لە رێگەی حەڵاڵەوە بە کرینی سەرچاوەکانی توراسی ئیسلامی و توێژینەوەیان، چ لە رێگەی حەرامەوە بە دزین و بە تاڵان بردنیانی ئەو سەرچاوانە(١)، بێگومان بۆ توێژینەوەی ئەوەبووە تا نهێنی پێشەنگی و پێشکەوتنەکانی مسوڵمانان بدۆزنەوە و کەڵک لەو هەزاران تیۆرە زانستی و فەلسەفیانە وەربگرن، دوای ئەو پرۆسەی دزین و بە تاڵان بردن و گواستنەوەیە زۆرێک لەو پەرتوکانەیان وەرگێرایە سەر زمانەکانی خۆیان، تا بە ئاسانتر و لە بازنەیەکی فراوانتر بتوانن سوودی لێ ببینن، بیرۆکە و تیۆرە زانستی و فیکرییەکانی ناو هەناوی مێژوو و توراسی ئیسلامی بۆتە هەوێنی چەندین داهێنانی فیکریی و سیاسی و زانستی کە دواجار بوونەتە ئەو پایە بە هێز و پتەوانەی کە شارستانییەتی خۆرئاوای لەسەر وەستاوە(٢).

لەم نوسینەمدا بۆ گۆڤاری (خاڵ) دەمەوێت قسە لە سەر تەنها سێ خاڵ بکەم:

١- پێناسەی توراس.
٢- بایەخ و ئەرکی توراس.
٣- پێوەرەکانی مامەڵەکردن و هەڵسەنگاندنی توراس.

## یەکەم/ پێناسی توراس:

(توراس) تەحویرکراوی وشەی (التراث)ی عەرەبییە، کە ڕیشەکەی لە سێ پیت پێکدێت کە (و، ر، ث)(٣) یە، بەواتای: هەرچی پێشینان لە دوای خۆیاوان بە جێدەهێڵن بۆ کوڕ و وەچە و نەوەکانیان، جا ئەم جێماوە ماددی و شتی بەرجەستە بێت، وەک قورئان دەفەرموێت: **﴿وتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلا لَمًّا﴾**(٤)، واتە میراتیش بە هەڵپە و چڵێسی دەخۆن، مەبەست بۆماوە و میراتی ماددییە. ئایەتەکانی پێشتر و دواتریش هەر باس لە دارایی و سامانی خۆراکە کە ئەمانەش کاڵا و شتی ماددین(٥)، یان ئەو بۆماوەیە مەعنەوی بێت، وەک پاڕانەوەکەی زەکەریا پێغەمبەر، کە خودا کوڕێکی باشی پێبدا بۆئەوەی ببێتە میراتگری پێغەمبەرایەتی نەوەی یەعقوب، وەک دەفەرموێت: **﴿يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ واجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا﴾**(٦)، دیارە کە پێغەمبەرایەتی شتێکی مەعنەوییە، یا تەنانەت دەکرێت بۆماوە و ئەو شتە میراتییە فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و میکانیزمەکانی ئیدارەکردنی کۆمەڵگە بێت، وەک قورئان لەمبارەوە دەفەرموێت: **﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وقَالَ يَاأَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنْطِقَ الطَّيْرِ وأُوتِينَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ﴾**(٧)، واتە: (سولەیمان) دوای (داود) بوو بە جێنشین، فەرمانڕەوایی بە میرات بۆ بەجێما.

لە زمانی کوردیش، ئەوەندەی لە فەرهەنگ و قاموسەکانی زمان گەڕام، وەرگێڕانەکەی مامۆستا (هەژار)یشم بۆ قورئانی پیرۆز تەماشاکرد، لە بەرامبەر وشەی «میراث و تراث»، تەنها وشەی (کەلەپوور) و (میرات)ی و (سامان) یش، بەکارهێنراوە(٨). بەڵام وەک توێژەرێک بە بەکارهێنانی وشە عەرەبییەکە ئاسودەترم، چونکە (کەلەپوور) زیاتر ڕەهەندە ماددییەکانی بۆماوە

### ڕۆژهەڵاتناسەکان و توێژەرە نەیارەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون کە توراسە مەعریفی و زانستییەکەی مسوڵمانان پەردەپۆش بکەن

و میراتی دەگرێتەوە لە لایەک، جگە لە هەندێک دەستکاریی و پاش و پێشکردنی پیتەکانیشی هەر وشە ئینگلیزیەکەیە لەلایەکی تر. (میرات)یش جگە لە گۆڕینی پیتی (ث) بە (ت)، وەگەرنا هەر وشە عەرەبییەکەیە.

وا دەزانم بە وەرگرتنی وشە دەتوانین زمانی خۆمان دەوڵەمەندتر بکەین، ئێستا هەندێک لە ڕۆشنبیر و نوسەر کاتێک ڕووبەڕووی دەستکورتی زمانی کوردی دەبنەوە لە وشە و زاراوە، ئەوا پەنا بۆ زمانەکانی لاتینی و ئینگلیزی دەبەن، ئەی بۆچی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانی قورئان بە نەنگی بزانین؟ خۆ دیارە کە زمانی عەرەبی لە زمانی کوردی، ڕۆشنبیری عەرەبی لە ڕۆشنبیری کوردی نزیکترە، هاوبەشییەکی کولتووری و ئاینی زیاترمان لە نێواندا هەیە تا زمان و ڕۆشنبیری ئینگلیزی و لاتینی.

دەگەڕێمەوە بۆ پێناسەی (تراث)، وەک چەمکێکی فیکریی و ژیاری، یا وەک دەوترێت پێناسەی ئیصطلاحی، گواستنەوەی لە زمانەوانییەوە بۆ چەمکێکی فیکری. دیارە لە بەکارهێنانی وشەی (تراث)، وەک چەمک و مەفهوم لە ناوەندە فیکریی و ڕووناکبیرییەکاندا کێشمەکێش و گفتوگۆی زۆری لە بارەوە کراوە و لە دیدگا و گۆشەنیگای جیاجیاوە پێناسە و شرۆڤەکراوە، سەبارەت بە ڕەهەند و توخمە پێکهێنەرەکانی ڕای جیاجیا هەیە. هەروەها لە ڕووی زەمەن و لە کام مێژوو و

## ئوممەتێك كە بیرەوەری نەبێت و كۆگای عەقڵ و گەنجینەی بەرهەمە مێژووییەكانی سڕابێتەوە ئەستەمە بتوانێت خاوەنی ئێستای خۆی بێت

لە چ قۆناغێکەوە (توراس) دەستپێدەکات، پاشان گرنگی و بایەخی (توراس) و پێویستی گەڕانەوە بۆ (توراس) و پشتپێبەستنی. لێرەدا ناچینە ناو ئەو کێشمەکێش و جیاوازیانە، بەڵکو لە دووتوێی پێناسێکی کورت و گشتگیر (جامع ومانع)دا دیدگای خۆمان، وەک توێژەر و کەسێک کە خوێندنەوە و قسەکردن لە سەر توراس، جێگەی بایەخ پێدانیەتی، دەخەمە ڕوو.

(توراس) کۆی بەرهەم و دەستکەوت و داهێنانە ژیارییەکانە، لە زانستە جیاجیاکان و مەعریفە و فیکر و فەلسەفە و هونەر، هەروەها نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەزموونی ژیان، کەلوپەل و کالا ماددییەکانیش دەگرێتەوە، کە پێشینان بە شەونخونی و ئیجتهادی خۆیان پێیگەیشتوون و بەرهەمیانهێناوە، بەردەوام لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان دەگوازرێتەوە.

بە دەربڕینێکی کورتتر: توراس بریتییە لە بەرەنجام و لێکەوتەی ئیجتیهاداتە مرۆییەکان کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەشەدان و باشترکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بەرهەم هاتووە و ئەنجامدراوە.

بەم پێناسەیە توراس تەواوی ئەزموون و بەرەنجامی هەوڵ و ماندووبوونەکانی مرۆڤ و ویست و ئارەزوو میکانیزمەکانی کاراکردنی توانا و لێهاتنەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەویش لە مەیدانی زانستە جیاجیا تیۆرییەکاندا، وەک: فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ئابووریی و سیاسەت و یاسا، هەروەها زانستە پراکتیکییەکانی وەک: ئەندازە و بیناسازی و پزیشکی و کیمیا، و زانستەکانی تریش وەک: زمانناسی و ئەدەب و، هونەرە میللیەکان و فۆلکلۆر و هەموو ئەو ئاکار و نەریت و ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە بەرهەم هاتوون ئەمەش لە ئەنجامی بەگەڕخستنی تواناکانی مرۆڤ. بەکورتی توراس تەواوی ڕەهەندە ماددی و مەعەنەوی و فیکرییەکانی ژیاری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، مادام بە هەوڵ و کۆششی مرۆڤ بەرهەم هاتووە.

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی توراسی مرۆڤایەتی، بەڵام کاتێک بمانەوێت ئەم پێناسەیە بە توراسی ئیسلامی تایبەت بکەین، دەبێت هەموو ئەو ئەزموون و ئیجتهاداتانە لە چوارچێوەی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە و بەها باڵاکانی ئیسلام بێت و بەمەبەستی بەجێهێنانی مەرام و مەبەستە شەرعییەکان بێت، ئامانجیش ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی بووبێت، وەک وەڵامدانەوەی فەرمان و ڕێنماییەکانی وەحی خودا، جا ئەو توراسە بەرهەمی عەقڵی هەر نەتەوەیەک بێت و بە هەر زمانێک (عەرەبی، کوردی، فارسی، تورکی، ئوردی...) نوسرابێت، ئەوە توراسی ئیسلامییە، بەرهەمی شاعیر و هۆنەرانی کوردی وەک: بابا تاهیر، جەزیری، بێسارانی، مەحوی و مەولەوی، مەسنەویەکانی مەولانا و قەسیدەکانی حافز و سەعدی بە زمانی فارسی، و نوسینە پڕ بەهاکانی زانا گەورەکانی نیوەدورگەی هیندستان و پاکستان،...هتد، هەموویان بەشێکن لەو توراسە دەوڵەمەندە.

ئەو هێرشە فیکریی و ڕۆشنبیرییەی ئەمڕۆ دەکرێتە سەر گەلانی مسوڵمان، مێژوو و توراسی فەرهەنگی و ژیاریانی کردووە بە ئامانج، لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی بەهێزترین و

مەترسیدارترین و کاریگەرترین هێرشە لە مێژوودا کرابێتە سەریان، بۆیە ئاسەوارە نەرێنیەکانی لە رووی گۆڕانی هەڵوێستیان بەرامبەر بە توراس و مێژووی پڕ سەروەری خۆیان، لەو ڕووەوە چەندین نوسەری دیار و پەیامداریش کەوتونەتە ژێر کاریگەری و هەژموونی ئەو هێرشە، ڕاست و چەپ کەوتونەتە نەشتەرگەری ئەو مێژووە پڕ سەروەرییە و ئەو توراسە دەوڵەمەندە، چەند بۆچونێکی لاواز و مەرحەلی، هەندێک فەتوای مێژوویی و کاتی، و چەند هەڵوێستێکی نەشیاو دەرکرێتە پاساوی ئەو هێرش و ڕەخنە نا بابەتی و ڕوخێنەرانە.

بێگومان هەرکەس بابەتیانە لە توراس و مێژووی هەر گەلێک بە توراسی مسوڵمانانیشەوە بڕوانێت ناتوانێت بانگەشەی مەعسومیەت بکات، مادام بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە، ئیدی چاوەڕوانی هەڵە و کەموکوڕی لێدەکرێت. بەڵام ناشکرێت بوونی هەندێک کەموکوڕی و هەڵە بکرێتە پاساوی فەرامۆشکردن و فڕێدان، ئەو گەنجینەیە کە کۆگا و ئەرشیفی بیرەوەریی و عەقڵی ئوممەتی ئیسلامییە، لە مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵی لەمەوبەری خۆیدا بەرهەم هاتووە.

ئوممەتێک کە بیرەوەری نەبێت و کۆگای عەقڵ و یادەوەری و گەنجینەی بەرهەمە مێژووییەکانی سڕابێتەوە ئەستەمە ئەمڕۆ بتوانێت خاوەنی ئێستای خۆی بێت، چ جای ئەوە کە بتوانێت داهاتووی بونیات بنێتەوە.

ئەوە ڕاستە کە دەبێت بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە و بە عەقڵیەتێکی سەردەمیانە و لەژێر سایە و تیشکی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنە زانستییەکان توراسی ئیسلامی بخوێنرێتەوە، هەروەها نابێت لە مێژوودا بژین. بەڵام ناشبێت بکەوینە ژێر ئەو دوالیزمە، یا هاوکێشەیەی عەقڵیەتی خۆرئاوایی لە ئەنجامی کێشەی لەگەڵ توراسی کەنیسە بەرهەمی هێنا، کە دەبێت لە نێوان توراس و کەلەپوور هەروەها هاوچەرخی بووندا یەکێ هەڵبژێریت، یا بۆ ئەوە لە ئێستادا بژیت دەبێت خۆت لە مێژوو توراس دابڕنی و بێبەری بکەیت. یا بچیتەوە ناو مێژوو و بە عەقڵیەتی لاپەڕە زەرد و پەرتوکە پواوەکانی مێژوو بژیت، کە ئەو کاتە لە مرۆڤێکی کۆنەپەرست زیاتر شتێکی تر نیە.

**لە ئەنجامی کاریگەری ئەو هێرشە نوسەر و بیرمەندە مسوڵمانەکانیش بە سەر دوو ئاراستەی پێچەوانە دابەشبوون:**

ئاراستەی یەکەم ئەوانەن کە تەریب لەگەڵ شەپۆلی هێرشەکە ملیان نا بە فەرامۆش کردن و ناشیرین کردنی توراس و کارکردن بۆ دورخستنەوەی بە پاساوی ئەوە کە ئیدی مرۆڤایەتی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە و نابێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئەگەر ناوەڕۆکی ئەو توراسە ڕاستیش بێت بۆ سەردەمی خۆی بووە، بۆ ئێستای ئێمە هیچ توخمێکی هێز و بڕشتی تێدا نییە، کە یارمەتیدەر بێت بۆ دورستکردنەوەی ژیان لەو سەردەمەی ئێمە، بە پێچەوانە ئەشێت ڕێگر و لەمپەریش دورست بکات. بۆیە دەبێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ وەحی و دەقە پیرۆز و تەئسیسیەکان بکەین. ئەم ئاراستە و بانگەوازە ئەگەر بەنیەت چاکی و دڵسۆزیشەوە بێت ئەوا خزمەت بە هەڵمەت و هێرشە سەخت و دژوارەکەی ناحەزان بۆ سەر ئوممەتی ئیسلامی دەکات، جگە لەوە هەڵەیەکی لۆجیکی زەقیشی تیدایە، ئەویش ئەوەیە کە گەڕانەوە و مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەحی هەرگیز پێچەوانە نییە لەگەڵ سوودوەرگرتن و گەڕانەوە بۆ توراس.

ئاراستەی دووەم کە هەڵەی ئەوان زۆر کەمتر نییە لە هی یەکەم ئەویش دەستگرتنە بە توراسەوە بە شێوەیەک کە بە پیرۆز بزانرێت و بە خراپ و

باشییەوە هەڵە و ڕاستییەوە وەربگیرێت، لاساییەکی کوێرانەی ڕابردووەکان بکەینەوە، وەرگرتنی هەموو بۆچوون و ئیجتیهادەکان بەبێ ئەوەی مافی ڕەخنەگرتن بۆ کەس بهێڵیتەوە، ئەوەش بە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی دەرەکی و پارێزگاری لە خۆماڵییەتی فیکر و ڕۆشنبیریمان، کە ئێستا کەوتۆتە بەر هەڕەشەی داروخان و لەناو چوون، وە بە پاساوی ئەوە کە تێگەیشتن و پەیڕەوکردنی ئایین بە دروستی و ڕاستەقینە لەوەی پێشینانمان تێیگەیشتوون تێناپەڕێت.

بەر لەوەی خاڵی پێناسەی توراس بەجێبهێڵین و بچینە سەر خاڵی دووەم، گرنگە ئاماژە بە دوو شت بکەین:

یەکەم: دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە دروستەکان(صحیح)ی پێغەمبەر()، بەم پێناسەیەی کردمان بەشێک نابن لە توراس، چونکە ئەمانە بەرەنجامی ماندووبوونی مرۆڤ نین، بەڵکو لە ڕێگەی (وەحی)یەوە لە خواوە نێردراوە بۆ پێغەمبەر (). بۆیە دەبێت بە ڕوونی و ڕاشکاوی جیاوازی بکرێت لە نێوان قورئان و فەرموودەی دروست، لەگەڵ توراسی مرۆڤدا کە بەرهەمی توانای فیکری مرۆڤەکانە. ئەم جیاکردنەوە ڕێگە دەگرێت لەو کەسانەی کە بە مەبەستی خراپ تێکەڵی لە نێوانیان دروست دەکەن و نایانەوێت ئەو جیاکارییە ببێت، بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆیان ڕەخنە لە قورئان و فەرموودە بگرن، هەروەک چۆن ڕەخنە لە دەقێکی فەلسەفی یا ئەدەبی دەگرن کە زادەی عەقڵ و ئیجتهادی مرۆڤە. بەدیوەکەی تریش، ئەم جیاکارییە خزمەت بەوە دەکات کە هەندێکی تر بێن هەمان ئەو پیرۆزی و عیسمەتەی قورئان و فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەر() هەیانە، نەیدەنە ئەو توراسەی کە پێشینان بۆیان بە جێهێشتووین، بەمەش ڕێگەی هەر جۆرە ڕەخنەکردن و هەڵسەنگاندنێکی توراس لە بەردەم ڕەخنەگر و توێژەران دەگرن.

دووەم: بەها باڵا ئیسلامییەکان، کە لە ڕێگەی وەحییەوە چەسپاون، وەک دادپەروەری و شورا و برایەتی و هەر بەهایەکی تر کە لە ڕێگەی وەحییەوە چەسپاو بێت و مرۆڤی پێوە پابەند کرابێت. بەڵام ئەو میکانیزم و ڕێو شوێن و سستەمەی کە مرۆڤ پێیگەیشتووە و دایهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بەهایە و مومارەسەکردنی، دیارە کە ئەمیان دەبێتە بەشێک لە توراس.

## دووەم/ ئەرك و وەزیفەی توراس:

لەو سەردەمە و دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریانە بە سەر ژیان و کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هاتوون توراسی ئیسلامی دەتوانێت چی پێشکەش بکات، بە دەربڕینێکی تر ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە کوێ و لە چی توراس سوودمەند بین، چۆن کەڵکی لێ وەربگرین. یا ئەرک و وەزیفەی توراس چییە؟

بە بۆچوونی من و لە ئەنجامی بەدواداچوون و خوێندنەوەی زۆرم پێموایە کە توراسی ئیسلامی دەتوانێت لەو چەند ڕەهەندەوە خزمەت بە ئەمڕۆی ئێمە بکات، ئەو چەند ئەرکە ئەنجامبدات و ئەو ڕۆڵە کاریگەرە ببینێت:

یەکەم: ڕەهەندی دەروونی و سەلماندنی ڕەسەنایەتی: دیارە کە توراسی ئیسلامی بەرهەمی کەڵەکە بووی عەقڵ و بیرکردنەوەی نەوە دوای نەوەی مسوڵمانانە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە(د.خ) تا ئەمڕۆ، کەواتە توراس بەرهەمی ئوممەتێکە، ئەو ئوممەتەی کە پێگەیەکی بەرز و ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری بینیوە لە مێژوودا، بەم مێژووە پڕ لە سەروەرییە توانیویەتی لە لوتکەی شکۆ و سەروەری شارستانی مرۆڤایەتی جێگەی خۆی بکاتەوە.

بەڵام ئەم پێشەنگی و شکۆمەندییە بەردەوام

نەبوو دوای ماوەیەک دوچاری کارەسات و شکست هات، کەوتە کۆتایی دواوەی کاروان و شتێکی بۆ ئێستا بە دەستەوە نەما کە جێگەی شانازی بێت، بەڵگەنەویستە مرۆڤ چ لە سەر ئاستی تاک و چ لە سەر ئاستی گەل و نەتەوە و کۆمەڵگاوە لە ساتی شکست و نسکۆدا ئەگەر شتێک نەبێت دەستی پێوەبگرێت و شانازی پێوە بکات، رەسەنایەتی و ریشەداری بسەلمێنێت، جۆرێک لە بەرگری و بەرەنگار بوونەوەی بۆ دورست بکات، بیکات بە چەکی دەستی بۆ رووبەڕووبوونەوە، بێگومان ئەو کاتە لە ناخەوە و لە ناوەوەیشیدا تووشی هەرەس دەبێت، متمانەی بە خۆی نامێنێت ئەو کاتە هەڵسانەوەی ئاسان نابێت.

توراسی دەوڵەمەند دەتوانێت ئەو رۆڵە پڕ بایەخە ببینێت بۆ گەلانی مسولمان، دەبێتە ئەو میراتە ژیاریی و مەعریفییە دەوڵەمەندە، هەروەک چۆن میراتی ماددی کە کاتێک باوکێک دەمرێت و وەچەیەکی ساوا، یا نەخۆش جێدەهێڵێت لێی دەخۆن تا ئەوکاتە پێدەگەن، یا قۆناغی نەخۆشیەکە تێدەپەڕێنن، ئەم توراسە دەوڵەمەندەی مسوڵمانانیش هەمان رۆڵ دەبینێت، پشتبەستن بەم میراتە شارستانییە قوڵ و ریشەدار و دەوڵەمەندە دەشێت ببێتە قەڵغانێکی بەهێز و پشتیوانێکی مەعنەوی گەورە بۆ ئیرادە بەزیو و شکست خواردووەکەی گەلان و کۆمەڵگە مسوڵمانەکان، شوێنەوارە نەرێنیەکانی گرێی هەستکردن بە ناتەواوی و شکستخواردوویی لە بەرامبەر گەشە و پێشکەوتنەکانی خۆرئاوا نەهێڵێت، یا لانی کەم کەمی بکاتەوە.

ئەو قەرەبووکردنەوە مەعنەویەش ئەو کاتە بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت ئەگەر بزانین و دەرکمان بەوەکرد کە پێشکەوتنە شارستانییەکەی خۆرئاوا لە زۆربەی رەهەندەکانییەوە ریشەکەی

**توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان مەحکومن بە سنووری کات و شوێن**

دەگەڕێتەوە بۆ توراسی مسوڵمانان، ئەم تێگەیشتنە و ئەو ئینتمایە گەلانی ئیسلامی لە کاریگەریە نەرێنییەکانی گرێی هەستکردن بە کێماسی، داڕووخانی دەروونی دەپارێزێت، بەڵکو جۆرێک لە هیممەت بەرزی و هەڵمەت و گەرم و گوڕی دورست دەکات بۆ گێڕانەوەی شکۆ و پێشەنگی لە دەست چوویان.

دووەم: رەهەندی زانستی و میتۆدی، راستییەکی بەڵگەنەویستە هیچ ئوممەت و نەتەوەیەک نابێتە خاوەن شارستانی و ژیاری خۆی تا ئەوکاتەی دەبێتە هەڵگری ماک و تایبەتمەندی جیاکەرەوە لە ژیارەکانی تر، ئەمڕۆ بۆچی ئوممەی ئیسلامی خاوەن ژیار و شارستانی نییە و لە ناو شارستانییەتی خۆرئاوا تواوەتەوە، بووە بە پاشکۆ، چونکە بۆ هەموو شت بە عەقڵی خۆرئاوایی و مەنتیق و مەنزومەی فیکری خۆرئاوا بیردەکاتەوە و لە جیهانبینیدا جیاوازییەکی نییە، ئەگەر ئەمڕۆ بیرمەند و روناکبیرە ئیسلامییەکان لۆجیک و مەنزومەی فیکری خۆرئاوا رەتدەکەنەوە بەهۆی ئەوەیە ئەو لۆجیکە هەڵگری ریشە و تایبەتمەندییەکی ماددییە و ئاسەواری فەلسەفەی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خودا و سروشتی بەسەرەوە دیارە، هەوڵی بەدیلی بۆ دەدەن، بە لای منەوە ئەمە یەکێکە لە کارە هەرە پێویستەکانی بیرمەند و توێژەرانی ئیسلامی و

# توراس زۆر شتی تێدایە کە بۆ ئەمڕۆش جەدوای خۆی لە دەست نەداوە و دەشێت کاری پێبکرێت و بەکاربهێنرێت

ئەوانەی هەڵگری خەمی گێڕانەوەی شکۆی ئیسلام و شارستانییەتی ئیسلامیان هەڵگرتووە، دەتوانین بنچینە و هەوێنی ئەو لۆجیک و مەنهەجیەتە لە توراسدا بە تایبەتی لە زانستی ئوسوڵی فیقهو میتۆدە پەیڕەوکراوەکان لای فیقهناسەکان بدۆزینەوە. لێرەوە دەڵێین ئەمڕۆ زۆر پێویستمان بە زیندوکردنەوەی توراس و هانا بۆ بردنی هەیە، بۆ دورستکردن و پێکەوەنانی مەنزومەیەکی عەقڵی و میتۆدێکی فیکری و لۆجیکێکی جیهانبینی، کە بە دڵنیایی بنەماکانی لە توراسدا دەستدەکەوێت وەک ئاماژەمان کرد بەتایبەتی لە مەنهەجە ئوسوڵیەکان و ئەو کتێبانەی ڕەخنە لە لۆجیک و مەنتیقی گریک و خۆرئاواییەکان دەگرن، بەتایبەت کتێبەکانی ئیبن تەیمییە.

سێیەم: ڕەهەندی پراکتیکی و کرداری، جگە لەو خاڵانەی پێشتر باسمان کرد بۆ پیشاندانی بایەخ و ئەرکی توراس، ئەوەی کە دەتوانین وەک بەڵگە نەویستێک باسی بکەین ئەوەیە کە توراس زۆر شتی تێدایە کە بۆ ئەمڕۆش جەدوای خۆی لە دەست نەداوە و دەشێت کاری پێبکرێت و بەکاربهێنرێت،

نمونە: لە بواری کۆمەڵایەتی و بەهای باڵا و ئەخلاقیات، ئەگەر قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) لەو مەیدانەدا مەنزومە، یا تیۆرێکی تێر و تەواومان پێبدات، ئەوا توراسی ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی چەندین نمونەی بەرجەستە و پێڕەویکردنی پراکتیکیمان دەخاتە بەردەست، لە سەردەم و بارودۆخ و هەلومەرجە جیاوازەکاندا، کە ئەمە ڕیشەی ئەو ئاکارە کۆمەڵایەتی و بەها ئەخلاقیانە لە دڵ و دەروون و ناخی جەماوەری مسوڵماندا قوڵ دەکاتەوە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بە عەمەلی ڕەنگرێژ دەکات.

لە بواری ڕۆشنبیریی و زانستیدا، زانایانی ئیسلامی میتۆدی ئەزمونکردن(المنهج التجريبي)، لەڕاستیدا ئەوە زانا مسوڵمانەکان بوون بۆ یەکەمجار لە دونیای توێژینەوەی زانستیدا میتۆدی تێرامان و وردبوونەوە و ئەزمونکردن و قیاسکردنیان بەکارهێنا، با مرۆڤ هەرچەند دەیەوێت تیۆر بەرهەم بێنێت، بەڵام ئەزمونیان نەکات و تاقیان نەکاتەوە ئەوا هەمووی بێهودە دەردەچێت و سوودێکی لێناکەوێتەوە.

چوارەم: ڕەهەندی ئیستاتیکی و جوانی، بەشێکی زۆری توراسی ئیسلامی (زانستی، مەعریفی، ئەدەبی، هونەری...) بەهەر زمانێک نوسرابێت: عەربی، کوردی یان فارسی... بەزمانێکی ئەدەبی زۆر باڵا و قەشەنگ نوسراوە، پرپەتی لە عونسوری بەهێزی جوانی و ئیستاتیکی، بەشێوەیەک کە دوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە هێشتا بەها و ئەفسون و دڵگیری خۆی لەدەست نەداوە، لە زمانی عەرەبی هۆنراوەکان و دەقە ئەدەبیەکانی ئیبن قوتەیبە و جاحز و ئیبن حەزم و ئیبن فارز... لە زمانی کوردی هۆنراوەکانی هەمەدانی و جەزیری و نالی و مەولەوی و بێسارانی و حاجی قادر... و لە زمانی فارسیشدا مەسنەوییەکانی ڕۆمی و قەسیدەکانی حافز و سەعدی... زمانەکانی تریش هەروا هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت قەناعەت بە خۆی بێنێت کە ڕۆژێک بێت ئەمانە جوانی و پاراوی و ئەفسوناوی خۆیان لەدەست بدەن.

ئەمە هێشتا باس لە هەموو بەشەکانی توراس کە ڕەهەندی جوانیان تێدایە وەک ئەندازە و موسیقا و ... نەکراوە، کە بە هەموویان وێڕای بەخشینی چێژ و لەزەتێکی زۆر بە مرۆڤ دەتوانن حاڵەتێکی پێکەوە گونجاوی و هۆگری عەقڵی و ڕوحی و کۆمەڵایەتی مرۆیی بۆ کۆمەڵگە بخولقێنن، هەر ئەم خەسڵەتە بەتەنها دەتوانێت جۆرێک لە نەمری بۆ توراسی ئیسلامی دەستەبەر بکات، هەموو ئەو هەوڵانەی دراون و دەدرێن بۆ فەرامۆشکردنی بە با دەچن و بچن.

کاتێک لە بەرامبەر توراس دەوەستینەوە و هەوڵی کەنارکردن و پەردە بەسەرردادانی دەدەین دەبێت بزانین کە بەم کارەمان خۆمان و نەوەی تریش لە چێژوەرگرتن لەو جوانیە بێبەش دەکەین.

سێیەم: پێوەرەکان و چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و مامەڵە کردن لەگەڵ توراسی ئیسلامیدا.

١- وەرگرتن و وەرنەگرتنی توراس ئارەزومەندانەیە، توراسی ئیسلامی وەک وتمان بریتییە لە کۆی ئەو مەعریفە و زانستە تیۆری و پراکتیکیانەی لە کۆگای فەرهەنگی ئوممەتی ئیسلامی کەڵەکە بووە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە(د.خ) تا ئەمڕۆ، دەکرێت وەک شرۆڤە و ڕاڤە و پەیڕەوکردنی ئەو پرنسیپ و ڕێنماییە ئاینیانەی لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمودەدا هاتووە سەیر بکرێت، بەوپێیە کە فەرمان و ڕێنماییە ئیسلامییەکان هەموو لایەنەکانی ژیان بە ڕوونکردنەوە و ئاراستەکردن دەگرێتەوە، توراسیش ئەو ئاراستە و ڕێنمایانە ڕاڤە دەکات و میکانیزم و شێوازی جێبەجێ کردنەکانیان بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگاکان و هەلومەرجە فەراهەمەکان دیاری دەکات، لێرەوە توراس جۆرێک لە ڕەنگرێژی ئاینی وەردەگرێت، ئیدی ڕێزگرتن و شکۆمەندییەک بەسەر مسوڵمانانددا دەسەپێت، کە دەبێت بەرامبەر توراس بیان بێت، ئەو حاڵەتەش لە قوڵایی کۆ ویژدانی مسوڵمانان نیشتووە و چەسپاوە. بەڵام بەدیوێکی تردا توراس بە حوکمی ئەوەی بەرهەمی کارلێکی عەقڵی مرۆڤەکانە لەگەڵ دەقە پیرۆزەکان لە سایەی هەلومەرج و کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەوانەش بەردەوام لە گۆڕاندان، ناکرێت شوێنکەوتن و پەیڕەوکردنی توراس بەشێوەیەکی کۆپی و دووبارە بە ڕەهایی خەڵکی پێوە پابەند بکرێت. پاساوەکانی ئەو پابەند نەکردنەش زۆرن لە گرنگترینیان:

یەکەم، تەکلیف لە تێگەیشتنی ئیسلامیدا ڕاستەوخۆیە بۆ مرۆڤ، هەموو تاکێکی مسوڵمان وەک تاک و خودی خۆی جێگەی مەبەستە لە گوتاری قورئاندا، دەبێت خۆی لێی تێبگات و خۆی ناوەڕۆکی ئەو گوتارە لە ڕەفتار و کرداری خۆیدا جێبەجێ بکات، دواتر خۆی بەتەنیا لای خودا حیسابی لەگەڵ دەکرێت، بەبێ ڕێگەدان لەم میانەدا بە نوێنەر، یا میانگیرێک بێتە بەینەوە. ئەوەش کە هەموو کەس توانای تێگەیشتنی نییە لە گوتاری قورئان، ئەمە حاڵەتێکی ڕیزپەرە و بەپێی زەرورەت ڕێگە پێدراوە، ئەو کەسە شوێنی زانایانێکی جێگە میمانەی خۆی بکەوێت، بەڵام ئەم حاڵەتە ئەسڵ نییە.

دووەم، پاساوێکی تری پابەند نەکردن بە توراس ئەوەیە کە دەقەکانی وەحی و فەرموودە بەشێکی زۆریان یا لە ڕووی-ثبوت و دامەزراوی جێگەی گومانن و نەگەیشتونەتە پلەی دڵنیایی، یا لە ڕووی دەلالەت و ماناکانیان نەگەیشتونەتە پلەی دڵنیایی، ئەشێت چەند مانا و واتایەک هەڵبگرێت، یا لە هەردووکیان نەگەیشتونەتە پلەی دڵنیایی.

سێیەم، پاساوێکی تری پابەند نەکردن ئەوەیە جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی قورئان و فەرمودە پەیوەستە بە تەحقیقی مەرام و مەبەستە شەرعییەکان

که ئەوەش یەکسانە بە تەحقیقی بەرژەوەندییە بالاکانی کۆی کۆمەڵگە، یا بڵێین ئوممەتی ئیسلامی، دیارە ئەو بەرژەوەندییە شەرعیانەی ئوممەتیش بە پێی گۆڕانی هەلومەرجەکان و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت ئیدی ناکرێت تێگەیشتنە مێژوویی و توراسییەکان بە ڕەهایی فەرز بکرێن و نەوەکانی دواتری پێوە پابەند بکرێت.

٢- ئەگەر ناوەڕۆکی توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان لە ڕووی مەبدەئیەوە مولزیم نەبن وەک لە خاڵی یەکەم باس کرا، ئەوا لە ڕووی مەنهەجی و میتۆدەوە جیاوازە، دیارە مەنهەجیەتی زانستی و بابەتیانە و بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی دورست و ڕەوا و دابەزاندنی ئەو تێگەیشتنە بۆ واقعی ژیان، ئەخوازێت تەواوی تێگەیشتنە مێژووییەکە و ناوەڕۆکی توراس بخرێتە بەرچاو و سەر مێزی توێژینەوە، بخوێنرێتەوە، ئیستعاب بکرێت، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش وەک پشتبەستن و یارمەتی وەرگرتنێک لە ئیجتیهادات و تێگەیشتنی پێشینەکانمان بۆ گەیشتن بە مەبەست و ناوەڕۆک و واتایەکی دروستی دەقە پیرۆزەکان لە لایەک، و بە دروستی بگەین بەوە کە بەرژەوەندی شەرعی ئوممەتی ئیسلامی لە چ جۆرە پەیڕەوکردنێکدایە لە لایەکی تر.

بەڵگەنەویستە توێژەر و ئەو کەسەی بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت چەندە ئەگەر و ئیحتمالاتی زیاتری لەبەردەستدا بێت ڕێگەی گەیشتن بەو ڕاستییە دڵنیایەی بۆ ئاسانتر دەبێت کە چەندە کۆتایی و دریغ بکات لە تاوتوێکردنی ئەو تێگەیشتن و ئیجتهاداتە مێژووییانە ئەوەندە لە ڕووی منهەجیەت و میتۆدەوە بە کەمتەرخەم دەژمێردرێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین بۆ گەیشتنە تێگەیشتنێکی ڕاست و دورست، نمایشکردن و خستنەڕووی ناوەڕۆکی توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان کارێکی ئیلزامییە. ئەو پاساوانەش وامان لێدەکات سوور بین لەسەر ئەو نمایشە:

أ- تا بەرەو قوڵایی مێژوو بگەڕێینەوە نزیکتر دەبینەوە لە چەرخی زێڕین و دروست، نەوەکانی پێشتر هەم لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و هەم لە چەرخی ڕەسەنایەتی زمان و تێکەڵ نەبوونی زمان و کولتوورەکان نزیکتر دەبینەوە.

ب- ئەو هزر و تیۆر و ئیجتهاداتانە لە ناو توراسدا هەن فشار و هەژموونی کاریگەرییە دەروونی و سیاسی و... بارودۆخەکەیان کەمتر بەسەرەوە بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕوحی مەنهەجیەت و بابەتی بوون و زانستی بوونی زیاتر بەسەرەوەیە.

ت- توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەتێپەڕینی کات بەسەریاندا زۆر لە بێژنگ دراون، بە ڕەخنەگرتن و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوە لەلایەن توێژەر و موحەقیق و زانایان، یا بە لەمەحەکدان و تاقیکردنەوە لە کاتی جێبەجێکردن و ئەزموونکردن، کە لەکۆتاییدا ئاستی دروستی و گونجاوی لەگەڵ حەق و توانای تەحقیقکردنی بەرژەوەندی ئوممەتی دەرکەوتووە.

پ- ئەو توراسە زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوی ئیجتهاد و تێگەیشتنەکانە لە دەق و ڕێنماییەکان و تیۆریزەکردنی زانستەکانە، ئەڵقە لە دوای ئەڵقە یا یەکتری تەواو دەکەن یا یەکتری ڕاست دەکەنەوە.

٣- ڕەهایی و بەزاندنی سنووری کات و شوێن تایبەتمەندییەکی وەحی خوایی و دەقە پیرۆزەکانە، بەڵام توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان مەحکومن بە سنووری کات و شوێن، تێگەیشتنەکان دەرەنجامی کارلێکی دەق و عەقڵی مرۆڤەکانە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، ئەو تێگەیشتن و ئیجتیهادە مێژووییانە لە تەفاعل و کارلێکی مسوڵمانان لە گەڵ بارودۆخی ژیان لە سەردەمی خۆیان و هەوڵی جێبەجێکردنی فەرمان

و ڕێنماییەکانی وەحی لە سایەی هەلومەرجێکی دیارکراو لەدایکبوون و هاتوونەتە بەرهەم. کەواتە توراس پەیوەستبوونێکی پتەوی بە مێژوو و ڕووداوەکان هەیە، لێرەوەیە ئیبن قەییمی جەوزیە ڕێسا زێرینەکەی داهێناوە، کە فەتوا بەپێی گۆڕانی کات و شوێن و بارودۆخ و هەلومەرج و نییەت و نەریتەکان دەگۆڕێت. جا لە بەر ئەم ڕاستییە مامەڵە لەگەڵ توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان بە دوور لەو بارودۆخە مێژوویی و هەلومەرج و کات و شوێنەی تێیدا هاتۆتە بەرهەم مامەڵەیەکی دورست نییە، لەبەرئەوە وەک ئاماژە کرا هەر فەتوایەک، هەر تێگەیشتنێک و ئیجتیهادێک بەرهەمی بارودۆخ و هەلومەرجێکە دەبێت لە کاتی خستنەڕوو قسە لەسەرکردنی ئەو بارودۆخەش بخرێتەڕوو ئەگینا ناتوانرێت وەک پێویست لێی تێبگەین، تێگەیشتن لەو ئیجتهادە مێژووییە پەیوەستە بە تێگەیشتن لەو ڕووداو و واقیعە کە ئەو ئیجتیهادەی تێدا هاتۆتە بەرهەم. ئەگەر توراس و تێگەیشتنە مێژووییەکان و تەنانەت هەڵوێستەکانیش ئەگەر لە پاڵ ئەو بارودۆخ و ڕوداوانەی تێیدا لەدایکبوون و هاتونەتە بەرهەم بخرێنەڕوو هەلی باشتر و دروستتری تێگەیشتنمان بۆ دەڕەخسێت، هەروەها دەتوانین باشتر هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین و بەراورد بکەین لە نێوان تێگەیشتنەکە و بارودۆخ و واقیعەکەیدا لە لایەک، هەروەها لە نێوان ئەو تێگەیشتنە مێژووییە و بارودۆخەکەی و تێگەیشتنی ئەم سەردەمی ئێمە و ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژین.

دەکرێت ئەم مەنهەجیەتە بکرێت بە بناغەیەکی بەهێزی بەراورد و هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنەکان تا باشترین هەڵبژێرین و تەوزیفی بکەین لەپێناو گەشەدان بە ژیانی ئیسلامیمان و هاندەرێک بۆ هەڵسانەوە و پێشکەوتنی زیاتر.

٤- توراسی ئیسلامی گشتگیر و هەمەلایەنە، فراوان و فرە ڕەهەند و دەوڵەمەندە، هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ ماددی و مەعنەوی، بەرهەست و ویژدانی دەگرێتەوە، کەچی ئەوەی لە بەردەستدایە و بە شێوەیەکی فراوان مامەڵەی دەکرێت زۆر لەوە کەمترە کە دەکرا بە ئاسانی بخرێتە بەردەست و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام زۆر بە کەمی مامەڵە دەکرێت، ئەوە لەوە گەڕێ ڕێژەیەکی زۆر لە توراسی ئیسلامی زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت دەستمان پێی بگات، تەنانەت دەتوانین بە دڵنیایی ڕایبگەیەنین کە زۆریش لە توراسی ئیسلامی لەناوبراوە، یا دیزە بە دەرخۆنە کراوە، ئەو فاکتەرانەش بوونەتە هۆکاری ئەو حاڵەتە زۆرن لەوانە:

أ- ئەو هەڵمەتە مێژووییانەی دوژمنانی ئیسلام ئەنجامیاندا بۆ لەناوبردن و دزینی توراسی ئیسلامی.

ب- دیزە بە دەرخونە کردن و شاردنەوەی بەشێکی زۆر کە تائێستاش لە کتێبخانە و مۆزەخانەکانی ئەوروپا گلدراونەتەوە.

ت- دەمارگیری مەزهەبی کە ئەویش کایگەری ڕاستەوخۆی لەو بوارە هەبووە.

پ- ئەو لە مەحەکدان و تاقیکردنەوەی تێپەڕینی کات ئەو حاڵەتەش وایکردووە هەندێک لە بۆچوون و تێگەیشتنەکان بەهێز دەرکەون و هەندێک لاواز و مەرجوح، ئەوەش بە هەندێ پێوەر کە مەحکومن بە بارودۆخی کات و شوێن.

ج- دووری جوگرافی و سیاسی نێوان وڵاتانی ئیسلامی و دابڕانیان لە یەکتری، هەرچەندە تەکنولۆژیای زانیاریی و پێشکەتنەکانی سەردەم لە بواری گەیاندن و ئەنتەرنێت دەکرێت کاریگەری ئەم فاکتەرە نەهێڵێت یان کەم بکاتەوە، بەڵام جارێک هێشتا تازەیە و توراسی ئیسلامیش هەمووی لە دەست مسوڵماناندا نییە.

## کۆتایی

مامەڵەی توراس و سوود لێ وەرگرتنی هەرگیز بەو مانایە نایەت رێگری لە گەڕانەوە بۆ دەقە تەئسیسییەکان، یا ڕیفۆرم و نوێبونەوە و نوێکردنەوەی تێگەیشتنەکان بکرێت، یا بەو مەبەستە بڵێین پێشینان هیچیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان نەهێشتۆتەوە، نەخێر دەبێت هەمیشە دەرگای ئیجتهاد و تێگەیشتنی تازە و بەرهەمهێنانی هزر و تیۆری نوێ و سەردەمیانە لەسەر پشت بێت، هەموو تاکێکی مسوڵمان ئازادە لە توێژینەوە و گەڕان بەدوای تازەیەکدا بەدوای بۆچوونی نوێدا، ئازادە لە ووردەکاری و پێداچوونەوە بە تێگەیشتنە مێژووییەکان و هەڵسەنگاندنیان، وەلانانی ئەو بەشەی کە لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجە سەردەمییەکانی ئێستامان ناسازە، گەڕان بە دوای وەڵامی گونجاو و دورست بۆ پرسیارەکانی سەردەم، بەڵام بێگومان ئەم کارەش کات و مەرج و کەسی خۆی دەوێت، ناکرێت هەروا بە ئارەزوو ئەو هەموو سامانە فیکریی و فیقهی و مەعریفی و ئەدەبیە کە پێشینان بە شەونخونی و ماندووبوون و لێبڕان و دڵسۆزییەکی زۆرەوە بەرهەمیانهێناوە فەرامۆش بکەین و هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەردا بێنین تەنها بە پاساوی ئەوە کە هەندێک کاتی بەسەردا تێپەڕیوە، لەکاتێکدا دەبینین گەلانی ئەورووپی ئێستاش دەگەڕێنەوە بۆ توراسی گریگ و ڕۆمانەکان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- بۆ ئاگاداری زیاتر لە پرۆسەی دزین و بە تاڵان بردنی توراسی ئیسلامی لە لایەن خۆرئاواییەکانەوە بڕوانە کتێبی(انور جندي: صفحات مضيئة من تراث الاسلام) و(جمال سلطان: الغارة على التراث الاسلامي).

٢- بۆ نمونە میتۆدی تەجریبی (المنهج التجريبي) لە بواری توێژینەوەی زانستی، داهێنانی ژمارەکان(الارقام) و زۆری تریش.

٣- بۆ زانینی واتاکانی وشەی « التراث»، لە زمانی عەرەبی، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە: – ابن منظور، لسان العرب، ج١٥، ص٢٦٦ ، أبي الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، معجم مقاييس اللغة، ص ٩٥٣.

٤- سورەتی فجر ئایەتی ١٩.

٥-لە پێشەوە باس لە هەڵنەنان لە سەر بەخشینی خواردن دەکات و، دەفەرموێت: **وَلَا تَحَاضُونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ**، لە دواییش باس لە خۆشەویستی زۆر بۆ سامان دەکات و، دەفەرموێت: **وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا**.

٦- سورەتی مریم ئایەتی ٦.

٧- سورەتی النمل ئایەتی ١٦.

٨- قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، لە تەفسیری ئەو ئایەتانە کە وشەی(میراث)ی تێدا هاتووە، هەروەها سەیری (هەنبانە بۆرینە)ی مامۆستا هەژار بکە، ل ٨٤٠.



**د.زریان حاجی**

ـ لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست). مامۆستا لە بەشی شوێنەوار و مێژوو/ زانکۆی سلێمانی. دە لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاو کراوەی هەیە. سێ کتێبی چاپکراوی هەیە.



# مێژووی ئیسلام یان مێژووی مسوڵمانان

## پەیجۆییەک بۆ دەق، ڕامانێک لە سەرچاوە شیکارێک لە ناوەڕۆک

مێژووی ئیسلامی یەکێکە لە هەستیارترین بابەتەکانی پەیوەست بە مسوڵمانان، زۆرجار ئەم مێژووە بووەتە داردەستێکی نەیارانیان و وەک تفەنگ و تیڵا بەسەریاندا دراوەتەوە و پێیانی فرۆشراوەتەوە، کراوەتە ڕەخنەی بەهێز بەسەر خودی ئاینەکەشیانەوە کە ئیسلامە، بەپێچەوانەش زۆرجار مسوڵمانان بۆخۆیان هێندە بابەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامیان گەورە کردووە گەیاندویانەتە ئاستێک، کە لە پیرۆزی و تەقدیس کردندا ئیدی کەس نەتوانێت باسی بکات و دیسان دەقەکانی ئەو مێژووە کە هەڵسوکەوتی کەسێکی ناحاڵی و بەدخو بووە کردویانەتە ئایین و بەشان و شکۆ و باڵیدا هەڵیانداوە و ڕێگەیان بە کەسیش نەداوە ڕخنەی لێ بگرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە مێژوونوسانی ئیسلامی بۆخۆیان ڕاشکاوانە باسیان کردووە، کە مێژوو پیرۆز نیە و ئەوەی ئەوانیش نوسیویانەتەوە هیچ نیە جگە لە سەرگوزشتەی خەڵکی و باس و خواست و تەنانەت تەحقیقیشیان تیدا نەکردووە، بۆ ئەمەش هاتوون بۆ شیکاری ڕووداوە مێژووییەکانی ناو قورئان لە ڕاڤەکانیان زاراوەی (الاسرائیلیاتیان) داهێناوە نەبادا ئەمان بەهەڵەدا چووبن و بابەتی ناڕاستیان تۆمارکردبێت!، بابەتێکی وا تا کار دەگاتە ئەوەی بیریارێکی ئیسلامی وەک ئیبن خەلدون (م.٨٠٨ک / ١٤٠٦ز) بە ئاشکرا لە کتێبی (المقدمە)ی خۆیدا ڕەخنە لە مێژوونووسانی پێش خۆی بگرێت و تەنانەت چەندین ڕێساش دادەنێت بۆ کەسێک، کە مێژوو بنوسێتەوە تا نەکەوێتە هەڵەوە و بابەتی ئەفسانەیی و خورافات تێکەڵ بە مێژوو نەکرێت، لەو مێژوونوسانەی ئیسلامیش، کە ڕەخنەی زۆریان لێ دەگرێت المسعودی(م.٣٥٤ک / ٩٥٧ز)یە ئیبن خەلدون پێیوایە ئەم مێژوونوسە برێکی زۆر لە خورافات و ئەفسانە و بابەتی ناڕاست و درۆی تێکەڵ بە نوسینەکانی کردووە، بەگشتیش مێژوونووسانی پێش خۆی بە لایەنگیری دەسەڵاتێکی دیاریکراو و بەرژەوەندی خواز و نوسەری دەربار لەقەڵەم دەدات، کە لەپێناو هاوڕێ بوون و نزیک بوون لە دەسەڵاتداران، چەندین کاری پێداهەڵدان و شتی ناڕاستیان بۆیان تۆمارکردوون، بۆیە ئیبن خەلدون چەندین ڕێسا بۆ نووسینەوەی مێژوو دادەنێت و پێیوایە کە کەسی مێژوونووس دەبێت کەسێکی لێهاتوو خاوەن شارەزایی و هەروەها ڕاستگۆ و بێلایەن بێت و کەسێک بێت سەر بە دەسەڵاتێکی دیارییکراو نەبێت و ڕاستیە مێژووییەکان نەشێوێنێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەر سوڕمان و لەسەر وەستانە ئەم بیریارەش بۆخۆی پاش ئەوەی لە نوسینی (المقدمە)کەی دەبێتەوە دیسان لەسەر هەمان ڕەوتی مێژوونووسانی پێش خۆی دەڕواتەوە و هەڵەکانیان دووپات دەکاتەوە!

بەڵام نابێت ئەوەشمان بیر بچێت، کە مێژوو بۆخۆی لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلام خاوەن پێگەیەکی گەورەیە، پێش هاتنی ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبی و تەنانەت ناوچەکانی دەوروبەریشی جگە لە گێڕانەوەی زارەکی (الشفهی) هیچ هەواڵێکی دیکە لەئارادا نەبووە، ئەوەی هەبووە بە (أیام العرب) کە مەبەست لەو ڕووداوانە بووە، کە ڕوویانداوە بۆ نمونە وەک شەڕ و پێکدادانەکانیان لەگەڵ یەکتر یان غەزواتەکانیان لەوانەش (یوم الزیقار) کە تێیدا عەرەب بۆ یەکەم جار لە شەڕێک بەسەر (ساسانیەکان)دا سەرکەوتن لە پێش

هاتنی ئیسلام، لەلایەکی دیکە ساڵ و حساباتی دیاریکردنی رۆژیش پەیوەندی بە رووداوە دیار و ئاشکراکانەوە هەبوو بۆ نمونە ساڵی (فیل) کە دیاریکرابوو، یان باسکردن لە (نسب)، رەچەڵەکی بنەماڵەکانیان کە عەرەب زۆر شانازی پێوەدەکرد، بەڵام بەهاتنی ئیسلام مەعریفەی مێژوویی تەواو چەکەرەکەی کرد ئیدی قۆناغێکی دیکەی زۆر پێشکەوتووی بڕی لەلای عەرەب بەتایبەتی و ئیدی نوسینەوەی مێژوو هاتە ئاراوە، چونکە قورئانی پیرۆز بۆخۆی یەک لەسەر سێی مێژووە جگە لەوەش بەردەوام هانی مسوڵمانان دەدات کە بەدوای مێژوودا بگەڕێن وەک جۆرێکیش لە ئەمری لێکردووە هەروەک لە چەندین جێگەدا دەفەرموێت: **(قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (١١) ﴾ سورة الأنعام: الآية ١١﴿ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ (٦٩) ﴾ سورة النمل: الآية ٦٩﴿ وَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (٩) ﴾ سورة الروم: الآية ٩﴿**، کە پێویستە تاکی مسوڵمان بەدوای مێژووی پێشیناندا بگەڕێت تا زیاتر بەڵگەی لەسەر ئاینەکەی هەبێت، ئەمە سەرباری فراوانبوونی سستەم و دەسەڵاتی ئیسلامی بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفەی دووەم (عومەری کوڕی خەتاب ١٣ – ٢٣ک)، تێکەڵ بوونی گەلانی خاوەن شارستانیەتی وەک ئێرانی و رۆمانییەکان بە ئیسلام، کە خاوەن چەندین نوسینی جیاوازبوون لەبارەی مێژوو هۆشیاری نوسینی مێژوو لەلایان سەدان ساڵ بوو لە پێشتر چەکەرەی کردبوو، بە مسوڵمانبوونی ئەم گەلانەش ئیدی هەستی پێویستی بە نوسینەوەی مێژوو بە سەرجەم شێوازەکانیەوە زیادی کرد.

لەلایەکی دیکەوە بیریار و شارەزایان و زانایانی ئیسلامیش لە نوسینەکانیان هەمیشە بایەخیان بە مێژوو دەدا و هەستیان بەم پێویستییە کردووە، تا کار دەگاتە ئەوەی لە سەدەی دەیەمی کۆچی چەندین زانا دەردەکەون بە ئاشکرا داوای بە زانستی نوسینەوەی مێژووی مسوڵمانان دەکەن، دووبارە دەیانەوێت ئەم مێژووە رێکبخرێتەوە، ئەوەتا زانایەکی وەک (السخاوی م. ٩٠٢ک) کتێبێک دادەنێت بەناونیشانی (الإعلان بالتوبيخ لمن ذم أهل التاريخ) ئەو دەڵێت: مێژوو نوسین کاری هەموو کەس نیە و تێیدا ورد لە مێژوو بکۆڵدرێتەوە و پاشان بڕیار لەسەر ناوەڕۆک و روخساری مێژووەکە بدرێت، دواتر (السیوطی م.٩١١ک) دێت و کتێبێک دادەنێت بەناوی (شماریخ في علم التاريخ)، ئەمیش هاوشێوەی (السخاوی) هاوسەردەمی لێکدانەوە بۆ مێژوو دەکات و رێسا بۆ مێژووی مسوڵمانان دادەنێت، رەنگە هەر ئەم دوو ناونیشانە بۆخۆی کافی بێت بۆئەوەی ئاماژە بە ئاستی بایەخ و پێگەی مێژوو بدرێت لەلای مسوڵمانان و لە جیهانبینی و لە مەعریفەی شارستانیەتی ئیسلامیدا.

بەهەرحاڵ نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی چەند قۆناغێکی تێپەڕاندوە و چەندین جۆریشی هەیە، بۆئەوەی زیاتر لەو کاریگەری و لە چەندێتی و چۆنیەتی ئەو مێژووەش بگەین پێویستە لە قۆناغەکانی نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی و هەروەها پەرەسەندنی و جۆرەکانی ئەو مێژووە شارەزابین، لێرەدا بەکورتی ئاماژەی پێدەدەین:

## یەکەم/ قۆناغەکانی نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی:

سەرباری ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کرد سەبارەت بە نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی و سەرەتاکانی دروستبوونی هۆشیاری مێژوویی لای تاکی مسوڵمان و دەستکردنیان بە نوسینەوەی ئەو مێژووە، بەبۆچوونی ئێمە چەند فاکتەرێکی دیکەش هەبوون، کە بوونە پاڵنەری دروستبوونی ئەم مێژووە لەوانەش دانانی ڕۆژژمێری کۆچی کە خاڵی تەرکیزکردنی مسوڵمانان بوو بۆ دیاریکردنی ساڵەکان و ڕووداوە مێژووییەکان، هەروەها گرنگیدان بە ڕەچەڵەک و ڕەچەڵەک ناسی لەلایەن عەرەب بەگشتی ئەمەش مادەیەکی خام بوو بۆ نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی، ئەمە جگە لە دەرچوونی بزوتنەوەی شعوبیەت و هەوڵەکانی هەریەک لە عەرەب و فارسەکان بۆ نوسینەوەی شانازی و مێژووی تایبەتی خۆیان، بۆ بەرزکردنەوەی نەتەوەی خۆیان کە سیمایەکی دیاری سەردەمی یەکەمی عەباسییەکان بوو(١٣٢ – ٢٣٢ک)، ئەمەش سەرباری نوسینەوەی ئەو مێژووە بۆخۆیان زۆرجار لە ڕاستی دەردەچوون و هەڵەو پیاداهەڵنان و خۆهەڵکێشانی زۆری لێدەکەوتەوە.

هەرچۆنێک بێت، سەرەتای نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی لەڕاستیدا دوو بابەتی سەرەکی بوونە کەرەستەی خاو بۆ نوسینەوەی، ئەوانیش کولتوور و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) کە ناسراوە بە (سیرە الرسول)، غەزەواتەکانی کردەوە و کردارەکانی و وتەکانی، لەلایەک و ڕابردووی هۆزە عەرەبیەکان پێشینەیان لە ئیسلام و پێش ئیسلام، شەڕەکانیان (أیام العرب) ڕەچەڵەکیان و تەنانەت کولتووری شیعریی و زمانەوانیشیان بەگشتی.

بۆیە لە سەدەی یەکەمی کۆچی سەرەتای نوسینەوەی مێژووی ئیسلام بە گێڕەرەوەکان (الرواە) دەستپێیکرد کە ناسراون بە (الاخباریین)، لە نمونەی ئەوانەش (وهب بن منبە م.١١٤ک)، ئەم مێژوونوسە یەکەمینەی ئیسلام چیرۆک خوان و ئیخباری بوو جیاواز لەوانی دیکەش فەرمودەناس نەبوو، گرنگی زۆری بە ئیسرائیلیات و چیرۆک و ئەفسانە کۆنەکان دەدا و دەیخستنە ناو گێڕانەوە ئیسلامییەکان و هاوتای دەکردن لەگەڵ گێڕانەوەکانی (کعب الاحباری و عبدالله بن سلام) کە ئەمانە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گێڕانەوە ئیسلامییەکان بەوپێیەی پێش مسوڵمانبونیان جولەکەبوون گێڕانەوە مێژووییەکانیان بە ئیسرائیلیات دەناسرا.

١- قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە نوسینەوەی مێژوو تێیدا سروشتێکی کەسی هەبووە، تێیدا نوسینەوە ڕاستەوخۆ لە زارەکی وەرگیراوە و تۆمارکراوە یان لە هەندێک نوسراو و تۆماری پێشین، ئەم سەردەمەش ژمارەیەکی زۆر و بەرفراوان لە گێڕەرەوی مێژوویی هەبووە ئەوەی زانیویانە باسیان دەکرد و بە ئەخباری ناسرابوون، بۆ نمونە یەزیدی کوڕی عەقیلی کوڕی ئەبی تاڵیب لە مزگەوتی مەدینە مێژووی دەگێڕایەوە لەبارەی (أیام العرب) و جەنگەکانیان و شانازییەکانی قورەیش، هەروەها ()عمر بن خولە ناسراو بە (الراویە الفصیح)، و (مکی بن سودە) و چەندانی تریش، ئەمانە بەگشتی دەچنە چوارچێوەی شێوە گشتییەکەی مێژوو، ئەم قۆناغە هەتا سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بەردەوام دەبێت، قۆناغی گواستنەوەی مێژوو بووە لە زارەکی بۆ مەعریفەی مێژوویی و نوسراو، سەرەتای گرنگی پێدان بە نووسینیش نوسینی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) بێت، لەنێویشیاندا بۆ چەند بابەتێکی دیاریکراو، لە دیارترینی نوسەرانیش لەم قۆناغە (عبدالله

بن عباس) و (عروه بن زوبیر) و (شرحبیل بن سعد) و (ابن شهاب الزهری) بوون و خەلیفەکانی ئومەویش بە ئاشکرا گرنگیان دەدا بە تۆماری مێژوو فەرمانیان کرد کە لە دەمی خەڵکییەوە بۆیان بنوسنەوە.

٢- قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە تەواوی سەدەی دووەم درێژە دەکێشێت، لێرەدا ئەخبارییەکان گرنگیان دەدا بە تەواوی بابەتی جیاواز، بەڵام دیسان بەپشتبەستن بە زمان و گێڕەوەکان، ئەمە سەرباری گرنگیدانیان بە ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)، بەڵام ئیدی گرنگیدان بە سەرجەم بابەتە مێژووییەکانی دیکە و زانیارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە مێژووی دیکە و گرنگیدان بە کەسایەتییەکان و مێژووی پێش ئیسلام و مێژووی (الامم) واتە نەتەوەکانی دیکە.... هتد و بەمەش سەدان کتێب نوسرا لەم سەردەمەدا وەک (أبو محنف) و (الواقدی) و...هتد.

٣- قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغە مێژوو نوسرایەوە بەپێی زنجیرەی مێژوویی و کات، و کۆکردنەوەی سەرجەم بابەتەکان لە یەک کتێبدا، نوسراوانی ئەم قۆناغە لەو بڕوایەدابوون کە مێژووی ئیسلامی یەک مێژووە و یەکانگیرە هەروەها یەکانەی مێژوویی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی زنجیرەی مێژووی پێغەمبەران، پێشەنگانی ئەم قۆناغەش لە مێژوونوسانی وەک (ابن الاسحاق) خاوەنی کۆنترین کتێبی تایبەت بە ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی، هەروەها (اسحاق بن ابراهیم) خاوەنی کتێبی (السیر في الاخبار والحوادث) کە تێیدا سەرجەم بابەتەکانی مێژوو تۆمارکرابوو.

## دووەم/ جۆرەکانی نوسراوە مێژووییەکان:

بەمجۆرە ئیدی نوسینی مێژوو لە ئیسلامدا و لای مێژوونووسانی مسوڵمان پەرەی سەند، بەجۆرێک چەندین کتێبی جۆراوجۆری مێژوویی بەبابەت گەلی جیاواز هاتنە ئاراوە، لە دیارترینی بابەتەکانی مێژووی ئیسلامیش بریتین لە:

١- کتێبی مێژووی گشتی: نوسەرانی ئەم کتێبە مێژووییانە تەواوی مێژوویان تۆمارکردووە هەر لە سەرەتای دروستبوونی خەلیقە تا دەگاتە کاتی مردنی نوسەرەکەی یان ماوەیەکی زۆر کەم پێش کۆچی دوایی نوسەرەکە، تێیدا ڕووداوە مێژووییەکانی بەشێوەیەکی بابەتی ڕێکدەخرێت یان بەشێوەی یەک بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان، ئەمە بۆ پێش ئیسلام، بەڵام بۆ سەردەمی ئیسلامی بەپێی یەک بەدوای یەکدا هاتنی ساڵەکان ڕووداوەکانی ڕیزکردووە هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لە ئیسلامدا ساڵی کۆچی هەبووە و بەردەوام بووە، لای مێژووناسان ئەم جۆرە کتێبانە بە (الحولیات) واتە ساڵانە ناسراوە کە تێیاندا بەپێی هەرساڵە و هەرچی ڕووداوی مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و مردنی کەسانی دیار هەیە تۆماریان کردووە، لە دیارترین مێژوونوسانی ئەم بوارەش (هیثم بن عدي) (م.٢٠٧ک)، ئەمیش لە چوارچێوەی کتێبێکی دانراو کە ئێستا تەنها ناوی ماوە بەناونیشانی (التاریخ علی السنین)، پاش ئەمیش لەم بوارە چەندین کتێبی دیکە دانران لە ناوازەترینیان کتێبی (تاریخ الرسل و الملک)ی (الطبري م.٣١٠ک)ە، کە ئەتوانین بە یەکەم کتێبی گەورەی مێژوویی دابنێین کە بەدەستمان گەیشتبێت لە بواری مێژووی گشتی لە مێژوونوسانی مسوڵمانان، هەرچەندە لە پێش

ئەم لەسەر ئەم مەنهەج و ڕێچکەیە چەندین نوسەر و مێژووناسی دیکەش هەبوون، پاشان نوسینەوەی مێژوو لەسەر ئەم ڕێچکەیە لەسەر دەستی (ابن الجوزی م.٥٧٩ک) لە کتێبی (المنتظم) و ابن الاثیر (م٦٣٠ک) لە کێبی (الکامل فی التاریخ) زیاتر پەرەی سەند، بە کورتی نوسینەوەی مێژووی ئیسلامی بەوجۆرە زیاتر وەک فەرهەنگ و مەوسوعەیەک وابووە چەندین زانیاریی و بەڵگەنامەی تێدابووە سەبارەت بە ڕووداوەکان، هەرچەندە لەکاتی بەدوای یەکدا هاتنی ئەو سەرچاوانە زۆرجار زانیاریەکانیان لە یەکتر گواستۆتەوە.

٢- کتێبەکانی التراجم: مەبەست پێی پوختەی ژیاننامەی کەسێکی دیاریکراو یان چەندین کەسایەتییە لە یەک کتێبدا، ئیدی کەم و زۆری باسی ئەو کەسایەتیانە بەپێی گرنگی کەسەکە و بوونی زانیاری بووە لای نوسەری ئەو کتێبە، زۆرجار ئەم نوسراوانە بە طبقات یان وفیات یان معجم شیوخ یان الأنساب دەناسرێن، ئەم کتێبانە بۆ مێژووی ئیسلامی زۆرگرنگن، چونکە زانیارییەکانیان وردترە و باسی کەسایەتیەکی دیاریکراو ئاست و پۆست و پلەپایە دەکات، ئەمەجگە لەوەی باسی ژیانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمیش زۆرجار لەگەڵیدا دێت، وەک باسی زانایان و فەقیهەکان و فەرمودەناسان و موفەسیرین و خەلیفەکان...هتد، ئەم سەرچاوانەش چەند جۆرێکن: لەوانە بەشێکیان بە (کتب الرجال المحلیە) ناسراون کە باسی کەسایەتییەکانی شارێکی دیاریکراو دەکەن وەک: (تاریخ واسط) أسلم بن سهل ناسراو بە بحشل (م. ٢٩٢ک) و (تاریخ البغداد) خطیب البغدادي (م.٤٦٣ک) و (تاریخ دمشق) ابن العساکر (م.٥٧١ک)و ئەم نوسراوانە سەرباری ئەوەی زانیاری گرنگیان تێدایە سەبارەت بەو شارانە، گرنگی زۆریش دراوە بە ژیاننامەی دیارترین کەسایەتیەکانی ئەو شارانەش، هەرچەندە زیاتر ژیاننامەی فەرمودەناسانیان باسکردووە، بۆ نمونە (تاریخ بغداد) سەرباری ئەوەی کە باسی دروستکردنی شارەکە و چەندین زانیاری گرنگی دیکەی تێدایە ژیاننامەی (٧٨٣١) کەسایەتی باسکردووە کە پێنج هەزاریان فەرمودەناسن، سەرباری ئەمانە ژیاننامەی ئافرەتانیشیان باسکردووە، بۆ نمونە هەر لە کتێبی (تاریخ بغداد) ژیاننامەی (٣٢) ئافرەت هاتووە، ئەم سەرچاوانە بەپێی پیتی هیجائی ناوی کەسەکانیان ڕیزبەند کردووە، زیاتر زانیاری وردی تیایە سەبارەت بەو کەسایەتیانەی کە هاوسەردەمی نوسەری کتێبەکە بوون یان لە سەردەمی ئەو نوسەرە نزیک بوون یان لە سەرچاوەی دیکە گواستویەتیەوە هەر بۆ نمونە (تاریخ بغداد) زۆرینەی زانیارییەکانی وەرگرتووە بۆ خۆی نەیبینیون.

گرنگییەکی دیکەی ئەم سەرچاوانە لەوەدایە کە تەنها زانیاری خەڵکی شارەکەیان نەگواستۆتەوە، بەڵکو هەرکەسێکیش لەو شارە ژیابێت یان لەوێ لەدایکبووبێت یان سەردانی ئەو شارەی کردبێت ژیاننامەکەی نوسراوە، هەرچی کتێبی (الطبقات)یشە ئەم جۆرە نوسینە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی بەدواوە دەرکەوت، مەبەست لە زاراوەی (طبقة) کە دایانناوە واتە کۆمەڵێک کەسایەتی کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو لە یەک سیفەتدا هاوبەشن، سەرەتا ئەم جۆرە کتێبانە بۆ خزمەتی زانستی فەرمودەناسی دەنوسران، بەڵام دوایی پەرەی سەند و طبقات الاطباء و الادباء و الفقهاء و الشعراء و المغنیین.... هتد گرتەوە. لە

دیارترین نوسەرانی ئەم کتێبانەش (الهیثم بن عدي م.٢٠٧ک)، هەروەها (ابن سعد م.٢٣٠ک) کتێبەکەی بەناونیشانی (طبقات الکبری) بە ناوازەترین کتێبی ئەو بوارە دادەنرێت کە بەدەستمان گەیشتبێت، ئەم هاتووە بەپێی شارەکان کتێبەکەی دارشتووە، هەروەها خلیفه بن خیاط(م.٢٤٠ک) لە کتێبی (تاریخ خلیفه بن خیاط) بەپێی رەچەڵەک کتێبەکەی دارشتووەتەوە، گرنگی ئەم نوسراوانە ئەوەیە کە زیاتر پسپۆری تیایە باسی ئەو کەسانە کراوە کە پسپۆر بوون لە زانستێکی دیاریکراو ئەمەش لە سەدەکانی ناوەراست تەنها لەلای مێژوونووسانی مسوڵمان هەبووە، وەک (طبقات المفسرین الداودي م.١٢٥٠ک) و هەروەها (ابن أبی اصیبعه م.٣٢٣ک) لە کتێبی الأطباء. جۆرێکی دیکە لەم کتێبانە (کتب الوفیات)ە زانیارییەکانی ئەم کتێبانە بەپێی ساڵی مردنی نوسەرکانیان ریزبەند کراوە، لە دیارترین ئەو سەرچاوانەش کتێبی الوفیات ابن رافع السلامی (م.٧٧٤ک)، ابن خلکان(م.٦٨١ک) (وفیات الأعیان وأنباء أبناء الزمان) ئەم کتێبە زۆر گرنگە و پر لە زانیارییە جیاوازی لە کتێبەکانی دیکەی بواری الوفیات ئەوەیە کە زانیارییەکانی بەپێی پیتی معجمی رێکخستووە سەرباری باسکردنی چەندین ژیاننامەی ئافرەتان بە وردیش زانیارییەکانی دارشتووە.

جگە لەمانەش چەندین جۆر لە کتێبی دیکە هەن کە بە (تراجم الشیوخ) یان (فهرست الشیوخ) یان (برنامج و مشیخه) ناسراون زیاتر ریزبەندکردنی زانایانی مسوڵمانە بەپێی شوێن یان پیتی ناوەکانیان، لە دیارترین نوسراویش لەم بوارەدا کتێبی (برنامج الوادی اشي) نوسەر محمد بن جابر الوادی اشی التونسی (م.٧٤٩ک). السخاوی لە

> **قورئانی پیرۆز بۆخۆی یەك لەسەر سێی مێژووە جگە لەوەش بەردەوام هانی مسوڵمانان دەدات کە بەدوای مێژوودا بگەرێن**

گرنگی ئەم جۆرە کتێبانەی بۆ مێژوو کەمکردۆتەوە و پێیوایە کە زیاتر ریزبەندی ناوە وەک لەوەی نوسینی مێژووبێت.

بەهەرحاڵ بەشێکی دیکە لەم جۆرە سەرچاوانە ئەوانەن کە باسی کەسێکی دیاریکراو دەکەن کە سەرەتا ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) بوو پاشان بەتێپەربوونی سەدەکانی ئیسلامی کەسایەتی دیکەش کتێبیان لەبارەوە نوسرا و لە سەردەمانی کۆتایی ئیسلامیش ئەم نوسراوانە گەلێک زۆر بوون وەک: النوادر السلطانیة والمحاسن الیوسفیة» ابن شداد»(م. ٦٣٢هـ)و کتێبی « سیرة السلطان جلال الدین منکبرتي» النسوي (م. ٦٣٩هک) و کتێبی «الروض الزاهر في سیرة الملک لظاهر بیرس»ی ابن عبد الظاهر (م. ٦٩٢ک)و کتێبی « الدر الفاخر في سیرة الملک الناصر» ابن ایبک الدوادار (م. ٧٣٢ک) کتێبی « عجائب المقدور في أخبار تیمور» ابن عربشاه(م.٨٥٤ک) یان کتێبی « الروض الزاهر في سیرة الملک الظاهر ططر» لبدر الدین العیني(م. ٨٥٥ک) و کتێبی « تشریف الأیام والعصور في سیرة الملک المنصور» هەمان نوسەر، ئەم کتێبانە زیاتر زانیارییان لەبارەی کەسایەتی سەرکردە و سوڵتانەکان تێدایە، هەرچەندە زانیارییەکانیان وردن، بەڵام بەشێکی زۆریش پێداهەڵدانی بۆ ئەو

# مێژووی ئیسلامی یەکێکە لەو مێژووە زۆر کەم و ناوازانەی دنیا کە تەواوی لایەنەکانی تۆمارکراون

کەسایەتیانە تیدا بەدی دەکرێت.

٣- کتێبەکانی مێژووی دەوڵەتان: مەبەستمان لەو سەرچاوە مێژوویانەی ئیسلامە کە تایبەت بە مێژووی دەوڵەتێکی ئیسلامی نوسراونەتەوە و تێیدا ورد و درشت لەبارەی فەرمانڕەوایانی و هەروەها سیاسەتی ئابوریی و بواری سیاسەت و رۆشنبیریی و ئاوەدانی ئەو دەوڵەتە دواون وەک : « التاجي في تاريخ الدولة البويهية»ی أبي إسحاق الصابي(م. ٣٨٤ک) پاشان کتێبی « الباهر في تاريخ الدولة الاتابكية»ی ابن الاثير الجزري (م.٦٣٠ک) وکتێبی « الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية» ابي شامة(م. ٦٦٥ک) وکتێبی « مفرج الكروب في أخبار بني ايوب»ی ابن واصل(م.٦٩٧ک) وکتێبی « التحفة الملوكية في الدولة التركية» بيبرس الدواداري (م. ٧٢٥ک) وکتێبی « درة الأسلاك في دولة الأتراك» ابن حبيب(م. ٧٧٩ک) وکتێبی « الدرة الزكية في أخبار الدولة التركية» ابن ايبك الدواداري. ئەم کتێبانە لەڕاستیدا زۆر پشتیان پێ نابەسترێت، چونکە زۆرجار بە زۆری فەرمانڕەوایان نوسراون، زیاتر زانیاری هەڵەش لەپێناوی نوسینەوەی مێژووی ئەو دەوڵەت و بنەماڵانە گواستۆتەوە بۆ نمونە کتێبی (اتاجي) لەژێر هەڕەشە و لە زیندانی بوەیهییەکان نوسەرەکەی نوسیویەتی یان (الباهر)ی ابن الأثير، چونکە خۆی و بنەماڵەکەی لەژێر سایەی زەنگییەکان بووە لە دژی ئەیوبیەکان شتی ناڕاستی تومارکردووە.

٤- کتێبەکانی مێژووی سەربازی: مەبەست لەو کتێب و نوسراوانەیە کە تایبەتە بە جەنگ و پرۆسە سەربازی و غەزواتەکان و فتوحاتەکان لە دیارترین ئەو سەرچاوانەش کە تایبەتمەندییان وەرگرتووە، ئەمیش دوو جۆرە بەشێکیان لە ڕێگەی باسکردنی جەنگەکانە بەپێی ساڵی ڕوودانیان، یان باسکردنی ئەو پرۆسە سەربازیانەیە لەڕێی باسکردنی ژیاننامەی سەرکردە سەربازییەکان، بەڵام هەندێک کتێبی سەربەخۆش هەن کە ڕاستەوخۆ باسی هەندێک لە شەڕەکانیان کردووە لە کۆنترین کتێبێکیش لەو بوارەدا کە بەدەستمان گەیشتبێت کتێبی «وقعة صفين» لنصر بن مزاحم(م. ٢١٢ک)، هەروەها کتێبی (فتوح الشام) ی الواقدی (م.٢٠٩ک) هەرچەندە بەوناوەیە، بەڵام باسی فتوحاتی عێراق و جەزیرە و شام و میسریش دەکات، جگە لەمانەش کتێب هەیە تایبەتە بە باسی جیهادی مسوڵمانان بەتایبەتی دژی خاچ دروشمەکان وەک کتێبی (مستند الاجناد في آلات الجهاد ی ابن جماعه الحموي) (م.٧٣٣ک) یەکێکە لە کتێبە ناوازەکان لەو بوارەدا.

٥- کتێبەکانی بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕی: چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی ئیسلامی هەیە تایبەتە بە شێوازەکانی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی ئیسلامی، شێوازی ئیدارەدانی ئەو دەوڵەتە و دیوانەکان و نامەکان و چەندانی دیکەش، لە دیارترینی ئەوانەش وەک «صبح الأعشى في صناعة الانشا» القلقشندي(م. ٨٢١ک) و «قانون ديوان الرسائل» الصيرفي (م.٩٠٠ک) کتێبی «قانون ديوان الرسائل» ابن مماتي(م.٦٠٦ک). هەندێکی دیکەش زیاتر دواون و باسیان لە کردەوە و کردارێک و ئەرکێکی دیاری کراو کردووە وەک «الرتبة في طلب الحسبة» ابن الرفعة(م. ٧٣٥ک) و «نهاية الرتبة في طلب الحسبة» الشيزري(م.

٥٨٩ك)، یان هەندێکی دیکەیان بەتایبەت لە باسی پۆستەکانی وەک الوزراء دواون.

٦- کتێبەکانی مێژووی ئابووری: ژمارەیەکی دیکەی سەرچاوەی مێژووی ئیسلامی تایبەتن بە بواری ئابووریی و شێوازەکانی ئیدارەدانی ئابووری دەوڵەتی ئیسلامی کە زۆر گرنگن بەتایبەت بۆ کەسێک کە بیەوێت زانیاری وورد لەسەر ئەو بابەتە وەربگرێت لەو سەردەمانەدا لە دیارترین ئەو سەرچاوانەش وەک: کتاب (الخراج) قازی ئەبو یوسف (م.١٨٢ك) و کتێبی (الخراج و صنعه الكتابه) ی قدامه بن جعفر (م.٣٢٩ك) و ئەمە جگە لەوەی باسیان کۆکردنەوەی خەراج و ئابووری دەوڵەت کردووە باسیان لە چۆنیەتی دراو لێدانیش کردووە و جۆر و کێشانەی ئەو دراوانە و پێوانەیان و پێویستی خەڵکی بە خۆراک و پۆشاک و زێڕ و زیو..هتد. بەگشتی ژیانی ئابووری خەڵکیان باسکردووە، پاش ئەمانیش کتێبی تایبەتمەند تر دەرکەوت لە بواری دراو و سکە وەک المقریزی (م.٨٤٥ك) کاتێک کتێبی « شذور العقود في ذکر النقود» دانا.

لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین کتێبی دیکەمان هەیە کە هەرچەند لە ناونیشان باسی بابەتی دیکەیە، بەڵام ناوەڕۆکیان سروشتێکی باسی مێژوویی ئابوورییە لەوانەش وەک کتێبی فتوح البلدان البلاذري (م.٢٧٩ك) و هەروەها کتێبی «الأحكام السلطانية والولايات الدينية»ی أبی الحسن الماوردی(م.٤٥٠ك) هەرچەند باسی سیاسەتە، بەڵام چەندین باسی ئابووریی و سککە و دراوی تێدایە.

٧- کتێبەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی: سەرباری ئەوەی وا دیتە پێشچاو کە مێژوونووسانی مسوڵمان زیاتر لەسەر بواری سیاسیی، سەربازیی و ئابووری بابەتیان نوسیبێت، بەڵام چەندین نوسەری دیارمان هەیە کە تایبەت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی چینەکانی کۆمەڵگە و ژیانی رۆژانە و جۆرەکانی جلوبەرگ و پۆشاک و خواردنەکان و جەژن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان شتی بەکەڵکیان نوسیوە، یان لەسەر بابەتێکی خراپی کۆمەڵگە بە گاڵتەئامێز بابەتیان نوسیوە، وەک کتێبەکانی الجاحظ (م.٢٥٥ك) کتێبی (عقلاء المجانين)ی أبي الأزهري (م.٣٢٥ك) و بلاغات النساء ابن طيفور (م.٢٨٠ك) و أخبار النساء ابن الجوزی (م.٧٢٥ك) و نزهه الجلساء في أشعار النساء السيوطي (م.٩١١ك) و ابن ساعاتی (م.٦٤٧ك) کتێبی (جهات الائمة الخلفاء من الحرائر و الاماء) و چەندانی دیکەش، کەشتی ناوازە و سەیر و سەمەرەی کۆمەڵایەتیان تێدایە وەک التنوخی (م.٣٨٤ك) لەکتێبەکانی «الفرج بعد الشدة» و»المستجاد من فعل الأجواد»و»نشوار المحاضرة». یان کتێبی «تفضيل الكلاب على الكثير ممن لبس الثياب»ی ابن مرزبان البغداديی ابن مرزبان البغدادی (م.٣٠٩ك) کە جێگەی سەرسوڕمان و لەسەر وەستانە لە باسی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم.

٨- کتێبەکانی بیبلۆگرافیای کتێب: چەندین کتێبی شێوە بیبلۆگرافی لە سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامیدا هەیە، کە زیاتر کۆکراوەی کتێبەکانی پێشینن لە سەرجەم بوارەکان بۆ نمونە ابن الندیم (م.٣٨٥ك) کتێبێکی داناوە بە ناوی (الفهرست) کە کتێبی نوسەرانی پێش خۆیی و سەردەمی خۆی لە سەرجەم بوارەکان کۆکردۆتەوە هەروەها چەندانی دیکەش.

٩- کتێبە مێژووییە جوگرافیاییەکان: لە سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی ئەو سەرچاوانە

زۆرگرنگن، کە تایبەتن بە جوگرافیا و گەڕیدەکان و (مسالک و ممالک)، کە لەلایەن جوگرافی ناسە مسوڵمانەکان شار بە شار و تەنانەت ناوی هەرێم و ناوچەکانیان تۆمارکردووە و تێیدا لە مێژوو باری ئابووریی و بنەچەی ناوی شار و ناوچەکان و ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەیان و تایبەتمەندی کشتوکاڵی ئەو ناوچانە و زۆرشتی بەنرخیان تۆمارکردووە، بەبۆچوونی من بۆ مێژووی شارستانی ئیسلامی باشترین سەرچاوە ئەم سەرچاوانەی مێژووی ئیسلامین، کە زۆرجار بێلایەنییان تێدا بەدی دەکرێت لە گواستنەوەی ڕووداوە مێژوویەکان، لەم بوارەدا کۆنترین کتێب، کە تائێستا بەدەستمان گەیشتبێت کتێبی البلدان الیعقوبی (م.٢٩٢ک)، پاشان کتێبی (المسالك الممالك) هەریەک لە نوسەران المقدسی (م.٣٨١ک) و ابن خرداذبه(م،٣٠٠ک)، هەندێکی دیکەش لەو کتێبانە ناوی شارێکی هەرێمێکیان کردووە بە ناوی کتێبەکانیان و لەوێوە لە بابەتەکانیان دواون و زانیاریە مێژوویەکانیان باسکردووە و بەپێی پیتی یەکەمی شارەکان هەروەک معجم و فەرهەنگێک ئەو شارانەیان باسکردووە، باشترین نمونەش بۆ ئەم بابەتە کتێبە بەناوبانگەکەی یاقوت الحموی (م.٦٢٦ک) بەناونیشانی معجم البلدان، و کتێبی (مراصد الطلاع على أسماء الأمكنه و البقاع)ی صفی الدين البغدادی (م.٧٣٩ک)، یان ابن الجيعان (م.٨٨٥ک) بەناونیشانی التحفه السنيه بأسماء البلاد المصريه.

جۆرێکی دیکە لەو کتێبانە تایبەتن بە باسی خوێندنگە و مزگەوت و گەرەک و بازاڕ و کۆڵان و شەقامەکان و شوێنەوارە ئاوەدانییەکان کە لە شار و ناوچە ئیسلامیەکاندا هەبوون ئەم سەرچاوانەش ناسراون بە کتێبەکانی (خطط المدن) لەو کتێبانەش ابن دقماق (م.٨٠٩ک) و کتێبی (الخطط المقريزيه) ی المقريزي.

١٠- کتێبەکانی پوختە و پەراوێزەکان: ئەم جۆرە لە کتێب بریتی بوون لە پوختکردنەوەی کتێبە مێژووییە گرنگ و زۆرەکانی بواری کتێبی مێژووییە زۆر و دوورودرێژەکان یان کتێبەکانی بواری التراجم، ئەمانەش بە المنتخب یان المنتقى ناسرابوون، وەک کتێبی (المنتخب من تاريخ دمشق) چەندین بابەتی دیکە.

لەکۆتایدا وەک پسپۆڕێکی ئەو بوارە چەند تێبینیەکمان هەیە لەبارەی مێژووی ئیسلامی، جێی خۆیەتی کە ئاماژەیان پێ بدەین، دیارترینیان ئەمانەن:

١- بەوپێیەی ئیسلام بۆخۆی ئاینی نوسین و تۆمارکردنی زانیارییەکانە، مێژووی ئیسلامی یەکێکە لەو مێژووە زۆر کەم و ناوازانەی دنیا کە تەواوی لایەنەکانی تۆمارکراون، هەزاران کتێب لە سەرجەم بوارەکان هەیە هەروەک بە ژمارە و جۆرەکانیان ئاماژەمان بۆ کردن، لە هەر بوارێکی ئەو مێژووە بتەوێت کۆڵینەوەی زانستی بکەیت زانیاریت بەدەست دەکەوێت و شارەزایان و زانایانی مسوڵمان و تەنانەت خەڵکانی نامسوڵمانی ناو شارستانیەتی ئیسلامیش، بە هەزاران جۆرە نوسراو و کتێبیان داناوە لەسەر مێژوو بەتەواوی بوارەکانیەوە.

٢- زانیارییەکانی ناو کتێبە مێژووییەکان زۆرینەیان ساغ نەکراونەتەوە، زۆرجار حەزی کەسی یان مەیل و ئارەزووی دەسەڵاتدارێک یان پیاداهەڵدانی زۆری نابەجێی تێدا بەدی دەکرێت، کە پێویستە پاک بکرێتەوە و کەموکورتی و نەنگییەکانی لێ دەربهێنرێت و بە حەزەر و بە

هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٣- هەندێک زانیاری مێژوویی بەهێندەی دەماودەم گێڕاندنەوە و مێژووی زارەکی چەندین بابەتی ئەفسانەیی و ناجۆری پیوەلکاوە کە ڕاستییە مێژووەکانیان دوورخستۆتەوە، جێگەی باسە هەندێک لە نوسەرانی مێژووی ئیسلامیش بۆخۆیان ئەم ڕاستییەیان نەشاردۆتەوە کەچی مێژوونوسانی نوێ وتەکانیان وەک دەقی پیرۆز وەردەگرن و دەڵێن ئەوە مێژووی ڕاستەقینەی ئیسلامە هەروەک مێژووی الطبري .

٤- پێویستە مێژوو لە ئایین جودابکرێتەوە هەروەک نوسەرانی مێژووی ئیسلامیش بۆخۆیان ئەمەیان کردووە، بەشێکی زۆری مێژوونووسانی مسوڵمان بۆخۆیان ئەمەیان کردووە لەکاتێکدا فەرمودەناس و موفەسیری گەورەی قورئان بوون، وەک الطبري و ابن الكثير و السيوطي و هتد، کەچی ئەو ڕیسایانەی کە لە نوسینی ئەو زانستانە بەکاریان هێناوە لە کتێبە مێژوویەکاندا پەیڕەویان نەکردووە و بۆخۆشیان لە پێشەکی کتێبە مێژوویەکانیاندا ئەمەیان نەشاردۆتەوە و بەئاشکرا وتویانە کە ئەمان هەرچیان بیستووە و بینیوە تۆماریان کردووە یان لە پێشینانی خۆیان نقڵیان کردووە و تەحقیقیان تێدا نەکردووە، بۆیە ستەمێکی گەورەیە لە ئایین ئێمە هەڵسوکەوت و کرداری هەندێک لە کەسە مسوڵمان و سەرکردەکانیان بکەینە مێژووی مسوڵمانان و لە ئێستادا لەسەر ئایین تۆماری بکەین، لەلایەکی دیکەش ئەگەر تەحقیق لە بابەتێکی ئەو مێژووانە نەکەین بێین لیدوانیان لەسەر بدەین.

٥- ڕۆژهەڵاتناسان کارێکی زۆرخراپیان بەرامبەر بە مێژووی ئیسلامی کردووە، ئەوان بەناوی پاراستنی کولتووری ئیسلامی و مێژووی ئیسلامی چەندین کتێبی مێژوویان پاراست و زیندویان کردەوە و لە چاپخانەکانی ڕۆژئاوا لە چاپیاندانەوە، بەڵام ئەگەر چاوێک بەو کتێبە مێژووییانەدا بخشێنین کە ئەوان زیندویان کردونەتەوە، سەرجەمیان یەک ئاڕاستەیان هەیە، واتە ئەوەی لەگەڵ ئامانج و باری ویستی خۆیان گونجاوە زیندویان کردۆتەوە و بەدەستیان خستووە و دوورنیە چەندان دەستنووسی دیکەی گرنگیش کە خزمەتی بە ئامانجی ئەوان نەکردووە لەنێوبرابێت، ئەوان بۆخۆشیان لە بوارێکدا پسپۆڕیان لە مێژووی ئیسلامی وەردەگرت، کە کەڵێن و بچوک و ملل و نحل بوون وەک گرووپ گەلی ئیسماعیلی و حشاشنەکان و تصوف و حلاج... هتد، بۆ نمونە لویس ماسینون پسپۆڕە لە بواری تصوف بەتایبەت لە (الحلاج) و بیرنارد لویس لە (ئیسماعیلییەکان) پسپۆڕی وەرگرتووە، بۆیە پێویستە خوێنەوارانی بواری مێژووی ئیسلامیش هەر بەهێندە نەوەستن لەنێو سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی هەیە، بەڵکو دەستنووسی نوێ تەحقیق بکەن و هەروەها تەحقیقی ئەو زانیاریانەش بکەن کە لەنێو ئەو کتێبە مێژوویانەی پێشین هەبووە.

٦- ناوی ئەم مێژووە چیە ئایا مێژووی مسوڵمانانە یان مێژووی ئیسلام یان مێژووی ئیسلامی، بەبۆچوونی ئێمە ئەم مێژووە مێژووی ئیسلامییە، چونکە تەنها تایبەت نیە بە خەڵکی مسوڵمان و چەندین نامسوڵمانیش لەم مێژووەدا ژیاوە و تەنها تایبەتیش نیە بە ئایین تا ناوی بنرێت مێژووی ئیسلام بۆیە باشترین ناو ئەوەیە کە ناوبنرێت بە مێژووی ئیسلامی و بەم ئاڕاستەیەش هەتا سەردەمی کۆتایی ڕووخانی عوسمانییەکان دەخایەنێت، کە کۆتا دەسەڵاتداریتی ئیسلامییە لە ڕۆژهەڵات و لە دوای ئەو هیچ مێژوویەک نیە جگە لە مێژووی مسوڵمانان یان نەتەوە جیاوازەکان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- ابن الأثير، عز الدين ابو الحسن علي الجزري(ت:٦٣٠هـ) الكامل في التاريخ، ط٢، تح عبد الله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٥.

٢-ابن اياس، محمد بن أحمد (ت: ٩٣٠هـ) بدائع الزهور في وقائع الدهور، تح مصطفى زيادة، القاهرة، ١٩٨٤.

٣-ابن تغري بردي، ابو المحاسن يوسف الاتابكي(ت:٨٧٤هـ) المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي، تح محمد أمين،القاهرة، ١٩٨٦.

٤- النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والنشر والطباعة، القاهرة، ١٩٧٢.

٥- ابن حجر، احمد بن علي العسقلاني(ت:٨٥٢هـ) الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، تح عبد المعين خان حيدر آباد الدكن، ١٩٧٢.

٦-الخطيب البغدادي، احمد بن علي(ت:٤٦٣هـ) تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية(بيروت د.ت).

٧- ابن خلكان، أبو العباس، احمد بن محمد(ت:٦٨١هـ) وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تح إحسان عباس،دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٨.

٨-الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد(ت:٧٤٨هـ) تذكرة الحفاظ، مكتبة الحرم المكي، دائرة المعارف العثمانية (حيدر آباد الدكن د.ت).

٩- سبط ابن الجوزي، ابو المظفر قزاوغلي(ت:٦٥٤هـ) مراة الزمان في تاريخ الأعيان، مطبعة دائرة المعارف العثمانية،حيدر آباد الدكن، ١٣٧٠هـ

١٠- السخاوي، شمس الدين محمد بن عبد الرحمن(ت:٩٠٢هـ) الإعلان بالتوبيخ لمن ذم أهل التاريخ، مطبوع ضمن كتاب علم التاريخ عند المسلمين لروزنثال، مكتبة المثنى (بغداد ١٩٦٣).

١١- الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، بيروت، د.ت.

١٢- ابن شاكر، احمد بن شاكر الكتبي(ت:٧٦٤هـ) عيون التواريخ، تح نبيلة عبد المنعم داود، بغداد، ١٩٩١.

١٣- الصيرفي، علي بن داود(ت:٩٠٠هـ) أنباء الهصر بأنباء العصر، تح حسن حبشي، القاهرة، ١٩٧١.

١٤- الغساني، الملك الأشرف الخزرجي(ت٨٠٣هـ) العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك، تح شاكر محمود عبد المنعم، دار التراث الإسلامي، بيروت، ١٩٧٥.

١٥- ابن كثير،عماد الدين إسماعيل بن عمر الدمشقي(ت:٧٧٤هـ) البداية والنهاية، مكتبة المعارف (بيروت د.ت).

١٦-المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسن(ت:٣٤٦هـ) مروج الذهب ومعادن الجوهر، ط١، دار الكتاب العربي، بغداد، د.ت.

١٧- مسلم، أبو الحسن مسلم بن الحجاج(ت:٢٦١هـ) صحيح مسلم، تح فؤاد عبد الباقي التراث العربي، بيروت، د.ت.

١٨- ابن النديم، محمد بن إسحاق(ت:٣٨٥هـ) الفهرست، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٨.

١٩- أبو نعيم، احمد بن عبد الله(ت:٤٣٠هـ) حلية الأولياء، ط١، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٣٨.

٢٠-اليونيني، قطب الدين موسى بن محمد(ت:٧٢٦هـ) ذيل مرآة الزمان، ط١، مطبعة المعارف العثمانية (حيدر آباد الدكن، ١٣٨٠هـ

٢١- باقر، طه ومحمد، عبد العزيز طرق البحث التاريخي في التاريخ والاثار، بغداد، ١٩٨٠.

٢٢-روزنثال، فرانز علم التاريخ عند المسلمين، مكتبة المثنى، بغداد، ١٩٦٣.

٢٣-السامر، فيصل ابن الأثير، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

٢٤- سعيد، خليل منهج البحث التاريخي، بغداد، د.ت.

٢٥- العمري، أكرم ضياء بحوث في السنة المشرفة، ط٢، مطبعة الإرشاد، بغداد، ١٩٧٢.

٢٦- موارد الخطيب البغدادي في تاريخ بغداد، دار القلم، بيروت، ١٩٧٥.

٢٧- موافي، عثمان، منهج النقد التاريخي الإسلامي والمنهج الأوربي، الإسكندرية، ١٩٨٤.

٢٨- النقيب، مرتضى، المؤرخ المبتدئ ومنهج البحث التاريخي، بغداد، د.ت.



# مێژووی مسوڵمانان

## لە نێوان پیرۆزی و  واقیعی بووندا



**د.حەکیم ئەحمەد خۆشناو**

لەدایکبووی کۆیە، ساڵی ١٩٦٦. دکتۆرا لە مێژووی ئیسلامی. چەندین توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارەکانی زانکۆکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوە.

زۆر جار تێکەڵەیەک دروست دەکرێت لە نێوان مێژووی ئیسلام و مێژووی مسولمانان، لە ئەدەبییاتی کوردیشدا زۆر جار وشە و زاراوە عەرەبییەکان بەهەڵە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، بە هەمان پاشگرەکانیانەوە بۆ نمونە: (التاريخ الاسلامي = مێژووی ئیسلامی) ، (الحضارة الاسلامية – شارستانێتی ئیسلامی) ، (الشخصيات الاسلامية – کەسایەتییە ئیسلامییەکان )...... هتد.

کەچی لەڕاستیدا ئەم (ی) ئینتیساب تایبەتە بە ڕێزمانی عه رەبی کە گواستنەوەی وەک خۆیی و بەهەمان مانا بۆ کوردی دروست نییە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە دەبینین هەندێک جار (مێژووی ئیسلام) بە کاردەهێنرێت، دیارە ئەمەشیان بەکارهێنانێکی ورد و زانستی نییە، چونکە (ئیسلام) ئاینە کە لە بنەڕەتدا لە رووی ئەخلاقیات و بیروباوەڕ و عەقیدەدا هاوبەشە لەگەڵ سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکانی تر، کە لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانەوە گەیەنراون بە گرۆی ئادەمیزاد لە کات و شوێنی جیاوازدا، کەواتە ئایینی خودا نەگۆڕە لە ئەسڵدا ئەگەر پەیڕەوان و پێشڕەوانی دەستکاری نەکەن بە هۆکاری نەزانی و بێ ئاگایی و بەرژەوەندی....هتد.

هەروەک لە ئاینەکانی یەهودی و مه سیحییەتدا بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە کتێبە پیرۆزەکانیان شێوێنراون و بەشێوەی جیاجیا نوسراونەتەوە و تۆمارکراون، دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر شوێنکەوتووانیان و بۆتە هۆی گۆڕانکاری زۆر بەسەر پرەنسیب و یاساوڕێساکان و حەڵاڵ و حەرامەکانیان کە لە گۆڕانکاری ناو دەقەکانی کتێبە پیرۆزەکانیانەوە - زۆرجار- سەرچاوەی گرتووە، تا ئەو ڕادەیەی دەبینین مەزهەب و ئاینزا یەهودی و مەسیحییەکان جیاوازی ڕیشەیی لە نێوانیاندا هەیە سەبارەت بە بیروباوەڕ و ئایینی خودا و خودی دەقەکانی ناو تەورات و ئینجیلەکان.

کەواتە لێرەدا دەتوانین وەک زاراوە وشەی (مێژووی یەهودییەت) و (مێژووی نەسرانییەت – مەسیحییەت) بەکاربهێنرێت، بەومانایەی کە هەریەک لەم دوو ئایینە بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چۆن گوزەریان کردووە و چییان بەسەردا هاتووە و مێژووەکەیان چۆنە، هاوکات میللەتانی مەسیحی و زۆربەی ئایینەکانی تریش مێژووی خۆیان هەیە، لە رووی سیاسیی و ئابوریی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی ئایینەکانی پێوە دیارە، بەڵام بەگشتی مێژووەی مرۆڤەکان جیاوازە لەگەڵ مێژووی ئایینەکان، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا هەمان هاوکێشە لەسەر ئیسلام و مسولمانانیش جێبەجێ دەبێت، واتە ئایا بەهەمان شێوە دوو شتی جیاواز هەن بە ناوەکانی (مێژووی ئیسلام) و (مێژووی مسولمانان)؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەبڕوای ئێمەی مسولمانان، ئیسلام یەک ئایینە و کتێبە پیرۆزەکەشی قورئانی پیرۆزە، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئایینە و دابەزینی ئایەت و سورەتەکانی قورئان لە کات و شوێن و بۆنە و ڕووداوی جیاوازدا هەر هەمان ئیسلام و قورئانە، کەواتە شتێک نیە بەناوی (مێژووی ئیسلام) وەک ئایین، بەڵکو ئەوەی هەیە (مێژووی مسولمانانە)، واتە پەیڕەو و شوێنکەوتوانی ئیسلام وەک مرۆڤ ئەم مێژووەیان دروستکردووە، بە باش و خراپیەوە بە سەرکەوتن و شکستەکانیەوە بە لاپەڕە درەوشاوە و ڕەشەکانیەوە، چونکە ئەوە مرۆڤە مێژوو دروست دەکات و شارستانییەت بەدیدەهێنێت بەپێی شیان و تایبەتمەندی و هەلومەرجەکانەوە، دیارە مرۆڤیش فریشتە نییە، کار دەکات.. ڕاست دەکات و هەڵە

دەکات، دەپێکێت و ناپێکێت...هتد.

جا ئەم مرۆڤە چەند هەوڵبدات و کۆشش بکات و نیاز و مەرامی پاک و پەسەند بێت مەرج نییە هەموو کات سەرکەوتن و ڕاست پێکان چارەنوسی بێت و لە برگەیەک لە برگەکانی یان زیاتر، تووشی هەڵە و کەموکورتی نەبێت، جا ئەم کەسە هەرچەند پابەندبێت یان هەوڵبدات بەبنەما ئایینی و ئەخلاقییەکانی ئیسلامەوە. لەڕاستیدا خودی مرۆڤ بونەوەرێکی ئاڵۆزە و تێگەیشتن لێی و لەو کار و ڕوداوانەی لە سەردەستی ئەو ڕوو دەدەن ئاڵۆزترە، لە هەمووی ئاڵۆزتر نوسینەوە و تۆمارکردنی ئەو ڕوداوانەیە کە خودی مرۆڤ ئەنجامییان دەدات، دیارە ئەم مرۆڤەش لە (مێژوو نوسیندا) دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەر و پاڵنەری: ئایدۆلۆژیی، دەروونی، مەعنەویی و ماددی کە ئەستەمە دەربازبوون لە هەر هەموویان هەرچەندە مێژونووسەکەش هەوڵبدات، لەبەرئەوەی لە سەرەتا و کۆتاییدا ئەو هەر مرۆڤە و مرۆڤیش بەندە بە تۆرێک لە هەست و نەست و سۆز و (ئینتیمائات) کە ناکرێت هیچ مێژوونووسێک بە تەواوی خۆی لێیان دابماڵێت.

کەواتە ناکرێت ئەم کارانەی مرۆڤەکان ئەنجامیان دەدەن پیرۆز(مقدس)بن، لەبەرئەوەی خودی مرۆڤ کائینێکی پیرۆز نییە و (قاجرە)، دەکرێت ڕاست بکات و دەشکرێت هەڵە بکات، جا ئەم یاسایە سەرجەم مرۆڤەکان دەگرێتەوە بە مسوڵمان و غەیرە مسوڵمان، چونکە مرۆڤ بە مسوڵمانبوونی (مقدس) نابێت و کارەکانیشی لە سەرووی لێپێچینەوە و بەدواداچون نین، بەڵام ئەوەی کە کار و کردارەکانی مرۆڤی مسوڵمان (دروستکەری مێژوو) جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بە کارامەیی و دڵسۆزانە تر و ڕاستگۆیانە تر و بەمەبەستی خێر و ئامانجدار ئەنجامییان بدهان و هەوڵبدات کەمتر هەڵە و خەوشیان تێدابێت... بە حوکمی ئەو باوەڕ و هەستەی کە بەرپرسیارێتییەکەی دیاری دەکات لە بەردەم پەروەردگار و لێپرسینەوەی بەر لە خەڵک و مرۆڤەکانی دەوروبەری کە تێیدا دەژین.

جا هەستکردن بەم پرسیارانە بەندە بە چەندەها ئەگەر و هەلومەرجەوە، لەسەرو هەموویشیانەوە کەسی ڕابەر و پێشەوا واتە چەندە پێشەوا باوەڕدار و کارامە و دڵسۆز بێت ئەوەندە ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە و چالاکی و کار و هەڵسوکەوتەکانیان نمونەشیان بۆ ئەمە هەردوو خەلیفە عومەرەکەن کە لە هەردوو سەردەمی ڕاشیدی و ئومەوی، کە لە مێژووی ئیسلامدا نەخشیان دیارە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە زیادەڕەوی مسوڵمانان لە هەست و سۆزدا وایکردووە زۆرجار بەهەڵەدا بچن لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕوداوەکانی مێژووەکەیان و کەسایەتییەکانی، تا ئەو ڕادەیەی بگاتە بە پیرۆز سەیرکردن و دەرکردنی کەسایەتییەکان لە سروشتی مرۆڤانەکەیان و بۆیەکردنیان بەبۆیەی پیرۆزی و پارێزبەندی لە هەڵەی مرۆڤانە، کەچی ئەمە پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقە، وێڕای پێچەوانەی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمودە دروستەکات کە جەخت لەسەر بەهەڵەداچوونی مرۆڤەکان دەکاتەوە لەهەر ئاست و پۆستێکدا بن و لەهەر کات و زەمەنێکدا بێت (ان النفس لامارة بالسوء)، دیارە وشەی (السوء) وشەیەکی گشتییە و هەموو جۆرەکانی خراپە دەگرێتەوە لە ستەم و ئیرەیی و ماف پێشێلکردن و نادادگەریی و مەحسوبیەت ومەنسوبیەت و تەماعکاری و ....هتد. بەڵگەنەویستە کەسی دەست ڕۆیشتو دەسەڵاتدار زیاتر خراپەکاری لێ دەوەشێتەوە، چونکە بازنەکانی جوڵە و کارکردنی فراوانترە.

کەواتە لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی مسوڵمانان بە سەردەمی پێغەمبەریشەوە(د.خ) هەڵە و کەموکورتی هەبووە، بەڵام بەڕێژەی جیاواز و تەنها پێغەمبەرانن کە مەعسومن (پارێزراون لە گوناهو تاوان)، ئەگەرنا ئەوانیش لە بۆنە و هەڵوێستە جیاوازەکاندا جار هەبووە لەلایەن پەروەردگارەوە سەرزەنشت کراون و ئاگادار کراونەتەوە، بەهۆی هەڵوێستێکیان کە لە هەمبەر حاڵەتێکی دیاریکراودا نوانیدویانە و نەیان پێکاوە، دیارە ئەم حاڵەتانەش لە قورئانی پیرۆزدا تۆمار کراون، واتە پێغەمبەرانیش وەک مرۆڤ (دور لە لایەنە سروشییەکە) قابیلی هەڵەبوون چ جای هاوەڵەکانی پێغەمبەر و خەلیفەکان و دەسەڵاتدارەکانی مسوڵمانان لە سەردەمە جیاجیاکاندا. زۆر جاریش ئەو دەسەڵاتدار و سەرکردەیەی کە هەڵە دەکات و بڕیاری نادروست دەردەکات بەدیدی خۆی ڕاستی کردووە و مەبەستی خێرو چاکە بووە، بەڵام لە دیدی خەڵک و میللەتدا بە سەرەڕۆ و ستەمکار و قۆرخکار وێناکراون، دواتر ئەوە ئەنجامی کارەکان کە دەری دەخەن ڕاستی لەکوێدایە ..

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئێمە بە هەڵەدا دەچین کە مێژووەکەمان بابەتییانە ناخوێنینەوە و ئامادەنین هەڵسەنگاندنی زانستییانەی دوور لە تەرەفگیریان بۆ بکەین، بە حوکمی ڕۆچون لە هەست و سۆز و عاتیفەی ئایینیمان، کە بەهیچ شێوەیەک خودی ئیسلامیش بە سەرچاوە بنەڕەتییەکانیشییەوە ئەمەیان پێ پەسەند نییە، لەلایەکی تریشەوە کە ئەگەر ئەمە بەبیر خۆمان بهێنینەوە کە وا خودی فەرمودەکانی پێغەمبەریش لە شێواندن و بەلاڕێدا بردن ڕزگارنەبوون کەسانێک بە پاڵنەری سۆزی ئاینیی و سیاسیی و مەزهەبی بەرژەوەندی تایبەتی سڵیان نەکردۆتەوە لە هەڵبەستان بەناو و زمانی پێغەمبەرمان(د. خ)و بە هەزاران و دەیان هەزار وتەیان لە سەر زیانی ئەم زاتەوە بە (فەرمووده) هەڵبەستووە و گێڕاویانەتەوە و دواتر تۆمار کراون، لەپێناو ساغکردنەوەی فەرمودەکان و پۆلێنکردنیان زانستەکانی فەرموودەی وەک (علم الجرح والتعدیل)و(علم الرجال) دەرکەوتن و لەم ڕێگایەشدا چەندین زانای ناودار دەردەکەوتن کە هەوڵ و کۆششێکی بێ ئەندازەیان داوە بۆ ڕەتکردنەوەی هەڵبەستراوەکان و چەسپاندنی فەرموودە ڕاست و دروستەکان و پۆلێنکردنیان بە پلە و ئاستی جیاواز ..

ئەی کەوابێت بۆ دەبێت ئێمە مێژووی مسوڵمانان چ وەک ئەوەی کە ڕوویداوە یاخود ئەوەی کە تۆمارکراوە لە دوتوێی سەرچاوە مێژووییەکان، بەپیرۆز سەیربکەین و هەر ڕەخنەیەک لەم ڕابردووەمان و دروستکەرانی ڕەتبکەینەوە یاخود بە گومانەوە لەم کەسانە بڕوانین، کە ڕەخنەگرانە و شیکاریان مامەڵەیان لەگەڵ ڕیوایەتی ناو سەرچاوە مێژووییەکان دەکەن؟

یان بۆ دەبێت هەموو هەوڵێکیان بۆ پینە و پەڕۆکردنی هەڵە و پەڵەکان و پاساوهێنانەوە بێت بۆ کەموکورتی خاڵە ڕەشەکانی ناو مێژووەکەمان، یاخود زیادەڕەوی کردن لە خوێندنەوە و وێناکردنی لایەنە ئەرێنیەکانی ڕابردوومان و بچوکردنەوە یان شاردنەوەی لایەنە نەرێنییەکان؟

بۆ دەبێت هەموو سەروەری و گەورەیی و دروشانەوەیەک بدەینە باڵا باوک و باپیرانمان ڕابردووی دوور و نزیکمان، کە چی بۆ بەرامبەرەکانمانی بەڕەوا نەبینین و هەرچی لایەنی ئەرێنی ئەوانە بچووک بکرێنەوە یان بشارێنەوە تەنها لەبەرئەوەی مسوڵمانین، ئەمەش پێچەوانەی پێوەرە بنەڕەتییەکانی ئیسلامن کە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان و ژیاننامەی پێغەمبەر سەرچاوەیان گرتووە و جەخت لەسەر

ئەوە دەکەنەوە، مسوڵمان دەبێت دادپەروەر بێت لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی مرۆڤەکان بە چاوپۆشی لە ئینتیما و هزری فەلسەفیانەیان بۆ ژیان دونیا بینییان.

لەوانەیە یەکێک لە فاکتەرەکانی بە پیرۆز سەیرکردنی مێژووی مسوڵمانان لەلای هەندێک کەس کاردانەوەی عاتیفییانەی ئەم بۆچونە نابابەتی و نازانستی و ئایدۆلۆژیە بێت، کە سەرتاپای مێژووی مسوڵمانان بە خوێنڕێژی و ستەمکاریی و دواکەوتوویی وێنادەکات، تەنانەت تروسکاییەکی خێریشی تێدا نابینێت، دیارە پشکێکی زۆری ئەم خوێندنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوون بە خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ ئیسلام و مێژووی شارستانێتی مسوڵمانان کە نەفەسێکی دەمارگیریی و ڕەگەزپەرستی لە پشتەوەیە کە لەمپەرە لە بەردەم خوێندنەوە و تێگەیشتنی تەندروستانە بۆ هەرچی پەیوەستە بە ئاینی ئیسلام و مێژوو شارستانیەتی مسوڵمانان (دیارە مەبەستم زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکانە نەک هەموویان).

مەبەستم ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینە نادروست و ناحەزانە بۆ مێژووی مسوڵمانان وایکردوە کە (انتقائیانە) و بەپێی ئارەزوو مەبەست چەند برگەیەک لە زەمەنێکی مێژوویی دیاریکراو شوێن و ژینگەیەکی دیاریکراو هەڵبژێردرێت و بەسەر کۆی زەمەنەکان و شوێنێکی تر بگشتێندرێت، واتە بەشێک(جزء) بەسەر گشت(کل) بسەپێنرێت، ئەمەش پێچەوانەی بنەما زانستییەکانە، ئامانج لێی شێواندنی ڕاستییەکان و لە خشتەبردن و گومان دروستکردنە.

یە کێکی تریش لە فاکتەرەکان بە گەورە و پیرۆز ڕاگرتنی مێژووی مسوڵمانان لەوانەیە پەیوەست بێت بەم بارودۆخە دژوارەی کە مسوڵمانان لە سەردەمی نوێدا پێیدا دەگوزەرێن، کە تاکو ئەمرۆش درێژەی هەیە، کە بەڕاستی بارودۆخێکی تاریکە لە زۆربەی ڕووە شارستانییەکان کاتێک مسوڵمانان و کۆمەڵگەکانیان لە ڕیزی هەرەدواوەی کۆمەڵگەکانی ترن، تەنانەت ڕۆڵی پاشکۆیەتی و کلکایەتی دەبینن نەک زیاتر لەبەر زۆر هۆکاری خودی و بابەتی، کە لەوانەیە لە پێشەوەی هەموویانەوە پەراوێزخستنی لایەنی عەقڵی و لاساییکردنەوە و خۆ بەکەم زانین بێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا ڕۆڵی ڕابەرایەتی شارستانی و سیاسیان دەبینی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی کۆمەڵگە و نەتەوەکانی تر بوون.

مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم، ئەم واقیعە دژوارەی ئەمڕۆی مسوڵمانان بە بەراورد لە گەڵ نەتەوە نامسوڵمانەکان، وایکردوە کە خەون بە ڕابردووەوە ببینین و هەوڵ بدەن هەر لەو ڕابردووە شیرینەدا بژین، بەڵکو قورسایی و سەختی واقیعی ناهەمواری ئەمڕۆیان لە بیرببەتەوە، دیارە ئەمەش چەکێکی بێ کارە و هیچی لەو واقیعی تاڵ پێ ناگۆڕێت، بێگومان ئەم خەون و خەیاڵەش سەرچاوەکەی سۆزو عاتیفەیە، کە بە پیرۆز سەیرکردنی ڕابردووی لێ دەکەوێتەوە سەرئەنجامیش درێژەدانە بە چەقبەستویی و پەراوێزخراوەیی، دیارە ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری گەرەکە.

لەکۆتاییدا دەڵێین ئەگەر بمانەوێت تەکانێک بە واقیعی ئەمڕۆمان بدەین پێویستیمان بە عەقڵانیەتێکی زیاتر و دورکەوتنەوە لەم عاتیفیبوونەی کە زۆرینەمان نوقمی بووین، بەواتایەکی تر ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردولادا .. هەروەها خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی مسوڵمانان کە شیکاری ڕەخنەگرانە بێت دور لە (تقدیس)و بە پیرۆز تەماشاکردنی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هیچ کەسایەتییەکی مێژوو(وەک مرۆڤ) لە سەروو ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەوە نیە بەپێی سەردەم و هەلومەرجی خۆی.

# تیڕوانینی ڕۆژهەڵاتناس (یۆلیۆس فلهاوزن)

# لەبارەی دەوڵەتی ئیسلامی

## لە چوارچێوەی کتێبی (الدولة العربية وسقوطها)




**د. نەریمان عەبدوڵا هەڵەبجەیی**

لەدایکبووی ١٩٧٧ هەڵەبجە، دکتۆرا
لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست
چەند لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوخۆ و
دەرەوەی هەرێم بڵاوکردوەتەوە

**دەسپێك:**

ڕۆژهەڵاتناسی وەک جوڵانەوەیەکی ڕۆشنبیری بۆچونی جیاواز لەبارەی سەرهەڵدانییەوە هەیە، هەندێک بۆ سەدەکانی نۆیەم و هەندێکی تر بۆ سەدەکانی دەیەم یاخود پانزە و شانزەی زایینی دەگێڕنەوە، بەهەرحاڵ لەهەر مێژوویەکدا سەریهەڵدا بێت، دواجار دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بابەتە سیاسی و مێژوویی و ئایینی و شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات. بەهۆی بەکارهێنانی میتۆدی تایبەتی نوسین و پەی بردن بە بواری شاراوە و تەنانەت نوێخوازی و داهێنان لەلایەن هێندێک لە ڕۆژهەڵاتناسانەوە، ئیدی بەرهەمەکانیان نەک لە ڕۆژئاوا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتیش بووە جێگای تێڕامان و خوێندنەوە و گرنگی پێدان و تەنانەت وەرگێڕانیان بۆ چەندین زمانی جیاواز.

گومانی تێدا نیە ڕۆژهەڵاتناسان بەبێ مەبەست ئەو هەموو ڕەنج و ماندوبونەیان نەکێشاوە، بەڵکو لە پشتی نوسینەکانیان کۆمەڵێک ئامانجی: سیاسیی، ئایینی و داگیرکاری و تەنانەت زانستیش هەیە، گرنگ ئەوەیە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بە تێڕوانینێکی بابەتیانە بڕوانینە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسان، بەومانایەی نوسینەکانیان هێندە پیرۆز نین کە قابیلی دیراسەکردن و خوێندنەوە و ڕەخنەلێگرتن نەبن، هێندەش بێ ئەرزش نین کە وەلابنرێن و هێڵی سور لە ناونیشانەکانیان بدرێت، مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینەش لێرەدا هەمان ئەم میتۆدەیە کە باسکرا.

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی: لەنێو قوتابخانە ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەڵمانیا یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی کە بەشداری ڕاستەوخۆی لە جەنگی خاچ دروشماندا هەبوو، بەڵام لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی درەنگ وەخت دەستپێیکرد، هەر لەبەرئەوەیە سەرەتاکانی گەشەسەندنی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەمی زایینی، قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بەوە جیادەکرێتەوە کە سروشتێکی مەزهەبیی داکۆکیکار لە مەزهەبی پرۆتستانت و پاشخانێکی داگیرکاریی هەیە، ئەوەش بەمەبەستی گەیشتن بە وڵاتانی ئیسلامی و ناوچەکانی ئەفریقا، ئەگەرچی هەندێک نوسەر ڕایان وایە لە ڕووی داگیرکارییەوە بەپلەی کەمتر دێن بە بەراورد بە وڵاتانی ئینگلتەرا و فەرەنسا و هۆڵەندا.

ڕۆژهەلانتاسان بەگشتی و لەنێویشیاندا ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەپێناو چەند ئامانجێکی جیاواز کاریان کردووە، واتە هەموو ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمان بەیەک میتۆد و یەک مەبەست نەیانوسیوە، لەبەرئەوەیە ڕۆژهەڵاتناسی جیاواز و نوسین و بەرهەمی جیاواز لە بەرەنجامی کاری ڕۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی دەبینرێت(١).

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم قوتابخانەیە وردیی و ڕۆچونە لە ڕووی زانیارییەوە، جگە لە نوسین لەبارەی مێژوو، ئەدەب، ئایین و لایەنەکانی تر، بەشێکی زۆر لە دەستنووس و بەڵگەنامەی تایبەت بە مێژووی ئیسلام تەحقیق کردووە و لە کتێبخانە و مۆزەخانە و ئەکادیمیا تایبەتەکاندا پارێزراون، تەنها لە کتێبخانەی زانکۆی بەرلین دەهەزار دەستنوس لە چوارچێوەی دە بەرگدا ڕێکخراوە، بەگشتی ئەم بەرهەمانە بووەتە خەرمانێکی گرنگ لە ڕووی زانیارییەوە(٢).

یۆلیۆس فلهاوزن: لە نێوان ساڵانی (١٨٤٤-١٩١٨) ژیاوە، لە ساڵی ١٨٦٢ دەستیکردووە بە خوێندنی لاهوتی، لە ساڵی ١٨٧٢ بڕوانامەی دکتۆرای هێناوە، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمە لەوانە:

--حول القبائل ولاسر العبرية، ١٨٧٠.
- تاريخ بني اسرائيل، ١٨٧٨.
- تاريخ الدولة العربية وسقوطها، ١٩٠٢.
- ڕاڤەکردنی هەرسێ ئینجیلی (مەتا، مەرقەس، لۆقا) ١٩٠٣- ١٩٠٤.
- بقايا الوثنية العربية مجموعة ومفسرة
- المدينة قبل الاسلام ، ١٨٨٩.
- المقدمة الى اوائل تاريخ الاسلام
- الخوارج والشيعة

خستنەڕووی کتێبی (الدولة العربية وسقوطها)
ئەم پەرتوکە یەکێکە لەو شاکارانەی کە زانیاری فرەی تێدایە لەبارەی مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام (صدر الاسلام)، لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە بە زمانی ئەڵمانی نوسراوە و ناونیشانە ئەڵمانیەکەی بریتییە لە (Das Arabische Reich und sein Sturz)، دواتر بۆ چەندین زمانی تر وەرگێڕدراوە لەنێویشیاندا زمانی عەرەبی، تاوەکو ئێستاش یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی کە لە پەیمانگا ڕۆژهەڵاتناسییەکانی: ئەڵمانیا، ئینگلتەرا و هیندستان دەخوێنرێت. لەبەرئەوەی نوسەر شارەزایی باشی لە زمانی عەرەبی و ئایینناسی و مەزهەب و گرووپە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلام هەبووە، بۆیە لە زۆر بواردا بە قوڵی ڕۆچووەتە نێو زانیارییەکان و لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە شیکردنەوەی بۆ ڕووداوەکان کردووە.
بەگشتی پەرتوکی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە باس لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکات لە سەرەتای دروستبونییەوە (سەردەمی پێغەمبەر) (د خ) تاوەکو ڕوخانی دەوڵەتی ئومەوی، بەڵام زیاتر تیشکی خستووەتە سەر ڕوداوەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی. ناوەڕۆکی کتێبەکە دابەشبووە بۆ نۆ بەش، هەربەشێک ناونیشانێکی تایبەتی لێناوە کە گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا، بەشەکان دابەشبوون بۆ چەند تەوەرێکی تایبەت، هەر تەوەرێک ناونیشانێکی هەیە، تەنانەت لاپەڕەکانی دابەشبووە بۆ چەند تەوەرێک، هەریەکێکیان ناونیشانێکی بچوکی پێداوە کە تەعبیر لە ناوەڕۆکی تەوەرەکە دەکات، ئەمەش جۆرێک لە تایبەتمەندی داوە بەم کتێبە، لێرەوە گەڕان بەدوای زانیارییەکان و خوێندنەوەی ئاسانە، هەر زانیاریەکیش بەلای نوسەرەوە پێویستی بە پەراوێز بوبێت ئەوا لەهەمان لاپەڕە ئاماژەی پێداوە.
لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ لەو بابەتە سەرەکییانە باس دەکەین کە ڕۆژهەڵاتناس (یۆلیۆس فلهاوزن) بە زەقی لەبارەیانەوە دواوە، دەکرێت ئەم نوسینە دەروازەیەک بێت بۆ ناساندن و دیراسەکردن و خوێندنەوەی نوێ بۆ بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسی ناوبراو و ڕۆژهەڵاتناسان بەگشتی لە گۆشەنیگای خودی نوسین و پەرتوکەکانی خۆیانەوە.

**ناونیشانی بەشەکان**
**وەك مەبەستی نوسینی پەرتوکەکە**

ئەم کتێبە لە نۆ بەش پێکدێت، کە ناونیشانەکانیان ئەمانەن: (پێشەکی، عەلی و جەنگی مەدینەی یەکەم، سوفیانەکان و جەنگی ناوخۆیی دووەم، مەروانە یەکەمینەکان، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و مەوالی، کۆتاییەکانی بنەماڵەی مەروان، مەروانی دووەم و جەنگی ناوخۆیی سێیەم، ڕووخانی دەوڵەتی عەرەبی).
ئەگەر بەگشتی سەرنجی ناونیشانەکانی ئەم پەرتوکە بدەین، لەوە تێدەگەین کە سەرجەمی ناونیشانی بەشەکان، کە لاپەڕەکانی پەرتوکەکە پێکدەهێنێت، تەعبیر لە ڕەهەندی هۆزایەتی و جەنگی ناوخۆ و مەوالیەکان (مسوڵمانە غەیرە عەرەبەکان) دەکات، بێگومان زەقکردن

و تۆخکردنەوەی ئەم بابەتانە لەنێو مێژووی پانوپۆڕی ئیسلامی مەبەستی تایبەتی لەپشتەوەیە، بەومانایەی کە مێژووی ئیسلام تەنها ئەو بابەتانە نیە کە ناوبراو لە چوارچێوەی ئەو کتێبەدا باسی لێوەکردووە، بەڵکو گەلێک بابەتی تر هەن کە رۆژهەڵاتناس فلهاوزن بە لاوەکی باسی کردووە یاخود بەسەریاندا تێپەڕبووە و باسی نەکردووە.

بەگشتی خوێندنەوەی رۆژهەڵاتناسان و بەشێک لە نوسەرانی رۆژهەڵات بۆ مێژووی ئیسلام، بەتایبەت مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام، پۆلێنکردنی مێژووی ئیسلامە بە دیدێکی هۆزایەتی، بە جۆرێک وایدەردەخەن کە ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ململانێیەکی توند لە نێوان هۆز و بنەماڵە عەرەبیەکان روویداوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت دوچاری ململانێ و شەڕێکی ناوخۆیی بەردەوام ببێتەوە، کە راستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر رووخانی دەوڵەتی ئیسلامی بەتایبەت دەوڵەتی ئومەوی.

گومانی تێدانیە کە ململانێیەکی توندی هۆزایەتی لەو سەردەمە بەتایبەت لە سەردەمی ئومەوییەکان بوونی هەبووە، بەشێکی هەرەزۆری ئەم ململانێیەش لەپێناو دەسەڵات بووە، بەڵام وێناکردن و نیشاندانی مێژووی ئیسلام تەنها بەوشێوەیە جۆرێک لە خوێندنەوەی بابەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە رۆژهەڵاتناس فلهاوزن پەیرەوی کردووە.

لەکاتێکدا ئەم رۆژهەڵاتناسە لە ناونیشانی کتێبەکەیدا بە روونی باس لە ململانێی هۆزایەتی دەکات، بەڵام کۆتا بەشی کتێبەکەی تایبەت کردووە بۆ وروژاندنی بابەتێک کە سنوری هۆزایەتی دەبەزێنێت، ئەویش بریتییە لە پێدانی خەسڵەتی نەتەوەیی بە دەوڵەتی ئیسلامی و ناوزەندکردنی بە دەوڵەتی عەرەبی. ئەمەش جۆرێک لە مانای

**(ابومخنف) بەوە ناسراوە کە لە وەرگرتن و داڕشتنی زانیارییەکاندا وردنەبووە و گومانی زۆر لە گواستنەوەی زانیارییەکانی هەیە**

پێچەوانە بە واتا و ناوەڕۆکی کتێبەکەی دەبەخشێت، لە هەردوو بوارەکەشدا دەیەوێت لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕەهەندی ڕەخنە و خەسڵەتی نێگەتیف بدات بە مێژووی ئیسلامی.

### (ابو مخنف) وەك سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری لە الطبري

یەکێک لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی وەرگرتنی زانیاری مێژووی ئیسلام لەلایەن یۆلیۆس فلهاوزنەوە، بریتییە لە گێڕانەوەکانی (ابو مخنف) لە کتێبی مێژوونووسی ئیسلام (الطبري: تاريخ الامم والملوك)، واتە بەشێکی زۆری زانیارییەکانی نێو کتێبەکەی (الطبري) لە (ابو مخنف)ەوە وەرگرتووە، لەوەدەچێت فلهاوزن کاریگەر بووبێت بەم ڕاوییە، هەر لەبەرئەوەیە چەند لاپەڕەیەک لە پەرتوکەکەی تایبەت دەکات بە ژیان و کەسایەتی میتۆدی ناوبراوەوە، تەنانەت لەمبارەوە دەنوسێت:(ئەگەر بمانەوێت زانیاری دروست لەبارەی باسوخواسی دەوڵەتی ئومەوییەوە بزانین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی الطبري، ئەوەی لەناو ئەم کتێبە بە گرنگییەوە نوسراوە لەلایەن نوسەری ڕەسەن (ابو مخنف)ەوە بووە، کە جوانترین و کۆنترین دەقی لەخۆگرتووە)(٣).

# دەوڵەتی نەتەوەیی مێژوویەکی هێندە دوری نیە و ئەو سەردەمەی کە دەوڵەتی ئومەوی دروستبوو، بیری نەتەوەیی بوونی نەبووە

پێدەچێت فلهاوزن لە ناسینی کەسایەتی (ابومخنف) وەک پێویست نەبوبێت، ئەگەرچی لە باسکردنی میتۆدی نوسینیدا بەکورتی هەندێک رەخنەی لێدەگرێت، بەوەی (لە هەندێک شوێندا زۆر بەکورتی باسی رووداوەکانی کردووە، بەڵام هەندێک رووداوی بە دوروردرێژی باسکردووە، ناوی کەسایەتییەکانی زۆر هێناوە کە ئێمە وەلامان ناوە، تەنانەت هەندێک جار زانیاری دوبارە کردووەتەوە)(٤)، بەڵام لە باسکردنیدا زیادەرۆیی زۆر دەکات و بە کەسێکی ورد لە گواستنەوە و باسکردنی رووداوەکاندا دەیناسێنێت.

لەراستیدا (ابومخنف) بەوە ناسراوە کە لە وەرگرتن و دارشتنی زانیارییەکاندا وردنەبووە و گومانی زۆر لە گواستنەوەی زانیارییەکانی هەیە، ئەم کەسایەتییە ناوی تەواوی (لوط بن یحی بن سعید بن مخنف)ە، لە شاری کوفە ژیاوە(٥)، کەسایەتییەکی شیعە مەزهەب بووە، لەنێو زانایانی بواری مێژوو و زانستی فەرمودەدا بە کەسێکی باوەڕپێنەکراو و بێ متمانە لە رووی زانیاریی و تەنانەت درۆزن ناسراوە(٦). تەنانەت هەندێک لە مێژوونوسان گێرانەوەکانی بە ناڕاست وەسف دەکەن و بە هیچ جۆرێک باسوخواس و زانیاری لێوەرناگرن، چونکە بۆچونیان وایە کەسێکی دەمارگیرە و بابەتی نەبووە لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا(٧).

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی میتۆدی نوسینی مێژوویی کە بریتییە لە ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و شەنوکەو کردنیان بۆ جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست لەیەکدی، لەلای ڕۆژهەلاتناس فلهاوزن بەتەواوی بەرجەستە نەبووە، چونکە فلهاوزن ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی پەیرەو کردووە، کە ڕاستەوخۆ لە میتۆدی ڕۆژهەلاتناسانی ئەڵمانی سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش خاڵی سەرەکی جیاوازی نوسینی ڕۆژهەلاتناسان و توێژەرانی ڕۆژهەلاتە.

### دەوڵەتی عەرەبی یان دەوڵەتی ئیسلامی؟

ئەگەر تەماشای ناونیشانی کتێبەکەی ڕۆژهەلاتناس یۆلیوس فلهاوزن بکەین (الدولة العربیة وسقوطها)، بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پاشخانێکی نەتەوەپەرستی و دەمارگیریی بە ناونیشانەکەیەوە دیارە، بەجۆرێک پێناسی دەوڵەتی ئیسلامی بەتایبەت دەوڵەتی ئومەوی دەکات بەوەی کە دەوڵەتێکی عەرەبییە، بەومانایەی کە چوارچێوەی دەسەڵات و فەزای حوکمڕانی، لە بازنەیەکی بەرتەسکی نەتەوەیی بە ئینتما بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو کە عەرەبە خۆی دەبینێتەوە، ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو ئامانجە سەرەکییەی کە ئەم پەڕاوەی لەسەر نوسرابێت. ئەم بیرۆکەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بیری بەشێک لە نوسەرە شۆڤێنییە عەرەبەکان، ئەوان بە چاویلکەی ڕەگەزپەرستی تەواوی مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی بە عەرەبی دەکەن، دەبێژن هەرچی دەستکەوتی ماددیی ومەعنەوی مێژووی ئیسلام هەیە مولکی نەتەوەی عەرەبە و میللەتانی تر بەشیان تیایدا نیە!

بەگشتی ئەم بیرۆکەیە بۆ نوسەر و مێژوونوسە توندبیرە عەرەبەکان ڕەنگە ئاسایی بێت، بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتناسان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتناسێکی وەک یۆلیۆس فلهاوزن بابەتێکی سەرپێی نیە و خوێندنەوەی فرە هەڵدەگرێت.

لەبارەی هەڵوێستی شەریعەت سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ لە پاش باسکردنی ڕوداوەکانی سەردەمی موعاویە و ململانێکان لەسەر دەسەڵات، فلهاوزن بۆچونی خۆی دەخاتەڕوو بەوەی(کە ئیسلام ڕێگا بە هیچ دەوڵەتێکی سەربەخۆ نادات کە جیابێتەوە) (٨)، ئەمەش لە سەروبەندی باسکردنی ڕووداوەکانی سەردەمی موعاویە و هەوڵدانی بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەوی. لێرەدا مەبەستی جیابونەوەی موعاویە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیکەیە لە وڵاتی شام.

ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕۆشنبکرێتەوە ئەوەیە کە پایەکانی پێکهێنانی دەوڵەت بەتایبەت لە سەردەمی ئومەوییەکان و دواتردا، جگە لە بنەمای ئایینی، پەیوەست بووە بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە باکگراوند بووە بە خەسڵەتی دەمارگیریی خێڵەکی، بێگومان سەرچاوەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە هاتنی ئیسلام بۆ نیمچە دورگەی عەرەبی، کە بەشێک لەو تایبەتمەندییە خێڵەکییە تەنانەت ئیسلامیش نەیتوانی بنەبڕی بکات. واتە لەو سەردەمەی فلهاوزن باسی دەکات خەسڵەتی ئایینی، پاشان هۆزایەتی زاڵتر و دیارترە لە تایبەتمەندی نەتەوەیی، ئیدی ناکرێت دەوڵەتێکی وەک ئومەوی کە تەنانەت سەرچاوەی نێوی دەوڵەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی بەنی ئومەیە، بەڵام ناوببرێت بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی یاخود عەرەبی. ئەمەش مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت، چونکە سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی مێژووییەکی هێندە دوری نیە و ئەو سەردەمەی کە دەوڵەتی ئومەوی دروستبوو، بیری نەتەوەیی بوونی نەبووە، هەر لەبەرئەوەیە دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای هۆز و عەشیرەتەکان دروستبوون.

### ژیان و ئازادی ئەهلی زیمە

بەشێکی تایبەتی باسوخواسی ئەم پەرتوکە تایبەت کراوە بە ژیان و ئازادی ئەهلی زیمە بەتایبەت مەسیحییەکان، بێگومان لەم گۆشەنیگاوە ڕۆژهەڵاتناس (یۆلیۆس فلهاوزن) گەرەکیەتی وێنای ژیانی مەسیحییەکان و ئازادییەکانیان بکات لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئەم خاڵەش مەبەست و ئامانجی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناس و تەنانەت خوێنەرانی ڕۆژئاواشە.

لەبارەی هەڵوێستی بەشێک لە خەلیفەکانی ئومەوی بەرانبەر مەسیحییەکان ئاماژەی ڕاستەوخۆ دەدرێت، هەندێک جار لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا لەمبارەوە، ڕۆژهەڵاتناس دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی وەک (الطبري، البلاذري)، لێرەدا هەندێ نمونە دێنینەوە، سەبارەت بە ژیانی مەسیحییەکان لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەڵێت: (خەلیفە عومەر کوڕی عەبدولعەزیز لەگەڵ ئەوەی زۆر پەیوەست بوو بە دینەوە، لەهەمانکاتدا لەگەڵ مەسیحییەکاندا دادپەروەر بووە، کەنیسە کۆنەکانی پاراستون، بەڵام ڕێگای نەداوە کەنیسەی نوێ دروست بکەن، هەروەها کەنیسەی یوحەنای لە شاری دیمەشق بۆ گێرانەوە کە پێشتر خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک بە ناحەق لێی سەندبوون، لە بەرانبەر ئەم کەنیسەیە داوای لێکردن (کەنیسەی توما)یان لێوەربگرێت، چونکە پێی ڕاگەیاندن کە ئەم کەنیسە بە شەڕ فەتح کراوە، دواجار مەسیحییەکان بەمە

ڕازی بوون و ئەم کارە ئەنجامدرا، بەمەش یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلامی جێبەجێ کرد)(٩).

هەر لەبارەی ئەم خەلیفەوە لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێت: (خەلیفە باجی سەر مەسیحییەکانی گەڕاندەوە بۆ هەمان بڕی بنەڕەتی خۆی کە پێشتر بۆیان دیاریکرابوو، چونکە بەتێپەڕبوونی کات و لە سەردەمە جیاوازەکانی پێش دەسەڵاتی خەلیفە عومەر کوڕی عەبدولعەزیز لەسەریان زیاد کرابوو) (١٠).

هەروەها دەبێژێت: (خەلیفە هیشام کوڕی عەبدولمەلیک موڵکی دەریای ئەنتاکیەی گەڕاندەوە بۆ مەسیحییەکان، کە نزیکەی چل ساڵ بوو لێیان سەندرابوو، مەرجی لەسەر دانان کە بەتریکێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن بە ناوی قسیس ئیستیفان، کە کەسایەتییەکی ئاسایی مەسیحی بوو، واتە لە پلە باڵاکان نەبوو، ئەوانیش ڕەزامەندییان نیشاندا). هەروەها دەڵێت: (خەلیفە عەبدولمەلیک سەرکۆنەی کوڕەکەی کرد، لەسەر ئەوەی کوڕەکەی لە مەسیحییەکی دابوو، ئەم کێشەی نەبردە لای قازی و خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کرد) (١١).

ئەگەر بەوردی خوێندنەوە بۆ ژیانی ئەهلی زیمە بکەین لە سەرەتاکانی ئیسلام تاوەکو کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئومەوی، ئەوا گەلێک ڕاستیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ماف و ئازادی مەسیحییەکانەوە هەیە، بەڵام فلهاوزن لە کتێبەکەیدا بەشێکی کەم لەو ڕووداوانە باس دەکات کە پەیوەندی بە ژیانی ئەهلی زیمە بەگشتی و مەسیحییەکان هەیە بەتایبەتی، ئەوەشی کە باسی دەکات بە شێوازێکی کورتە و لەنێو باس و بابەتەکانی دیکەی پەرتوکەکەیدایە، بۆیە نەتوانراوە وەک پێویست لەم کتێبەدا ماف بدرێت بە باسکردنی ژیان و ئازادی ئەهلی زیمە.

### مەوالی وەك كارەكتەری سەرەكی ناو پەرتوكەكە

لە زۆر شوێندا فلهاوزن بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست باس لە ژیانی مەوالییەکان و پەیوەندی دەوڵەت و خەلیفە و کاربەدەستان دەکات لەگەڵیان، بەگشتی لە سی و پێنج شوێنی جیاوازی کتێبەکەی ناویان دێنێت. لە سەرەتادا باس لەوە دەکات (مەوالییەکان بەشێکیان لە ڕێی بەدیلگرتنیان لە جەنگەکاندا ژمارەیەکی زۆریان بوون بە مسوڵمان، لەگەڵ ئەوەی ئەوان مسوڵمان بوون، بەڵام وەک دیلە عەرەبەکان مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرا و ئازادییان نەبوو، کاربەدەستانی دەوڵەت وەک پادشاکان حوکمیان دەکرد و مەوالییەکانیان دەچەوساندەوە، ئەم شێوازە لە حوکم کردن پێچەوانەی حومکی خواوەند بوو، چونکە حوکمی خوا جیاوازی لە نێوان عەرەب و غەیرە عەرەب ناکات، سیاسەتی ئومەوییەکان بەرانبەر مەوالی، هەلێکی لەبار بوو بۆ بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەتی ئومەوی بەتایبەت شیعە و خەواریجەکان، تاوەکو دەرگا لە بەردەم مەوالییەکان واڵا بکەن و پەیوەندیان پێوە بکەن).

بەشێوەیەکی گشتی مەوالییەکان لە مسوڵمانە ناعەرەبەکان پێکهاتبوون کە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ژیاون(١٢)، سەبارەت بە ژیان و ئازادی مەوالییەکان جگەلەوەی بۆچونی جیاواز لەلایەن مێژوونوسانەوە بوونی هەیە، لە هەمانکات دەقە مێژووییەکانیش سەبارەت بەم بابەتە جیاوازن، ئەم جیاوازییەش بەندە بە هەڵوێست و سیاسەتی کاربەدەستانی دەوڵەت، لە هەمانکات لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە. هەندێک کات نوسینەکانی فلهاوزن پشتڕاتی ئەم بۆچونە دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەگشتی فلهاوزن بە نەرێنی باس لە هەڵوێستی دەوڵەتی ئومەوی دەکات بەرانبەر مەوالییەکان، بەڵام سەردەمی خەلیفە

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە جیاواز دەناسێنێت، لەم چوارچێوەدا دەقێک لە (الطبري) دێنێت و دەڵێت: (خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز سەرجەم باجی سەر مەوالییەکانی خوراسانی هەڵگرت، لەهەمانکات موچەی بۆ بڕینەوە تەنانەت ئامادەبوو لە بەیتولمال پارەیان بداتێ ئەگەر داهاتی خوراسان بەشی نەکردن) (١٣).

ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە باسکردنی مەوالییەکان بەوشێوە فرەییە لەلایەن فلهازنەوە، بۆئەوەیە کە بیسەلمێنێت کە ئازادییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا وەک پێویست نەبووە و مەوالییەکان نەیانتوانیوە لەژێر سێبەری ئەم دەوڵەتەدا ژیانێکی ئاسایی وەک عەرەبەکان بگوزەرێنن، بەڵکو ئەمان هاوڵاتی پلە دوو بوون، ئیدی بۆ ڕزگاربوون لەو ڕەوشە خراپە ئابووریی وسیاسیی و کۆمەڵایەتییە، پەنایان بردووە بۆ بزاڤە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەت و بەرانبەر دەوڵەت بەتایبەت دەوڵەتی ئومەوی وەستاون. ڕەنگە ئەم بۆچونە بنەمایەکی هەبێت، بەڵام زەقکردنەوە و وێناکردنی ژیانی گشتی مەوالییەکان بەوجۆرە دیسان مەسەلەی بابەتیی بوون لە نوسینەکەی فلهاوزن دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) بڕوانە: سحر جاسم عبد المنعم الطريحي، الدراسات القرآنية في الاستشراق الألماني، ص١٨-٢٣.
(٢) محمد عوني عبدالرؤوف: جهود المستشرقين في التراث العربي، المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٤، ص.
(٣) يوليوس فلهاوزن: الدولة العربية وسقوطها، مكتبة الجامعة العربية، دمشق، ١٩٦٥، ص١.
(٤) بڕوانە: فلهاوزن: الدولة العربية، ص٣.
(٥) لەبارەی ژیان و کەسایەتی ابومخنف بڕوانە: ابن النديم: الفهرست، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٨، ص١٣٦.
(٦) بڕوانە: يحی بن ابراهيم اليحی: مرويات ابي مخنف في تاريخ الطبري عصر الخلافة الراشدة دراسة نقدية، دار العاصمة، رياض، ص ٢٧، ٢٩، ٤١.
(٧) خالد كبير علال: الأخطاء التاريخية و المنهجية في مؤلفات محمد أركون و محمد عابد الجابري- دراسة نقدية تحليلية هادفة، دار المحتسب، طبعة أولى، ٢٠٠٨، ص٥٤.
(٨) فلهاوزن: الدولة العربية، ص١١١.
(٩) فلهاوزن: الدولة العربية ، ص٢٤١.
(١٠) فلهاوزن: الدولة العربية، ص٢٤٢.
(١١) فلهاوزن: الدولة العربية، ل٢٧٧-٢٧٨.
(١٢) بڕوانە: محمد طيب النجار: الموالي في العصر الأموي, ط١، دار النيل للطباعة، القاهرة، مصر، ١٩٤٩، ص.
(١٣) فلهاوزن: الدولة العربية، ص٢٤١.



# خوێندنەوەی مێژوو بەدیدێکی واقیعیانە




**کامەران بابان زادە**

لەدایکبووی ١٩٦٩ کۆیە، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ، ماستەر لە مێژووی ئیسلام. شەش بەرهەمی چاپکراوی نووسین و وەرگێڕانی هەیە. دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردوەتەوە.

ئەحمەد فائز لە كتێبی (الطريق الدعوة في ظلال القران) كە گۆشەنیگایەكی رووئیای سەید قوتبە بۆ مێژوو دەڵێت: هەڵەی باو ئەوەیە دەڵێین (مێژووی ئیسلامی) لەڕاستیدا گوزارشتی دروست بۆئەوەی هەیە لە مێژوو ئێمە دەیخوێنینەوە (مێژووی مسوڵمانان)ە نەك مێژووی ئیسلام. لەوێدا ئەحمەد فائز ئەو ڕاستكردنەوەیە جوان ڕوون دەكاتەوە. لەو گۆشەنیگایەوە دێین ئەوەی وەك هەڵە پێی دەوترێت مێژووی ئیسلامی دەیخەینەڕوو:

**یەكەم**: مێژوو لای ئێمەی كورد لە وشەی (لەمێژەوە) وەرگیراوە، حوزنی موكریانی بۆ یەكەم جار لە ناوەڕاستی بیستەكانی سەدەی ڕابردوو بەرانبەر وشەی (التاريخ)ی عەرەبیو (history)ی ئینگلیزی بەكاری هێنا. مانای ئەوە نیە كورد لە سەدەكانی پێشوو ئاشنایەتی لەگەڵ مێژوودا نەبووە.

زۆر لە نەتەوەكان بە مێژووی پێش خۆیان ئاشنان و بایەخیان پێداوە، بەڵام بە زاراوەی جیاجیا گوزارشتی لێكراوە. بۆ نمونە مێژوو گەلان پانتاییەكی فراوانی لە قورئاندا هەیە و بە (القصص) و (اساطير الاولين) گوزراشتی لێكراوە.

ناولێنان لێرەدا ئەو گرنگییەی نیە، گرنگ بوارێكی گرنگی زانستی هەبووە و هەیە بۆ گوزراشت لەوەی لە ڕابردوو ڕوویداوە. كەواتە ئەگەر سادەترین پێناسە بۆ مێژوو بكەین دەنووسین: (مێژوو ئەو زانستەیە ڕابردوومان بۆ وێنا دەكات)، كەواتە مێژوو ئاوردانەوەیە لەو ڕابردووەی مرۆڤەكان تۆماریان كردووە. ئەم تۆمارە هەموو جمەجۆڵ و چالاكییەكانی مرۆڤ دەگرێتەوە لە ڕووی داهێنان و شارستانیەت یان كاولكاری و پاشەكشە لە بوارە جیاجیاكانی ژیانكردن.

چۆنیەتی ساغكردنەوەی مێژوو بابەتێكی گەرموگوڕی زانستییە لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا، ئەگەر ئەمە وەك بابەتێكی تازە لای لێكۆڵەرانی سەدەی تازە مامەڵەی لەگەڵ كرابێت، ئەوە پرۆسەی ساغكردنەوەی فەرموودە و گومانكردن لە تۆماری ڕووداوەكان لای هەندێك لە مێژوونووسان لە پێشەوەیاندا (ابن خەلدون) لە (المقدمه)ەكەیدا بە ڕاشكاوی ئەوەمان پێدەڵێت: مەرج نیە ئەوەی نوسراوە وەك ڕاستییەكی ڕەها مامەڵەی لەگەڵدا بكەین، دەبێت گومانكردن بكەینە بنەما بۆ خوێندنەوەی مێژوو، چونكە دواجار ئەوەی بۆی تۆماركردووین مرۆڤە و ئەویش لە خەسڵەتەكانی مەیلدارییو لەبیرچوونەوە و ترس و خواستەكانی بە زەحمەت تەجاوز دەكات ئەمە سیمایەكی گشتی مرۆڤەكانە بەبێ جیاوازی، مادام جیاوازی و ناكۆكی لە نێوان پەیرەوكارانی مەزهەب و ئایین و گرووپ و پێكهاتە ئەتنیە جیاوازەكاندا هەیە ئەم جیاوازییە گواستراوەتەوە بۆ مەیلدارییو تەرەفداری مێژوونووسەكانیش. دەكرێت لەسەر ئەم خاڵە ڕیزپەڕ هەبێت، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە باڵی زاڵ بەسەر ئەم پرۆسەیە بریتییە لە ڕاستییەكی ڕێژەیی لە بەرهەمە مێژووییەكان. ئەم ڕێژەیەش لە سەرچاوەیەكی مێژوویی بۆ سەرچاوەیەكی دیكە دەگۆڕێت.

قەڵەمی مێژوونووس وەك كامێرای ئەو وێنەگرەیە، دەچێتە كوێستان و بە ئارەزووی خۆی وێنە دەگرێت بۆئەوەی دیمەنی ئەو جێگایانەی دیویەتی كە گەڕایەوە نیشانی هاوڕێكانی بدات. لێرەدا بەشێكی ڕێژەییە پەیوەندی بە ڕاستگۆیی و

ناڕاستگۆیی مێژوونوسەوە نیە، زیاتر پەیوەندی بە مەیل و ئەندازەی زاڵبوونی مێژوونووسەوە هەیە بەسەر ڕووداوەکاندا. بۆیە ئاساسییە مێژنووس ڕاستگۆ و ئیماندار بێت و گومان لە بەشێکی نووسینەکانی بکرێت.

هەموو ئەو سەرچاوە هاوچەرخانەی لە مێژوویان کۆڵیوەتەوە وەک زانست یان وەک بوارێک کە جێی بایەخی مرۆڤە، لەسەر ئەوە کۆکن (ئامانج لە خوێندنی مێژووی پەندوەرگرتنە) یان (دیراسەی ڕابردووە بۆ ڕاستەڕێکردنی هەنگاوەکانی ئێستا و داهاتوو)...

ئەوەی لێرەدا خۆی ڕاست دەکاتەوە مێژوو بۆ سەرمەشقێتی و پابەندی و پێشەنگێتیە، بەڵام لە بۆتەی سوودوەرگرتن، لە بۆتەی دیراسەی لایەنە باشەکانی، لە بۆتەی ڕەچاوکردنی هەموو گۆڕانکارییە نوێکان.

ژیان بە بەردەوامی لە گۆڕانکاریدایە، بەتایبەت ئەگەر چوار سەدەی پێش سەدەی بیستەم بەراورد بکەین بە ئەندازەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و کەرەستەکانی جەنگ و ڕێگاوبان و پەیوەندی کردن و کارگێڕیی و ئابووری ....هتد ڕووی نەداوە. هەم ناکرێت لە مێژوو بێ منەت و هەم لە گۆڕانکارییە تازەکان بێ دەربەست بین بۆ ژیانکردن لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم. خوای گەورەش لە قورئاندا ئامانج لە خوێندنی ڕابردوومان بەو گۆشەنیگایە بۆ دەخاتە بەردەم وەک دەفەرموێت: )لقد كان في قصصهم عبرة ... یان قل سيروا في الأرض ثم انظروا كيف كان عاقبة المكذبين).

**دووەم:** ئایا ئەو بنەمایانەی سەرەوە تەنیا لە گۆشەنیگای خوێندنی مێژوو لە ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە وەک بنەما سەیر دەکرێت یان بۆ خوێندنی مێژووی ئیسلامیش ڕاستە؟ ئایا دەکرێت سەیری مێژووی ئیسلامی بکەین وەک هەموو بابەتەکانی دیکەی مێژووی مرۆڤ؟ ئەم پرنسیپانەی سەرەوە بەسەر مێژووی ئیسلامیدا دەچەسپێت؟ یان مێژووی ئیسلامی شتێکی پیرۆزە و دەبێ جیاواز لە مێژووی باقی مرۆڤەکانی دیکە سەیری بکەین؟

وەک سەرەتایەک بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (تلك امة قد خلت لها ماكسبت و لكم ماكسبتم و لاتسألون عما كانوا يعملون) البقرة ١٣٤.

سەرەڕای بایەخی مێژوو وەک پەندو وەک سەرمەشقێتی بۆ باشەکانی وەک بەرچاوڕوونی خوای گەورە پێمان دەڵێت: هەرچۆنێک بێت ئەوە ڕابورد.. ئەوان چیان کرد دەستکەوتی چاکە یان خراپەی خۆیان چنییەوە... ئێوەش دەستکەوتی چاکە یان خراپەی خۆتان دەچننەوە. ناکرێت و نابێت مێژوو ببێتەوە سەرچاوەی جەدەل بۆ ئێستا و جارێکی تر وەک (ايام البعاث)ی نێوان ئەوس و خەزرەجی مەدینەییەکانی لێ بێت، کە خوای گەورە ئایەتی لەسەر دابەزاندن، خوای گەورەش لە قورئاندا مێژووی هەم وەک مێژوو واتە ڕابردوو بۆ وێناکردوین کە ئەوەندە بە دوایدا نەڕۆین و بۆ ئێستا نەیکەینە جەمسەری ناکۆکی و ڕقو قین و دابەشبوونی دوو بەرە. هەم ئەوەمان پێی دەڵێت: يا أيها الذين آمنوا لا تسألوا عن أشياء إن ت□بد لكم تسؤكم...

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی مێژوو بۆ

پەندوەرگرتنە لە هۆکاری لەناوچوون و ماڵوێرانی نەتەوەکانی پێش ئێمە، واتە کە بە شەڕ هاتووین دیارە کارێکی خراپیان کردووە، کەواتە دەبێت ئێمە بەشەڕ نەیەیین و بە ڕێگە چارەی دیکە کێشەکانمان یەکلایی بکەینەوە. ژیان بە ئاژاوە نەبەینە سەر، چونکە ڕێگریمان لێ دەکات لە ژیانکردنێکی بەختەوانە. بگەڕێین بە دوای هۆکاری گەشەسەندن و دەوازەکانی پێکەوەژیان و داهێنان و بەختەری نەک بەپێچەوانەوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا بگەڕێن بە دوای کوشتن و قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان. لە هۆکاری تەرەقی بگەڕێین نەک هۆکارەکانی تەرەقی بەدەستی خۆمان لەناو ببەیین.

ئەم بنەمایانەی سەرەوە و بنەماکانی تر بۆ سەیرکردنی ئەوەی رابورد تەنیا بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئەوروپا و ئەمریکا و چین و هیندستان نیە، بەڵکو بۆ سەراپای مێژووی ئیسلامییە. لێرەدا بۆ زیاتر چڕکردنەوە و گەڕانەوە بۆ پابەندی بەناونیشانی بابەتەکە چەند خاڵێک لەسەر پرسی خوێندنەوە بۆ مێژووی ئیسلامی دەخەمەڕوو، دیارە ئەمەش لە ڕوانگەی خوێندنەوەی خۆمەوەیە بۆ سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی و دیدی سەردەمیانە و واقیعیانە بۆ مێژوو:

١- ئێمە هەتا ئێستاش وەک (الشنقیتی) دەڵێت: (جەبریەتی ئومەوی)و (کەربەلایەتی شیعە) زاڵە بەسەر خوێندنەوەی ئێمە بۆ مێژووی ئیسلامی، لێرەوە بەبێ ڕەچاوکردنی زەمان و مەکان ئەقڵی خۆیان پێ قوفڵداوە. دوو گۆشەنیگای جیاواز بە قەدەر جیاوازی ڕۆم و عەجەم. قوتابخانەیەک هەموو ئەو خورافیات و ئەفسانە مێژووییانەمان بە دەمارگیرانی مەزهەبەکەی خۆی پێ دەفرۆشێتەوە بە ناوی مەزڵومیەتی حسەین و ئالی بەیت، لێرەوە

**هەموو ئەهلی سوننەت و جەماعەت کۆدەنگن کە خەلافەت لەسەر بنەمای شورا دادەمەزرێت**

شمشێر بۆ نەوەی نوێ دەمەزەرد دەکاتەوە. ئەوەی تر بەناوی پیلانی شیعە لەسەر مێژووی ئیسلام و پاراستنی سوننە و جەماعەت لە بەرانبەر نەیارەکانی ئیستیبدادی مێژوویمان وەک ڕێڕەوی تەندروستی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی دەرخوارد دەدات.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم دوو ئاراستەیە زیانی گەورەیان لە بەردەم ئەو (المقاصد الشرعیە)یە دروست کردووە، کە مێژوو بۆ سوودوەرگرتنە. مێژوو ئەوەیە ڕوویداوە، نەوەکان بەرپرسیار نین لەوەی باپیرانیان کردوویانە (ولاتزر وازرة وزر أخرى)، لەلایەکی ترەوە ئەم دابەشبوونە بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی چۆتە خزمەت دوو ئاراستەی سیاسی هەردووکیان لە مێژووەوە پایەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆیانی پێ پتە و دەکەن. لێرەوە ئەم کێشە گەورەیە تەنیا لە نێوان ئەو دوو گۆشە نیگایەدا نەماوەتەوە، بەڵکو شۆڕبووتەوە بۆ ناو هەردوو مەزهەکە و لەوێشەوە وردبۆتەوە بۆ ناو ناکۆکی ئیسلامی – عەلمانی لە کوردستان.

لەم ساڵانەی دوایی چەندان کتێب و نامیلکە نوسرا، جارێک لەناو ڕەوتی ئیسلامی کێشەی ئەوەی دورست کرد ئەمە (جوهەمیە)و ئەمە

# ئەوەی مسوڵمان تۆماری کردووە بە قەڵەم و مومارەسەی حوکمڕانی، مرۆڤ تۆماری کردووە نەک فریشتە

(موعتەزیلە)یە و ئەمە (قورئانی)یە و ئەمە (خەواریجە)... لەناو شیعەکان ئەمە (ڕەوافیزە)و ئەمە (عەلەوی توندڕەوە)و ئەمانە لایەنگرانی دیدی عەبدولکەریم سروشە و ئەمە لایەنگرانی....هتد.

لە واقیعی عەلمانی – ئیسلامی گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی فتوحاتی ئیسلامی کورد بە شمێر مسوڵمان بووە یان بە خۆشی و ئاشتی، کە ئەوەندەی دیراسەی مێژووی گەلانی موسڵمانم کردبێت لە ئاسیا و ئەفریقا ئەم جەدەلە تەنیا لە ناو نوخبەی خوێندەواری کورددا هەیە.

لە دەرهاویشتەکانی ئەو جەدەل و ناکۆکییە پارەیەکی زۆر بە فیڕۆ دەدرێت و ناوەند و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری دروست دەکرێت، ئەم ناکۆکییە تەنیا لە گێڕانەوەی تۆمارە جەنگی و سەنگەر لە یەکتر گرتنەکانی ناو لاپەڕەکانی مێژوو ناوەستێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ناو لاپەڕەی سەرچاوە فیقهی و ئوسوڵی و ئەقاعیدییەکانیش. لێرەوە فلان سەرچاوە بە دیدی فلانی ڕەفزە و فلان سەرچاوە بە دیدی فلانی قبوڵە..

مێژووی ئیسلامی ئەمڕۆ کراوەتە یەک پارچە ئاگر بۆ نەوەی نوێ، کراوەتە سەرچاوەی ئیلهامی شەڕانگێزییەک بۆ نەوەی بیداری ئیسلامی ئەمڕۆ بەبێ دەروازەی گفتوگۆ و ئاشتەوایی دیار، ڕستەیەک لە زار دەرناچێ و دیدگایەک پەخش ناکرێت بە شوناسی لاپەڕەکانی مێژوو بەبێ ویست و قەناعەتی خۆت ناوی یەکێک لە گرووپە سەرگەردانەکانی مێژووت بەسەردا دەبڕنەوە. بۆ نموونە دەڵێم: ئەوەندەی دیراسەی فیکر و عەقیدەی موعتەلیزەم کردووە، نە موعتەزیلە مەنزوومەیەکی کۆنکریتی و کۆدەنگ بووە لە مێژوو نە هاوشێوەکەی لە سەدەی بیست و یەکەم دروست دەبێتەوە.

٢- ئەوەی لە مێژووی ئیسلامی ئێمەدا هەیە، چۆن جیادەکرێتەوە لە وەحی، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی کۆمەڵگای ئیسلامی، دەسەڵاتداران و زانایان بەجدی دوو خەرمانەی گەورەیان لە مێژوو بۆ تۆمارکردووین، تۆمارێکیان تۆماری مومارەسەیە لە دەسەڵاتداریتی و تۆمارێکیان لە ڕێگەی قەڵەمەوە. ئەمە لەکاتێکدا ئیسلام لە مانا ڕەهاییەکەی دا یەکسانە بە (وەحی).. وەحیش دیارە (قورئان و سوننەت)ە. ئەم دوو کولتوورەی سەرەوە و مومارەسە و بەرهەمی قەڵەمەکان هەردووکیان خوێندنەوە و تەرجەمەی وەحی نیە؟ باشە لە تەرجەمە و تەفسیر و خوێندنەوە دەکرێت جارێکی تر ئێمە وەک وەحی سەیری بکەین و وەک شەنقیتی دەڵێت: نموونە و نموونە هێنانەوە تێکەڵاو بکەین لە سەرمەشقێتی و پێشەنگایەتی و ئیقتیدا پێوەکردن؟

هەموو ئەهلی سوننەت و جەماعەت کۆدەنگن کە خەلافەت لەسەر بنەمای شورا دادەمەزرێت، کەچی لە (٥٠) خەلیفەی سەردەمی ڕاشیدی و ئومەوی و عەباسی ئەوانەی لەو ڕێگە شەرعی و ئوسوڵیەی خۆیەوە بونەتە خەلیفە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ

ناکات.. کامەیان بۆ ئێمە نمونەی ڕاستە و جێگای ئەوەیە بیکەینە پێشەنگ و بنەمای چاولێکەری لەگەڵ ئەوەی دیکە حەرامە بەدواداچوونی بۆ بکەین؟ خەلافەت و دەوڵەتە ڕووخاوەکان هەموو پیلانی دووژمنان و ناحەزان بووە؟ ئەمڕۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرسانە بۆتە ئەرکی نوخبەی عەلمانی و بەبێ بنەما و زانیاری بەناو کەوتوون، لە بەرابنەردا لە ناو بێداری ئیسلامی ئەو باتە قوفڵ دراوە.

بۆ بەرهەمی خاوەن قەڵەمەکانیش دونیایەک تێکگیران و نارێکی هەیە و بەبێ گەڕانەوە بۆئەوەی ئەمە بەرهەمی مرۆڤە و مرۆڤیش دەکرێت شتی ناتەواو پێشکەش بکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ واقیعی زەمان و مەکان ئەمڕۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٣- لە ڕوانگەی ئەو بروا جوانەی (ابن التیمیە) کە دەڵێت: گفتوگۆی دادگەرانە لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت ئەوانیش (زانیاری) و (دادگەری).. زانیاری بەو مانایەی (ولا تقف ما لیس لک بە علم)، دادگەریش بەو مانایەی خوای گەورە دەفەرموویت: **(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى)**.

لەم چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵێک کتێب لە بەرئەنجامی ناکۆکی عەلمانی – ئیسلامی لەسەر فتوحاتی ئیسلامی بۆ ناوچە کوردییەکان دەرچوون هەرچەند بە دوداچوونی بۆ بکەیت هەست دەکەیت یان شاردنەوەی مەعریفە لەسەر ڕووداوەکان یان کەمی مەعریفەیە یان پێشێلکردنی عەدل و ئینسافە بۆ ڕووداوەکان. ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی مسوڵمان تۆماری کردووە بە قەڵەم و مومارەسەی حوکمڕانی، مرۆڤ تۆماری کردووە نەک فریشتە، مرۆڤەکانیش بەبێ جیاوازی شایستە هەڵە و ناتەواوین.

تێکەڵکردنی جیلی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەحابە و تابیعین لە دوای پێغەمبەر(د.خ) یەکێکی ترە لەو ئیشکالیەتە گەورانەی تووشی هاتووین. کە پێغەمبەری خوای (د.خ) کۆچی دوایی کرد، هەموو جەزیرەی عەرەبیش نەبووە بەشێک لە فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی. لەکۆتایی سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب ئیسلام گەیشتە باکوری ئەفریقاو سەرووی ئێران و تورکیای ئێستا. بۆ هەر دەبێ ئەوانەی بەشداریان کردووە لە فتوحاتی ئیسلامی لە کوردستان و خوراسانو ئاران لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) بووبن، بۆ لەسەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان نەخوێندۆتەوە، کێن بەشداری فتوحاتیان کردووە. کەواتە ڕەخنەگرتن لە بەشێکی شێوازی فتوحات بۆ قسەیەکی واقیعی نەبێ.

٤-ئیشکالیەتێکی دیکە لە مێژووی ئیسلامی ئەو هەموو سەرچاوە مێژووییەیە، بەشێکی بە ڕەوانی پێمان دەڵێت ئەسڵ و ئەساسی نیە، نە لەگەڵ عەقڵ و نە لەگەڵ سەوابتی ئیسلام دێتەوە، پرۆسەی ساغکردنەوەی کارێکی زەحمەتە، بەڵام ئەوەندی شارەزایان کاریان تێداکردووە، بەلای کەمەوە ئەوەندەی شەنوکەوی تێداکراوە، بایی ئەوە دەکات ڕاست و دروستی لێک جیابکەینەوە یان بەلای کەمەوە لە هەندێک لە ویستگە مێژووییەکان بکەوینە گومان، وەک بابەتێکی ڕاستودروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین.

٥- لە مێژووی ئیسلامیدا جیاوازی بکەین لە نێوان فەزڵی سەحابە و ئەوانەی دوای ئەوان لە ڕووی خەسڵەتەکانی خواپەرستی و ئاکاری دینداری و ئەوەی مومارەسەیان کردووە لە حوکمڕانی، لە جەنگ و جیهاد لە بەریەکەوتنەکاندا.

خوای گەورە بە هەندێک هەڵەوە لە ئەوان خۆش بووە و لێیان ڕازی بووە نەک خاڵی بوونەوەی تەواو لە کەموکوڕی، خوای گەورە لە چەندان شوێن سەرکۆنەی سەحابەکانی پێغەمبەر(د.خ)ی کردووە، سەرکۆنەش لە بەرانبەر هەڵەیە، لە هەڵەکانیشیان خۆشبووە یان لە هەڵەکانی هەندێکیان خۆشبووە. یان لە مەسەلەیەکدا ئیجتیهادی کردووە و نەیپێکاوە خوای گەورە بۆی ڕاست کردۆتەوە یان پێغەمبەر(د.خ) بۆی ڕاست کردۆتەوە. ئەی لە دوای کۆتایی هاتنی وەحی و وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) لەسەر چ ئەساسێک پرۆسەی هەڵەکردن لە مێژووی ئیسلامی و مومارەسەی کاری دەوڵەتداریی و جەنگ و جیهاد دەسرڕدرێتەوە. مێژووی ئیسلامی مێژووی مێژووی مسوڵمانانە و ئەو مێژووەش مێژووی مرۆڤەکانە، لەو وێستگانەدا هەڵەیان کردووە و سەرەوەریشیان تۆمارکردووە.

ئەوەی لێرەدا پێویایە بە خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی وەک خۆی دەرگا والا دەبێ بۆ نەیارانی، ئەوە پێویایە نەیارانی ئیسلام و مێژووی ئیسلامی نەخوێندەوارن و ئەوەی نوسراوە لە مێژوو تەنها مسوڵمان تێی دەگات!، ئەم بابەتە زۆر تەوەرە و لقوپۆی لێدەبێتەوە، دەکرێت لە ئاییندەدا درێژەی پێ بدەین و لێرەدا تەنیا چەند خاڵێک وەک بەرچاو ڕوونی بنوسین:

یەکەم/ پێش ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان بایەخ بە مێژووی ئیسلامی بدەن، مێژووی ئیسلامی لە لایەن مێژوونووسە دیارە مسوڵمانەکانەوە نووسراوەتەوە، وەک: تەبەری و ئیبن ئەسیرو ئیبن کەسیرو ئەسفەهانی و ئیبن خەلەکان و چەندانی تر، دەکرێت ئێمە لە ڕێگەی دیراسەوە گومان لە هەندێک لە زانیارییەکانی ئەوان بکەین و لە ڕێگەی بەدواداچوونەوە بگەینە ئەو بڕوایەی هەندێک لە زانیارییەکان دروست نین، بەڵام جومگە ئەساسییەکانی نا. بۆ نمونە شەڕی جەمەل ڕوویداوە، بەڵام گرفت لە وردەکاریەنیەتی. عەباسییەکان کە چوونەتە دیمەشق قەبری هەندێک لە خەلیفەکانی ئومەوییان هەڵداوەتەوە ئەمانەوی چەندان ویستگەی تر، کە پرۆسەکە ڕاستە، بەڵام وردەکارییەکانی ئیشکالیەت لە وردەکاریهکانییەتی. ڕۆژهەڵاتناسان یان نەیاران هاتوون ئەمەیان زەق کردۆتەوە یان بە شێوەیەک دایانڕشتۆتەوە ئیسلام و مێژووەکەی لەبەرچاوی مسوڵمان ناشیرین بکەن، لە بەرانبەردا مسوڵمانان و نوخبەی بێداری ئیسلامی نەهاتوون خۆیان شارەزا بکەن لە چۆنیەتی خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی.

دووەم/ گواستنەوەی مومارەسەی باش و خراپ پێکەوە ئەرکی مێژوونووسان بووە، ئەمە لەگەڵ ئەرکی شەرعی و پسپۆڕی ئەواندا گونجاوە، بەڵام ئەوە ئێمەین کامەیان بە شایستەی سوودلێوەرگرتن دەزانین و سوودی لێوەردەگرین. شەڕ و ناکۆکی مەزهەب و ڕەوتە عەقائیدییەکانی مێژووی ئیسلامی لە لایەنە خراپەکەی مێژووی ئێمەیە و بەپێچەوانەوە یەکدەنگی و پێکەوەژیان لایەنە باشەکەیەتی، سەلاحەدینی ئەیوبی بە تەجاوزکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان یەکدەنگی دروست کرد و بەرەنگاری خاچپەرستەکان بۆوە، هەندێک لە خەلیفە و ئەمیرەکانی لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون یان بوونە بەشێک لە ناکۆکییەکان و دوژمنیش ئەمەی قۆستەوە و زیانی پێگەیاندن، ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت دووبارەکردنەوەی لایەنە خراپەکانی بەسەردا زاڵە لە پەنای داکۆی لە ئیسلام و قورئان و سوننەت و داکۆکی لە مێژووی

ئیسلامی.

سێیەم/ ئەوەی ڕوویداوە ئیسلام نیە هەتا پێمان وابێت هەمووی بۆ ئێمە دەبێتە ئەرکی شەرعی داکۆکی لێ بکەین، جیاکردنەوەی ئەوەی لە مێژوودا ڕوویداوە و کاری مرۆڤە مسوڵمانەکان بووە بە چاک و خراپیەوە لەگەڵ ئەوەی ئیسلامە و وەحییە ئەرکێکی لە پێشینەیە، ئەمە واقیعێکە زۆر نوسەر و بانگخوازی دیکە دەیڵێتەوە، بەڵام لە واقیع شتێکی ترە، ناکۆکییە مەزهەبی و فیکریی و سیاسییەکان حاڵەتێکی دروستکردووە یان بەرگری دەمارگیرانە یان ڕەفزکردنی بێ چەندو چوون، ئەم حاڵەتەش توانای بەشێکی زۆری بیداری ئیسلامی بەخۆیەوە خەریک کردووە.

چوارەم/ ئەورووپیەکان بۆ بنیاتنان و ئاشناکردنی نەوەی نوییان بە مێژووی ئەو چەند سەدەی ڕابردوو لایەنی ژیار و فەرهەنگ و ڕۆشنگەرییان زەق کردۆتەوە و لایەنی شەڕ و کوشتار و مومارەسە نادروستە سیاسیی و بەریەککەوتنە خوێناوییەکانیان کاڵ کردۆتەوە، بۆ نمونە شۆڕشی فەڕەنسی دەیان ویستگەی خوێناویی و کارەساتی بەسەر گەلی فەرەنسا و دراوسێکانیدا هێناوە، لەگەڵ ئەوهشدا سەرهەڵدانی بنەکانی مافی مرۆڤ و ماڵئاوایی لە سستمی پادشایەتی و بایەخدان بە بواری زانستی و فەرهەنگیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. هەموو ئەوانەی لەژێر کاریگەی مێژووی ئەورووپان لە نوخبەی عەلمانی کوردی باس لە ڕۆشنگەری دوای شۆڕشی فەرەنسی دەکەن نەک مەقسەلەکەی ڕۆبسپیر یان کوشتارەکانی ناپلیۆن. ئەمە لای ئێمە تەواو پێچەوانەیە باس لە دیدی (ماوەردی) ناکرێت بۆ دەوڵەتداریی و ناخوێندرێت، بەڵکو هەتا لە مەنهەجی قوتابخانەش ئەوە زەق کراوەتەوە چۆن ئەبوجەعفەری مەنسور بە زەبری شمشیر بەسەر نەیارەکانیدا زاڵ بووە.


## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١-د. حسن مؤنيس: التاريخ و المؤرخون.
٢- د. محمد عمارة: الوعي التاريخي و الصناعة التاريخ.
٣- د.عبدالعليم عبدالرحمن: المسلمون و كتابة التاريخ.
٣- ابن خلدوون: المقدمة.
٤- محمد بن المختار الشنقيتي: الخلافات السياسية بين الصحابة.
٥-ابن التمية: منهاج السنة
٦- مدحت ماهر الليثي: فقه الواقع في التراث السياسي الاسلامي.
٧- هاني عبادي محمد سيف المغلس: الطاعة السياسية في الفكر الاسلامي.

# مێژووی ئیسلامی
# پیرۆز نییە



د. موحسین عەبدولحەمید
و.ڕێدار ئەحمەد

مێژووی هەر نەتەوەیەک بەرهەمی ئەو مرۆڤانەیە کە تێیدا ژیاون و ڕووداوەکانیان دروستکردووە و، بەخەسڵەتە تاکی و کۆمەڵییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خۆیان ڕەنگیان کردووە، ئەگەر ئەم مێژووە درێژەی کێشابێت لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی لە سایەیدا ژیاون ئەوا بە تێپەڕبوونی کات لۆژیکێکی ناوخۆیی دروستکردووە کە جوڵەی بەشە بچووک و گەورەکانی پێکەوە بەستۆتەوە تا دواتر پەیوەستییەکی پابەندکاری دروستکردووە کە ئەو گەلەی پێ ناسراوە لەگەڵ ئەو مێژووەدا، لێرەوە مێژووەکان دووردەکەونەوە، هەربۆیە مێژووی عەرەبی یاخود تورکی یان کوردی یان فارسی یاخود هیندی هەیە، هەریەک لەم گەلانە لە گەلێکی تریان جیاوازە، بگرە بۆی هەیە شانازی بکات بەوەی لەو مێژووەدا هەیە کە ئەو و باوباپیرانی پێشتر دروستیان کردووە.



ئەگەر مێژوو بە چاک و خراپییەوە، بە ئەرێنی و نەرێنییەوە بەرهەمی مرۆڤ بێت، ئەوا مێژووی ئیسلامیش بریتییە لە بەرهەمی موسڵمانان، نەک بەرهەمی تەنها ئیسلام، لێرەوە مێژووی ئیسلام پیرۆز نیە، کە پێویست بکات بگۆڕێت بۆ ئایین و خەڵکی لەسەر رادەی پابەندییان پێیەوە و دەمارگیریان بۆی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، لێپرسینەوە لە دەستپێوەگرتن پێویستە لەسەر ئاینی حەق بێت بە دەقە بنبڕەکانییەوە، وەک قورئان و سووننەت، نەک ڕووداوەکانی مێژوو کە چاک و خراپ، کەوتن و هەستانەوە، سەرکەوتن و شکستی تێدایە.

گومانی تێدا نیە کە بنەماکانی ئیسلام و شەریعەتەکەی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر پێکهێنانی ئەو مێژووە لەلایەن مرۆڤەوە، چونکە باوەڕی پێی هێناوە، لەپێناو بڵاوکردنەوەیدا کۆششی کردووە، دامەزراوە شارستانییەکانی دروستکردووە، ژیانی گشتی و تایبەتی و هەڵسوکەوت و ئاکاری لە پێگەیشتن و چەسپاویدا لەسەر ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی گەلانی دیکە جیاواز بووە.

لەگەڵ ئەم هەموو جیاییە، بە نزیکی و دوورییەوە لە ڕاستییەکانی ئیسلام و لەگەڵ گەشەکرنی ململانێ خودییە تاکی و کۆمەڵی و تائیفییەکانەوە، ئەوەی ئیسلامی ڕاستەقینە لە پەیڕەوکارانی ویستووە لە سایەی ئەو ململانێیانەدا هەمووی نەهاتۆتەدی، بەڵکو لەگەڵ توندبوونی ململانێ و ناکۆکییەکاندا کە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان هەڵی دەسوڕاند تووشی لادان و شێواندن بووە.

لە جیهانی سیاسەتدا، شورا کە خوای گەورە دەیویست لە ژیانی موسڵماناندا بچەسپێت تا بەڵێنەکەی لەم فەرمایشتەیدا داویەتی بێتەدی گۆڕا: **وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ (٥) وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُمْ مَا كَانُوا يَحْذَرُونَ (٦)**

بەڵام ئەمەوییەکان ئەو سستمە دادپەروەرەییەیان گۆڕی بۆ سستمی میراتگری، لە مێژوودا سستمی چەوساندنەوە و تاغوتی و دوورکەوتنەوە لە بەدیهێنانی دادپەروەری گشتی هاتوتە ئارا. هەرئەوەش لە گرنگترین هۆکارەکانی کەوتنی کۆمەڵگای ئیسلامی بووە لە دواتردا لە بەردەم هێرشەکانی تەتەر لە ڕۆژهەڵاتەوە و خاچپەرستان لە ڕۆژئاواوە. لەلایەکی دیکەوە ئیسلام ویستوویەتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێنێتەدی وەک جێبەجێکردنی فەرمایشتی خوای گەورە کە دەفەرموویێت: **(مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ)** - سورة الحشر.

لەبەرئەوەی کاری دەوڵەتی ئیسلامی بەدیهێنانی دادپەروەری بووە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا لە ڕێی ڕەخساندنی دەرفەتی وەک یەک و دابینکاری کۆمەڵایەتی و بژێوی پێویست و کۆکردنەوەی زەکات کە مافی هەژارانە لە سامانی دەوڵەمەندەکاندا.

لەگەڵ ئەوەدا ململانێکانی بژێوی و سروشتی دەستبەسەرداگرتن لای مرۆڤی یاخی لە ئایین لە بەردەم دادپەروەری ئیسلامی بۆ هاتنەدی کۆمەڵگایەی هاوسەنگ ڕاوەستا، بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگاکان هەر دەستەیەک لە دەستەیەکی تر هەڵگەڕابێتەوە خراپی دابەشکردنی سەرمایەی لە نێوان خەڵکیدا لێ کەوتۆتەوە. ئەم لادانانە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی بەهێزییەکەی نەمێنێت و

سەقامگیریی و یەکبوونەوەکەی بترازێنێت.

لەگەڵ هەموو ئەوەی باسمانکرد کاریگەری ئیسلام بەهێز بووە لە هاندانی کۆمەڵگا و تاکەکانی بۆ بنیاتنان و گۆڕان و دامەزراندنی شارستانیەتێکی هاوسەنگی دادپەروەر بەنیازێکی پاکەوە کە مەبەست لێی جێبەجێکردنی بنەماکانی قورئان و فەرموودە و بەها باڵاکانی بووە و، بەرهەمی شارستانیشی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا مەزن بووە، بەجۆرێک کاریگەرییەکەی جیهانی ئیسلامی تێپەڕاندووە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگاکانی تری مرۆڤایەتی دروستکردووە، ئەوانەشی ناموسڵمان بوون و سەبارەت بە شارستانیەتی ئیسلامی نوسیوویانە ئاماژەیان بەدەستکەوتەکانی ئەم شارستانیەتە کردووە، وەک مێژوونووسی ڕووسی (بارتولد) لە کتێبەکەیدا (شارستانیەتی ئیسلامی)، مێژوونووسی ئەمریکی (ویل دیورانت) لە کتێبەکەیدا (مێژووی شارستانیەت)، مێژوونووسی ئینگلیزی (ئە چ ویلز) لە کتێبەکەیدا (پوختەیەک لە مێژوو)، (تۆینبی) لە کۆتا کتێبیدا (شارستانیەت لە تەرازوودا).

پوختەی قسە ئەوەیە کە مێژووی ئیسلامیش وەک هەموو مێژووەکانی تر مێژووی مرۆڤە و چاک و خراپ، پێشکەوتن و دواکەوتن، دەستکەوت و شکستی تیدایە، ئالێرەوە ستەمە ئەگەر ئەو مێژووە بە گشتگیرییەوە بدرێتە پاڵ ئاینە ڕاستەکە، چونکە ئایین مەعصومە و مرۆڤ مەعصوم نیە لە جوڵە و ڕەفتار و ویستەکانیدا.

دەتوانین بڵێین هەموو ئەو چاکە و گەشە و پێشکەوتنەی کە مسوڵمانان بەدەستیانهێناوە، لەوکاتانەدا بووە کە ڕێنموونییەکانی ئاینەکەیان وەک خۆی پەیرەو کردووە و شوێن پێغەمبەرەکەیان کەوتوون و لەسەر ڕێگای خەلیفەکانی ڕاشیدین و پادشا دادپەروەرەکان و بزاڤ و ئیجتیهادی زانایانی تێگەیشتوو ڕۆیشتوون.

هەر دواکەوتن و خراپبوون و لادانێک لە فەرمانەکانی خوای گەورە و، بەدینەهێنانی دادپەروەرییەک کە تووشی بووبن هۆکارەکەی دووریان لە ئایین و ئیجتیهادی هەڵە و، کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو بنەما بەلاڕێداچووانە بووە کە غەزووی کۆمەڵگاکانیانی کردووە و، لە گەشەسەندنی سروشتی ئیسلامی دووریخستوونەتەوە و بەرەو ڕووخان بردوونی، بەوەش لە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دواکەتوون بەتایبەت لەم ماوەیەی دواییدا.

لەڕاستیدا ئەوەی بە شوێن حەقیقەتەکانی ئیسلام و چۆنێتی جێبەجێکرانی لە سەردەمەکەیدا بگەڕێت پێویست دەکات لە وەحیەوە بۆ سەردەمەکەی دەستپێبکات نەک لە مێژووەوە بۆ سەردەمەکەی هەروەک چۆن لە چەندین نووسینی پێشترمدا ڕوونم کردۆتەوە، بەتایبەت کتێبی (تجديد الفكر الاسلامى)و (المشروع الاسلامى امام التحديات).

لەبەرئەوە شوێنکەوتنی پەیرەوی یەکەم دەتگەیەنێت بە دەرئەنجامی بەرهەمدار و بەرەوپێشچوون، پەیرەوکردنی دووەمیش، دەتگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، ئێستا و ئایندەت دەکوژێت، هەرئەمەیە نهێنی دواکەوتنی ئەمڕۆی مسوڵمانان لە کاروانی شارستانێتی گەلانی پێشکەوتوو، نهێنی ململانێ ناوخۆییە خوێناوی و تائیفی و دەمارگیرییەکان کە پەرتەوازەی کردوون و دەستە و پارتی جیای لێ پێکهێناون کە سەرپێچی شەریعەتی ئیسلامی و بەها باڵاکانی دەکەن.



# ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام

**Encyclopedia of Islam**



**فاتح سەعیدی**
خوێندکاری دوکتۆرا لە بواری کوردناسی لە زانکۆی جۆرج ئاگۆست گۆتینگن ـ ئەڵمانیا. چەندین کتێبی وەرگێڕاوە لەبواری فەلسەفە، چەندین توێژینەوەی بڵاو کردوەتەوە.

ئەم بەرهەمە چەند بەرگییە، سەبارەت بە رەهەندە جۆربەجۆرەکانی دنیای ئیسلام، لەلایەن چاپەمەنی بەناوبانگی بریل(Brill) لە شاری لایدنی هۆڵەندا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە دنیای ئەکادیمیدا وەک کتێبێکی گرنگی سەرچاوەدانی باوەرپێکراو سەیر دەکرێت و هەتا ئێستا سێ بژاری (Edit) بۆ کراوە. یەکەم بژار لە نێوان ساڵەکانی١٩١٣ تا ١٩٣٦ لە چوار بەرگدا چاپکراوە و لە کۆتاییدا بەرگێکی بۆ زیاد کراوە (١٩٣٨). هاوکات بە هەر سێ زمانی ئەڵمانی، فەرەنسی و ئینگلیزی زیاتر لە نۆ هەزار وتاری لەخۆگرتووە. هەموو نووسەرانی یەکەم بژار ئەوروپایی نامسوڵمان بوون و لەژێر چاودێری (ئێم. هوتسما، دەبلیو ئارنۆڵد، ئار. باسێت، و ئار. هارتمان) کتێبەکان چاپکراون. کورتکراوەی کتێبناسی ئەم ئینسیکلۆپیدیایە بە (EI1) ناسراوە و بەوتەی پێشەکی چاپەمەنی بریل ئامانجی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کتێبە بریتی بووە لەوەی کە دوای سەدەی نۆزدەیەم و سەردەمی کۆلۆنیالیستی رۆژئاوایی بەسەر بەشێک لە دنیای ئیسلام، ویستێک بۆ ناسینی ژیاتی مسوڵمانەکان و کولتووری ئیسلامی لەئارادا بووە. ئەو مژارانەی کە زیاتر لە یەکەم بژاری ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام رەچاوگیراون بریتین لە بوارەکانی: فیلۆلۆژی، مێژوو، ئیلاهیات و یاسا هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. لە ساڵی ١٩٥٣ کورتکراوەیەک تەنیا بە زمانی ئینگلیزی لە بژاری یەکەمی ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام بڵاوکراوەتەوە.

بژاری دووەمی ئەم ئینسیکلۆپیدیایە (EI2) دوای شەڕی دووەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩٥٤ دەستپێکردووە. بەرگی یازدەیەم و کۆتایی (W-Z) لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ بەرگێکی پەیوەست وەک بەرگی دوازدەیەمی پێ زیادکراوە. هەموو بەرگەکان بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەستدەکەون و تێکڕای بەرگەکان زیاتر لە یازدە هەزار لاپەڕە دەبێت. لە ساڵی ٢٠٠٩ کتێبە پێرستێک (Index) بۆ هەر دوازدە بەرگەکە، وەک بەرگی سیانزەیەم، چاپکراوە کە دەستراگەیشتنی خێرا بۆ ناوەڕۆکی سەرەبابەتەکان دەستەبەر دەکات. لەم بژارەدا جگە لە ئەورووپییەکان، زاناگەلێک لە ئەمریکا، تورکیا، ئێران و وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان (بەتایبەت پاکستان) بەشداری نووسینی وتارەکان بوون. بۆ نموونە لە ٣١٢ نووسەری بەرگی سێیەم، ٧٦ کەسیان مسوڵمان یان بە رەگەز عەرەبن.

پەیوەندی نێوان بژاری یەکەم و دووەم کەمێک ئاڵۆزە. لەبارەی فۆرمەت و شێوازەوە بژارەی دووەم زۆر لە بژارەکەی پێشخۆی دەچێت، بەشێک لە وتارەکان لەسەر جێی خۆیان ماون و زانیاری ناو بەشێک لە وتارەکان بە رۆژ کراونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەودای لێکۆڵینەوە لە بژاری دووەمدا بەرفراوانتر کراوە، لە ساڵی ١٩٩٩ بەدواوە بە شێوەی ئینتێرنێتی وتارەکان دەستدەکەون. کەمتر باس لە ئامانجی چاپی ئەم بەرهەمە کراوە، بەڵام هەروەک باسکرا دوای داگیرکردنی بەشێک لە وڵاتە ئیسلامییەکان و هەروەها هێزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە سنوورەکانی نزیک لە ناوەڕاستی ئەوروپا ببوونەوە، پێویستییەکەی ڕوو لە زیادە لای زاناکانی ئەوروپا بۆ ناسینی کولتووری ئیسلامی و شێوازی بیرکردنەوەی مسوڵمانەکان ساز ببوو. مسوڵمانەکان لەکاتی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەدا بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی، فارسی و ئۆردو و باسیان لە هەندێک ئامانجی کۆلۆنیالیستی نوسەرانی کتێبەکە کرد و لە هەمان سەرەتاوە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە لەگەڵ بەرهەمەکەدا هەڵسوکەوتیان کرد کە پێیانوابوو لە هەندێک شوێندا مێتۆدی رۆژهەڵاتناسی بەسەریدا سەپاوە.

بژاری سێیەمی ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکردووە و قەرارە هەر ساڵ ٤ نامیلکەی ٢٠٠ لاپەڕەیی بە تیشک خستنە سەر لێکۆڵینەوەی

ئیسلام لە سەدەی بیستەم، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کەمتر ناسراون وەکو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بیابانی ئەفریقا و بە گرنگیدان بە مافی کەمینە مسوڵمانەکان لە هەموو وڵاتە جگە ئیسلامییەکاندا، چاپ و بڵاوبکرێتەوە. ماوەی پانزە ساڵ بۆ تەواوکردنی ئەم بەرهەمە گرنگە تەرخانکراوە. هەموو ئەو وتارانەی کە تاکو ئێستا لە بژاری سێیەمدا ئامادەکراون لە ڕێگەی سایتی چاپەمەنی بریلەوە دەستدەکەون.

ئەم بەرهەمە ناوازەیە لە هەمان سەرەتاوە بووە جێی سەرنجی مسوڵمانەکان و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیریان دەکرد و باس لەوە کرا هەندێک هەڵەی سەیر لە ناوەڕۆک، تۆماری ناوەکان و ڕێکەوتی ساڵی لەدایکبوون و مردنی کەسایەتییەکاندا کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیاندا کە بۆ سەر زمانەکانی خۆیان وەریبگێڕن. یەکێکی تر لە ڕەخنەکان ئەوە بوو کە هەندێک لە مسوڵمانەکان کێشەیان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو سەرەبابەتانەدا بوو کە بۆ نووسینی وتارەکان دەستنیشانکرابوون و گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بۆ بەشێک لە بابەتە گرنگەکان بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە پەیوەندی بە ئاینزای شیعەوە هەیە کەمتر خەمی لەبارەوە کراوە. بەڵام لە هەمانکاتدا قازانجێکی گەورەی ئینسیکلۆپیدیا ئەوەبوو کە بە دوور لە ناکۆکی نێوان ئاینزاکانی ئیسلام، باسی زانستیی لەسەر هەمووان کردبوو و هەرئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بێلایەن بۆ توێژینەوە لەسەر ئاینزا و قوتابخانە ئیسلامییەکان ساز ببێ.

سەرەتا میسرییەکان لە ساڵی ١٩٣٢ دەستیان بە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە کرد، دواتر لەلایەن تورکەکان، پاکستانییەکان و ئێرانییەکانەوە هەوڵدرا کە بۆ سەر زمانەکانی عەرەبی، تورکی، ئۆردو و فارسی وەربگێڕدرێت. میسرییەکان بە ئامانجی یەکێتی کولتووریی لەناو دنیای ئیسلام، لەژێر ناوی (دائرة المعارف الاسلامیة)، تا سەرەتای پیتی (ع)یان لە ١٥ بەرگدا وەرگێڕا و لە زۆر شوێندا و لە پەراوێزەکاندا هەڵەکانیان ڕاستکردەوە و هەندێک وتاری گرنگیان، وەک وتاری (تفسیر القران)، بۆ کتێبەکە زیاد کرد. دواتر لە ١٩٦٩ ویستیان بژاری دووەم وەربگێڕن و تا پیتی (ح) ١٦ بەرگی گرتەوە، بەڵام کارەکە ناتەواو مایەوە. لەکۆتایی سەدەی بیستەم و بە پشتیوانی شێخ سوڵتان بن محەمەد قاسمی لە ئیمارات نوسخەیەکی ٣٢ بەرگی لە بژاری یەکەم و دووەم ئامادە کراوە.

بە زمانی تورکی لەژێر چاودێری وەزارەتی مەعاریف و کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی ئەستەمبوڵ تەرجەمەی بژاری یەکەم لە ساڵی ١٩٤٠ دەستپێکرد و لە ساڵی ١٩٨٨ لە ١٣ بەرگدا تەواوکرا. لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنیستیتۆی مەعاریفی ئیسلامی وەزارەتی ئەوقافی تورکیا لەژێر ناوی دامەزراوەی ئایینی تورکیا بۆ ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامی [Turkiye Diyanet Vakfi Islam Ansiklopedisi: TDVIA] هەوڵیداوە کە بەرهەمێکی ناوازە کە جێگای شانازی مسوڵمانەکان بێت ئامادە بکات و هەر لە سەرەتاوە ٢٢ هەزار سەرەبابەتیان بۆ ئەم کارە مەزنە هەڵبژاردووە. سەرنوێنی سەرەکی بۆ ئەم بەرهەمە هەمان کتێبی ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامە و تا ساڵی ٢٠١٠ سی و پێنج بەرگ لەم بەرهەمە چاپکراوە و بڕیارە دوای ئەوەی کە کاری نووسینی هەموو بەرگەکان تەواوکرا، سەرلەبەریان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەربگێڕدرێن.

لە ساڵی ١٩٦٣ یەکەم بەرگی ئینسیکلۆپیدیا بە زمانی ئۆردو وەرگێڕدرا و لە ساڵی ١٩٩٣ لە (٢٤) بەرگدا کۆتایی پێهات. ئەمە بەرهەمە کە بریتی بوو لە دەستچنێک لە بژاری یەکەم و دووەم، لە ئێستادا وەک زیادکردنی بەرگی تەواوکەر درێژەی هەیە و دوو بەرگی تری نووسراوە. لە ئێران هەوڵەکان ئاڵۆزتر بوون و سەرەتا ١٩٧٥ بڕیار وابوو کە

تەنیا بەرهەمەکە بۆخۆی وەربگێردرێت. بەڵام دواتر بڕیاردرا کە لەژێر ناوی (دانشنامه ایران و اسلام) و لەژێر چاودێری (ئیحسان یارشاتر) بەشێک لە وتارەکان هەڵبژێردرێن و چەند وتارێک بە پێداگری لەسەر کولتووری ئێرانی پێ زیاد بکرێت. ئەم ڕەوتە تا ساڵی ١٩٩١ یازدە بەرگی (تا سەرەبابەتی اردبیل) لێ بەرهەم هات و دواتر پرۆژەکە وەستا. لە هەمان سەرەتاوە ڕەخنەیەکی زۆر لە ئینسیکلۆپیدیا گیرا کە کتێبەکە لایەنگری تێدایە، هەر لەو ساڵانەدا سێ ئینسیکلۆپیدیای تر لە ئێران کاری نووسین و ئامادەکارییان دەستپێکرد کە بە هەندێک جیاوازی لە شێوەی بەرهەمهێنان، هەموویان لە ڕووی ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامەوە بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە. ئەم سێ بەرهەمە بریتین لە: دائرة المعارف تشیع، دائرة المعارف بزرگ اسلامی، و دانشنامه جهان اسلام. هەر کام لەم سێ بەرهەمە مەزنانە لە نیوەی ڕێگای خۆیانن. وەرگێڕ و بەرپرسانی یەکەم وەرگێڕانەکە بە سەرپرشتیاری یارشاتر لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە ئەمریکا کۆبوونەوە و بە کاریگەری ئەو ڕەوتەی کە لە سەرەوە باسی لێ کرا ئینسیکلۆپیدیای بەناوبانگی ئیرانیکایان بە زمانی ئینگلیزی بەرهەمهێنا کە تاکو ئێستاش درێژەی هەیە.

### کوردستان لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا

لە بەرگی پێنجەم (KHE – MAHI) وتارێکی چڕوپڕ، نزیک بە پەنجا لاپەڕە، بۆ کوردستان و کورد تەرخانکراوە (٤٣٨ – ٤٨٦). تۆماس بۆیس (Tomas Bois: ١٩٧٥-١٩٠٠) نووسەری ئەم وتارە لە بنەڕەتدا قەشەیەکی مەسیحی بووە و دوای پەروەردەبوون وەک پیاوێکی ئایینی سەر بە باوەڕی دۆمینیکنی، لە فەرەنساوە و وەک مسیۆنێری مەسیحی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە و لە ناوچەکانی موسڵ و بادینان نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٣٢ دەبێتە بەرپرسی کڵێسەی مار یەعقوب لە باشوری کوردستان و دواتر بۆماوەی چوار ساڵ لە قامیشلۆ دەژی. پاش ماوەیەکی زۆر بەهۆی خراپبوونی باری تەندرووستییەوە دەچێتە لوبنان و نیشتەجێ دەبێت. لە بەیروت لەگەڵ دوو زانای کورد بە ناوی جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان ئاشنا دەبێ. ئەم هاوڕێیەتییە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٥ هاوکاری گۆڤاری (ڕۆژا نوو) بکات و لەوێ چەند وتار لەسەر کورد بنووسێت. بۆیس لە یەکەم ڕۆژهەڵاتناسەکانە کە لەسەر ئێزدییەکان بابەتی ئامادەکردووە و لە ساڵی ١٩٤٦ وتارێک بە ناوی ئێزدییەکان و ئایینەکەیان لەناو دەچێ دەنووسێت.

لە ماوەی ژیانی خۆیدا زیاتر لە ٢٠ کتێب و وتاری لە بواری کوردناسیدا بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە وتارێکی تایبەت بۆ گۆڤاری لۆمۆند دیپلۆماتیک (ژمارەی ١١٩، ئابی ١٩٦٣) لەژێر ناوی کۆماری کوردیی مەهاباد ئامادە کردووە. سەرەڕای نووسینی چەند کتێب لەسەر کورد بۆماوەی چەند ساڵ لە ئەنیستیتۆی نەتەوەیی بۆ زمان و شارستانیەتی ڕۆژهەڵات لە بواری کوردناسیدا وانەی وتووەتەوە. یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی کوردەکان ئێستا وەک یەکێک لە یەکەم توێژینەوەکان لەسەر کورد تەماشا دەکرێت کە لە ساڵی ١٩٦٥ بە فەرەنسی چاپکراوە و ساڵی دواتر بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە.

ئەم وتارە کە زیاتر لە پەنجاوپێنج هەزار وشەی لەخۆ گرتووە (ساڵی چاپی بەرگی پێنجەم: ١٩٨٦)، لە لایەن مینۆرسکی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە و پێداچوونەوەی لەسەر ئەنجامداوە. بەگوێرەی بەشی ئانلاینی چاپەمەنی بریل، کوردناسی بەناوبانگ مەککینزی، لە ساڵانی دواتردا، بابەتەکەی بژارکردووەتەوە و بەتایبەت لە هەندێک شوێندا بەشی کتێبناسییەکەی دەوڵەمەندتر کردووە. ئەم وتارە لە

پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە و هەرکامیان بە چەند بەشێک دابەشکراون: (i) سەرەتایەکی گشتی؛ (ii) کوردەکان و وڵاتەکەیان: کوردستان؛ (iii) مێژوو؛ (iv) کۆمەڵگای کوردی و (v) زمان. بەشی سێهەم کە بۆ باسی مێژوو دابینکراوە لە سێ قۆناغدا باس لە مێژووی کوردستان دەکات: (١) ئاخێزگەکان و مێژووی پێش ئیسلام (٢) سەردەمی ئیسلامی هەتا ساڵی ١٩٢٠ (٣) لە ساڵی ١٩٢٠ هەتا ئەمڕۆ [١٩٧٣]. ئەم وتارە کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە و وەک دەستپێکێک بۆ ئاشنابوون لەگەڵ کورد و کوردستان سەیر دەکرێت. بەڵام هەندێک تێگەیشتنی ڕۆژهەڵاتناسانەی تێدایە کە بە هەڵسەنگاندنێکی ورد دەکرێت ڕەخنە لێی بگیرێت. لە هەمان سەرەتاوە پێناسەی کوردەکان بەم شێوەیە کراوە: کوردەکان خەڵکێکی ئێرانین کە لە شوێنێکی لێکدراوی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە ناوچەکانی [باشوری ڕۆژئاوای] تورکیا، شیعەی ئێران، عەرەب و سوننەی عێراق، باکووری سوریا و قەفقازی یەکێتی سۆڤیەت دەژین (ل. ٤٣٨).

هەر لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نوسەری بابەتەکە تێگەیشتنێکی هەڵەی لە بڵاوبوونەوەی کورد بەتایبەت لە ئێران و عێراق هەبووە. هەرچەند دواتر بابەتەکان وردتر نووسراون و زانیاری زۆر بەکەڵکی تێدایە. لە بەشی عەشیرەتەکاندا بە وردی کەڵک لە شەرفنامە وەرگیراوە و لە پێنج گرووپدا باس لە (٣١) عەشیرەت لە کوردستان کراوە. لەسەر بابەتی زمان کەڵک لە وتاری مینۆرسکی کە لە بژاری یەکەمدا و لەژێر ناوی زمانی کوردی چاپکرا بوو، وەرگیراوە.

سەرەڕای ئەم وتارە گرنگە دەکرێت ئاماژە بە چەند وتارێکی تر بکرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و لە بژاری دووەمدا بەرچاو دەکەون. بۆیس بۆخۆی وتاری کەرکوکیشی نووسیوە. مەککینزی ئەم وتارانەی نووسیوە: باجەڵان؛ گوران؛ هەورامان؛ هەمەوەند. مینۆرسکی ئەم وتارانەی نووسیوە: کوردستان؛ کوردەکان؛ لوڕی بوزورگ؛ لوڕی کوچک؛ لوڕستان؛ لوڕ؛ لەک؛ شەکاکی؛ سەرپول زەهاب؛ سایین قەڵا؛ ئۆشنو؛ سیسار؛ ئەهلی حەق؛ سونقور؛ سەحنە؛ سەنجابی؛ سولەیمانییە؛ سەنەندج؛ ساوجبولاغ (هەروەها دواتر مەهاباد)؛ سەقز؛ ماکۆ؛ سەلماس؛ نەهاوەند؛ وان؛ سوڵتان ئێسحاق؛ ئورمییە؛ ماردین؛ شەبەک؛ شەهرەزور؛ ئامێدی.

سەرەڕای ئەم وتارانە دەکرێت باس لەم سەرەبابەتە گرنگانەی تریش بکرێ: بابان؛ حەسەنەوییە؛ مەروانییەکان؛ ڕەووادییەکان؛ شەددادییەکان؛ ئەلکوردی؛ بەدرخانی؛ قازی موحەممەد؛ موستەفا بارزانی؛ بارزان؛ مەهاباد؛ یەزیدی؛ ئەردەڵان؛ برادۆست؛ جوانڕود؛ حەککاری؛ شەمزینان؛ زاخۆ؛ شەبانکارە؛ جاف؛ زازا.

## سەرچاوەکان


1. Elton L. Daniel, “Encyclopedia of Islam,” Encyclopedia Iranica, Vol. VIII, Fasc. 4, pp. 432–435; available online at http://www.iranicaonline.org/articles/encyclopaedia-of-islam (accessed online at 10 January 2016).

2. Sabine Schmidtke, “The Encyclopedia of Islam”, Die Welt des Islams, New Ser., Vol. 41, Issue 2. (Jul., 2001): 247-248

3. The Encyclopedia of Islam, New Edition: Glossary and index of terms to v. 1–12, 2006.

4. Bois, Thomas, The Kurds, Translated by M. W. M. Welland, Bierut: Khayats, 1966.

٥. ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام بەشێوەی ئانلاین
http://www.brill.com/publications/online-resources/encyclopaedia-islam-online

٦. ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام، بەرگی پێنجەم (KHE – MAHI).

٧. دانشنامه ایران و اسلام، زیر نظر احسان یار شاگر، تهران، ١٣٥٤ - ١٣٧٠.

# ئیسلام و
# مێژووی مسوڵمانان

ئا: گۆڤاری خاڵ



**پ.د. قادر محەمەد حەسەن (قادر پشدەری)**
**لەدایکبووی ١/٧/ ١٩٧٤، ئەشکەنە/ قەڵادزێ (پشدەر).**
**ماستەر لە مێژووی کورد سەردەمی ئیسلامی، ساڵی٢٠٠٠.**
**دکتورای فەلسەفە لە ڕۆڵی شارستانیانەی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، ساڵی ٢٠٠٤.**
**مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین.**

**+ لە لێکۆڵینەوە لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام، پێویستە جیاوازی بکرێت لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئیسلام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی حوکمی ئیسلامی وەک سستەمی سیاسی، لە رووی مێژووییەوە چۆن هەریەک لەم دوو دەستەواژەیە پێناسە بکەین؟**

– لەڕاستیدا هەردوو چەمکی (بیروباوەڕی ئیسلامی و حوکمی ئیسلامی) ئاست و ڕەوتی بڵاوبوونەوە و هەژموونیان لە ڕوانگەی مێژووییەوە جیاوازە، باوەڕهێنان بە ئیسلام و قایلبوون پێی وەک جیهانبینیەکی نوێ بۆ هەرکەسێک کەوەری دەگرێت هەر تەنها گۆڕینی باوەڕ گۆڕین و باوەڕهێنان نیە بە خوای تاک و تەنها و پێغەمبەر محەمەد (د.خ)، بەڵکو گۆڕانکارییە لە سەرتاپای ژیاندا و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی خودە بە پێودانگێک کە پەرستن دەکاتە ئەرکی سەرەکی مرۆڤ و دونیاش لە ئامانجەوە یان لانی کەم لە پانتاییەکی ئامانجخوازەوە دەکاتە مەیدانێک و هۆکاری فەراهەم بوو بۆ ئامانجێک کەلەو دیوی دونیایە و هەموان وەخۆدەگرێت و لەوێ ژیانی دنیا دەکرێتە پێوەر بۆ پاداشت و سزا و سەرکەوتن یان سەرگەردان بوون؛ وەرگرتنی ئەو باوەڕە و پابەندبوون پێی مەرج نیە هاوتەریب بێت بە حوکمی ئیسلام، چونکە هەرخودی بیروباوەڕی ئیسلامی وەپێش حوکم کردن کەوتووە، لە مێژووی مسوڵمانانیدا باوەڕی ئیسلامی بە پەنامەکی و ئاشکرایی بڵاوبۆتەوە و زەمینەساز و ڕێ خۆشکەر بووە بۆ دامەزراندن و سەقامگیربوونی حوکمی ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتێک کە لە سۆنگەی باوەڕی ئیسلامی دروستبووە دواتر دەبێتە پاڵپشت بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو باوەڕە و هەموو ئەو پەرەسەندنانەی کە لە سەردەمە جیاجیاکان بەخۆیەوە بینیوە. لە مێژووی ئیسلامدا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی گرفت ئامێز لە نێوان هەردوو (باوەڕ و حوکم ) دروستبووە کە زۆربە مێژووی مسوڵمانانی ڕەنگرێژ کردووە.

**+ لە زانکۆکان وەک لقێکی مێژوو ناوی مێژووی ئیسلامی دێت، بۆ ئایینەکانی تریش هەروا، مەبەست لەم مێژووە چییە؟ مێژووی ئیسلامە وەک ئایین یان مێژووی مسوڵمانانە؟ ئایا شتێک هەیە بە ناوی مێژووی ئیسلام؟ ئەمە جیاوازی هەیە لەگەڵ مێژووی مسوڵمانان؟**

– مێژووی ئیسلامی بریتییە لە مێژووی مسوڵمانان و ئەوەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە هەر لەگەڵ پەیدابوونی ئیسلام ئەوەی کە جوداییەک لە نێوان دیدی زانکۆکانی ئێمە لەگەڵ هی ڕۆژئاوا هەیە ئەوەیە کە لەو ناوچانەی خۆمان مێژووی ئیسلامیان نەک هەر هاوتا کردووە لەگەڵ مێژووی حوکمی ئیسلامی، بەڵکو کورتترکراوەتەوە بۆ مێژووی حوکمی عەرەبی و هەژموونی عارەبان بەسەر خەلافەتی ئیسلامییەوە، ئیدی لەلای هەندێک هەر لەگەڵ ڕووخانی خەلافەتی عەبباسی لە ساڵی ٦٥٦ک/١٢٥٨ز مێژووی ئیسلامی کۆتایی دێت، لای ئێمە ئەو سەردەمە لەوە درێژتر دەبینرێت و هەتا کۆتایی حوکمی مەمالیک لە سەدەی دەیەمی کۆچی و پازدەیەمی زاینی هەر بە مێژووی ئیسلامی دادەنرێت و لە هەندێک لە زانکۆیەکانمان پتر لە چوارچێوەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست سەرەوەدەری لەگەڵ ئەو مێژووە دەکرێت، لە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە ئەوا ماوەی نێوان پەیدابوونی ئیسلام هەتا شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ ئەوا چوارچێوەیەکی دیاری سەدەکانی ناوەڕاست و مێژووی ئیسلامییە. هەرچی دیدی زانکۆکانی

ڕۆژئاوایە ئەوا بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگا مسوڵمانەکان لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا، دابەشکردنی ئەو مێژووە بۆ سەردەمەکانی کۆن و ناوەڕاست و نوێ و هاوچەرخ. واتا مێژووی ئیسلامی لای ئەوان سەردەمێک نیە وەک لای ئێمە، بەڵکو قۆناغێکە و سەردەم بەندی کراوە و دیرۆکی ئیسلامی کۆمەڵگا مسوڵمانەکان قۆناغێک نیە تێپەڕیبێت، بەڵکو بەردەوامی هەیە و سەردەمەکەی بەردەوامە.

لەڕاستیدا مێژووی ئیسلامی هەم مێژووی ئیسلامە وەک باوەڕ هەم مێژووی کۆمەڵگای مسوڵمانانیشە، بەڵام لە کۆتاییدا مێژووی مرۆڤەکانە جا چ لەنێو پانتایی ئاینیدا یان لەنێو مەیدانی هەراوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی و ڕۆشنبیریدا،هەروەتر مێژووی مامەڵەکردنی مرۆڤە لەگەڵ دەق و باوەڕی ئاینی، هەر ئەمەش دەیکاتە مێژوویەکی تەواو مرۆیی و هەڵی داوێرێت لە لاهوتی بوون و بە پیرۆز زانین، لەم سونگەیەوە دەبێ مێژووی ئیسلامی بە پێودانگی بابەتیانە و زانستیانە لێی بکۆڵرێتەوە و شیکردنەوە و هەڵتەکاندن و خوێندنەوە و ڕامانی بۆ بکرێت.

مێژووی ئیسلامی چەمکێکی فراوانتری لە مێژووی مسوڵمانان هەیە، چونکە هەم پانتاییە جوگرافییە باوەڕییەکەی و هەم سنوری پشکدارە شارستانی و سیاسیەکانیشی زیاترە، چونکە ئەگەر ماوە خەلافەتیەکەی وەربگرین لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا ئەندەلوس فەرمانرەوایی کردووە و ئەگەر پێکهاتە دیمۆگرافیەکە و ووزە مرۆییەکەشی لەبەرچاوبگرین ئەوا وێڕای مسوڵمانان، نامسوڵمانی زۆری لە گوێن: مەسیحی و جولەکە و زەردەشتی و سابیئە و هی دیکە پشکداری شارستانیەکەن و کاریگەری و داهێنانەکانیان بەشێکە لە مێژووی ئسلامی، بەڵام مێژووی مسوڵمانان تایبەتە بە مسوڵمانان وەک شوێنکەوتەی ئاینێک و سنورە مرۆییەکەی تەسکترە.

**+ ڕۆژهەڵاتناسان لە نووسینەکانیاندا چۆن لەم مێژووە دەڕوانن؟**

– ڕۆرژهەڵاتناسان بەپێی پاشخان و ئامانج و دیدگایان بە شێوازی جیاجیا مامەڵەیان لەگەڵ مێژووی ئیسلامی کردووە، نکۆڵی ناکرێت کە جێ دەستی ڕۆژهەڵاتناسان لە پاراستنی بەشێکی گرنگی کەلتووری مسوڵمانان دیارە بەتایبەتی لە هەڵگرتنی دەستنوسەکان و هەروەتر ساغکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەشێک لەو دەستنوسانە، هەروەها وەگەڕخستنی میتۆدی زانستی توێژینەوە لە مێژووی ئیسلامی، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە ئامانجی جیاجیای ئایینی و سیاسیی و ئابووریی و کۆلۆنیالیستی لە پشت کار و نووسینەکانی هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بووە و ئەمەش دیدی ئەوانی ڕەنگرێژ کردووە بۆ نووسین لەبارەی مێژووی ئیسلامی و، وایکردووە هەندێکیان نابابەتیانە و نالۆجیکیانە ملی ڕاستییە مێژووییەکان بەپێی حەز و ویستی خۆیان بابدەن.

**+ زۆر جار ڕۆژهەڵاتناسان بیرۆکەیەکی دیاریکراویان هەبووە لەبارەی ئیسلامەوە و لە مێژووی مسوڵماناندا بەدوای بەڵگەدا گەڕاون بۆی، کاتێکیش دەستیان کەوتووە، گوێیان بە ڕاستیی ئەو بەڵگانە نەداوە، ئەمە بەهۆی تێکەڵکردنی ئیسلام وەک ئایین و مێژووی مسوڵمانان نییە؟**

– مەسەلەی گەڕان بەدوای بابەتێکی

دیاریکراو بۆ دۆزینەوەی کەلێنێک یان کێماسییەک لە مێژووی ئیسلامیدا لەلایەن هەندێک لە رۆژهەڵاتناسان مەسەلەیەکی کۆنە کە پاڵنەرەکانیان دیارن و بیرۆکەی دیاریکراو لەم بارەیەوە گەڵاڵە کراون، ئەمەش کۆک نیە لەگەڵ رێسا زانستییەکان کە ناشێت توێژەر بریاری پێش وەختەی لەبارەی ئاراستە و ئەنجامی توێژینەوەکەی بدات، رەنگە هەندێکجار پاڵنەری لێدان لە خودی ئایینی ئیسلامی لە پشت ئەو هەوڵانە بووبێت، بەڵام دەبێ ئەو راستیەش بزانین، کە رۆژهەڵاتناسێک نە ناچارە و نەدەبێ ئێمەش ئەوەی لێ چاوەروان بکەین کە وەک مسوڵمانێک سەرەودەری لەگەڵ مێژووی ئیسلامی بکات، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاینی ئیسلام و مەسەلە باوەرییەکان، بۆیە لەکن رۆژهەڵاتناسەکان توێژینەوە لە خودی ئاینی ئیسلام وەک بابەتێکی مێژوویی یەکلابۆتەوە و ئێمەش دەبێ لەو راستییە بگەین کە هەرچەندە مەرج نیە ئێمە بەو خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنانە قایل بین، بەڵام ئەوە لەو راستییە ناگۆرێت کە مەرجیش نیە هەندێک لە شیکردنەوە و رەخنەی رۆژهەڵاتناسەکانیش دارای راستی و لۆجیک و بنەمای ئەقڵانی نەبن.

**+تەنانەت لەناو خودی مێژووی مسوڵمانانیشدا دەکرێت بە یەک رێسا رووداوەکان بخوێنینەوە، یان پێویستە (تحقیب) قۆناغبەندی مێژوویی و تەنانەت جوگرافیش بکرێت لەو مێژووەدا؟**

– مەسەلەی رێسا مێژووییەکان لە چوارچێوە فراوانەکەیدا بابەتێکە دەچێتە خانەی فەلسەفەی مێژوو، پێموابێ ئێوە مەبەستتان لەم پرسیارە ئەو بابەتەی فەلسەفەی مێژوو نیە، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە رێساکانی خوێندنەوەی رووداوە مێژووییەکان ئەوا یەک رێسا بۆ ئەو

> **کورد بەشی شێری بەرپرسیارێتی پاراستن و سەلامەت راگرتنی کۆمەڵگای مسوڵمانانیشی لەئەستۆ بووە**

مەسەلەیە لەگۆرێدا نیە، بەڵکو سەردەمی جیاواز و پانتایی جیاواز رۆڵ دەبینێت هەتا توێژەر و هەڵسەنگێنەری جیاوازیش کاریگەری لەو مەسەلەیەدا هەیە و هەر ئەمەش وایکردووە بەرهەمی مێژوویی جیاواز و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ هەمان سەردەم یان رووداو هەبن و ئەمەش دینامیکیەتێکی سەرنجراکێشی بە مێژوو بەخشیوە کە رووداو و دیاردە و پەرەسەندنە مێژووییەکانی پێش سەدان و هەزاران ساڵ پاش سەدان جار خوێندنەوە بۆ کردن و هەڵسەنگاندن هێشتا نووسین لەبارەیانەوە خودان رمێن و رەونەقی خۆیەتی.

**+ ئایینی ئیسلام چ بەرپرسیارێتییەکی هەیە لە رووداوەکانی مێژووی موسڵماناندا؟**

– پێموایە هیچ ئاینێکی ئاسمانی لە خودی خۆیدا هۆکار نیە بۆ پەرەگرتنی لایەنە نەرێنییەکانی ژیان، بەڵکو بۆ باشترکردن و مانادارکردنی ژیان هاتوون، بەڵام هەمیشە لە مامەڵە مرۆییەکەدا ئایین کراوەتە هۆکار و بیانو بۆ خودپەسەندی و ئەوی دیکە بە ناپەسەند نیشاندان و ئەمەش بووەتە هۆی ململانێ و روودانی گرفت و خراپەکاری زۆر کە لەراستیدا

**هیچ ئاینێکی ئاسمانی لە خودی خۆیدا هۆکار نیە بۆ پەرەسەندنی لایەنە نەرێنییەکان، بەڵکو بۆ باشترکردن و ماناداركردنی ژیان هاتوون**

لە ملی ئایین ئاڵێنراوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەرپرسیاریەتیەکە هەر هی خودی مرۆڤەکانە.

**+ ئیسلام چ گۆڕانێکی لە مێژووی گەلان و ڕەوتی ڕووداوەکاندا کرد لە قۆناغی یەکەمی مسوڵمانبوونیاندا؟**

– هەروەک لە وەڵامی یەکەمین پرسیاردا ئاماژەم پێکرد ئایین گۆڕین بۆ ئەو خەڵکانەی کە مسوڵمان بوون کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر هەموو ئەوانەی کە ئاینە نوێکەیان قبوڵکردووە، چونکە ئاینی ئیسلام بەرنامە و سستەمێکی هەمەلایەنەی هەبوو بۆ ژیان بۆیە کاریگەرییەکانی هەم لەسەر ژیان جا چ لەسەر ئاستی کەسی بێت یان ئاستی کۆمەڵ زۆر ڕوون و دیارن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین کە لە ساڵانی بەرایی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە هەموو ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دورگەی عەرەبی ئەوا ئاوێزان بوون بە ئاینە نوێیەکە پرۆسەیەکی هێواش و درێژخایەن بووە و ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو کۆمەڵگایانە لە قۆناغی سەرەتای ئیسلام بوونیاندا بە ئاشکرا ئەوەی هەست پێدەکرێت. دیارترین گۆڕانکاری بریتی بوو لە گۆڕانکاری بونیادی لە ژیانکردن و جیهانبینی و ئامادەگی بۆ ژیانی دوایی و سەرەنجام دروستکردنەوەی پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ دونیادا کە زۆر جیاواز بوو لەوەی پێشتر تێیگەیشتبوون.

**+ کاریگەریی ئیسلام لەسەر مێژووی کورد چییە؟ دوای هاتنی ئیسلام، شوناسی کورد و نیشتمانەکەی چ گۆڕانێکی بەسەردا هات؟**

– کاریگەرییەکانی ئیسلام چ وەک باوەڕ و چ وەک دەسەڵات نەک هەر لەسەر کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو لەسەر هەموو ئەو کۆمەڵگایانە زۆر بوو کە ببوونە بەشێک لە چێوەی جوگرافیای ئیسلام، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆنترۆڵی ئیسلام بۆ ئەو کۆمەڵگایانە هەر هێنانە ژێر ڕکێفێکی سەربازیی و سیاسی نەبوو، بەڵکو دەست و پەنجە نەرمکردنیش بوو لەگەڵ بیروباوەڕی نوێ، وەرگرتنی ئاینێک بوو کە سەرتاپای ژیانیانی ڕەنگرێژ کردبوو هەروەتر کرانەوە بوو بە ڕووی جیهانێکی فراوانتر و لانیکەم بۆ کۆمەڵگای کوردی لە دابڕان دابڕینێکی کاریگەر بوو، بە ئاراستەی تەوەری بوون و یان نیمچە تەوەری بوون، بەڵام تێبینی دەکەین کە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەنێو کورددا کارێکی هێواش و بەکاوە خۆ بوو، چونکە هەر بوون بە بەشێک لە دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی بە مانای مسوڵمان بوون نیە، پێموایە وەرگرتنی ئاینەکە بە مکومی پێویستی بە بڕانەوەی نەوەیەک و پێگەیشتنی نەوەیەکی گوش بوو بە باوەڕە نوێیەکە بووبێت و ئەمەش کاتێکی دیاری خایاندووە، بە بەڵگەی ئەوەی بەشداری کورد لە کایە جیاجیاکانی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ زیاتر لە سەدەیەک لە دوای هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە نزیکەی سەدە و نیوێک خامۆشییەک لە پرۆسەی ئاوێزان بوونی کورد بە ئاینە نوێیەکە تێبینی دەکرێت، ئەمەش لە ڕوانگە مێژووییەکەیەوە

دۆخێکی ئاساییە، چونکە سروشتی وەرگرتنی ئاینەکە و چۆنیەتی باوەڕپێهێنانی و دواتر وەگەڕخستنی لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا کاتی ویستووە و هەمیشە ئەوەشم وتووە کە ئاستی پابەندی کورد بە ئایینە نوێیەکە ناشێ لە وەختی فتوحات و چەند ساڵی دواتردا خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی لۆجیکی بۆ بکرێت، بەڵکو ئەوە سەردەمەکانی دواترە کە پێوداگی ئەو پابەندی و پشکدارییە نیشان دەدات، ئەو سەردەمانەی کە کورد ببوونە بەشێکی کارا و دیاری کۆمەڵگای ئیسلامی ماوەی وای تێدا بووە کە کورد بەشی شێری بەرپرسیاریەتی پاراستن و سەلامەت ڕاگرتنی کۆمەڵگای مسوڵمانانیشی لەئەستۆ بووە.

ئاشکرایە دوای هاتنی ئیسلام شوناسی کوردی خەسڵەتی ئایینی ئیسلامی وەرگرت و لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا شێوەی ڕەنگرێژ بوو، خۆبینینەوە لەنێو کایەی شارستانی ئیسلامی دەروازەیەکی والای بەڕووی کورددا کردەوە بۆ چوونە دونیایەکی نوێ کە پانتاییەکی هەراو و بوارێکی نوێی لە هونەر و هەندەرانی کۆمەڵگای کوردی هێنایە گۆڕێ و بەمەش کورد ناوی نەتەوەیی و چوارچێوە بەندبوونی خۆی لەنێو ئەم مێژووەدا لە دەسەڵاتی سیاسی بەنێوی خۆی و لە پشکداری سەربازی و شارستانیانە نمایش کرد، کە شوناسێکی پێبەخشی هەتا ئێستاش مۆرکی زاڵی کۆمەڵگای کوردییە.

**+ ئایا لە ڕووی شارستانییەوە، کورد لە دەرەوەی شارستانیی ئیسلامی شوێنێکی تری هەیە؟**

– ئەگەر پێمان وابێ کورد بەبێ شارستانی ئیسلامی بوونێکی شارستانیانەی نەبووە، ئەوا خۆمان تەسلیمی جۆرێک لە کورتبینی کردووە و خوێندنەوەیەکی تاکرەهەندیمان زاڵکردووە بەسەر بابەتی بوون و هەڵسەنگاندنی لۆجیکی، چونکە کورد ئەگەر لەژێر ناوی دیکەشدا بووبێت بوون و کاریگەری شارستانیانەی خۆی سەلماندووە، هیچ میللەتێکیش لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا سەردەمی نوێ هەم بەیەک ناو و شوناس نەناسراوە و هەمیش ئاستی بەشداریی و کاریگەری شارستانیانەی لە هەڵکشان و داکشاندا بووە، بەڵام نابێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکەین کە مسوڵمان بوونی کورد دەلیڤە و بواری نوێی بەڕوودا کردنەوە و وایکرد توانا و دینامیکیەتیان پتر دەربکەوێت و شوناسێکی دینیش موتوربەی شوناسی میللیان بکرێت و بەمەش ئاستی ئاسۆیی و ستونی پێگەیان باڵا و هەڵکشاوتر بوو.

**+ ئەگەرچی وەک تاکە کەس باسی گابانی کوردی دەکرێت لە سەرەتای مێژووی ئیسلامدا و دواتریش ناوی سەلاحەددینی ئەیوبی و کەسانی تر دێن، بەڵام کورد وەک نەتەوە چ ڕۆڵێکی لە دروستکردنی ئەو مێژووەدا هەیە؟**

– کورد وەک نەتەوە وێڕای نەتەوەکانی دیکە بەپێی پێگەی خۆی ڕۆڵی لە هێنانەگۆڕی پەرەسەندنی نوێ لە مێژووی ئیسلامی و ئاراستەکردنیدا هەبووە کە لە ئاستە سیاسیی و سەربازییەکەی لە سەردەمی سوڵتان سەلاحەدین گەیشتە لوتکە و لە ئالی زانستی و ڕۆشنبیریشدا لە کەسانی وەک: ابن صلاحی شارەزووری، ابن الحاجب و عبدالرحیمی عیراقی و الگورانی و هی دیکەدا ترۆپکی خۆی دیت، کە وای دەبینم پەیبردن بە تان و پۆی ئەو ڕایەڵەی وێنایەکی ڕوونی ئەو پەرەسەندنەی ڕۆڵی کورد لە کایەی شارستانی ئیسلامیمان بۆ دەکات پێویستی بە قسە و باسی زیاتر هەیە کە ڕەنگە لێرەدا جێگای نەبێتەوە.



# چەند ڕۆچنەیەك بۆ تێگەشتن لە مێژوو



**د.عوسمان محەمەد غەریب**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢ز، پارێزگای هەڵەبجە.
دکتۆرا لە ئوسوڵ فیقهـ ، سەرپەرشتیار و ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردنی زیاتر لە شەست ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بووە. راوێژکاری گۆڤاری خاڵ.

مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوە تۆمارکراوەکانی مێژوو وەک مامەڵەکردن لەگەڵ چەند بۆمبێکی ئامادەکراو بۆ تەقینەوە وایە، گەر بە وشیاریی مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێن دەبنە هۆکاری وێرانکاریی و ئاژاوە نانەوە و، هەڵگیرساندنی ئاگرێکی وا کە بە هەزارەها زانا و دانا نەکوژێتەوە. بۆیە بە پێویستی دەزانم لەم چەند رۆچنەوە سەیری ژووری تاریک و روونی مێژوو بکەین:

**یەکەم رۆچنە:** تێگەشتن لە مێژوو وەک تێگەشتن لە ماتماتیک نیە کە ئەنجامەکانی بێ کێشە و گرفت بن.

کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە یەک کۆ یەک و، یەک جاران دوو و، چوار دابەش دوو، دەکەنە دوو، بەڵام لە یەک رووداودا دەیەها شرۆڤە و خوێندنەوە و تێگەشتنی جیاجیا دەبیسترێن و دەخوێنرێنەوە و، دوای هەزار ساڵیش بە بەردەوامی خوێندنەوەی نوێی بۆ دەکرێت، زۆر جاریش دەستەوسان و مایەپووچ دەبین و، ناگەینە دوا شرۆڤە و خوێندنەوەی یەکلاکەرەوە. لەم دەلاقەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نابێت بۆ یەکلاییکردنەوەی بابەتێک پشت بە زۆرێک لە رووداوە مێژووییەکان وەک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر ببەستین.

**دووەم رۆچنە:** پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی دروستیی و نادروستیی رووداوەکانی مێژووی مسوڵمانان، دەقە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی راست و درووستی پەیامبەرە(د.خ)، هەر هەڵوێست و رووداوێک پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی راست و دروست بێت هەڵەیە و درووست نیە.

**سێیەم رۆچنە:** زۆربەی رووداوە مێژووییە تۆمارکراوەکان بێ سەنەدن و، تەنها قسەی وتی وتیان نەبێ شتێکی دیکە نین، بۆیە کەم مێژوونووس دەبینین تەنها ئەو رووداوانە تۆمار بکات کە بە چاوی خۆی بینیبنی، یان خودی خۆی بەشێک بووبێت لە رووداوەکان.

بەشێک لە گرفتی مێژوونووسان لەوەدایە کە قسە لە هەموو بابەتێک دەکەن، دەم لە گشت رووداوێک دەدەن با چەند هەزار ساڵ نێوانیان بێت، بەڵکو باسی دەستپێکی گەردوون و، ژیانی ئیبلیس و فریشتە و جنۆکەی پێش ئادەم دەکەن، لەکاتێکدا بەوشێوازە لە دەقێکی پیرۆزدا نەهاتووە و، پەی بردن بە زۆرێک لەو جۆرە زانیارییانە تەنها لە رێگای سرووش و نیگاوە دەبێت. بۆ نموونە طبری لە (ب١، ل٨١) باس لە ئیبلیس دەکات کە گەنجینەوانی بەهەشتەکان و، پاشای ئاسمان و زەویی بووە.!!

دواتر دێتە سەر باسکردنی رووداوەکانی سەردەمی ئادەم و حەوا و باس لە کوشتنی قابیل و هابیل دەکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بڕیار وابووە قابیل خوشکی هابیل بخوازێت و، هابیلیش خوشکی قابیل، بەڵام قابیل ئەویندارى خوشکی خۆی بووە و، بەوە قایل نەبووە هابیل خوشکەکەی بخوازێت، دواتر پەلاماری هابیلی داوەو کوشتویەتی، ئیتر تائێستاش زۆرێک لە وتاربێژان دووبارەی دەکەنەوە و وەک تووتیی بێ خۆماندووکردن لە لێکۆڵینەوە لەسەر دروستیی و نادروستی دەیڵێنەوە، لەکاتێکدا ئەمە حیکایەتی بەرئاگردانە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

هەروەها زۆر لە مێژوونووسان و راڤەنووسانی قورئان باس لە پەرجووی سالح پەیامبەر دەکەن، کە بێبڕوایان داوایان لێ کردووە لە گابەردێک حوشترێکی دووگیان دەربێنێ، ئەویش ئەو کارەی بۆ ئەنجامداون، لەکاتێکدا ئەم کارە ئەفسانەیەکی درۆ و هەڵبەستراوە و نە لە قورئانی پیرۆز و نە لە دەقی فەرموودەدا باس نەکراوە، بەڵام بەداخەوە

تائێستاش بانگخوازان و زانایانی ناوداری جیهانی ئیسلامیی وەک: أحمد الكبيسي و عمر عبد الكافي و طارق السويدان و صالح المغامسي و عمرو خالد و محمد العريفي و نبيل العوضي دەیڵێنەوە و باسی دەکەن، پێگەی «ویکیبیدیا»ش وەک ڕووداوێکی حاشا هەڵنەگر بڵاوی دەکاتەوە.

زانایاکی وەک (ابن عثيمين) کاتێک ئەم ئەفسانە ڕەتدەکاتەوە، دەڵێت: لە ڕیوایاتی ئیسرائیلیەکانە، ئەم مامۆستا بەڕێزە نازانێت لە پەرتووکی پیرۆزی جولەکە و گاورەکاندا بە هیچ شێوەیەک ناوی ساڵح پەیامبەر نەهاتووە، چونکە پەیامبەرێکی عەرەبە و، پەیوەندیی بە ئیسرائیلییەکانەوە نیە.

**چوارەم ڕۆچنە:** ڕووداوەکانی مێژوو جگە لەو ڕووداوانەی تایبەتن بە ژیانی پەیامبەرانەوە- ڕەنگدانەوەی کار و هەڵسوکەوتی مرۆڤن، هەڵسوکەوتی مرۆڤیش نابێتە بەڵگەی شەرعیی، لە ئیسلامیشدا کەس یەکسان نیە بە پەیامبەر(د.خ)، بۆیە کاری هەڵەی هیچ کەسێک – با ئەبوبەکر و عومەر- یش بێت نابێتە ماڵ بەسەر خودی ئیسلامەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی ڕووداوە مێژووییەکانمان بۆ دەگێرنەوە وەک ئێمە مرۆڤن و تووشی هەڵەی زۆر دەبن و، تەنها گێڕانەوەیان بەڵگە نیە لەسەر ڕاستیی و دروستیی ڕووداوەکان.

سرووستی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتیی لەکاتی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییدا لە باسکردنی ژمارەی کوژراوانی لایەنی بەرامبەر حەزی لە زیادەڕەویی کردنە. بۆ نموونە ژمارەی کوژراوانی (بنی قريظه) لە ژمارەیەکی کەمەوە دەسپێدەکات تا دەگاتە چل کەس و، بەرە بەرە زیاد دەکات و دەگاتە پێنج سەد، دواتر حەوت سەد، دواتر نۆسەد، ئیتر نازانم چۆن ئەو ژمارە زۆرە لە یەک خانووی بچووکی ئەو سەردەمەدا جێیان بووەتەوە وەک ڕیوایەتەکان باسی لێوە دەکەن!

هەروەها مێژوونووسانیش لەبەرئەوەی سەرنجی خوێنەر زیاتر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن بە ئارەزووی خۆیان ژمارە و داتای سەیر سەیر ڕیز دەکەن، بۆ نموونە سەیری ژمارەی ئەو سەربازانە بکە کە لەگەڵ فیرعەوندا هێرشیان کردووەتە سەر موسا و بڕواداران، طبرى (ب١: ل٤١٩) دەڵێت: شەست سەد و بیست هەزار چەکدار بوون، ئیدی نازانم کێ هەڵساوە بەم داتا وردە و کێ بۆی گێڕاوەتەوە!!

هەروەها لە (ب٩، ل١٣٦) دا دەڵێت: حجاج بن يوسف الثقفى سەدوبیست هەزار کەسی کوشتووە.!! باوەڕناکەم لە مێژوودا هیچ ستەمکارێک-ستەمی لەڕادەبەدەر بووبێت- توانیبێتی بە داتای ورد ژمارەی قوربانیانی دەستی چەپەڵی دیاری بکات.

**پێنجەم ڕۆچنە:** مێژووی نوسراوەی مسوڵمانانمان نیە، ئەوەی هەیە مێژووی شەڕ و جەنگ و کوشتن و برینە، بەڵام مێژووی شارستانییەت و زانست و پێشکەوتن و باری ماریفیی و کۆمەڵایەتیی و بەها بەرزەکان-بە دەگمەن نەبێت بوونیان لە کتێبە مێژووییەکاندا نیە.

کتێبەکانی سیرە لە ژیانی پڕ شکۆی پەیامبەریشماندا تەنها جەختیان لەسەر باری سیاسیی و مێژووی جەنگەکان کردووەتەوە، وەک ئەوەی سیرە یەکسان بێت بە جەنگ، ئیتر زۆربەی ئەو هەموو فەرموودە جوانانەی کە باس لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی پەیامبەر دەکەن، لە کتێبەکانی سیرەدا دیار نامێنن و باسیان نیە.

**شەشەم ڕۆچنە:** گێڕانەوەی مێژوو وەک عەلی وەردی دەڵێت: وەک ڕووماڵکردنی خۆپیشاندان و ئاپۆرایەکیی جەماوەرییە، چاودێرانی ئەو ئاپۆرایە هەریەک لە لایەکەوە لێی دەڕوانن. پارتە

سیاسییەکان سەیری دروشم و پەرچەم و ئاڵاکان دیکەن تا بزانن کام لایەن و چ پارتێک جەماوەری زیاترە، پەرچەم و ئاڵای زەرد یا سەوز یا ئاڵایەکی دیکە باڵایە. ڕۆژنامەنووسان هەڵپەی زوو بەدەسهێنانی هەواڵی نوێن و بە هەڵەداوان هەوڵدەدەن پێش هاوپیشەکانیان بکەون. زمانەوانان سەرقاڵی ڕاستکردنەوەی هەڵە زمانەوانییەکانی درووشمە نووسراوەکانن. هێزەکانی ئاسایش و دژە تیرۆر هەرچاوێکیان بۆ بینینی دیمەنێکی نامۆ و گومانلێکراو دەکەنە دە چاو.

هەرزەکارانیش سەرقاڵی تەماشا کردنی ئەگریجەی خاون و، وەک ڕاوچیی هەوڵی ڕاوکردنی نێچیرن،

مامۆستایەکی ئایینیش لە دوورەوە تێبینی خۆی لەسەر بەزاندنی هێڵی سوری شەریعەت تۆمار دەکات، شرۆڤەکارانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیش هەریەک لە دیویکەوە دەڕوانێتە ئاپۆرا جەماوەرییەکە و لە گۆشەنگایەکەوە شرۆڤە و تاوتوێی ڕووداوەکان دەکات. ڕووداوە مێژووییەکانیش بەهەمانشێوە لە یەکلاوە بۆ ئێمە دەگوێزرێنەوە، ئیتر هەقیقەتی هەمەلایەنەی تەواو لە نێوان دێڕدێڕی نووسراوکاندا حەشار دەدرێت و لە خوێنەر و بیسەر ون دەکرێت.

**حەوتەم ڕۆچنە:** پەرتووکە مێژووییەکان تەنها ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕنەوە و-بە شێوەیەکی گشتیی-کاریان بە هۆکارە دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی و ئابووریی و هزرییەکانەوە نیە و شرۆڤەی گشگیرانە بۆ ئەو ڕووداوانە ناکەن. بەم کارەش دیویکی تری ڕووداوەکان ون دەبێت.

بۆ نموونە کاتێک کوشتنی کەسێک-بەبێ باسکردنی تەواوی هۆکارەکان و ئەو تاوانانەی ئەنجامیی داون- تۆماردەکرێت و بۆنەوەی داهاتوو دەگوێزرێتەوە، خوێنەر و بیسەر هاوسۆزیی

**هەر هەڵوێست و ڕووداوێك پێچەوانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی ڕاست و دروست بێت هەڵەیە و درووست نیە.**

خۆیان بۆ تاوانبار دەردەبڕن و زۆر جار لە بری دەستخۆشی لە بکوژ با لەسەر هەقیش بێت فرمێسک بۆ کوژراو ـ با شایستەی کوشتنیش بێت ـ دەڕێژن و بە قوربانیی ڕێگەی هەق و ئازادیی ناوی دەبەن.

هەروەها زۆرجار هۆکارەکانیش باس دەکرێن، بەڵام چونکە لەلایەک پچڕ پچڕ باس دەکرێن، لە لایەکی دیکەوە ئەو هۆکارانە لەکاتی خوێندنەوە و بیستنی ئەنجامدانی سزادا لە مێشکی خوێنەر و بیسەردا ئامادەییان نیە، ئەو کاتە عاتیفە و سۆز لەبری هۆش و عەقڵ بریار دەدات و، ڕاست و چەوت تێکەڵ دەبن و، ستەمکار بە قوربانیی و قوربانیی بە ستەمکار دەخوێنرێنەوە.

بۆ نموونە لەسێدارەدانی ستەمکارێکی وەک سەددام بووە هۆکاری هاوسۆزیی بوونی خەڵکێکی زۆر بۆی تەنانەت لەنێو کوردی ستەمدیدەشدا، چونکە ئەنجامدانی سزای لەسێدارەدانی لە بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا بوو، لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی بریاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرد و هەستان بە جێبەجێکردنی ئەو سزایە، لە سەددام باشتر نەبوون، تاوانەکانی سەددامیش لەکاتی لەسێدارەدانیدا لە هزر و بیری بینەردا ئامادەییان نەبوو.

## کاری هەڵەی هیچ کەسێك با ئەبوبەکر و عومەر یش بێت نابێتە ماڵ بەسەر خودی ئیسلامەوە.

**هەشتەم ڕۆچنە:** ئەوانەی مێژوومان بۆ دەگوێزنەوە مرۆڤن، مرۆڤیش لە ژێر فشار و کاریگەریی دەرەکیی و ناوەکییدا ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان بە شێواویی تۆمار دەکات و دەگوێزێتەوە.

خۆشەویستیی کەسێک، ئایین و ئایینزایەک، قەومییەتێک، یان ڕقلێبوونیان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر شاردنەوەو شێواندنی بەشێکی زۆر لە ڕاستییەکان. گەر کەسێکت خۆشبووێ هەوڵدەدەیت جوانییەکانی بخەیتە ڕوو، دیوی دزێو و قێزەونی بشاریتەوە، بەپێچەوانەوە گەر ڕقت لە کەسێک بێت هەوڵدەدەی تەنها دیوی قێزەونی دەرخەیت، چاوت بەرایی نادات جوانییەکی ببینیت و ویژدانت ئازارت نادات لە شاردنەوەی دیوە جوانەکەی.

دیارە خزمایەتیی و هاوڕایی و هاوئایینیی و هاوئایینزایی و هاوقەومیەتیی و هاووڵاتیی بوون، یاخود جیاوازیی بوون لە هەر یەکێک لەو خاڵانە ڕۆڵی خراپی خۆی لە سەر شێواندنی ڕاستییەکان بینیوە و دەبینێت. بە دەگمەن مێژوونووسێک دەبینیت بە ویژدانەوە باسی ئایین و ئایینزا و قەومییەتی بەرانبەر بکات بەتایبەت لەکاتی خولقانی کێشە لە نێوانیاندا. بۆیە گەر کەسێکی مسوڵمان باسی دیوێکی جوانی نامسوڵمان بکات،-یاخود بە پێچەوانەوە دەدرێتە بەر هێرشی توند و بە خۆفرۆش و شلگیر ناوزەد دەکرێت. هەروەها لە نێوان شیعە و سوننە، کوردو عەرەب و تورک ... هتد ئەم دیاردە زشتە بەدی دەکرێت و لە واقیعی ژیانماندا ڕەنگیداوەتەوە.

بۆ نموونە کاری خۆکوژیی و خۆتەقاندنەوە لە دیدی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئایینیی کورددا بە کارێکی قێزەون و نامرۆڤانە دەدرایە قەڵەم، بۆیە کاتێک گەنجێکی فەلەستینیی بۆ بەرگریی کردن لە خاک و ئایین و نامووس خۆی بە داگیرکەرێکی ئیسرائیلیدا دەتەقاندەوە، لە کوردستانی ئازیزمانەوە دەنگی ناڕەزایی دژ بەو کارە بەرز دەبوویەوە، بەڵام کاتێک خانمە گەریلایەکی کورد بۆ بەرگریی لە خاک و وڵات و شەرەفی کورد کارێکی خۆکوژیی ئەنجامدا، کەس دەنگی ناڕەزایی لێ بەرز نەبوویەوە، بەڵکو بە کارێکی فیداکاریی و شەرعیی باسکرا.

من لێرەدا مەبەستم هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە کارانە نیە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە نابێت لە بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی کار و ڕووداوەکاندا سیاسەتی بانێکە و دوو هەوامان هەبێت. گەر کاری خۆکوژیی بۆ کوردی ستەمدیدە دروست و ڕەوابێت، دەبێت بۆ گشت ستەمدیدەیەک ڕەوا و دروست بێت، گەر بۆ فەلەستینییەک ڕەوا نەبێت، دەبێت بۆ کوردیش ناڕەوا بێت.

ڕووداوەکانی ژیان و سەردەمی خۆمان وەک خۆیان ڕووماڵ ناکرێن، وەک دەبینین ڕووداوێک ڕوو دەدات بەڵام هەر میدیا و شرۆڤە کارێک بەلایەکیدا دەبات، چۆنیان بوێت ئاوا شرۆڤە و خوێندنەوەی بۆ دەکەن. تائێستاش هەقیقەتی گرووپە تیرۆریستیەکان بۆ خەڵک باس ناکرێت، لە پشت پەردەوە کێ درووستی کردوون؟ کێ

یارمەتیان دەدات ، لە کوێوە چەکیان بۆ دەڕوات؟ کێ هاوپەیمانە لەگەڵیاندا؟

ئایا ڕاستە گشت وڵاتانی جیهان بە تایبەت ئەمریکا و ڕووسیا و بەریتانیا- بەو هەموو تەکنۆلۆژیا و دەستگای سیخوڕیی و هەواڵگیریی و پێشکەوتنە سەربازییەوە دوژمنی داعشن، بەڵام داعش لە هەموویان بەهێزترە و ناتوانن پشتی بشکێنن، یاخود بەکرێگرتەی خۆیانن و یاری بۆ جەنابیان دەکەن؟!

کێ هەیە هەقیقەتی مەرگەساتی هەڵەبجە و شەنگال شەڕی براکوژیی نەوەدەکان وەک خۆیان بەبێ ڕتووش تۆمار کردبێت و، ڕیزبەندیی بۆ گشت تاوانباران و کەمتەرخەمکاران کردبێت؟، ئەوەی کراوە بریتییە لە دیاریکردنی تاوانبارە دیارەکانی وەک سەدام و عەلی کیمیاویی و داعش، ئیتر تاوانبارانی دیکە و تێوەگلاوان و ڕێخۆشکارانی ئەو تاوانانە دەشاردرێنەوە و ناویان لە لیستی تاواندا ون دەبێت.

ئایا تەنها ئەوانە تاوانبارن، یاخود دەستیی چڵکنی ناوەکیی و دەرەکییش هەیە، کوان ناوی ئەو کەسانەی هەڵەبجەیان ڕووتکردەوە و بانقەکانیان فەرهوود کرد و دەس و مەچەک و گوێی خانمە شەهیدەکانیان بۆ دزینی بازن و گوارە بڕییەوە؟

(طارق محمد رمضان) ئەو فڕۆکەوانەی هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و، دوای زیندانیکردنی لە ئاسایشی سلێمانی چۆن هەڵات؟ کێ لە پشت هەڵاتنیەوە بوو، ئێستە لە کوێیە؟ بۆ حکوومەتی هەرێم لەو کەیسەدا بێدەنگە و بەدواچوونی بۆ ناکات و، داوای ڕادەستکردنەوەی بە حکومەتی هەرێم ناکات؟

پەرتووکێکم بۆ بێنە بە ویژدانەوە باسی سەدامی دیکتاتۆری کردبێت، ئەو پەرتووکانەی چاپکراون لەلایەن دوو جۆر نووسەرەوە نووسراون:

جۆری یەکەمیان بریتین لە هەوادار و دۆست و یاری سەدام و کەسانی دۆڕاو و فاشیست، سەدامیان گەیاندوەتە کەشکەشان و کەشکەڵانی فەلەک، یەک ڕەخنە و هەڵە و تاوانی سەدامیان تۆمار نەکردووە.

بەشی دووەمیان نەیار و دوژمن و ستەمدیدە و کەسوکاری قوربانیانی دەستی سەدامن، جگە لە تاوان و زوڵم و ستەم بە وشەیەکیش باسی کردەوەیەکی باشی ئەو زاڵمەیان نەکردووە، بەم شێوەیەش تەنها دیوێکی ڕووداو و کەسەکانمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش بە شێواویی.

جا ئەگەر لە ڕووداوە سەردەمییەکاندا نەتوانین بگەینە هەقیقەتی تەواو، ئیتر چۆن دەتوانیین ڕووماڵی ڕووداوەکانی پێش سەد و دوو سەدو هەزار و دوو هەزار ساڵ بکەین و ئەنجامەکان یەکلایی بکەینەوە؟!!

**تویەم ڕۆچنە:** هەروەک چۆن ناکرێت بە عەقڵییەتی دوێنێ ڕووداو و کار و هەڵسوکەوتی ئەمڕۆ هەڵبسەنگێنیت، بەهەمانشێوە ناکرێت ڕووداوە مێژووییەکان -گەر دروست و حاشا هەڵنەگریش بن- بە عەقڵییەت و نەریتی ئەمڕۆ هەڵبسەنگێنرێن، بەڵکو دەبێت بە پێوەر و عەقڵییەتی سەردەمی خۆیان خوێندنەوەیان بۆ بکرێت و هەڵبسەنگێنرێن، چونکە مەرج نیە ئەو کارەی دوێنێ بە کارێکی باش زانرا بێت، ئەمڕۆ لە دیدی خەڵکیدا باش بێت، مەرجیش نیە ئەو کارەی ئێستە بە خراپ دەزانرێت، لە ڕابردوودا هەمان بۆچوونیان دەربارەی هەبووبێت، لەبەرئەوەی عەقڵییەتی مرۆڤەکان بەپێی شوێن و سات و کات و داب و نەریت دەگۆڕدرێن و لە ئەنجامدا هەڵسەنگاندنیشیان دەگۆڕدرێت.



### بەرەو میتۆدێکی زانستییانە و واقعییانە بۆ

# خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووی سیاسی ئیسلام




**د. کەریم ئەحمەد**

لەداکیبووی (١٩٥٩). ئەندامی دامەزرێنەری پرۆژەی تیشک، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، ڕێکخراوی ژیار و ئینستیتیۆی بانگخوازان. چەند کتێب و دەیان وتاری بڵاوکراوەی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە.

**پێشەکی:**

ماوەیەکە لە ئەنجامی خوێندنەوەی راو بۆچوونی جیا جیا و هەندێک جار پێچەوانە و دژ بەیەک دەربارەی مێژووی ئیسلام بیرۆکەیەک، یا باشتر بڵێم میتۆدێکم لا گەڵاڵە بووە بۆ خوێندنەوەی ئەو مێژووە و لێکدانەوەی رووداوەکانی حەزم کردووە بیخەمە بەردەست خوێنەران.

یەکێک لەو بوارانەی ئیسلام کە دەستی شێواندنی پێگەیشتووە مێژووەکەیەتی، بەتایبەت مێژووە سیاسییەکەی، بەڵکو بگرە ئەمیان پشکی شێری بەرکەوتووە لە شێواندن، جا چ لەلایەن شوێنکەوتوانییەوە بێت، یا لەلایەن دوژمنانیەوە! بەشێک لەو شێواندنە بەدەست ئەنقەست بووە و بەشێکیشی لە نەزانییەوە بووە لە ئەنجامی نەبوونی مەنهەج و میتۆدێکی زانستی بۆ خوێندنەوەی ئەو مێژووە و هەڵسەنگاندنی کەسایەتییە سیاسییەکانی بە تایبەت خەلیفە و والییەکان و روانینە ئەو مێژووە وەک ئەوەی کە دەبێ مێژووی فریشتەکان بێت نەک مێژووی مرۆڤگەلێکی لەبار بۆ پێکان و هەڵەکردن و بۆ چاکە و گوناهکردن. هەر ئەو تێروانینە نموونەیە وایکردووە کەسانێکی وەک مەودودی و سەیید قوتب و محەمەدی غەزالی چەندینی تر بکەونە ئەو هەڵەیەوە و تیری رەخنەیان بەتیژی ئاراستەی هەندێک سەردەم و زۆرێک لە خەلیفە و والییەکان بکەن بە حەزرەتی عوسمانیشەوە (رەزای خوای لێبێت) کە یەکێکە لە خەلیفە راشیدەکان و یەکێکە لە موژدە پێدراوان بە بەهەشت.

هۆی ئەم هەڵەیەش نەبوونی میتۆدێکی زانستییە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی رووداوەکانی مێژوو کە پشت بە پێوەرگەلێکی زانستی ببەستێت بۆ ئەو مەبەستە. هەندێک جار کە دەمانەوێت سەردەمێک یا خەلیفەیەک هەڵسەنگێنین لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵێک پێوەری زانستی بەکاربێنین پەنا دەبەینە بەر سۆز و عاتیفە و لەسەر ئەو بنەمایە بڕیار دەدەین، لەبەرئەوە زۆربەی جار بڕیارەکانمان نازانستی و ناواقعییە.

**بۆئەوەی بیرۆکەکە نزیک بکەینەوە لە زیهنی خوێنەر چەند نموونەیەک دێنمەوە:**

کاتێک پزیشکێک دەچێت بۆ پشکنینی چێشتخانەیەک ئەگەر خشتەیەکی لە بەردەستدا نەبێت نازانێت چۆن پشکنین بکات و لە کوێوە دەستپێبکات و چ شتێک بپشکنێت، ئەگەر خاوەن چێشتخانەکەش زۆرزان بێت دەتوانێت بە هەڵەیدا ببات و ئەو شوێنانەی نیشان بدات کە مەرجەکانی تەندروستی تێدایە، لە ئەنجامدا پزیشکەکە بە دەرئەنجامێکی هەڵەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر خشتەیەکی لە بەردەستدا بێت بەپێی ئەو خشتەیە پشکنینی خۆی بکات ئەوا بە دەرئەنجامێکی راستەوە دەگەڕێتەوە و هەڵەی بەسەردا تێناپەڕێت.

نموونەیەکی تر: ئەگەر بتەوێت کتێبێک هەڵسەنگێنیت دەبێت میتۆدێکی زانستییانە بگریتەبەر بۆ خوێندنەوە و پاشان هەڵسەنگاندنی، نەک بێیت و بە هەڕەمەکی بیخوێنیتەوە، بابەتێک لە ناوەڕاست و یەکێک لە کۆتاییەکەی و هتد، بۆ نموونە دەبێت سەیری ناونیشانەکەی بکەیت، پاشان پشتەکەی بخوێنیتەوە، دواتر پێڕستەکەی و ئینجا پێشەکییەکەی و....هتد.

بەهەمان شێوە ئەگەر بتەوێت هەرشتێک یان کەسێک یان دەزگایەک هەڵسەنگێنیت پێویستیت بە میتۆدێک و کۆمەڵێک پێوەری زانستی دەبێت بۆئەوەی بڕیارەکانت زانستی بن و نەکەونە ژێر کاریگەری سۆزداری، یان نەزانی و دەرئەنجامیش بڕیاری هەڵە.

بە نیسبەت مێژووی ئیسلامیشەوە پێویستمان

بەبوونی میتۆدێکی زانستی و واقیعی بۆ خوێندنەوەی و هەڵسەنگاندنی زۆر پێویستترە لەبەر گرنگییەکەی و پەیوەندی ئەو مێژووە بە عەقیدە و ژیانی ڕۆژانەی مسوڵمانانەوە.

مسوڵمانان تائێستاش بە شێوەیەک لەسەر خەلیفەکان و شیاوێتییان بۆ حوکمڕانی دەدوێن وەک ئەوەی هێشتا دەسەلاتیان نەگرتبێتە دەست و فەرمانڕەواییان نەکردبێت و خەڵکی نەزانن توانا و لێهاتوویان چەندە. هەر لەبەرئەوەشە کاتێک چاودێران گفتوگۆ و ناکۆکی نێوان مسوڵمانان دەبینن لە سەر شیاوێتی و لەبەرتری ئەبوبەکر یان عەلی بۆ حوکمڕانی سەریان سوڕدەمێنێت کاتێک دەزانن باسی دوو کەس دەکەن زیاد لە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر فەرمانڕەواییتیان کردووە.

تاکو ئێستا ئێمە پێوەرێکی زانستیمان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی خەلیفەکان و شتەکان تێکەڵ دەکەین، بۆ نموونە لە باسی شیاوێتی کەسێک بۆ خەلافەت باسی لایەنی زانستی شەرعی دەکەن کە پێوەرە بۆ زانای ئایینی نەک پیاوی دەوڵەت، یان باسی ئازایەتی و توانای شەڕ و سەرکەوتنەکانی دەکەن لە بەزاندنی پاڵەواناندا کە ئەمەش پێوەری سەربازییە نەک سیاسی و بۆ پاڵەوانانی شەڕە نەک بۆ پیاوانی دەوڵەت، یان باسی توانای وتاربێژی دەکەن کە پێوەرە بۆ ڕەوانبێژان و زمان زانان نەک بۆ پیاوانی دەوڵەت، لە هەموو ئەمانەش سەیرتر و نازانستیتر کە بەتەواوی بەڵگەیە لەسەر سادەیی ئەو عەقڵییەتە ئەوەیە کاتێک باسی شیاوی خەلیفەکان دەکەن بەتایبەت خەلیفە ڕاشیدەکان و بە تایبەت تر لە بەراوردکردن لە نێوان ئەبوبەکر و عەلیدا کە فەرمانڕەواییان کردووە ئەو کارانەی کردوویانن تۆمارکراوە دەچن لە ڕوانگەی ئەو فەرمودانەوە هەڵیان دەسەنگێنن کە باسی پلەوپایەی ئاینییان دەکات نەک لە ڕوانگەی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیانهێناوە و ئەو ئامانجانەی پێکاویانە کە ئەمڕۆ لە جیهانی سیاسەتدا ڕەچاو دەکرێن. یان تەنها لە ڕوانگەی هەڵوێست لە ئۆپۆزسیۆن بێ ئاوڕدانەوە لە سروشتی ئەو ئۆپۆزسیۆنە وەک ئەوەی بۆ هەڵسەنگاندنی سەردەمی ئومەوی دەکرێت.

ـ یەکێکی تر لە کەموکورتییەکانی خوێندنەوەی مسوڵمانان بۆ مێژووەکەیان ئەوەیە کە بە زۆری خوێندنەوەیەکی گێڕانەوەیە نەک شیکارییانە، ئەمەش وای کردووە نەتوانن گێڕانەوە نالۆژیکییەکان و ناڕاستەکان بەباشی لە یەک جیابکەنەوە و لە ڕووی لۆژیکەوە ئەو مێژووە هەڵسەنگێنن، هەوڵیش نادەن بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو واقیعەی شتەکانی تێدا ڕوویداوە، یان خۆیان بەرنەوە بۆ ئەو سەردەمە و خۆیان بکەنە کارەکتەری ڕووداوەکان و لەویوە خوێندنەوە بۆ ئەو مێژووە و کەسایەتییەکان بکەن، بۆ نموونە لە ناکۆکی نێوان عەلی و موعاویەدا کەسێک هەوڵی نەداوە خۆی بەرێتە شوێنی موعاوییە و بزانێت چۆن ڕەفتار ئەکات.

تاکو ئێستا زۆرێک لە مسوڵمانانی ئەهلی سوننە قەناعەتیان وایە باسی ئەو ناکۆکیانە نەکەین کە لە نێوان هاوەڵاندا ڕوویداوە، ئەمە لەکاتێکدا ڕاست دەبوو کە جڵەوی شتەکان بەدەستی ئەوان بووایە، بەڵام کە شتەکە لە دەستی ئەوان دەرچووە و هەموو لایەنەکانی تر لە شوێنکەوتەی ئاین و مەزهەب و ڕێبازەکانی تر لەسەر ئەو بابەتە دەنووسن پێویستە شارەزایانی بواری فیکرو مێژووی ئیسلامیش لەسەر ئەو شتانە بنووسن، بەڵام نووسینێکی شیکارییانە نەک تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکان یا بە پشتبەستنیش بێت بە میتۆدێکی زانستییانەتر لە جیاکردنەوەی گێڕانەوە ڕاستەکان

لە هەڵبەستراوەکان. هەندێک جاریش لە بەر هاوسۆزییان لەگەڵ لایەنێکدا ناوێرن هەڵسەنگاندن بۆ هەندێک ڕووداو بکەن وەک ڕووداوی کەربەلا و شەهیدکردنی حوسەین (ڕەزای خوای لێبێت).

ئەمە بە نیسبەت خوێندنەوەی مسوڵمانان بۆ مێژووەکەیان، بە نیسبەت غەیرە مسوڵمانانیشەوە یان نەیارانی ئیسلام و تەنانەت ئەوانەش کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیری ڕۆژئاواییەوە هەڵەکەیان لەوەدایە کە بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ و بەپێی ئەمڕۆ خوێندنەوە بۆ مێژووی مسوڵمانان دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن، وەک پێوانی ئەو سەردەمانە بە پێوەرەکانی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و.... هتد.

ئێمە لێرەدا کۆمەڵێک پێوەر دادەنێین لەو باوەڕەدام ئەگەر ڕەچاو بکرێن لە خوێندنەوەی مێژووی سەردەمە جیاوازەکانی مسوڵمانان و هەڵسەنگاندنیان زۆر نزیک دەبینەوە لە ڕاستی و ستەم لە هیچ کەس و سەردەمێک ناکەین، پێوەرەکانیش بەکورتی ئەمانەن بێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی:

١. جێگیری سیاسی و ئاسایش لە وڵاتدا و نەبوونی شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی(الاستقرار السياسی والامنی).

٢. گەشەکردنی ئابووریی و جێگیری باری ئابووریی هاووڵاتییان و کەمی ڕێژەی بێکاری... هتد (الازدهار والاستقرار الاقتصادی).

٣. دابینکردنی مافەکانی هاوڵاتییان لەو چوارچێوەیەی زیان بە ئاسایشی وڵات نەگەیەنێت لە ئازادی ڕادەربڕین و ئیشکردن و نیشتەجێبوون و مومارەسەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان ...هتد.

٤. گەشەسەندنی لایەنی زانستی و بایەخدان بە زانست و ئەهلی زانست.

٥. گەشەسەندنی باری شارستانی لە ئاوەدانکردنەوەی شار و لادێکان و تەختکردنی ڕێگاوبانەکان و بوونی خزمەتگوزارییەکان... هتد.

٦. بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەرز بۆ وڵات لە ناو وڵاتاندا بە ڕادەیەک کە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە لە دەرەوە ڕێزلێگیراوبن و دەستدرێژییان نەکرێتە سەرو مافەکانیان زەوت و پێشێل نەکرێت.

٧. هەڵوێست لە نەیارەکان و توانای چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایییەکان... هتد.

٨. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکرن و دادوەری لە یەکتر.

ئەم پێوەرانە بە ڕای من ئەگەر ڕەچاوبکرێن لە هەڵسەنگاندنی هەر دەسەڵات و دەسەڵاتدارێکدا ئەنجامەکەی زۆر نزیک ئەبێت لە حەقیقەتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو لەبەر ڕۆشنایی یەک دوو پێوەر هەڵسەنگاندن بکرێت ئەنجامەکەی زۆر دوور دەبێت لە واقیعەوە، بۆ نموونە زۆر کەس موعاوییەی کوڕی ئەبی سوفیان تەنها لە ڕوانگەی دوو شتەوە دەپێون: یەکەم هەڵوێستی بەرامبەر عەلی، دووەم گواستنەوەی خەلافەت بۆ کوڕەکەی لە دوای خۆی بەبێ ئاوڕدانەوە لە بیست ساڵی ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی کە تێیدا دەوڵەتێکی بەرفراوانی بە سیاسەتێکی نەرم و حەکیمانە بەڕێوە دەبرد و لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەی سەندبوو، جێگیری سیاسییەکەی بە ڕادەیەک بوو کە بەدرێژایی ئەو بیست ساڵە تەنها چواردە کەس لە هاوڵاتییانی ئەو مەملەکەتە بەرفراوانە کوژراون بەدەستی دەوڵەت. دەربارەی هێز و پێگەی وڵاتەکەشی لە چاو دەوروبەریان ئەوە هەر باس ناکرێت، بەنیسبەت باری ئابوریی و زانستی و شارستانێتییەوە لەوپەڕی گەشەسەندندا

بوو. لە هەموو شتێکیش سەیرتر ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری مسوڵمانان ئەگەر نەڵێم هەموویان لەو ناکۆکییەی لە نێوان ئەبوزەری غەفاری و موعاوییەدا ڕوویدا پشتیوانی لە ئەبوزەر ئەکەن لەکاتێکدا ئەگەر بە بیرکردنەوەی ئەو کابکرایە بووایە دەبوو دارێک لەسەر بەردێک دانەنرایە و مسوڵمانان یەک تەلاریان دروست نەکردایە. ئەم پشتگیرییەش لە ئەبوزەر هەمووی لەبەرئەوەیە کە یەکێکە لەو کەسانەی زووتر لە موعاوییە مسوڵمان ببوو ئیتر بێگوێدانە خوێندنەوەی کەسایەتی ئەو هاوەڵە و شیکردنەوەی ئەو فەرموودەیەی کە دەربارەی وتراوە کە دەڵێت ئەبوزەر بە تەنیا دەژی و بەتەنیا دەمرێت و بە تەنها زیندوو دەکرێتەوە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسێکی شارستانی و مەدەنی نەبووە و لەبەر زوهد و خواپەرستییەکەی دژی ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی بووە.

بە هەمان شێوە ئەگەر بێتو لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێوەرانە هەموو سەردەمی ئومەوی هەڵسەنگێنین ئەگەر پلەی نایاب و زۆر باشەی پێنەدرێت ئەوە بە دڵنیاییەوە پلەی باشە وەردەگرێت سەردەمی یەزید نەبێت کە ئەویش تەنها لە ڕوانگەی هەڵوێستی لە نەیارە سیاسییەکانییەوە هەڵدەسەنگێنرێت نەک سەرجەم کارەکانی. بەڵێ شەهیدکردنی حوسەین تاوانێکی گەورە بوو، بەڵام چەند گوناهەکەی لە ئەستۆی یەزیددایە ئەوەندە و زیاتریش لە ئەستۆی ئەهلی کوفەدایە کە بانگیان کرد و دواتریش پشتیان تێکرد و ڕادەستی دوژمنیان کرد .

**حوسەین خۆشی پشکێک لە بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە سەر لەبەر سێ هۆ:**

یەکەم: لەبەرئەوەی هێشتا یەزید فریانەکەوتبوو سەری خۆی بخورێنێت لێی هەستان و شۆڕشیان لێکرد، بێئەوەی بۆیان دەرکەوێت شیاوە یان نا، ئەو هێشتا هیچکی لێوە دەرنەکەوتبوو، چونکە موعاوییە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٦٠ک) کۆچی دوایی کرد کە دەکاتە مانگی ئەیلول، حوسەین لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی شەست و یەک شەهید کرا، واتە دوای چوار مانگ کە دوو مانگی بەلایەنی کەمەوە لە ڕێگادا بووە، واتە یەزید هێشتا دوو مانگ نەدەبوو حوکمی گرتبووە دەست ئەمان دژی وەستان، شۆڕشیان لێکرد بەبیانووی ئەوەی کە شیاو نییە، ئەویش لەسەر بنەمایەکی ئایینی نەک سیاسی، کوێرا زانیتان شیاو نییە؟ کەسێک لە ماڵی موعاوییە و لە بەردەستی موعاوییەدا پەروەردە بووبێت و پێگەیشتبێت پێی دەوترێت شیاو نییە! لەڕاستیشدا ئەوە شۆڕشی حوسەین نەبوو، بەڵکو یاخیبوونی ئەهلی کوفە بوو ئەو بۆشاییە سیاسییەیان قۆستەوە کە بە مردنی موعاوییە ڕوویدا و ویستیان پایەتەختی خەلافەت بگوازنەوە بۆ کوفەو بە دوای سومبولێکدا دەگەڕان کە حوسەینیش بۆ ئەوان لە هەموو کەسێ باشتر بوو.

دووەم: زۆرێک لە هاوەڵە دڵسۆز و بە ئەزموونەکان ئامۆژگارییان کرد نەچێت بۆ کوفە، یەکەم لەبەرئەوەی کوفە شوێنێکی گونجاو نەبوو، دووەمیش لەبەرئەوەی خەڵکی کوفە پێشینەیەکی باشیان نەبوو بەرامبەر بە باوکی و حەسەنی برای، ئەو بە گوێی نەکردن و هەر ڕۆیشت. سێیەم لەبەرئەوەی پلانەکەی بەباشی دانەڕشتبوو، بەڵکو هەروا بەبێ ئامادەکارییەکی ئەوتۆ بۆ ئەو ئیشە گەورەیە بە گوێی ئەهلی کوفەی کرد و دوایان کەوت، لەکاتێکدا کە هەڵبژاردەی باشتر هەبوو لەبەدەستیدا کە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی ئامۆزای باوکی پێشنیاری بۆ کرد، لەوانە: یەکەم: بچێت بۆ یەمەن نەک عێراق لەبەرئەوەی دوورترە و ئەرزەکەی سەختترە و خەڵکەکەشی هەوادارینی. دووەم: با خەڵکی کوفە والی کوفە دەرکەن و خۆیان دەسەڵاتەکەی بگرنەدەست. سێیەم ماڵ و منداڵ لەگەڵ خۆی نەبات(١).

سەردەمی عەبباسییەکان و هەروەها عوسمانییەکانیش ئەگەر بخەینە ژێر ئەو پێوەرانە ئەوا بە دڵنیاییەوە لە تاقیکردنەوە دەردەچن با پلەی نایاب و زۆر باشە یان باشە بەدەست نەهێنن، بەڵام هیچ نەبێت پلەی پەسەند یان ناوەند بەدەست دێنن. ئەگەر لە خاڵێک بکەون یان نمرەی تەواو نەهێنن لە خاڵەکانی تردا دەردەچن، بەڵام ئەگەر بێیتو تەنها لە روانگەی یەک خاڵەوە هەڵیان سەنگێنیت و ئەویش ئەو خاڵەی کە تێیدا کەوتوون ئەوە بە دڵنیاییەوە حوکمەکەت نادادوەرانە دەردەچێت و حەقی خۆیان نادەیتێ. ئێمە دەبێت تێکرا (موحەصصیلە) ی حوکمەکەیان سەیر بکەین نەک خاڵ و دوو خاڵ یا لایەن و دوو لایەن.

ئەگەر بەهەمان میتۆد سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان هەڵسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی شۆڕشیان دژی کرد زۆر ناحەقییان کرد و زۆر هەڵە بوون و ئەگەری بوونی دەستێک لە پشتییەوە زۆر زەق دەبێتەوە. لە سەردەمی عوسماندا باری ئابووری وڵات زۆر بەهێز بوو، ژیان و بژێوی خەڵکی زۆر لە هی سەردەمی عومەر زیاتر بوو، ئازادییەکان زۆر لە سەردەمی عومەر زیاتر بوون، دەوڵەت زۆر بەرفراوانتر بووو، ببووە ئیمپراتۆرییەت و پێگەی مسوڵمانان زۆر گەورەتر ببوو لە جیهاندا، خزمەتگوزارییەکان زۆر زیادیان کردبوو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوفە و بەسرە و میسر لە دژی هەستان، ئەگەر تەماشای رەخنەکانیان و داواکارییەکانیان بکەیت سەرت سوردەمێنێ لە ئاستی بیرکردنەوەی ئەو خەڵکە، خۆ ئەگەر ئەو رەخنە و داواکارییانە ئەمڕۆ بخرێنە بەرچاوی خەڵکانی پسپۆڕ و چاودێرانی سیاسی گاڵتە و سەیریان لێدێت ئەو رەخنانە ببنە مایەی شۆڕش و راپەرین.

**لە کەموکورتییەکانی خوێندنەوەی مسوڵمانان بۆ مێژووەکەیان ئەوەیە کە بە زۆری خوێندنەوەیەکی گێڕانەوەیە نەك شیکارییانە.**

**لەو رەخنانە:**

١. تۆ خزمانی خۆتت کردۆتە والی لەکاتێکدا لە کۆی ١٨ والی تەنها پێنجیان خزمی خۆی بوون، خزمایەتی چۆنیش؟ یەکێکیان برای شیری بوو، ئەوانی تریش خزمی پلە دوو پلە سێ بوون و هەمووشیان کەسی شیاوبوون، ئەوەشیان لێهاتوو نەبوبێ یان گوناهی کردبێت یان خەڵکی گلەییان لێی هەبووبێت لای بردوون و سزاشی داون وەک ئەوەی لەگەڵ وەلیدی کوڕی عوقبەدا کردی کاتێک خەڵکی کوفە سکاڵایان لە دەستی کرد.

٢. خەلیفە سامانێکی زۆری داوەتە خزمانی لە (بیت المال) بێئەوەی بەڵگەیەکی بەرجەستەیان هەبێت یان ئەو کاریگەرییەی لەسەر بژێوی خەڵکی هەبووبێت، شایانی باسە عوسمان یەکێک بوو لە هەرە دەوڵەمەندەکانی مەدینە و دواتریش خۆی روونکردنەوەیدا لەسەر ئەوەی کە ئەوەی داویەتی بە خزمانی خۆی لە سەروەت و سامانی خۆی بووە نەک (بیت المال).

٣. یەکێک لەو رەخنانەی کە خۆی لە خۆیدا لە شاکارەکانی عوسمان ئەژمار دەکرێت کۆکردنەوەی قورئان بوو.

٤. یەکێکی تر لە رەخنەکان گوایە عەمماری

## نەیارانی ئیسلام هەڵەکەیان لەوەدایە کە بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ و بەپێی ئەمڕۆ خوێندنەوە بۆ مێژووی مسوڵمانان دەکەن.

کوڕی یاسری دارکاریکردووە وەک ئەوەی خەلیفە بۆی نەبێت کەسێک لە رەعییەکەی تەمێ بکات، یان دوورخستنەوەی ئەبو زەر بۆ رەبەدە.

٥. نەکوشتنەوەی عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر کە هورموزانی لە تۆڵەی باوکیدا کوشت.

٦. دەرکردنی ئەبو دەردا لە شام و گێڕانەوەی بۆ مەدینە دوای ئەوەی لەگەڵ موعاوییە بوو بە ناکۆکییان لەسەر توندی ئەبو دەردا لەسەر ئەهلی شام و رێگریکردنی موعاوییە لێی.

٧. عوسمان رووبەری ئەو ناوچەیەی زیادکرد کە بۆ حوشتر و مەڕومالاَتی سەدەقەی تێدا دەلەوەڕێنرا (زاد فی الحمى)(٢).

٨. نوێژی لە سەفەردا کورت نەکردەوە، بڕوانە بۆ ئەم تۆمەتە!

لەوەش سەیرتر : عوسمان لە شەڕی حونەین و ئوحوددا هەڵهات و لە بەدریشدا بەشداری نەکردووە و لە بەیعەی ریزوان کە لە حودەیبییە ئەنجامدرا ئامادە نەبوو. شایانی باسە عوسمان پێغەمبەر بە نوێنەر ناردبووی بۆ مەککە!

٩. بانگی یەکەمی زیادکردووە لە نوێژی هەینی!

١٠. لە هەموو رەخنەکان سەیرتر ئەوەبوو کە دەیانگووت لەکاتی وتار خوێندندا پلیکانەیەک سەرکەوتووە بەسەر شوێنی پێغەمبەردا، لەکاتێکدا کە ئەبوبەکر پلیکانەیەک و عومەر دوو پلیکانە هاتوونەتە خوارەوە(٣).

ئەمانە کۆی ئەو تۆمەتانە بوون کە ئاراستەی عوسمان کران، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ بکرێتە بیانوو لەسەر شۆڕش دژ بە دەسەڵاتداران هیچ وڵاتێک بۆ رۆژێکیش ئارامی بە خۆیەوە نابینێت. شایانی باسە ئەو رەخنانە لەلایەن کەسانێکەوە گیراون نە لە هاوەڵان بوون و نە لە خەڵکی مەککە و مەدینە بوون کە زیاتر شارەزای خەلیفە بوون و دەیانناسی و زۆرێک لەو شتانەی بە بەرچاوی ئەوانەوە کردبوو لە زۆربەشیاندا پشتیوانی بوون. ئەم رەخنانەش لەو رەخانە دەچن کە خەواریجەکان لە عەلییان دەگرت گوایە لە حوکمی خوا لایداوە بە قبوڵکردنی دادوەری چەند کەسێک لە نێوان خۆی و موعاوییەدا و بەڵگەیان بە ئایەتی (ان الحکم الالله) ئەهێنایەوە وەک ئەوەی ئەوان لە عەلی شارەزاترین لە قورئان یان پابەندترین بە ئاینەوە.

من لێرەدا بواری پووچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتانەم نییە، چونکە زۆری دەوێت و پابەندین بەو چوارچێوەیەی گۆڤارەکە بۆی داناوین، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەوەی لە سەردەمی عوسماندا روویدا زۆر دەشوبهێتە ئەوەی لە ١٧ی شوباتدا لە کوردستان روویدا دژ بە کابینەکەی د.بەرهەم، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو سەردەمە باشترین سەردەمی کوردستان بوو لە دوای راپەڕینەوە، بژێوی خەڵکی گەیشتبووە چڵەپۆپە و خزمەتگوزارییەکان لە هەموو کاتێک باشتر بوون و کۆمەڵێکی زۆر پڕۆژە دەستپێکرابوو کە هەمووی لە بەرژەوەندی خەڵکدا بوو، وەک زیادکردنی پێشینەی خانووبەرە و ناردنی خوێندکارێکی زۆر بۆ دەرەوە بۆ خوێندن بێئاوڕدانەوە لە ئینتیمای حزبییان کە ئەوە یەکەم جار بوو لە کوردستاندا بەوشێوەیە پیادە بکرێت،

زیادکردنی موچەی کەمئەندامان و کەمکردنەوەی بودجەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای موزایەدەی حزبی یان کڕینی دەنگ یان هەندێک چینی کۆمەڵگە بنیاتنرابوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕینێکی گەورە دژی ئەو کابینەیە ڕوویدا بەبێ هیچ بیانوویەک چاولێکەری نەبێت یان هاندانی ژێراوژێری هەندێک لایەن.

ئەوەی لە کوردستاندا ڕوویدا دژ بە کابینەکەی د.بەرهەم لە گەڵ نەبوونی هیچ کەموکورتییەک بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەرج نییە هەرچی شۆڕش و ڕاپەڕین هەیە ڕەوا بێت و لەسەر حەق بێت، بەڵکو زۆرجار شوێنکەوتنی شەپۆل چاولێکەرییە. ئەمە ڕێک دەشوبهێتە ئەوەی لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا ڕوویدا لەگەڵ یەک جیاوازی سەرەکیدا ئەویش ئەوەیە کە سەردەمی پێش عوسمان لە سەردەمی عوسمان خراپتر نەبوو، بەڵام سەردەمی پێش د.بەرهەم لە سەردەمی بەرهەم باشتر نەبوو.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١. تاريخ الطبري مجلد ٤ ص٥٨٦ _ ٥٨٩ / مؤسسة الاعلمي للمطبوعات تحقيق عبد الله علي مهنا.

٢ . حمی (حیما) شوێنێکە پەرژینی لێدەدرێت ئیتر کەس نییە مەڕومالاتی خۆی تێدا بلەوەڕێنێ ئەو کەسە نەبێت کە پەرژینەکەی لێداوە، لە پێش ئیسلامدا دەسەلاتدارەکان وایان دەکرد، بەڵام لە ئیسلامدا ئەوە قەدەغەکراو تەنها مافی دەوڵەت بوو بیکات. بڕوانە کتێبی: فتنة مقتل عثمان بن عفان ج١ ص ٧٠ الدكتور محمد بن عبد الله الغبان/ مكتبة العبيكان.

٣ـ سەرچاوەی پێشوو ج١ ص ٥٥-١٣٣.





# فەلسەفەی مێژوو

## خوێندنەوەی کتێب

**ڕانان : حەسەن مەحمود حەمەکەریم**



(فەلسەفەی مێژوو) کتێبێکی قەبارە مامناوەندییە، لە ئامادەکردنی (ڕەحیم سابیر)، لە دووتوێی (٢١٠) لاپەڕەدایە، چ١، سلێمانی، ٢٠١١، ژمارە سپاردنی ٨٦ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.

نووسەر پێشتر کتێبێکی تری بڵاوکردووەتەوە بەناوی (کوردۆلۆژی)، کە لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆجیە لەمەڕ کۆمەڵگای کوردی.. نوسەر لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا دەڵێت: (مێژوو ڕۆڵی کاریگەری بینی بۆ بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی .. ئەو گەلانەی لە مێژوو گەیشتون و بەهای مێژوویان زانی بوونە خاوەن مێژوو، ئەوانەش بایەخیان بە مێژوو نەداو نرخیان نەزانی بێبەش بوون لە مێژوو، ئەمەش وای لە زانایان و فەیلەسوفانی مێژوو کردووە کە پێناسەیەک بۆ مێژوو و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر مەسەلەکانی مێژوو بکەن) پاشان نوسەر کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێ، مێژوو چییە؟ کێ مێژوو دروست دەکات؟ مێژوو سەرەتا و کۆتایی هەیە؟ مێژوو ڕاوەستاوە یان بەرەو پێشەوە دەچێت؟ ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟ چۆن و کەی؟ جیاوازی مێژوو لەگەڵ زانست چییە؟ (ل٣)

بۆ ئەو وەڵامانە و بۆئەوەی خوێنەری کورد بێبەش نەبێت لە فەلسەفەی ئەو زانستە، نوسەر ئەم ئەرکەی خستووەتە بەردیدی خوێنەران، نوسەر کتێبەکەی بەش بەش کردووە، بەڵکو هەر باسەی بە سەرە دێرێک جیاکردۆتەوە، هەتا ئاستێک رێکوپێکی لە دابەشکردنەکەدا هەیە، پاشان (دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی مێژوو) دەکاتەوە، تیایدا دەڵێت:(فەلسەفە زانست و لێکۆڵینەوەی یاساکانە)، پاشان باس لەوە دەکات کە (ڤۆڵتێر یەکەم کەس بووە کە وشەی فەلسەفەی مێژووی بەکارهێناوە)، پێشتر لای ئەغریقییەکانیش شتێکی وا هەبووە، هەوڵی راڤەکردنی رووداوە مێژووییەکانیان داوە، بەڵام ئیبن خەلدون بە یەکەم دامەزرێنەری قوتابخانەی فەلسەفەی مێژوو دادەنرێت، پاشتر (ڤۆڵتێر و هیردەر و کۆندۆرسیە و منتسکیۆ) هزری هۆدۆزیان هێنایە ئاراوە(ل٧)، پاشان باس لەوە دەکات کە فەلسەفەی مێژوو راڤەکردنی رووداوە مێژووییەکان بۆ دوو بابەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١ـ کۆ ووتەی گشتی. ٢ـ هۆکار یان هۆدۆزی، بە کورتەیەک باسی گرنگی هەردووکیان دەکات.

نووسەر لە (ل١٤)ەوە دەچێتە سەر (فەلسەفەی مێژوو) و دەڵێت: (ئایا فەلسەفەی مێژوو لە بابەتەکانی زانستی دا پۆلێن دەکرێت؟ ئایا مێژوونووسان دانیپێدا دەنێن؟، دەڵێت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی وا لە لێکۆڵەر دەکات کە لە دەریایەک لە رووداو و راستییەکاندا بخنکێت، لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەر واخۆی گرێ دەدات بە رابردووەوە هەتا وای لێدێت وەک دیکارت دەڵێت: ئەوەندە گرێی پەیوەندی دەبێت کە لە ئێستادا نامۆ دەبێت، هەتا کۆتایی دێت بەوەی کە نامۆش بێت لە نیشتیمانەکەی، سەرەڕای ئەوانەش مێژوو مرۆڤ وا لێدەکات کە ئازاری رابردوو بچێژێت، بەڵام حاڵەتی ئەفراندن لە هزری مرۆڤدا لەو رابردوانە وەردەگرێت (ل١٤). فەلسەفەی مێژوو ئەپستمۆلۆژی مێژوویی چارەسەر دەکات، ئەویش بەوەی کە رووداوە مێژووییە یەک لەدوای یەکەکان و ئەوانەشی کە دێن مانا و ئامانجێکیان پێدەدات، فەلسەفەی مێژوو کەمتەرخەمییەکانی فەلسەفە پردەکاتەوە، فەلسەفە تووشی دڵەڕاوکێ بووە، سەرچاوەکەشی هەڵپەی فەیلەسوفە بۆ گەیشتن بە راستی، بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات بۆ گەیشتن بەو راستییە، نووسەر دەڵێت: فەلسەفە مێژوو لە واقیع وەردەگرێت، سەرەڕای ئەوەی کە دژایەتیەک لە نێوان فەلسەفە و مێژوونووساندا هەیە، شارستانێتی ئیسلامیش کە قۆناغی لەناوچونی هاتە بەردەم، یەکسەر ئیبن خەلدونی خستە هەڵپە بۆ دانانی یەکەم تیز لە فەلسەفەی مێژوودا، پاشان نووسەر چەند خاڵێک روون دەکاتەوە: ١ـ پەیڕەوی زانست. ٢ـ ئامانجی زانست. ٣ـ سەربەخۆیی زانست لە دین (ل١٦)، پاشان نوسەر دەچێتە سەر (پرۆژەی لێکۆڵینەوەی مێژوو لای هیگڵ) (ل٢٣) و دەڵێت: هیگڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو پرۆژەیەکی داناو بە سێ رێگادا دیاریان دەکات: ١ـ مێژووی سەرچاوە. ٢ـ مێژووی تیۆری. ٣ـ مێژووی فەلسەفە. بەدرێژی هەرسێکیان روون دەکاتەوە..

پاشتر نوسەر دەچێتە سەر (سروشتی مێژوو) (ل٤٤)و دەڵێت: سروشتی مێژوو لە کارپێکردنیدا فەرهەنگیکە و دوو بەشی جیاواز دەگەیەنێت، لە هەندێ کاتدا ئەو کارانە دەگرێتەوە کە ئەنجامدراوە و مرۆڤ پێی هەستاوە هەر لە کۆنەوە، هەندێ جاریش ئەو کارانە دەگرێتەوە کە رویداوە و پاشان کۆکراوەتەوە .. لەدایکبوونی مێژوو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە توانای مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە لە رابردوو، هەستکردنی بە هونەری جوانی، هێنانەوەی بۆ سەردەمی خۆی لە چوار چێوەیەکی جواندا .. پاشان باسی (مێژووی نووسینی مێژوو) دەکات(ل٤٦)، شۆتۆڵ لە نووسینی مێژووی مێژوودا دەڵێت: هەتا سەردەمانێکی نزیک مێژوو، مێژوونووسی کەم بوو، هەموو شتێکی

پێش خۆی لە ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و زانست دەنوسرا، تا ئەم سالانەی دوایی بێجگە لەو دانراوە کەمانەی کە بایەخیان کەم بوو چیرۆکی مێژوو نەنوسرابوو، شوتۆل بۆ گاڵتە دەڵێت: (کلیۆ) داهێنەری مێژوو خۆی خەریک کردبوو بە نووسینی ڕابردووی ئەوانی تر، خۆی بەنووسینی مێژووەوە خەریک نەدەکرد، کەسیش پرسیاری لە ڕابردووی خۆی لێ نەدەکرد، کە نووسین دۆزرایەوە ئەو هونەرە بووە دیکۆمێنت و هەڵگیراو پارێزرا ..

پاشان نوسەر دەچێتە سەر مێژووی گەلەکان کە چۆن مێژوویان نووسیوەتەوە، باسی نووسینەوەی مێژوو دەکات لای (چینییەکان)، (یابانییەکان)، (هیندییەکان)، (جولەکە)، (یۆنانیەکان) و (ڕۆمانیەکان)، پاشان دەچێتە سەر مێژوو (لە سەرەتای سەدەی مەسیحی) و (مێژوو لە سەدەی ناوەڕاستدا) و (مێژوو لە سەردەمی ئیسلامدا)، زۆر بە جوانی و ڕێکوپێک هەموویان باس دەکات، بەڵام بە داخەوە یەک دێڕ باسی نووسینەوەی مێژوو لای کورد ناکات! پاش ئەو سەربوردە دەچێتە سەر (ئیبن خەلدون و فەلسەفەی مێژوو)(ل ٨٠)، لێکدانەوەیەکی فراوانی بۆ داناوە و دەڵێت: ئیبن خەلدون مێژوونووس و توێژەرەوە و فەیلەسوف و زانای سەردەمی خۆی بووە، بەشێوەیەکی دی سەیری ڕووداوەکانی کردووە، سەیری باری ناوەوە و باری دەرەوەی کردووە و لێی کۆڵیوەتەوە، مێژوو لای ئیبن خەلدون: (سەیرکردن و پشکنین و هۆ و زانینە، بۆچوونەکان و بویەر و هۆکارەکانە، سەرەڕای ئەوەش هونەرێکە کە نەوە بۆ نەوەی دەگوێزێتەوە)، دەڵێت (مێژوو هونەرێکە لە هونەرەکان کە نەتەوەکان و نەوەکان بەشداری تێدادەکەن)، ئیبن خەلدون تەنها دەنگوباسی نەدەگوێزایەوە، بەڵکو شیکەرەوە و ڕەخنەگرێکی وردبین بوو.

پاشان نوسەر لە (ل٩٥)دا دێتە سەر باسی (فەلسەفەی مێژوو لای هیگل ) و دەڵێت: فەلسەفەی هیگڵ وەک فەلسەفەی شیلنگ وایە، فەلسەفەیەکی ئایدیالیستییە، هیگڵ وای دەبینی کە هزر بنچینەی سەرەکییە بۆ دروستبوونی هەموو بونێک، بەڵکو ڕۆحیەتی ماددەش خۆی شێوازێکە لە شێوازەکانی بوون و هزر، هیگڵ وای دەبینی کە مێژوو تەنها هەر ئەوەیە کە ئەو بیرە گەردونیە دەکاتەوە لە زەماندا. پاشان لە (ل٩٨)دا (فەلسەفەی مێژوو لای سان سیمۆن) باس دەکات، پاشتر (فەلسەفە لای برتاند رسل) و (فەلسەفە لای مارکس و ئەنگلس) دەهێنێتەوە، لە (ل١٠٢) دا باسێکی تێرو تەسەل لە سەر (ڕای سۆشیال یۆتۆپییەکان بەرامبەر مێژوو) ڕوون دەکاتەوە، پاشتر ڕای (ڕۆشنگەرانیش بەرامبەر مێژوو) ڕوون دەکاتەوە، پاشتر بە وردی (ڕاڤەکردنی جوگرافیایی بۆ مێژوو) و (ڕاڤەکردنی ڕۆحی بۆ مێژوو) و (ڕاڤەکردنی مەتریالیزمیانە بۆ مێژوو) پاشان دەچێتە سەر (ڕاڤەکردنی سوڕی ـ الدوری ـ بۆ مێژوو) و (ڕاڤەکردنی هونەری بۆ مێژوو) و (پێکهاتەی مێژوو) و بە درێژی شیدەکاتەوە .. پاشان لە (ل١٦٠) وە دێتە سەر (خولەکانی مێژوو)، دەیکات بە چوار بەشەوە و، هەر لە پێش مێژووەوە پێیا دێت هەتا دەگاتە مێژووی نوێ .. پاشان دێتە سەر (قۆناغەکانی بیری مرۆڤایەتی)، دەیکات بە سێ قۆناغەوە: (لاهوتی) و (میتافیزیکی) و (وەزعی)، لێرەدا زۆر جوان ڕای مارکس دەهێنێتەوە کە دەڵێت: (دابەشبوونی بیرۆکەی مرۆڤایەتی بە دوو قۆناغدا تێپەڕ دەبێت: ١ـ قۆناغی یۆتۆپیا، ٢ـ قۆناغی زانستی)، کە لەگەڵ لە دایکبوونی فەلسەفەی مارکسیدا دەستپێدەکات..

لە (ل١٦٤)وە دەچێتە سەر بابەتی (ناکۆکییەکانی سەردەمی زێڕین) واتە: پێشهاتەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆی ناوخۆیی و دەرەکیدا هاتە گۆڕێ، بەتەواوی پێچەوانەی بیروڕاو باوی کۆمەڵی کۆن و پەیوەندییە دەرەبەگییەکان بوو، باس لەوە دەکات کە چۆن زانایان کەوتنە خۆو

شێوازی نوێی جۆر بەجۆریان دۆزییەوە، تا بەهۆیەوە بەربەرەکانێی سستەمی کۆن و دەرەبەگایەتی پێبکەن، زۆر ڕێگایان گرتەبەر، کە یەکێکیان مێژوو بوو، کە بەکاردەهێنرا دژی بیری کۆن .. لە (ل١٧٤)ەوە نوسەر دەچێتە سەر بابەتی (ڕۆڵی تاکەکەس لە مێژوودا) دەڵێت: لە مێژوودا سەرکردە وەک تاکەکەس گەورەترین ڕۆڵی دەبینی، ناتوانرێت بێ سەرکردەیەکی هۆشیار بیر لە کۆمەڵگایەکی هۆشیاری مرۆڤایەتی بکرێتەوە، لە پاشان (کەرەستەکانی مێژوو) و (جۆرەکانی ئەفسانە) شیدەکاتەوە، لە(ل١٩٦)دا باسی (بە زانستکردنی کەرەستەکانی مێژوو یان بەکارهێنانی مێژوو وەک ئامراز) دەکات و دەڵێت: زاناکان تێکۆشاون بۆ بە زانستکردنی دوێنێی مرۆڤی کۆن لەپێناوی بەیانی و پاشەڕۆژی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا، ئەمەش جێی مەترسی بوو بۆ پیاوانی ئاینی کەنیسە..

ئەمە تەواوی باسەکانی نووسەر بوو لەم بەرهەمەیدا، دەستخۆشی لە برای نوسەر دەکەم بۆ ئەم هەوڵە پیرۆز و گرنگە، ئومێدمە بەرهەمی چاکتر و دەوڵەمەندتری لەم شێوازە بەدوادا بێت، چونکە کتێبخانەی کوردی لەم دەلاقەوە زۆر هەژارە و کەس ناوێرێت یان ناتوانێ خۆی لێبدات، پێویست بە هەوڵی دڵسۆزان دەکات ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تێبینیم لە سەر کتێبەکە نیە، چونکە هیچ کارێکی مرۆڤ نیە تەواو بێت، هەرچەند زەحمەت بکێشێت و وردەکاری بکەیت کتێب و نوسین و فکر و داهێنان هەر دەیمێنێت، پێم باشە چەند خاڵێک وەک تێبینی یان ڕەخنە یان پێشنیار بخەمە ڕوو، بەهیوای سوود بۆ چاپەکانی داهاتوو..

- نوسەری ئەم کتێبەش هەروەک ڕوانینەکانی د.کەمال مەزهەر لە کتێبی (مێژوو)ەکەیدا، تەنها یەک مەنهەج و ترازوویان بۆ شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بەکارهێناوە، د.کەمال تەنها مەنهەجی چینایەتی بینیبوو بۆ لێکدانەوەکانی و هەموو ڕووداوەکانی گەلانی لەو دەلاقە بەرتەسکەوە شیکردبوویەوە، لە گۆڤاری ڕاماندا ڕەخنە و تێبینی ورد و واقیعیانەم پێنیشانداوە، جارێکیش لەگەڵ خودی د.کەمال پێکەوە باسمان کرد و فەرموویان ڕاستە و ئێستە بۆ زۆر لە فکرە و لێکدانەوە پێشوەکانم بۆ مێژوو ڕای جیاوازترم هەیە، نوسەری ئەم کتێبەش ڕەفیق سابیر بەهەمان شێوەی ئەو لە تەنها دەلاقەیەکی ترەوە کە خۆی ڕای وایە بەرکەوتەکانی مێژووی شیکردووەتەوە، ئەم نوسەرە تەنها مەنهەجی سۆشیالیزمی بۆ لێکدانەوەکانی باسەکەی بەکارهێناوە و پشتی پێبەستووە، هەوڵیداوە نوسەری مێژوو و لێکۆڵەر هەر لەو دەلاقەوە و بەو جۆرەی ئەو ڕووداوەکان ڕاڤە بکەن و شیبکەنەوە، کە ئەوەش بۆ ئەمڕۆی دونیای جەنجاڵ بە تەسکە، چونکە ڕوداوەکانی ئەمڕۆ و پێشتریش چەند جەمسەرەو بەرژەوەندییەکان زۆر ورد و ئاڵۆزو نهێن ئامێزن، کە زۆر تەفسیری تریش هەڵدەگرن، دەبوو زانستیانەتر و گشتگیرانەتر هەڵسەنگاندن بکات، بەتایبەت لە شیکردنەوە فەلسەفیەکاندا کە زۆر ورد و قوڵ و مانای زیاتر هەڵدەگرێت.

- تێبینی یەکەمم لەسەر ئەم کتێبە ئەوەیە: زۆر لەوە دەچێ ئەمە تەرجەمەی کتێبێک بێت نوسەر ناوی نەبردووە، نکۆڵیەکی تر کە دەریدەخات ئەم کتێبە هی خۆی نیە ئەوەیە وەرگێڕانێکی حەرفی کراوە، ئەوە زۆر بە زەقی بە کتێبەکەوە دیارە، زۆر ڕەکیکە و لە مانا دەرچووە، زۆرجار ماناکان نادا بەدەستەوە، لە وەرگێڕانەکەشیدا سەرکەوتوو نەبووە، هەڵەیەکی زۆری تێدایە کە بۆ باسێکی وا زۆر نەشیاوە.

ئەوەی کە زیاتر دەریدەخات کە ئەم کتێبە وەرگێردراوە و هی خۆی نیە ئەوەیە، نوسەر باسی نوسینەوەی مێژوو لای چینی و هیندیی و جولەکە و یۆنان و ڕۆمان و مەسیحییەکان و سەدەی ناوەڕاست و سەردەمی ئیسلامی دەکات، بەڵام بە هیچ کلۆجێک

باسی نوسینەوەی مێژوو لای کورد ناکات، کە بە مەرجێ کتێبەکە کوردییە و بۆ کورد و کتێبخانەی کوردییە، یان ناوی چەندین مێژونووس دەبات لە جیهاندا وەک هیرۆدۆت و زەینەفۆن و ئیبن خەلدون و ڤۆلتێرو هیگڵ و مارکس و ئەنجلس و زۆری تر، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناوی مێژوونووسێکی کورد یان هەوڵی نوسینەوەی مێژوو لای کورد نابات، کە ئێمە مێژوونووس و هەوڵی نووسینەوەی مێژووی کوردمان لای کەسایەتی بە توانای وەک شەرەفخان و ئەمین زەکی و کەمال مەزهەر و زۆری تر هەیە، دەبوو باسی بکردایە کە هەوڵەکان چەند بوون و چۆن بوون و چەند بە ئاکام گەیشتون یان نەگەیشتوون و نکوڵییەکان چییە، باسی بکردایە، دەبوو نوسەر باسی فەلسەفەی مێژووی لای کورد بکردایە، ئەوەی ڕونبکردایەتەوە کە ئایا کورد وەک مێژووی هەیە، ئایا فەلسەفەی مێژووی بۆ پێگەیشتووە، ئەگەر نیە هۆی نەبوونی شیبکردایەتەوە...

- نووسەر هەتا (ل١٦٤) بە هیچ جۆرێک باسی سەرچاوە ناکات، دوای ئەوە سێ جار بە کۆمەڵ ڕیزە سەرچاوە دادەنێت، بێئەوەی بڵێت ئەم برگە هی ئەو نوسەر و سەرچاوەیەیە، کە ئەمەش لە ئەمڕۆدا ناجۆرە و نەگونجاوە، بەتایبەت دەبێ لە باسە فەلسەفیەکاندا زیاتر ئەکادیمیانەتر کار بکرێت و برگەکان لە شوێنی خۆیاندا بچێنرێت، ئەوە ئەمانەتی زانستییە و دەبێ پەیرەو بکرێت .. هەرچەند لە کۆتایدا ناوی (١٩) سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بە کۆمەڵ ڕیزکردووە..

- هەندێ هەڵەی لە ساڵەکاندا کردووە، لە (ل٥٩) دا دەڵێت: (مێژووی فەلسەفەی ئەوروپا لە یۆنانەوە دەستپێدەکات لە سەدەی پێنج و شەش دا)، ئەگەر وابێت واتە ساڵی ٥٠٠ــ٦٠٠ی زاینی دەگرێتەوە، دەبوو پیتی (پ.ز)ی لە پاڵ ژمارەکاندا، یان وشەی (پێش زاینی) دوای نووسینەکان بنوسیایە .. هەر لەو پەرەیەدا ساڵی ٥٥٠ی بە تەنها داناوە کە ئەویش هەر پێش زاینە، هەروەها لە (ل٦٠ــ٦١)دا باسی هیرۆدۆت دەکات و دەڵێت: (هیرۆدۆت یەکەم مێژوونووس بوو کە پەیوەندی یۆنان و ئاسیای نووسی لە سەردەمی کرۆشیۆش پادشای لیدیا ساڵی ٥٦٠ـ٥٤٦)، ئەوەش هەر هەڵەیە، چونکە هیرۆدۆت هەزار ساڵ پێش ئەو کاتە لە ژیاندا بووە، هەروەها باسی تۆکۆتیدس دەکات ساڵی ٤٥٦ـ٣٩٦، ئەوەش هەر هەڵەیە و تۆکۆتیدس هەزار ساڵێک پێش ئەو بەروارە لە ژیاندا بووە، خوێنەر وا ڕاهاتووە کە ساڵەکانی پێش زاین و دوای زاینی بۆ جیابکرێتەوە دەنا دەکەوێتە هەڵەوە.

- لە (ل٤٨)دا دەڵێت: نوسەری هیلینی میسری مانیتۆ، ئیتر باسی ساڵەکەی ناکات هەتا بزانین بەرواری دەستپێکردنی مێژوو لای ئەوان لە کەیەوە بووە، چونکە باسەکە باسی دەستپێکردنی مێژووە، ئەم کتێبە لەوجۆرە هەڵانەی زۆر تێدایە پێویست بە پیاچوونەوە دەکات.

- هەندێ بازنە بۆ برگەیەک دەکاتەوە، لە بیری نیە دایخاتەوە، خوێنەر نازانێت هەتا کوێ وتەی فلان یان فیسارە...

- کتێبەکە وشەی قورس و داتاشراوی زۆری تیایە کە نازانرێت مانای چیە، یان ناوی زۆری تیایە کە نەبیسراوە و نازانرێت کێن و لە کوێ بوون، هەرچەند فەرهەنگۆکەیەکی داناوە کە تەنها شەش وشەی تێدایە، ئەم کتێبە پێویستی بە پەراوێزێک دەکرد بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ناوانە و خوێنەر لە زۆربەی بێئاگایە؟

هیوام وایە ڕەچاوی ئەو تێبینیانە بکرێت، دەنا بەم جۆرە کتێبەکە کورت دەهێنێت و بە نوقسانی لە بەردەم خوێنەردا دەمێنێتەوە.. لەکۆتاییدا هیوای بەردەوامی و بەرهەمی نوێتر بۆ برای نوسەر دەخوازم، کە هەڵبژاردنەکانی چاکن و بەرهەمی ناوازە دێنێت کە هەموو کەس خۆی لێ نادات ..!



# مێژووی مسوڵمانان

## لە نێوان ڕاستی و شێواندندا



**د.حسەین محەمەد ساڵح**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦. ماستەر لە بەڵگەنامە و دەستنوسە مێژووییەکان ساڵی ٢٠٠٢. دکتۆرا لە مێژووی ئیسلام ساڵی ٢٠١٢. مامۆستا لە زانکۆی هەڵەبجە.

گەلی مسوڵمان خاوەنی مێژوویەکە کە بە مێژووی ئیسلام ناسراوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە مێژووی مسوڵمانانە نەک مێژووی ئیسلام، چونکە ئەگەر بڕوانینە پێناسەی مێژوو لە سادەترین پێناسەیدا ئەوەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە واتە (کات)، بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە واتە (ناسینی حاڵی گەلان و وڵاتەکانیان و خوو نەریتیان و شێوازی ژیان و مردنیان و ڕەچەڵەکیان و هەر زانیارییەکی تر لە سەریان)، کەواتە بابەتی مێژوو بریتییە لە ناسینی گەلان و کەسەکانی پێشوو لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و زانایان و پاشاکان و کاربەدەستەکان و هەرکەسێکی تر بەمەبەستی شارەزابوون و هەڵوێستە کردن لەسەر دەرەنجامەکانی هەڵسوکەوتەکانیان بۆئەوەی خاڵە بەهێزەکانیان ڕەچاوبکرێت و دوربکەوینەوە لە خاڵە لاوازەکانیان(١).

بەپێی ئەم پێناسەیە مێژووی ئیسلام بریتییە لە هەڵسوکەوتی کەسە موسوڵمانەکان نەک ئاینەکەیان و خۆشیان بەرپرسیارن لە سەری لە بەرامبەر چاک و خراپەکاندا، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا هیچ کەسێک پارێزراو(معصوم) نییە لە هەڵە جگە لە پێغەمبەری خوا (د.خ)، بۆیە دەبینین ئەبوبەکری صدیق لە یەکەم وتاریدا دوای ئەوەی هەڵبژێردراو بەیعەتی پێدرا بۆ جێنشینی پێغەمبەر(د.خ) وتارێکی داو تیایدا فەرمووی: (..... فإني قد وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني....) (٢)، واتە: (من کراوم بە سەرپەرشتیاری ئێوە، بەڵام باشترینتان نیم، ئەگەر چاکەم کرد یارمەتیم بدەن، و ئەگەر هەڵەم کرد ڕاستم بکەنەوە). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ کەسێک پارێزراو نییە و ئەگەری ئەوەی هەیە چاکە بکات و هەڵەش بکات. ئەم واتایە سەرجەم خەلیفەکانی ڕاشدین جەختیان لەسەر کردووەتەوە و دوپاتیان کردووەتەوە لە یەکەم وتاریاندا لەگەڵ دەستبەکاربونیان لە پۆستی جێنشینی.

لەگەڵ ئەوەی ئەمە تێڕوانینمانە بەرامبەر بە مێژووی مسوڵمانان و بەلامانەوە وایە ئەو مێژووە پڕیەتی لە سەروەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵە و کەم و کوڕی تیایە و نکوڵی لێناکرێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا مسوڵمانان خۆیان بەرپرسیارێتی کردەوکانیان هەڵدەگرن لە دنیا و دوارۆژیشدا. وەک خوای گەورە دەفەرموێت (....**كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ ) الطور٢١، هەروەها دەفەرمویت (وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا) مريم ٩٥.**

بەڵام لەلایەن نەیاران و ناحەزانییەوە هەر لە کۆنەوە دژایەتی کراوە و پیلانی زۆر گەورەیان لە دژی دارشتووە بۆ شێواندنی بەمەبەستی ناشیرنکردنی لە بەرچاوی خەڵکیدا هەتاوەکو بەهۆیەوە لە ئاینی ئیسلامیان دوربخەنەوە، چونکە سەرکەتوونەبوون لە دژایەتی کردنی قورئان و پێغەمبەر و فەرمودەکانی، بەڵام لە ڕێگەی مێژووەکەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەتووبوون ئەویش بە بەکارهێنانی چەند هۆکارێک لەوانە:

یەکەم: دروستکردنی گێڕدراوەی ناڕاست و تێکەڵکردنی بۆ ناو کتێبەکانی مێژوو و ئەدەب و ژیاننامەی کەسەکان و بەشەکانی تری کەلەپوور و شارستانیەتی ئیسلام یاخود دروستکردنی هەندێک گێڕەرەوەی نەناسراو پاشان پاڵدانی هەندێک گێڕدراوەی مێژووی بۆ لایان یاخود نوسینی کتێب و پاڵدانی بۆ لای هەندێک لە زانایانی ئیسلام(٣).

دووەم: خراپەکاری هەندێک لە گێڕەرەوەکان بە رامبەر بە مێژووی مسوڵمانان بەوەی

# مێژووی ئیسلام بریتییە له هەڵسوکەوتی کەسە موسوڵمانەکان نەك ئاینەکەیان

کە بە ویست و مەرامی خۆیان گێڕدراوەیان دروستکردووە بە سەنەدی پەوەست (سند متصل) بەشێوەیەک هەرکەسێک شارەزایی لە مێژوو و سەنەددا نەبێت وا دەزانێت کە ئەو گێڕدراوەیە ڕاستە، ئەمەش وایکردووە ناحەزانی ئیسلام کەڵک لەو گێڕدراوانە وەربگرن و هەندێک لە موسوڵمانانیش بەبێ مەبەست قسەی ناحەزان دوبارە بکەنەوە و ڕەخنەی نابەجێ لە مێژووەکە بگرن و بیکەنە ماڵ بە سەر ئیسلامەوە، لەو گێڕەرەوانەی کە زۆرترین خراپەیان بەرامبەر بە مێژووی مسوڵمانان کردووە:

١- ئەبو مخنەف (لوطی کوڕی یەحیا کوڕی سعیدی کوڕی مخنەفی کوفییە ساڵی ١٥٧ک مردووە) ئەم پیاوە گێڕەرەوەیە هەموو ڕەخنەگرانی فەرمودە کۆڕان لەسەر ئەوەی کە کەسێکی لاوازە و گێڕدراوەی لێوەرناگیرێت بە چەندەها وەسفی ناپەسەند ناساندوویانە، سەرجەمیان ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت گێڕدراوەی لێ وەربگیرێت کەچی طبری لە کتێبەکەیدا نزیکەی (٥٨٦) گێڕدراوەی لێوەگێڕاوەتەوە لە ڕووداوە هەرە گرنگەکان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا کۆتایی سەردەمی ئەمەوی ساڵی (١٣٢ک).

٢- ئەحمەدی کوڕی عوبەیدڵلای کوڕی محەمەدی کوڕی عەمار ساڵی ٣١٩ک مردووە، ئەبوفەرەجی ئەسفەهانی نزیکەی(١٩١) گێڕدراوەی لێوەگێراوەتەوە لە ڕووداوە جیاوازەکاندا ئەمیش زانایان ڕەتیانکردووەتەوە و وتویانە نابێت گێڕدراوەی لێوەربگیرێت، چونکە کەسێکی بێمتمانە بووە لەلایان.

٣- ئەبو نضر محەمەد کوڕی سائبی کەلبی ساڵی ١٤٦ک مردووە، ئەمیش بەهەمان شێوە ڕەتکراوەتەوە بە جۆرەها وەسفی ناپەسەند ناساندوویانە کەچی طبری و ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی ڕوایەتیان لێوەرگرتووە.

ئەمانە تەنها نمونە بوون ئەگەرنا گێڕەرەوەی تریش هەن کە بەوشێوەیەی ئەمان گێڕدراوەیان هەڵبەستووە هەندێک لە مێژوونووسانیش لێیان وەرگرتون و بەوهۆیەوە بووەتە بەڵگە بەدەست ناحەزانەوە و ئیسلام و مسوڵمانانی پێ ناشیرین کراوە.

طبری لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: (فما يكن في كتابي هذا من خبر ذكرناه عن بعض الماضين مما يستنكره قارئه، أو يستشنعه سامعه، من أجل أنه لم يعرف له وجها في الصحة، ولا معنى في الحقيقة، فليعلم انه لم يؤت في ذلك من قبلنا، وإنما أتى من قبل بعض ناقليه إلينا، وإنا إنما أدينا ذلك على نحو ما أدي إلينا)، واتە: (هەر هەواڵێک لەم کتێبەی مندا هەیە کە لە هەندێک لە پێشینەکانەوە باسمانکردووە بەجۆرێک بوو کە خوێنەر پەسەندی نەکات، یان گوێگر بە ناپەسەندی دادەنێت، لەبەرئەوەی کە ڕووی ڕاستی نییە، یاخود مانای لەڕاستیدا نییە، با بزانێت ئەوە لە ئێمەوە نییە، بەڵکو لە هەندێک لەو کەسانەوەیە کە بۆ ئێمەیان گواستووەتەوە، ئێمەش چۆن پێمان گەیشتووە ئاوا گەیاندوومانە).

ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێت کە طبری زانیویەتی گێڕدراوەی ناڕاست هەیە و

# طبری زانیویەتی گێڕدراوەی ناڕاست هەیە و هەڵبەستراوە، بەڵام بۆئەوەی نەفەوتێت نوسیویەتییەوە

هەڵبەستراوە، بەڵام بۆئەوەی نەفەوتێت نوسیویەتییەوە و ئاگاداریشیداوە لەوەی کە دەبێت کتێبەکەی تەتەڵە بکرێت و پاکژ بکرێت، چونکە گێڕدراوەی ناڕاست و ناپەسەندی تیایە، بەمەش طبری گەردنی خۆی پاککردۆتەوە، بۆیە هەرکەسێک گێڕدراوەیەکی ناڕاست لە کتێبەکەی طبری بکاتە بەڵگە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام و مسوڵمانان ئەوا خەتای کردووە و پێویستە جارێکی تر بە گێڕدراوەکەدا بچێتەوە و دڵنیابێت لەوەی کە بەڵگەکەی ڕاستە.

ناحەزانی ئیسلام هۆکاری تری زۆریان بەکارهێناوە کە مێژووی مسوڵمانانی پێ ناشیرین بکەن لەوانە (پەرتکردن و بەشکردنی ڕووداوەکان و باسکردنی هەندێکیان و پشتگوێخستنی هەندێکی تریان یاخود وێناکردنی ڕووداوێک کە ڕوویداوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناشیرین وێنایان کردووە .... هتد).

هەموو ئەمانە و زۆر شتی تریش کە لەم نوسینە کورتەدا بوار نییە باسیان بکەین تەنها ئەوە دەڵێن کە مسوڵمانان بە درێژایی مێژووەکەیان لە بواری شارستانییەتدا جوانترین و باشترین خزمەتیان بە هەموو مرۆڤایەتی کردووە، ئەگەرچی نکۆڵی ناکەین لەوەی لە هەمان ئەو مێژووەدا هەڵەو کەم و کوڕی کراوە و شتی واشکراوە کە پێچەوانەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بووە، بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە مێژوو سێ هۆکاری سەرەکی دروستی دەکات ئەوانیش (ڕووداو، کات، شوێن)، ئیتر ئەو ڕووداوە زۆرجار وایە کە مرۆڤەکان هۆکارن بۆی، بۆیە دەکرێت ڕووداوەکە چاک بێت و ببێتە مایەی خزمەت و بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان و دەشکرێت ڕووداوەکە خراپ بێت و ببێتە مایەی نەگبەتی بۆ مرۆڤەکان، بۆیە لە هەردوکیاندا مرۆڤەکان خۆیان بەرپرسن لێی.

لەکۆتاییدا

هیوادارم بەم نوسینە کورتە توانیبێتم ئەوەی کە مەبەستمە گەیاندبێتم، ئەویش ئەوەیە بە چاوێکی واقعی و زانستیانە بڕوانینە گێڕدراوەکان بۆئەوەی ڕاستییەکان وەک خۆیان یان نزیک لە خۆیان ببینین نەک بە بڕیارێکی پێشوەختەوە بڕوانینە ڕووداوەکان و بەلامانەوە هەمووی ڕەشبینی بێت و ڕەتی بکەینەوە، چونکە ئەوە ستەمێکی گەورەیە لە مێژوو دەکرێت و سەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەکانیش دەری دەخەن کە بەو جۆرە نەبووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


- السيوطي، عبد الرحمن بن أبي بكرة، (توفى ٩١١هـ) ، الشماريخ في علم التاريخ، تحقيق محمد بن إبراهيم الشيباني، دار السلفيه، ١٣٩٩هـ ١/ ١٠. (بەدەستکارییەوە)

٢- الطبري ، تأريخ الرسل والملوك ، ٣/ ٢١٠، ابن كثير، البداية والنهاية ٥/ ٢٦٩، ابن الأثير، الكامل في التأريخ، ٢/ ١٩٢.

٣- د.ابراهيم أمين جاف، مناهج المحدثين فى نقد الروايات التأريخية، ص٤٧.

## د. ئیبراهیم جاف:

# باشترین ڕێگە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئیسلام، تێکەڵکردنی هەردوو مەنهەجی فەرموودەناسان و مێژوونووسانە.

لەم گفتوگۆیەدا، د. ئیبراهیم جاف، پسپۆڕی مێژوو باس لە میتۆدی نووسینەوەی مێژووی ئیسلام دەکات، ئەو تێزی دکتۆراکەی دەربارەی میتۆدی فەرمودەناسە لە ڕەخنەگرتن لە گێڕانەوە مێژووییەکان، ناوبراو پێی وایە نووسینەوەی فەرمودە جیاوازە لە نووسینەوەی مێژوو لەوبارەوە دەڵێت «فەرموودەی پێغەمبەر جۆرێکە لە جۆرەکانی وەحی خوایی و پێویستی بە وریایی زۆرتر و توندوتۆڵی هەیە لەکاتی گێڕانەوەیدا، هەروەها پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەرامەوە هەیە، بەڵام ئەو جۆرە وریایی و توندوتۆڵییە بەوشێوەیە لە گێڕانەوە مێژووییەکاندا زۆر پێویست نییە». هەروەها پێیوایە مێژووی ئیسلام پەیوەستە بە مێژووی ئایینەکەوە و تەفسیری ئیسلامیش تایبەت بە مێژوو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی میتۆدی نووسینەوەی مێژووی ئیسلام.

**گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی**



**خاڵ: چ جیاوازیەک هەیە لە گێڕانەوەی مێژوو لەگەڵ گێڕانەوەی فەرموودە؟**

د. ئیبراهیم جاف: بەناوی خوای گەورە، درورد و سڵاو لەسەر پێغەمبەری ئیسلام و یار و یاوەرانی، دوان لەسەر جیاوازی گێڕانەوەی نێوان مێژوو لەگەڵ گێڕانەوەی فەرموودەدا چەند جیاوازییەکی هەیە لە ڕووی ئایینی و بیروڕا و بنەماکانی (علم الحديث)، لەگەڵ ئەوەی ـ وەک ئاماژەی پێدەدەین زانیارییە مێژووییەکان لە ئیسلامدا خۆی بۆخۆی درێژەیە (إمتداد) بە زانیاری فەرموودە، هەڵبەتە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دکتۆراکەمدا وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە کە جەنابتان دەیکەن، دەتوانین بڵێین جیاوازی هەیە لە نێوان گێڕانەوەی مێژوو لەگەڵ گێڕانەوەی فەرموودە، فەرموودەی پێغەمبەر جۆرێکە لە جۆرەکانی وەحی خوایی و پێویستی بە وریایی زۆرتر و توندوتۆڵی هەیە لەکاتی گێڕانەوەیدا، هەروەها پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەرامەوە هەیە، بەڵام ئەو جۆرە وریایی و توندوتۆڵییە بەوشێوەیە لە گێڕانەوە مێژووییەکاندا زۆر پێویست نییە، کاتیک نەبێت کە گێڕادراوە مێژووییەکە پەیوەندی نەبێت بە سێ جۆر گێڕدراوەوە:

١-مەسەلەیەکی بیروباوەڕی.

٢-مەسەلەیەکی شەرعی.

٣-هەواڵێک کە پەیوەندی بە یەکێک لە گەورە پیاوانی ئیسلامەوە ببێت، ئیتر ئایا ئەو گەورە پیاوە یار(صحابە) بێت، یاخود پیاوێکی مەزنی پێشینە یا زانایەک بێت.

لەم سێ جێگایەدا هەمان پێوەری پێشووی فەرموودەناسان بەکاردێنین، چونکە ئەم سێ جۆرە مەسەلەیەش زۆر نزیکن لە خاڵی فەرموودە و هەموویان ئایینن، جگە لە خاڵی سێیەم نەبێت کە گەورە پیاوانی ئیسلامە، ئەویش هەر جۆرێکە لە تەواوکەری ئایین، دوژمنانی ئایین بۆ لێدانی دین زۆرجار ئەوان دەکەن بە ئامانج، ئێمەش بەبۆنەی ئەوانەوە ئیسلاممان ناسیوە و پێگەیشتوە، جا دەبێت وریابین لەو کارەدا.

خاڵ: ئایا دەکرێت بەهەمان میتۆدی فەرموودەناسان مامەڵە لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوو بکرێت؟

د. ئیبراهیم جاف: بەڵێ دەبێت؛ بەڵام بە هەندێک ئاسانکاریی و مرونەتەوە، ئەمەش فەرموودەی چەند زانایەکی گەورەی ئیسلامە لەوبارەیەوە: ئیمام ئەحمەد دەڵێت: «**إِذَا رَوَيْنَا عَنْ رَسُولِ اللهِ - صَلَّي اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فِي الحَلَالِ وَالحَرَامِ وَالسُّنَنِ وَالأَحْكَامِ تَشَدَّدْنَا فِي الأَسَانِيدِ، وَإِذَا رَوَيْنَا عَنِ النَّبِيِّ - صَلَّي اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فِي فَضَائِلِ الأَعْمَالِ وَمَا لَا يَضَعُ حُكْمًا وَلَا يَرْفَعُهُ تَسَاهَلْنَا فِي الأَسَانِيدِ**».

هەروەها دەڵێت: «**أَحَادِيثُ الرِّقَاقِ يُحْتَمَلُ أَنْ يُتَسَاهَلَ فِيهَا حَتَّي يَجِيءَ شَيْءٌ فِيهِ حُكْمٌ**». **وَعَنْ أَبِي زَكَرِيَّا العَنْبَرِيِّ , قَالَ**: «**الخَبَرُ إِذَا وَرَدَ لَمْ يُحَرِّمْ حَلَالًا , وَلَمْ يُحِلَّ حَرَامًا ,وَلَمْ يُوجِبْ حُكْمًا , وَكَانَ فِي تَرْغِيبٍ أَوْ تَرْهِيبٍ , أَوْ تَشْدِيدٍ أَوْ تَرْخِيصٍ , وَجَبَ الإِغْمَاضُ عَنْهُ , وَالتَّسَاهُلُ فِي رُوَاتِهِ**».

کەوابو بەهەمان میتۆدی فەرموودەناسان دەتوانرێت مامەڵە لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوودا بکرێت، بەو مەرج و یاسایانەی کە زانایان دەستنیشانیان کردووە، بەڵام وا دەزانم لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گێڕانەوە زۆر پێویستی بە زنجیرەی گێڕەرەوە نابێت، لەبەرئەوەی زۆر لە گێڕانەوەکان وەک (متواتر) وان، لە دەیان کەناڵی ئاسمانی و ڕادیۆ دەبینرێت و دەبیسترێت، ئەگەرنا پێویستە جارێکی تر بەهەمان میتۆدی فەرموودەناسان مامەڵە بکەین لەگەڵ هەواڵ و ڕووداو و گێڕانەوەکان.

جگە لەوەش، ئەمڕۆ زۆر پێویستە کەناڵە لایەندارەکان و خاوەن ئەجێندا و حزبی و

تایبەتییەکان دووربخرێنەوە لە گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکان، چونکە زۆربەی کات دەستکاری رووداوەکان دەکەن بە گوێرەی ئامانج و ئەجێندا تەسکەکانی خۆیان، لەکاتێکدا نەبێت کە هەموو کەناڵەکان بە چاک و خراپەوە کە یەک دەنگ و یەک وشە بن لەسەر رووداوێک، وەک ئەو رووداوانەی کە دەیانبینین دەربارەی رووداوەکانی ناوچەکانی وەک: عێراق، کوردستان، سوریا و زۆر شوێنی تریش.

قورئانی پیرۆز لە چەندین فەرموودەدا ئاگادارمان دەکاتەوە لەو جۆرە نووسین و خاوەن ئەجێندانە کە دەستکاری رووداو و هەواڵ و زۆر شتی شێوێنراو دەکەن بۆ مەبەستێکی تایبەت، یا ئایینی، یا هەر شێوەیەک لە گێڕەشێوێنی مێژوویی کە لەژێر ئەو جۆرە مێزەرانەدا حەشار دەدرێت، بۆ نموونە قورئان دەربارەی جولەکەکان کە گەران بە شوێنی درۆو دەلەسە و تیکەڵ و پیکەڵکردن دەفەرموێت: **يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُواْ آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ وَمِنَ الَّذِينَ هِادُواْ سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُواْ وَمَن يُرِدِ اللّهُ فِتْنَتَهُ فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٤١) سورة المائدة .**

ئەمڕۆش بەڕاستی لەو جۆرە قوتابخانانە زۆرن و هەموو دنیایان گرتووەتەوە، پێویستیان بە مێژوونووسی بێلایەن و ژیرو و خاوەنهۆش هەیە، تا مێژووی ئایین و وڵات و گەلەکانمان لە پاشەڕۆژدا نەکەوێتە ژێر رەحمەتی درۆو دەلەسە و دووبارە بەو قەیرانەدا بڕۆینەوە کە مێژوونووسانی باوباپیرانمان کەوتنە ناویەوە.

خاڵ: ئەکرەم زیا ئەلعومەری مێژوونووس دەڵێت: ئەگەر بە پێوەری فەرموودەناسان مامەڵە لەگەڵ مێژووی ئیسلام بکەین، بەشێکی گەورەی مێژوو لەدەستدەدەین، تۆ ڕات لەوبارەیەوە چییە؟

د. ئیبراهیم جاف: دکتور ئەکرەم ڕاست دەکات، ئەگەر بەو پێوەرە مامەڵە لەگەڵ مێژووی ئیسلام مامەڵە بکەین بەشێکی گەورەی مێژوو لە دەست دەدەین، بەڵام وەک پێشتر باسمان کرد ڕێگەیەکی تر هەیە و پێوەرێکی تری کەمان هەیە، کە ئەویش هەر پێوەری فەرموودەناسانە، بەو پێوەرانە بەو مەرجانەی باسمان کرد، دەتوانین ئەو قەیرانە چارەسەر بکەین، نەهێڵین زۆر مێژوومان لە دەست بچێت!

**خاڵ: تۆ چ مەنهەجێک بە گونجاو دەزانی بۆ نووسینەوەی مێژووی ئیسلام؟**

د.ئیبراهیم جاف: بە بڕوای من، باشترین ڕێگە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئیسلام، هەردوو مەنهەجی فەرموودەناسان و مێژوونووسانە، هەردوو بەیەکەوە (بەکۆ) دەتوانن دەرمانی دەردی مێژووی ئیسلام بکەن، ئەوەش پێویستی بە زانایەک هەیە کە لەو دوو زانیارییەدا شارەزابێت، یانی فەرموودەناس و مێژووناسبێت، من بۆ ئەو کارە کتێبێکی تایبەتیم داناوە و ناوم ناوە: الخطوط العريضة لكتابة وإعادة كتابة التاريخ الإسلامي، یاخود :المقدمة الصغرى لكتابة وإعادة كتابة التاريخ الإسلامي.

هەموو ئەو مەرج و هەنگاوانەی کە پێویستە بۆ ئەو کارە بەکاربهێنرێت، زۆربەیانم باس کردووە، ئەوەی کە نەمتوانیبوو لە بروانامەی دکتوراکەشمدا تەواوی بکەم لە کتێبی پێشوودا لە وردەکاری؛ بەتایبەتی لە ڕووی فەرموودەناسانەوە لێرەدا تەواوی بکەم.

مێژووی ئیسلام کە پێشینانمان بۆیان

جێهێڵاوین بە بێ بژار و پاڵاوتن و لێکۆڵینەوە و تەتەڵەکردن، خۆی بۆ خۆی بریتییە لە کۆمەڵێک یاخود بەواتایەکی تر لە جەنگەڵێک هەموو جۆرە دار و ڕووەک و بەرهەم و بەروبومێکی تێدایە، هەندێکی بەکەڵکە و هەندێکی بێکەڵک و بێسوودە، هەندێکی کوشندە و هەندێکی سیس و لاواز و ڕزیوە، هەندێکی لار و هەندێکی ڕاست، بەوشێوەیە، جا پێویستی بە پسپۆڕی هەردوو زانستەکان دەبێت و ناکرێت بە لایەنێکی تایبەتی چارەسەر بکرێت.

**خاڵ: نووسینەوەی مێژووی لای موسڵمانان لە کەیەوە دەستپێدەکات؟**

د. ئیبراهیم جاف: نووسینەوەی مێژووی لای موسڵمانان وا دەزانم کۆنە و بەستراوە بە مێژووی نووسینەوەی فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ)، فتوحات و جیهاد و بڵاوبونەوەی ئیسلام، مێژووی قورئان و ناسخ و مەنسوخ، حەڵاڵ و حەرام و زۆر بابەتی ترەوە، هەموو ئەو بوارانەی کە باسمان کرد هەموویان پێویستیان بە مێژوو هەیە، ئەگەرنا لە ئیسلام، فتوحات، حەڵاڵ و حەرام، مێژووی کۆن و نوێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر ئیسلام تێناگەین، جا لەبەرئەوە من وا دەزانم شان بە شانی فەرموودە و سیرەت و مێژوو هەموویان بەیەکەوە دەستیان پێکردووە، هەندێکیان بە کەمێک وەک فەرموودە و دوایی سیرەت و مێژوو نووسراونەتەوە، بەڵام هەندیک لەوانەمان بە دەست نەگەیشتوون بە داخەوە، یاخود مێژوونووسانی سەدەی دوو کۆچی هەڵمەقویان کردووە و خستویانەتە ناو مێژووەکانی خۆیانەوە، وەک زۆر لە مێژوونوسانی ئەو سەدەیە دان بەو ڕاستییەدا دەنین، بەڵام دەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین: دەستپێکردنی نووسینەوەی مێژووی لە سەدەی دووەمی کوچیەوە بەردەستمان کەوتووە، نەبوون و بەدەستنەگەیشتنی پەرتوکی مێژوویش پێمان، ئەوە ناگەیەنێت کە نەبوە و نەنووسراوەتەوە، بەڵکو دەوترێت بووە و لەناوچووە، گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەوە زۆربەی فەرموودەنووسان خاوەنی نوسین و کتێبی مێژووین، کەمیان هەیە مێژووی نەنوسیبێتەوە،

**خاڵ: دەوترێت مێژووی ئیسلام شێوێنراوە، کێ شێواندویەتی و دەستی هەبووە لەم شێواندنەدا؟**

د. ئیبراهیم جاف: مێژووی ئیسلام مێژوویەکە دەتوانیت بەبێ دوو دڵی بڵێیت پاکترین و جوانترین مێژووە لەسەر ڕووی زەوی، بەڵام دوژمنانی کارێکی وایان کردووە بەو مێژووە لە شوێن و تێکدان، ئەوەی پسپۆڕ نەبێت لە مێژووەکەیدا و بەویژدان نەبێت باوەڕ بەو هەموو دورۆ و دەلەسەیە دەکات، کە بە ناوی ئیسلام و مێژووەکەیەوە دەکرێت، دکتۆر ئەسەد ڕۆستەم کە پرۆفیسۆرێکی دروزییە و لوبنانیە و موسڵمان نییە، بە ئینسافی دان بەو ڕاستیەدا دەنێت و دەڵێت ((...وان فحول المؤرخين في الإسلام قد استوعبوا اخبار الايام وجمعوها وسطروها في صفحات الدفاتر واودعوها، وخلطها المتطفلون بدسائس من الباطل وابتدعوها، وزخارف من الروايات المضعفة لفقوها ووضعوها، واقتفي تلك الاثار الكثير ممن بعدهم و اتبعوها وادوها الينا كما سمعوها، ولم يلاحظوا أسباب الوقائع والاحوال، ولم يراعوها، ولا رفضوا ترهات الاحاديث...)).

ئیسلام دوژمنی زۆرە و جۆراو جۆرن، هەریەکەش لەو دوژمنانە هەوڵیانداوە، چەند دەتوانیت و چی دەتوانێت لێی بدەن و ئازاری پێبگەیەنن، شێواندن و کاولکردن، گۆڕینی هەندێک لە ڕووداو و هەواڵەکان بەمەبەستی کەنەدکردن لە ئیسلام، کە ئایینێک بوو توانی لە نزیکەی چارەکە سەدەیەکدا دوو ئیمپراتۆریەتی وەک فارسە

ساسانیەکان و ڕۆمە بزەنتینیەکان بڕوخێنێت، زۆربەی دواکەوتویی ئەو دوو ئیمپراتوریەتە زەبەلاحەی جیهانی کۆن بە هەموو ئایین و بیروڕاو و گەل و تایفەیانەوە بکەونە ناو میللەتانی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلام.

بێگومان کاردانەوەی ئەو میللەت و ئایین و گەلانەش جۆربەجۆر بووە بەرانبەری ئایینە تازەکە کە ئیسلامە، لەکاتێکدا زۆربەی زۆری ئەو میللەت و گەل و ئایینانە بە دڵێکی پاکوخاوێن و ئاساییەوە ئایینی تازەیان قبول کرد، پاش ئەوەی جوانی و گەورەیی و لێبوردەیی و ئەخلاقی جوانی موسڵمانانی ئەو سەردەمەیان بینی، زۆر لە مێژوونووسانی بیانی و ئیسلامی ئەو ڕاستیەمان بۆ تۆمار دەکەن، بۆ نموونە کاتێک کە موسڵمانان گەیشتنە وڵاتی ئەندەلوس خەڵکەکە کە ئەخلاقی موسڵمانانیان بینی و بەراوردیان کرد لەگەڵ ئەخلاقی دەسەڵاتدارانی خۆیان و حوکمی کەنیسە وتیان «إنه قد نزل بأرضنا قوم لا ندري أمن السماء هم أم من الارض».

ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی مەسیحی (توماس ئارنۆلد) دەربارەی فەتحی ئیسلامی و ئەخلاقی موسڵمانان و باوەڕهێنانی گەلە مەسیحیەکانی ئیمپراتۆری بیزەنتی «لقد عامل المسلمون الظافرون العرب المسيحيين بتسامح عظيم منذ القرن الاول للهجرة، واستمر هذا التسامح في القرون المتعاقبة، ونستطيع أن نحكم بحق أن القبائل المسيحية التي اعتنقت الإسلام قد اعتنقته عن اختيار وإرادة حرة، وأن العرب المسيحيين الذين يعيشون في وقتنا هذا بين جماعات المسلمين لشاهدة علي هذا التسامح ».

لە هەمان کات هەندێک لە دۆڕاوانی دەسەڵات و پلەوپایە لەو میللەت و گەل و ئایینانە، نەک هەر سوپاسی خوایان نەکرد و مەمنونی موسڵمانان نەبوون بۆ ئەو ئایینە جوانە خواییەی کە بۆیان

## دەستپێکردنی نووسینەوەی مێژوویی لە سەدەی دووەمی کۆچیەوە بەردەستمان کەوتووە.

هێنرابوو، بەڵکو هەر لە یەکەم ڕۆژی کەوتن و ڕوخاندنی شارستانیەکانیان بە دەستی موسڵمانان کەوتنە پیلان و ڕووبەڕوبونەوەی ئیسلام و موسڵمانان بە هەموو توانایانەوە، کاتێکیش کە سەرنەکەوتن، جا ئیتر دەستیان کرد بە جۆرێکی تر ـ پاش ئەو ماندووبوونە کە نزیکەی یەک سەدەی خایاند یا زیاتر ـ لە کەنەکردن و گێرەشێوێنی و تێکدان، ئەویش بریتی بوو لە وازهێنان و پەنابردن بۆ شەڕ و شمشێر و ڕاپەڕین دژی ئیسلام بە پەنابردنە سەر کەنەکردنی ژێربەژێر بە خامە. ئەمانە زۆر مەترسیداربوون.

**خاڵ: میتۆدی نووسینەوەی مێژوو لای موسڵمانان کەی چەسپا و بنەماکانی وەکو زانست دەرکەوتوە؟**

د. ئیبراهیم جاف: لەوانەیە ئەگەر بڵێیت میتۆدی نووسینەوەی مێژوویی لای موسڵمانان و هەندێک بنەماکانی وەک زانست هەر لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچییەوە دەستی پێکردووە، یا پێشتر ـ وەک ئاماژەی بۆ کرا ـ بەڵام چەسپاندنی بنەماکانی وەک زانست (علم التاريخ ) بە بۆچونی بەشێک لە زانایانی مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتناسان لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەم دەرکەوتووە، یەکێک لەو زانایانەش کە بەو ڕێبازە(منهج) ناسراوە و یەکەم کەس بووە کە ئەو ڕێبازەی چەسپاندووە

**لە ڕۆژئاوا زانستی مێژوو بەشێکە لە بەشە زانستییەکان، بەڵام لای ئێمە بەشێکە لە زانستە مرۆییەکان.**

لە مێژووەکەیدا، مێژوونووس بلازەری بووە، ئەو مەنهەجەش بە وردی تێبینی دەکرێت لە کتێبە مێژوویەکەیدا: بەناوی (فتوح البلدان).

دەشوترێت زانا و فەرمووەدەزانی ئیسلام (ئیبن شەخاب زوهری) پێش بلازەری بەیەک سەدە ئەو مەنهەجەی بەکارهێناوە، بەڵام کەمێک بە کاڵوکرچتر.

**خاڵ: تایبەتمەندی نووسینەوەی مێژوو لای موسڵمانان بەراورد بە نووسینەوەی مێژوو لای نەتەوە و ئایینەکانی تر چییە؟**

د. ئیبراهیم جاف: مێژووی هەر نەتەوە و میللەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە ، مێژووی ئیسلام مێژوویەکە پەیوەندیەکی زۆر بەتین و تێکەڵی هەیە بە ئایینەکەیەوە کە ئیسلامە، جا چ پەیوەندی بە لایەنی باوەڕ (العقیدە) یا شەرع، یاخود ئەخلاق و ئاداب و نەریتی تری ئیسلام، ئەو کەسەی یا ئەو مێژوونووسەی کە مێژووی ئیسلام بنووسێت ئەگەر موسڵمان نەبێت و لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئیسلام بەوشێوەی باسمان کرد تێنەگەیشتبێت، هەرشتێکی نووسی کرچوکاڵ و ناتەواو و لاواز دەبێت، هەربۆیە زۆر لە مێژوونووسانی وەک ڕۆژهەڵاتناسان زۆر جار دەکەونە ئەو چاڵەوە، بۆیە هەندێک لەو ڕۆژهەڵاتناسانە گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە دەبێت لە کاتی نووسینەوەی مێژووی ئیسلامدا، لایەنی ئایینی و شەرعی جیانەکرێتەوە لە کاتی نووسین و تەفسیرکردنیدا، لە ڕۆژئاوا زانستی مێژوو بەشێکە لە بەشە زانستییەکان، بەڵام لای ئێمە بەشێکە لە زانستە مرۆییەکان، هەروەها زۆر جیاوازی تریش هەن کە لە شوێنی خویدا بە درێژی باسمان لێکردووە و ئێرە دەرفەت نییە کە زیاتر باسی لێبکەین.

**خاڵ: کەم نین ئەو قوتابخانانەی لێکدانەوەیان بۆ ڕووداوە مێژووییەکان کردووە، هەندێکیش باس لە ڕاڤەی (تەفسیری) ئیسلامی دەکەن بۆ مێژوو، دەکرێت بزانین بنەما و خاڵی جیاکەرەوەی تەفسیری ئیسلامی چییە؟**

د. ئیبراهیم جاف: بەڵێ ئەو قوتابخانانەی لێکدانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەکەن زۆرن، تەفسیری ماددیمان هەیە بۆ مێژوو، هەروەها تەفسیری کۆمەڵایەتی و ... هتد، ئێمەش وەک باسمان کرد مێژووەکەمان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەنێو مێژووی هەموو جیهاندا، یەکێکیش لەو تایبەتمەندیانە تەفسیرکردنی ڕووداوەکانی مێژووە بە تەفسیرێکی ئیسلامی.

بۆ نموونە ئەگەر ماددییەکان لە کاولبون یا تیاچوونی شار یا گوندێک یا نەتەوە و میللەتێکدا، تەفسیری ئەو دیاردەییە بە تەفسیرێکی ماددی ڕووت دەکەن، هۆکارەکانی ئەو کارەساتە دەگەڕێننەوە بۆ تۆفان، یان بومەلەرزە یان بۆ کارێکی گۆڕانی جیۆلوجی و چینەکانی زەوی و شتی لەم شێوە. بەڵام ئێمە تەفسیرێکی ترمان هەیە بۆ هەمان دیاردە کە ئەویش پێی دەڵێین سوننەتە خواییەکان(السنن الإلهیە) ئەویش بەلای ئێمەوە هەرکات مرۆڤایەتی سەرپێچی سوننەتە خواییەکانیان کرد، لە ڕێگای خودا لایان دا، ئەوا ئیتر خوای گەورە تۆڵە لەو مرۆڤانە دەکاتەوە و نغرۆ و بێسەروشوێنیان دەکات، هەروەها

سەرکەوتن و ژێرکەوتن، خوشبەختی و بەدبەختی هەمووی پەیوەستە بەو سوننەتە خواییەوە، هەر بۆ نموونە خودا دەفەرموویت:

**وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا
قَوْمًا آخَرِينَ (١١) فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ
(١٢) لا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَي مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ
لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ (١٣) قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ (١٤) فَمَا
زَالَت تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ حَتَّي جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ (١٥)
سورةتي :الأنبياء**

**فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَي
عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ (٤٥) أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي
الأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ
بِهَا فَإِنَّهَا لا تَعْمَي الأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَي الْقُلُوبُ الَّتِي فِي
الصُّدُورِ (٤٦) وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ
وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ (٤٧) وَكَأَيِّن مِّن
قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ (٤٨)
سورةتي : الحج.**

**وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ
لَمْ تُسْكَن مِّن بَعْدِهِمْ إِلاَّ قَلِيلاً وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ (٥٨)
وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَي حَتَّي يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُو
عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَي إِلاَّ وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ (٥٩)
سورةتي: القصص.**

هەروەها دەبینین زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونووسی تریش تەفسیری ڕووداوێکی مێژووی ئیسلام وەک هۆی درووستبونی دوو بزووتنەوەی ئەلزوت ـ کە گەلێکی ڕەشتپێست بوون و لە ناوچەی باشووری عێراق دەژیان و قەرامیتە کە گرووپێک بوون لە مەزدەکیەکانی فارس بۆچونێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆیان هەبووە بۆ ژیان.

ئەوان ئەم دوو ڕێکخراو و بزووتنەوە، کە ڕاپەڕینیان ئەنجامدا لە چەرخی عەبباسیدا بە ڕاپەڕینێکی چینی نەدار و هەژار و ڕەشوڕووت تەفسیر دەکەن کە دژی دەوڵەتی عەبباسی ڕاپەڕیوون.

ئێمەش وا دەزانین ـ وەک کردار و ڕەفتار و بنەچە و ڕەچەڵەک ـ ئەم دوو بزووتنەوەیە، بزوتنەوەیەکی فارسی و بێباوەڕ و بێئابڕوو، تێکدەری ئەخلاق و ڕەوشت و ئایین و هەموو بنەماکانی ئیسلامبوون(الاشتراکیة فی الاموال والنساء) فارسەکان بەکاریانهێناون بۆ لێدانی ئایین و دەوڵەتی ئیسلام، دەوڵەتیش بەرەنگاریان بووەتەوە، پاش دەیان ساڵ سەرکوتکراون، دەسەڵات لە دەستیان وەرگیراوەتەوە و دەوڵەت فەرمانڕەوای خۆی گەڕاندوەتەوە بۆ ناوچەکانیان.

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامیی






**د. ئاراس محەمەد ساڵح**

ئاراس محەمەد ساڵح. لەدایکبووی ١٩٧٠
دکتۆرا لە شەریعە. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

مێژوو لە بیر و گوتار و دنیابینی موسڵمانانداڕووبەڕێکی گەورە داگیر دەکات، لە یەک کاتدا بۆ پێشاندانی وێنای جوانی ڕابردووی موسڵمانان و ئەو خزمەتانەی پێشکەشی مرۆڤایەتیان کردووە لە هەموو ڕووەکانی بیر و ڕۆشنبیریی و شارستانیی و ئازادی مرۆڤ، لە هەمانکاتدا بۆ جەختکردنەوە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام پشت بە مێژوو دەبەستین، هەروەها بۆ تەفسیری زۆر دەقی قورئان و سوننەت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، هۆی دابەزینی ئایەتەکان و هۆی دەرچوونی (سبب الورود) فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەشێکن لە مێژوو، لە هەمانکاتدا زۆر کات نەیارەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی مێژووەوە گومان لەسەر بنەما پیرۆزەکانی ئیسلام و مێژووی موسڵمانان دروست بکەن، هەموو ئەمانە گرنگی بابەتی مێژوومان زیاتر بۆ ڕوون دەکەنەوە.

بێگومان مێژوو گرنگی تایبەتی هەیە لە تێگەیشتن لە بنەماکانی ئیسلام و تەفسیری دەقەکان، هەروەها وەک بابەتێکی زانستی و ڕەهەندی فەلسەفی، لە هەمانکاتدا وەک بابەتێکی پەروەردەیی بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستا و دیاریکردنی داهاتوو، مێژوو گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، بۆیە پێویستە لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بەپێی میتۆدی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی دیاری بکەیەن.

### باسی یەکەم
### سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی

یەکەم: قورئانی پیرۆز: هەرچەندە قورئانی پیرۆز کتێبی مێژوو نیە، بەڵام زۆر بابەتی مێژوویی وەک بەسەرهاتی پێغەمبەران و ململانێیان لەگەڵ گەلەکانیاندا بۆ گەیاندنی پەیامی خوا باس دەکات، لە هەمانکاتدا باسی هەندێ گەل و کەسانێک دەکات کە لە ڕابردوودا کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی مێژوو هەبووە، هەروەها باسی یاسا خواییەکان (السنن الالهیە) دەکات لە بونەوەردا، کە خوای گەورە زۆر گەل و کەسایەتی لەناوبردووە یان پایەدار کردووە بەهۆی ئەو یاسا خواییانەوە کە ئاراستەی مێژوو و ژیان دەکەن.

بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندی گێڕانەوەی قورئان بۆ ڕووداوە مێژووییەکان لە بەرگی چیرۆکێکی هونەریدا باسی دەکات و ئاماژە بۆ (کات و شوێن) ناکات، مەگەر زۆر بە کەمی هەندێک جار ناوی شوێنێک هاتبێت، بەڵام لەکاتی تەفسیرکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا دەیان لاپەڕە ڕەشکراوەتەوە بە گێڕانەوەی ئیسرائیلیات و چیرۆکی خورافی، ئەم گێڕانەوانە هەرچەندە نابنە بەڵگەی مێژوویی، لە هەمانکاتدا جوانی قورئان و ئامانجی ئایەت و چیرۆکەکان لە بیرکراوە و زۆرجار دەیان شتی خورافی و نالۆژیکی بەناوی قورئان و پێغەمبەران گێڕدراوەتەوە و لە خەڵکی کراوەتە ئایین.

هەموو ئەو چیرۆک و ئیسرائیلیات و گێڕانەوانە تێکەڵاو بە تەفسیری قورئان و کتێبە ئایینییەکان کراون هەموو ڕەتدەکرێنەوە نە بەڕاست دادەنرێن نە دەبنە سەرچاوەی مێژوو، هەروەها ئیسرائیلیاتییەکان بە درۆش ناخرێنەوە وەک پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (لا نصدقهم ولا نکذبهم)، چونکە لەوانەیە شتێک بەدرۆ بخەینەوە کە لە کتێبەکانی ئەهلی کتێبدا هاتووە، بەڵام ئەو شتە ئەو ڕاستییە بێت لای خواوە دابەزیوە و نەگۆڕدراوە، مەگەر شتێک قورئان یان سوننەتی ڕاستی پێغەمبەر(د.خ) ڕەتی بکاتەوە.

لەبەرئەوەی نوسینەوەی مێژوو بەشێوەیەکی زانستی بابەتێکی نوێیە و سەرچاوە مێژووییەکانی پێش ئیسلام زیاتر لە شێوەی گێرانەوە و خورافە و ئەفسانەدا مێژوویان تۆمار کردووە، لەبەرئەوە پشتیان پێنابەسترێت وەک سەچاوەی باوەڕ پێکراو بۆ بابەتە ئاینی و مێژوویە رابردووەکان.

کەسێک باسی ئەسحابولکەهف (أصحاب الكهف) و شوێن و ناو تەنانەت ناوی سەگەکەیان دەکات بە پشتبەستن بە ئیسرائیلیات و چیرۆکی خورافی چۆن دەیسەلمێنێ ئەو شتانە راستن، یان ئەوانەی دەڵێن ئیبراهیم پێغەمبەر کورد بووە و جلی کوردی لەبەرکردووە بەڵگەیان چیە و چۆن دەیسەلمێنن، دەتوانن بیسەلمێنن ئیبراهیم پێغەمبەر لە چ سەردەم و شوێنێکدا بووە، بێگومان نەخێر، هەموو ئەو قسانەش لەوبارەیەوە دەکرێت جگە لە چیرۆکێکی خورافی شتێکی تر نیە.

دووەم: فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ): پێغەمبەر هەر رووداوێکی گێڕابێتەوە بەو مەرجەی فەرمودەکە راست بێت، ئەوە وەک نیگا (وحی) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆ نمونە پێغەمبەر(د.خ) کە دەفەرموێت: **(كان فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ رجل قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا... البخاري: ٣٤٧٠)**، ئەوە وەک فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) وەردەگیرێت نەک وەک ئیسرائیلیات، پێغەمبەر لە هەندێ فەرمودەدا ئاماژە بە هەندێک لە بەسەرهاتی گەلانی پێشوو دەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ لەناوچوون و لەسەر شانۆی ژیان نەماون، هەموو ئەمانە باسی مێژوویین، هەروەها باس لە یاسا خواییەکان دەکات کە لە تەفسیری ئیسلامی بۆ مێژوو جێگەی گرنگی پێدان و لەسەر وەستانن.

هەروەها لە کتێبەکانی فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ)دا بەشی (السير والمغازى) هەیە، لەم بەشەی کتێبەکانی فەرمودەدا کە هەموو فەرمودە راستەکانی بە سەنەدی راست و بەپێی پێوەری زانایانی زانستی فەرمودە نوسراوەتەوە، ئەم فەرمودانە سەرچاوەیەکی راست و گرنگی مێژووی ئیسلامین، هەروەها دەکرێت زۆرێک لە رووداوەکانی ناو کتێبی مێژووی ئیسلامی بەم فەرمودانە بەراورد بکرێن بۆ زانینی راست و دروستی روداوە مێژووییەکان.

سێیەم: کتێبە مێژووییەکان: کتێبە مێژووییەکانی سەدەکانی سەرەتای ئیسلام سەرچاوەی رەسەنی مێژووی ئیسلامین، بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە هەرچی لەو کتێبانەدایە راستە و وەردەگیرێت، بەڵکو ئەو کتێبانە پلەبەندیان هەیە لە جەختکردنەوە لەسەر چۆنیەتی نوسینەوەی مێژوو، هەروەها تا چەند لێکۆڵینەوەیان لەسەر سەرچاوەی گێڕانەوەکان کردووە، تا چ ئاستێک پەیوەست بوون بە بنەما زانستییەکانی گێڕانەوەی روداوەکان، هەموو ئەم خاڵانە لە وەرگرتنی باسی روداوەکانی ناو ئەو سەرچاوە جێگەی بایەخی زۆرن.

کتێبەکانی هەریەکە لە ( الطبقات الكبرى لمحمد بن سعد: ت 230هـ تاريخ خليفة بن خياط: ت 240هـ احمد بن يحيى بن جابر البلاذري: ت 279هـ اليعقوبي: ت 284هـ

ابن قتيبة: ت 270هـ ابوحنيفة الدينوري، ت 282هـ الطبري: ت 310هـ

المسعودي: ت 346هـ) جیاوازیان هەیە، تەبەری زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر سەرچاوەی رووداوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیان

گێڕانەوەی لاواز و بێبنەمای لە کتێبەکەیدا هێناوە، هەرچی مەسعودییە زۆرجار خورافە و قسەی نا لۆژیکی گێڕاوەتەوە و لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی، بەڵام ئیبنوکەسیر وەک زانایەکی گەورەی فەرمودە زیاتر جێگەی لێکدانەوەی زانستییە و کەمتر دەکەوێتە هەڵەی گەورە.

چوارەم: کتێبی ڕۆژهەڵاتناسان: ڕۆژهەڵاتناسان زۆریان لەبارەی مێژووی ئیسلامەوە نوسیوە، هەندێکیان بەمەبەست کاریان لەسەر شێواندنی مێژووی ئیسلام کردووە، هەندێکیان بێلایەنانە لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، بەڵام بە زۆری ڕۆژهەڵاتناسان بەمەبەست بێت یان نا لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکاندا بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەیان نەکردووە و زیاتر پشتیان بە گێڕانەوەی لاواز و هەڵبەستراو بەستوە، ئەو بابەتە لاوازانەی خزمەت بە بیر و ڕێبازی ئەوان دەکات گواستویانەتەوە، بەتایبەتی لە مێژووی قورئان و سونەت و ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵاندا زۆر جەختیان کردووەتەوە لەسەر سەرچاوە لاوازەکانی مێژووی ئیسلامی، بەتایبەتی سەرچاوەی دەستە و گرووپە لادەرەکانی(الملل والنحل) مێژووی ئیسلامی.

هەرچەندە زۆرێک لەوانەی بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی کار لەسەر شێواندنی مێژووی ئیسلامی دەکەن زیاتر پشت بەو سەرچاوانە دەبەستن بە بیانوی ئەوەی لێکۆڵینەوەی زانستین و لەلایەن کەسان و دامودەزگای ئەکادیمییەوە ئامادەکراون، بەڵام زۆرێک لەو سەرچاوانە بێلایەنانە نەنوسراون و بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵ سەرچاوەکاندا نەکردووە، بۆیە ناکرێت بکرێنە سەرچاوەی زانستی.

## باسی دووەم
## هۆیەکانی شێواندنی مێژووی ئیسلامی

یەکەم/ نەنوسینەوەی مێژووی ئیسلامی لە کات و ڕۆژگاری خۆیدا: لەبەر بەربڵاوی نەخوێندەواریی و نەبوونی ڕۆشنبیری نووسین و کتێب و کتێبخانە لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمەدا، لەبەرئەوە نەتوانراوە لە کات و ڕۆژگاری ڕووداوەکاندا تۆمار بکرێن، نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی لە سەدەی سێیەمی کۆچیەوە دەست پێدەکات، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو سەدە بەسەر ڕوداوەکاندا بێگومان ناتوانرێت ئەو ڕووداوە مێژووییانە بە وردی و بەبێ هەڵە بنوسرێنەوە، مێژوونووسەکانیش لەکاتی نوسینی کتێبەکانیاندا هاتوون پشتیان بەو گێڕانەوانە بەستووە کە لەسەر زاری خەڵکی بوون.

بێگومان کۆکردنەوەی ئەو ڕوداوانە لەسەر زاری کەسانی کۆمەڵگەیەک کە نەخوێندەواری تێیدا بەربڵاوبووە و لە هەمانکاتدا دەیان ململانێی خوێناوی شەڕ و بەریەککەوتنی چەکداریی و بوونی دەستە و گرووپی لادەر، گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە دەیان گێڕانەوەی ناڕاست و چیرۆکی خورافی و فەرمودەی هەڵبەستراو دروستکراوە لەلایەن ئەو دەستە و گروپانەوە بۆ شەرعیەتدان بە هەڵوێست و بۆچوون و ڕاستی ڕێبازی گروپەکانیان.

دووەم/ دەستە و گرووپە لادەرەکان: لەگەڵ گەرمبوونی کێشەکانی نێوان خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان و جەنگەکانی (الصفین والجمل) و کێشەکانی ئیمامەت و دەرکەوتنی خەوراج و شیعە و دابەشبوونی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ دەوڵەتی کوفە و دیمەشق و مەدینە، هەموو ئەم کێشانەی نێوان خودی موسڵمانان هۆی بەهێزبوون لە شێواندنی ڕوداوەکان، هەتا کارگەیشتووەتە ئەوەی لەلایەن

خودی موسڵمانانەوە هێرش و قسەی نارەوا بەرامبەر خەلیفەکانی ڕاشدین و هەندێ لە هاوەڵان بکرێت.

هەروەها دوای سەرهەڵدانی دەستە و گرووپە لادەرەکان (خەورایخ، شیعە قەدەری، موعتەزیلە ... هتد) هەموو ئەم گرووپانە بۆ شەرعیەتدان بە بۆچوونەکانیان و دروستکردنی گێڕانەوەی ناڕاست و تەفسیری هەڵە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامی، لە سەردەمی نوێشدا زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و کەسانێک کە هەوڵی شێواندنی مێژووی ئیسلامی دەدەن هەوڵدەدەن پشت بە کتێبی ئەو دەستە و گرووپانە ببەستن لە نوسینەکانیاندا، هەموو ئەمانە کاریگەری زۆریان بووە لە شێواندنی ڕووداوەکان و ڕووی گەشی مێژووی ئیسلامی.

سێیەم/ هۆنەر و پیاهەڵدان: نوسینی هۆنراوە و پیاهەڵدان لەلایەن هەندێ کۆلکە خوێندەوارەوە و گەورەکردن و بەخورافی کردنی زۆر ڕووداوی مێژوویی کاریگەری هەبووە لە ناشیرینکردنی مێژووی ئیسلامی و تێکەڵاوکردنی بە خورافە و ئەفسانە و بابەتی نالۆژیکی، ئەم چیرۆکە خورافیانە لەلایەن کەسانی میللی و کۆلکە خوێندەوارەوە دروستکراون و خوێندراونەتەوە و دوایی وەک بابەتی مێژووی چونەتە زیهنی خەڵکییەوە.

لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیشدا ئەو جۆرە نوسینانە بوونیان هەبووە و بەهۆی خورافی بوون و چێژوەرگرتنی خەڵکی نەخوێندەوار لەو جۆرە چیرۆکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا خوێندراونەتەوە، کتێبەکانی (مەولودنامە و میعراج نامە و فەتحی قەڵای خەیبەر و ...هتد) دەیان شتی ئەفسانە و شاخداریان تێدایە و لای خەڵکی بوونەتە ڕاستی مێژوویی، هەموو ئەم جۆرە نوسینانە کاریگەری خراپیان بووە لە ناشیرینکردنی ڕووداوەکانی مێژوو.

چوارەم/ دانانی کتێب بەناوی کەسانی باوەڕپێکراوەوە: هەندێ دەستە و گورووپی لادەر لە مێژووی ئیسلامیدا کتێبیان داناوە و داویانەتە پاڵ کەسانی ناسراو خاوەن پێگە و جێگەی متمانەی موسڵمانان بۆ برەودان بە ڕێباز و دەستە و گروپەکانیان، وەک کتێبی (نهج البلاغه) بەناوی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالبەوە و (الامامه والسیاسه) بەناوی (ئەبو قوتەیبەی دینەوەری) یەوە، چونکە دینەوەری جێگەی متمانەی ئەهلی سوننە بووە.

پێنجەم/ نەبوونی هۆشیاری مێژوویی: بەداخەوە لە کۆمەڵی موسڵماناندا زۆرکەس قسە لەبارەی مێژووەوە دەکات، بەڵام هەموویان ئەو هۆشیارییەیان نیە وەک زانستێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، زۆریان جیاوازیی ناکەن لە نێوان ڕووداوە مێژووییەکان و چیرۆک و ئەفسانە و خورافەدا، تەنانەت لە ناوەندە ئاینارییەکەدا دەیان خورافەی نەشیاو وەک ڕووداوی مێژوویی دەدەنە پاڵ پێغەمبەران و هاوەڵان و کەسانی ئەفسانەیی.

لە هەمانکاتدا نابێت هەرچی لە کتێبە مێژووییەکاندایە بێ لێکۆڵینەوە وەربگیرێت، بەڵکو دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و جیاوازی بکرێت لە نێوان چیرۆک و ئەفسانە و ڕووداوی مێژوویدا.

شەشەم/ ململانێی ئایدۆلۆژی: لە کۆندا ململانێی نێوان دەستە و گرووپەکان کاریگەری هەبووە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامیدا، لە سەردەمی نوێشدا ململانێی نێوان ئاڕاستە فکرییە جیاوازەکان هەوڵی ناشیرینکردنی ئەو مێژووە دەدات، لە ناوەندی

ڕۆشنبیریی کوردیدا هەوڵی زۆر هەیە بۆ شێواندی مێژووی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕووداوەکان وەک خۆی تۆمار ناکەن و پشت بەسەرچاوەی لاواز دەبەستن و تەنها ئەو برگانە دەگوێزنەوە کە پشتگیری حەزو بۆچوونی ئەوان دەکات، لە هەمانکاتدا فەتحکردن بە داگیرکردن ناو دەبەن و غەنیمەت بە تالانی و زۆر شتی لەو بابەتانە.

هەرکەس دژایەتی مێژووی ئیسلامی بکات نەدەبوو کورد بەتایبەتی نەتەوەییەکان هەوڵی شێواندنی مێژووی ئیسلامیان بدایە، ئیسلام هاتووە لە کوردستان مزگەوت و خوێندنگەی ئاینی کردووەتەوە و دەیان ئەدیب و شاعیر و مێژوونووس و زانای گەورە لەو مزگەوتانە دەرچوون و ناوی کوردیان بردوەتە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم جیهانە، لە هەمانکاتدا سەدان ڕەوشت و ئاکاری وەک هاوکاریی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ڕەوشتبەرزی هێناوەتە ناو کورد، لە هەمانکاتدا لە هەموو ئاکار و ڕەشتێکی خراپ کوردی پاراستووە.

هەروەها دەیان بنەماڵە هاتوونەتە کوردستان و لەناو کورددا تواونەتەوە و بوونەتە بەشێک لە کورد، هەریەکە لەو بنەماڵانە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە خزمەت بە مێژووی کورد لە هەموو ڕووەکانەوە، وەک سەیدەکانی بەرزنجە و مەردۆخیەکان و نەهرییەکان و پیرخدرییەکان و دەیانی تر کە هەموویان خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر(د.خ)، هەروەها بەشێکی زۆری عەشیرەتی جاف خۆیان دەبەنەوە سەر پیرخدری شاهۆ و ڕەچەڵەکی ئەویش دەچێتەوە بۆ سەر سەیدەکان، ئەگەر هەموو ئەمانە بە سەنەدی ڕاست پشتڕاست بکرێنەوە، کەواتە بەشێکی گەورەی میللەتی کورد نەوەی ئەو فاتیحە موسڵمانانەیە کە هاتونەتە کوردستان.

لە هەمانکاتدا دەیان شتی ناڕاست و دروستکراو دەگوێزنەوە بۆ ناو نوسینەکانیان، هەموو ئەمانە بۆ ناشیرینکردنی مێژووی ئیسلامییە، چونکە دەزانن مێژووی ئیسلامی سەرچاوەی پەند و ئامۆژگاریی و پەروەردەیی خەڵکی موسڵمانە و لە هەمانکاتدا موسڵمانان وەک سەرچاوەیەکی بانگەواز سودی لێوەردەگرن.

حەوتەم/ وەعز و واعیزەکان: واعیزەکان لەکاتی وەعز و ئامۆژگاری موسڵمانانەدا دەیان چیرۆک و ڕوداوی ئەفسانەیی بەناوی مێژووی ئیسلامیەوە دەگێڕنەوە بۆ ورژاندنی خەڵکی سادە و نەخوێندەوار بۆ ڕازاندنەوەی وەعزەکانیان و گەورەکردنی خۆیان، نازانن کە ئەو چیرۆکانە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ناشیرنکردنی دین و لە هەمانکاتدا گێڕانەوەی درۆ حەرامە و پێغەمبەر(د.خ) هەڕەشەی توندی کردووە لەوانەی درۆ بەدەمیەوە دەگێڕنەوە، دەیان چیرۆکی دروستکراو بەناوی پێغەمبەر و هاوەڵان و هەزاران ئیسرائیلیات بەناوی تەفسیری قورئان و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێشووەوە باس دەکەن بێئەوەی ئەو چیرۆکانە بنەمای ڕاستیان هەبێت.

دەیان چیرۆکی وەک هاوەڵانی پێغەمبەر ژنیان بۆ یەکتری تەڵاقداوە و هەموویان برسیان بووە و بەردیان بەستوە بە سکیانەوە و عومەری کوڕی خەتاب کچی خۆی زیندەبەچاڵ کردووە و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نان و خواردنی خۆشی لەسەر خۆی حەرامکردووە و ئەمانە و سەدانی تر ڕۆژانە دەدەن بەگوێی موسڵمانانەدا، ئەم واعیزە نەخوێندەوارانەش کاریگەری زۆریان هەبووە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامی.

## باسی سێیەم
## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی

مێژووی ئیسلامی تەنها تۆماری کۆمەڵێک ڕووداوی ئاسایی نیە، بەڵکو مێژووی ئایین و عەقیدە و شەریعەتە، بابەتەکانی تایبەت بە پێغەمبەران بەتایبەتی لە تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا بەهیچ جۆرێک نابێت ئاسانکاری تیدا بکرێت، چونکە تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە کە یەکێکە لە بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی، لە زۆر ڕیوایەتی ئیسرائیلی و خورافیدا هاتووە کە گوایە فلان پێغەمبەر دڵداریی و ئەڤینی کردووە، ئەمە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ڕەوشتی پێغەمبەر و عیصمەتی پێغەمبەراندا یەکنایەتەوە، ئەم بابەتە بۆ ژیاننامەی پێغەمبەریش (السیرە النبویە) بەهەمان شێوەیە.

هەروەها بۆ قۆناغی هاوەڵانیش کە خوای گەورە تەزکیەیان دەکات و لای ئەهلی سوننە بە کۆی دەنگ (اهل العدل: ڕاستگۆ و دادپەروەرن) بەهەمان شێوە ئەو مێژووەی دەنوسرێتەوە و وەردەگیرێت دەبێت لە وەرگرتنیدا ئەم مەنهەجە پەیرەو بکرێت:

یەکەم/ گێڕەرەوە: ئەو کەسەی مێژووی ئیسلامی دەگێڕێتەوە یان دەنوسێتەوە دەبێت بەپێی بنەماکانی زانستی فەرمودە و زانستی کەسناسی(علم الرجال) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، دەبێت مەرجەکانی (الاسلام، العدل، الضبط، العقل) تیدابێت، چونکە ناکرێت کەسێک تاوانبار بێت بە درۆ و خورافە و لە بیرچوونەوە و بکرێتە سەرچاوەی گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەکان .

دووەم/ دەقەکە: ئەو دەقە مێژووییەی تۆمارکراوە دەبێت بەپێی بینش (التصور) و تەرازوی ئیسلامی هەڵبسەنگێت، چونکە ڕوانینی ئیسلامی جیاوازە لە ڕوانینی ماددی یان مارکسی یان هیگڵی بۆ مێژوو، بینشی ئیسلامی بڕوای بە جیهانی غەیب و دەستی پەروەردگار لە ڕووداوەکان و سوننەتی خوایی لە ڕووداوەکانی گەردووندا هەیە، گۆڕینی مرۆڤایەتی لە سەرەتاکانی فتوحاتی ئیسلامییەوە لە ماوەیەکی پێوانەیی کەمدا لە بتپەرستیەوە بۆ خواپەرستی، بەتایبەتی لەلایەن گەلێکی نەخوێندەواری وەک عەرەبی ئەو ڕۆژگارەوە، بێگومان ئەوە هاوکارییەکی خوایی لەگەڵدایە، ئەی بۆ هیچ یەکێک لە ئیمپراتۆریەتەکانی فارسی و ڕۆمانی نەیانتوانی ئەو کارە گرنگە بکەن.

هەروەها هەردەقێکی مێژوویی بریندارکردنی پێغەمبەران و هاوەڵانی پێغەمبەری تێدابێت وەرناگیرێت، یان بریندارکردنی ئیمامە گەورەکانی مێژووی ئیسلامی، هەرچەندە جگە لە پێغەمبەران کەس بێهەڵە (معصوم) نیە، بەڵام هەندێک گێڕانەوەی مێژوویی جێگەی گومانن و لەگەڵ ڕەوشت و ئاکاری ئیمانداری ڕاستەقینەی خاوەن زانست یەکنایەتەوە جێگەی لێکۆڵینەوەی زۆرە.

سێیەم/ بێلایەنی نوسەر: لێکۆڵەری ئەکادیمی دەبێت زۆر بێلایەنانە ڕووداوەکان تۆمار بکات با بەخواستی ئەویش نەبێت، چونکە لە کۆندا دەستە و گرووپە لادەرەکان زۆر شتی ناڕاستیان تێکەڵی مێژووی ئیسلامی کردووە، زۆرجار بە پاڵنەری مەزهەب و کەسێکی دیاریکراو گێڕانەوە و ڕووداوی دروستکراو کراوەتە مێژوو، بەتایبەتی لە دوای دەرکەوتنی شیعە و مەسەلەی ئیمامەت و کێ لە پێشترە ببێتە ئیمام، لەم پێناوەشدا دەیان چیرۆکی ناڕاست و گێڕانەوەی بێبەنما دروستکرا بۆ بەهێزکردنی مەزهەب و بۆچوونەکانیان.

له دوای ململانێی و شەڕەکانی خاچپەرستان و ئەو سەرکەوتنانەی سوپای موسڵمانان زیاتر هەوڵی ناشیرینکردنی موسڵمانان و مێژووی ئیسلامی دراوە و دەیان کتێب بۆ ئەو مەبەستە نوسراوە. لە سەردەمی نوێشدا بەهۆی ململانێی بەرەی ئیسلامخواز و بەرەی چەپ و عەلمانی هەوڵێکی چڕ و بەردەوام هەیە بۆ ناشیرینکردنی مێژووی ئیسلامی، چونکە ئەو مێژووە یەکێکە لەو سەرچاوە بانگەوازیانەی خەڵکی موسڵمان سودی زۆری لێوەردەگرێت لە وەعز و گوتار و بانگەوازدا، بۆیە بەرەی دژ زۆر هەوڵی ناشیرینکردنی ئەو سەرچاوە ڕەسەنە دەدەن.

لە هەمانکاتدا واعیز و گوتاربێژە موسڵمانانەکانیش زۆرکات بۆ وروژاندنی بەرامبەر و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی سادە دەیان چیرۆکی خورافی و بێبەناما بەناوی مێژووی ئیسلامییەوە دەگێڕنەوە بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کتێبە باوەڕپێکراوەکانی مێژووی ئیسلامی، وەک ئەوەی هاوەڵان هەموویان شەو و ڕۆژ لە برسا سکیان ئێشاوە و عومەری کوڕی خەتاب بە کۆڵ ئاردی بردووە بۆ خەڵکی هەژار و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەر نان و پیازی خواردووە و ئەمانە و سەدان چیرۆکی نالۆژیکی تری لەو بابەتە.

دادگەری: ئەو کەسەی مێژوو دەنوسێتەوە دەبێت دادگەر بێت و بێ لایەنانە ڕوداوەکان تومار بکات، نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری هەواو ئارەزووی تایبەتی خۆیی و بەو پێوەرە ڕووداوەکان تومار بکات، هەروەها نابێت بە پاڵنەری مەزهەب و ئایدۆلۆژی تایبەتی خۆی ڕووداوەکات تەفسیر بکات، ئەگەر مێژوونووس بێلایەنی خۆی لەدەستدا و بەرێبازی زانستی و ئەکادیمی ڕووداوەکانی تۆمارنەکرد ئەوە هەموو نوسین و لێکۆڵینەوەکانی جێگەی گومانن و وەرناگیرێن.

## نەیارەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی مێژووەوە گومان لەسەر بنەماکانی ئیسلام و مێژووی مسوڵمانان دروست بکەن

هەندێ جار لێکۆڵەری مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکانی وەک تەبەری ئیبنوکەسیری ...هتد، بەڵام فێڵێکی زۆر زیرەکانە دەکات و تەنها ئەو دێرانە دەگوێزێتەوە کە لەگەڵ خواست و ئارەزووی ئەودا یەکدەگرێتەوە یان پاش و پێشی ڕستەکان دەقرتێنێت، هەروەها هەندێ جار تەنها گێڕانەوە لاواز و بێبنەماکان دەگوێزێتەوە کە کتێبە مێژووییەکان زۆر گێڕانەوەی لاوازی تێدایە و دواتریش دەڵێت لە تەبەری و مەسعودی ....هتد.. وەرگرتووە.

دووەم/ بابەتی بوون: بابەتی بوون واتە خۆدارنینی مێژوونووس یان لێکۆڵەر لە هەموو حەز و ئارەزووە کەسییەکانی خۆی، نابێت بە سۆز و پاڵنەری فکری و بۆچوونی سیاسی خۆی تەفسیری ڕووداوەکانی مێژوو بکات، بەڵکو دەبێت واتا و مەبەستی ئەو دەقە مێژووییانە چۆنە بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، نابێت بڕیاری پێشوەخت بدات، یان پەنا بۆ تەئویلاتی خۆی ببات و چۆن خۆی حەز دەکات بەوشێوەیە تەفسیری ڕووداوەکان بکات.

زۆرکات لێکۆڵەری موسڵمان تەنها ڕووە جوانەکانی مێژوو دەگوێزێتەوە و شتە ناشیرینەکان ڕەتدەکاتەوە، لە هەمانکاتدا بەرەی نەیار تەنها هەوڵی زەقکردنەوەی شتە ناشیرینەکان دەدەن

> **نابێت هەرچی لە کتێبە مێژوویيەکاندایە بۆ لێکۆڵینەوە وەربگیرێت، دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت**

و بەوشێوەیە وێنا و تەفسیری مێژووی ئیسلامی دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا مێژوو دروستکراوی دەستی مرۆڤە، دەکرێت شتی جوان و ناشیرینی تێدابێت، بۆیە پێویستە لێکۆڵەر ڕێبازێکی زانستی پەیرەو بکات و حەز و ئارەزووی خۆی تێکەڵی لێکۆڵینەوەی زانستی نەکات.

هەروەها لێکۆڵەرە موسڵمانەکان و نەیارەکانیش هاوسەنگی ناکەن لە نێوان ڕوداوە سەربازی و ململانێ سیاسیەکان و ئەو هەموو حزمەتە گەورەی موسڵمانەکان کردوویانە بە پرۆسەی خوێندن و زانست و ژیار و شارستانی، بەڵکو تەنها جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕوداوە سەربازی و سیاسیەکان.

**کۆتایی**

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژووی ئیسلامی لە ڕۆژگاری خۆیدا نەنوسراوەتەوە، هەروەها ئەو گرنگیەی دراوە بە جەختکردنەوە لە ڕاستی فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)و کەسی گێڕەرەوە و دەقەکە لەلایەن زانایانی فەرمودەناسییەوە، بەهەمان شێوە ئەو گرنگیە نەدراوە بە تۆماری ڕووداوە مێژووییەکان و ئاسانکاری کراوە لەلایەن مێژوونوسانەوە لە نوسینەوەی ئەو ڕوداوانەدا.

هەروەها کۆمەڵێک هۆی تر کاریگەرییان هەبووە و لەسەر شتی ناڕاست و چیرۆکی خورافی و ئەفسانە و شێواندن کەوتووتە ناو کتێبە مێژووییەکان لەلایەن دەستە و گروپە لادەرەکانەوە، لە هەمانکاتدا هۆنینەوەی دەیان هۆنراوەی میللی و تێکەڵکردنی بە پاڵەوانی ئەفسانەی ڕێگایەک بووە بۆ تێکەڵبوونی ئەو جۆرە خورافیاتانە بە ڕووداوە مێژووییەکان، هەروەها واعیز و گوتاربێژەکان دەیان ئیسرائیلیات و خورافەیان تێکەڵ بە تەفسیری قورئان و مێژووی ئیسلامی کردووە و ئەمەش هۆیەکی تر بووە بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامی.

لەدوای دەرکەوتنی بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەنجامدانی دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ئیسلامی و هەموو بوارەکانی تری زانستە ئیسلامییەکان و پشتبەستنیان بە سەرچاوەی دەستە و گرووپە لادەرەکان و بە پاڵنەری ئاینیی و سیاسی لە هەندێ کاتدا، ئەمانیش کاریگەری زۆریان هەبووە بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی مێژووی ئیسلامی.

لە سەردەمی نوێشدا بەهۆی ململانێی فکریی و ئاراستەی سیاسی جیاوازەوە هەوڵی زۆر دراوە بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامی، چونکە بەرەی نەیار باش دەزانن کە مێژووی پڕ سەروەری ئیسلامی سەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردە و پەندوەرگرتن و دەستەچیلەیەکی باشی بانگەوازە بۆ موسڵمانان بۆیە هەوڵی ناشیرینکردنی دەدەن.

لە ڕۆژگاری ئێستادا کاتی ئەوە هاتووە کە مێژووی ئیسلامی بە ڕێبازێکی زانستی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و پاکبکرێتەوە لە هەموو ئەو بابەتە ناڕاستانەی تێکەڵاوی کراوە، بەبێ سۆزی لایەنگران و ئارەزووی نەیارانەکانی.

## سەرچاوە و پەراویزەکان

١ بڕوانە: سيد قطب، في ظلال القرآن، الطبعة السابعة والثلاثون ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، دار الشروق- بيروت، م٤ ص ٢٢٩٠-٢٢٩١.

٢ دەربارەی (سنن الالهيه) وەک یەکێک لە بنەماکانی تەفسیری ئیسلامی بڕوانە: د.عمادالدين خليل، التفسير الاسلامي للتاريخ، الطبعة الثالثة ١٤٠١هـ١٩٨١م، دار العلم للملايين، بيروت- لبنان، ص ٢٣١ بەدواوە. هەروەها بڕوانە: د.جمال عبدالهادي محمد مسعود و د. وفاء محمد رفعت جمعة، أخطاء يجب أن تصحح في التاريخ منهج كتابة التاريخ الاسلامي كيف ولماذا، الطبعة الثالثة ١٤١٤هـ ١٩٩٤م، دار الوفاء- القاهرة، ص ١٨-١٩.

٣ د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، الطبعة الأولى ١٤٠٨هـ ١٩٨٨م، دار الوفاء- القاهرة، ص ٩٣ بەدواوە.

-٤ بڕوانە: د. سيدة اسماعيل كاشف، مصادر التاريخ الاسلامي ومناهج البحث فيه، الطبعة الثانية ١٤٠٣هـ ١٩٨٣م، دار الرائد العربي، بيروت- لبنان، ص ٨٣ بەدواوە. هەروەها بڕوانە: د.عمادالدين خليل، حول اعادة كتابة التاريخ الاسلامي، الطبعةالأولى ١٤٢٦هـ٢٠٠٥م، دار ابن كثير- دمشق، ل٨٣ بەدواوە.

٥ بڕوانە: د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى ١٤٢٩هـ دار ابن الجوزي- السعودية، ص ٤٨٨ بەدواوە.

٦ بڕوانە: د. اسماعيل علي محمد، الاستشراق بين الحقيقة والتضليل، الطبعة السادسة ١٤٣هـ ٢٠١٤م، دار الكلمة- القاهرة، ص ١٣٥ بەدواوە. هەروەها بڕوانە: محمد قطب، كيف نكتب التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى ١٤١٥هـ١٩٩٦م، دار الشروق، بيروت – لبنان، ص١٢-١٣.

٧ بڕوانە: أ.د. محمد أمحزون، منهج دراسة التاريخ الاسلامي، الطبعة الأولى ١٤٣٢هـ٢٠١١م، دار السلام، القاهرة، ص ١٥-١٧.

٨ بڕوانە: د. سيدة اسماعيل كاشف، مصادر التاريخ الاسلامي ومناهج البحث فيه، ص١٧ بةدواوة.

٩ بڕوانە: د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، ص ٢٥٤-٢٥٥.

١٠ بڕوانە: د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، ص ٢٥٥.

١١ بڕوانە: د.عماد الدين خليل، حول اعادةكتابة التاريخ الاسلامي، ل١٠.

١٢ بۆ نمونە بڕوانە: شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ز، سلێمانی، ل ١٤٠ بەدواوە. هەروەها: فازیل قەرەداغی، ماستەرنامە یان هەڵەنامە، هەروەها: فوئادی مەجید میسری، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، هەروەها: سەروەر پێنجوێنی، داگیرکردنی شارەزور، گۆڤاری دابڕان، ژمارە (٤)ی ئەیلولی ٢٠١٦، ل4 بەدواوە.

١٣ بڕوانە: د.عماد الدين خليل، حول اعادةكتابة التاريخ الاسلامي، ل١٠ .

١٤ بڕوانە: أ.د. محمد أمحزون، منهج دراسة التاريخ الاسلامي، ص٢٠ بەدواوە.

١٥ بڕوانە: د.محمد بن صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، ص ٨٨-٨٩.

١٦ بڕوانە: د.محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي وتدريسه، ص ٢٥-٢٥٢.

١٧ بڕوانە: د. محمد صامل السلمي، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، ص ١٣٣ بەدواوە.

# ڕۆژهەڵاتناسی

## زانستێکی لە مێژینەی بەکارهێنراو دژی ئیسلام

### (هۆکار و ئامانجەکانی)




**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە




چەمکی ڕۆژهەڵات ناسی، یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی زۆرترین لێکۆڵینەوە و قسە و باسی لەبارەوە کراوە. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا سەرنج دەخەینە سەر واتای ئەم زاراوەیە و مەبەست و ماناکەی و هەموو ئەو قسەو باسانەی کە لەخۆی دەگرێت.

بیرمەندان کۆک نین لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی، هەر بیرمەندە بەپێی تێڕاوانینی خۆی پێناسەیەکی بۆ کردووە، هەرچەندە جیاوازییان تەنها لە ڕواڵەتدایە، ئەگەرنا مەبەست و مانای پێناسەکان یەک دەگرنەوە و لەسەر ئەو پایە بنچینەییانە کۆکن کە ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر بونیادنراوە. هۆکاری جیاوازییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی کەسەکان بۆ ڕۆژهەڵاتناسی و دیاریکردنی مەبەستەکانی.

بەکورتی دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتناسی: ڕەوتێکی فیکری ڕۆژاواییە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لە شارستانیەتی گەلانی ڕۆژهەڵات، لە هەموو لایەنەکانی ڕۆشنبیری، فیکریی، ئایینی، ئابووریی و سیاسی بەمەبەستی کارلێکردنی. هەندێکیش وتویانە: بەمانای کۆکردنەوە و دەستخستنی زانیاری دێت لەسەر ڕۆژهەڵات لە هەموو لایەنەکانی ژیان(1).

بەم پێیەش بێت کەسی ڕۆژهەڵاتناس بەو کەسە دەگوترێت کەوا گرنگی بە کاروباری ڕۆژهەڵات دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە لە ڕووی شارستانیەت و ئایین و باوەڕیان و ڕۆشنبیریی و زمانی ئاخاوتن و هەڵسوکەوت و شێوازی مامەڵەکردنیان بەشێوەیەکی گشتی(2).

گۆی زەوی لە ڕووی پێکهاتەی جوگرافییەوە دەکرێت بەدوو بەشی سەرەکییەوە، ئەو بەشەی کە ڕۆژ تێیدا هەڵدێت بە ڕۆژهەڵات ناودەبرێت و ئەو بەشەشی ڕۆژی تێدا ئاوا دەبێت بە ڕۆژئاوا ناودەبرێت. بەڵام بەنیسبەت ئیسلامەوە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەپێی ئەو شوێنە دیاری دەکرێت کە سرووشی تێدا هاتوتەخوارەوە کە نیمچەدوورگەی عەرەبییە، خۆرهەڵاتەکەی بە خۆرهەڵات و ڕۆژئاواکەشی بە ڕۆژئاوا ناودەبرێت لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا. بەڵام لەم ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زاراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردەهێنرێت وەک زاراوەیەکی سیاسی و جوگرافی، مەبەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک و دوور، دابەشکردنی زەوییە بۆ چەند بەشێک بەپێی دوور و نزیکیان لە ئەورووپاوە.

توێژەران پێیان وایە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی ئیسلامی دەگرێتەوە کە ئەو ناوچە جوگرافییە ستراتیجییەیە کە ملکەچی دەسەڵاتی ئەورووپایە و مسوڵمانان داڕنراون لە بەرگرییە خودییەکان(٣).

وشەی ڕۆژهەڵات کە ئایا بە چ شوێنێک دەوترێت و کام ناوچانە دەگرێتەوە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. پوختەی قسە لەم بابەتە و وتەی کورت و ڕاست، ئەو بۆچونەیە کە پێی وایە: وشەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بۆ یەکەمجار ئەورووپیەکان بەکاریان هێناوە و مەبەستیان پێی دابەشکردنی جیهان بووە بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ڕۆژئاوا خۆیان دەگرێتەوە و ڕۆژهەڵاتیش وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا دەگرێتەوە، کە ئەو کاتە لەژێر داگیرکاری ئەورروپادا بووە، هەرچەندە وشەکەش لە ڕووی بەکارهێنانەوە نوێیە، بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاستییەکی مێژوویی هەیە. لە کۆندا جیهان بەسەر دوو دەسەڵاتی دژبەیەکی بەتوانا دابەش ببوو، یەکەمیان لە ڕۆژهەڵات و ئەوی دیکەشیان لە ڕۆژئاوا، ئەو دو هێزەش فارس و ڕۆم بوون، پاشان ململانێکە

کەوتە نێوان مسوڵمانان و ڕۆمەکان، پاشان ململانێ و ناکۆکییەکە کەوتە نێوان مسوڵمانان و خاچپەرستان، دواتر ململانێکە گوازرایەوە بۆ نێوان دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی ئەورووپا، ئێستاش پاشماوەی ئەم ململانێیە کەوتۆتە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە ئاسیا و ئەفریقا دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕۆژئاوا کە خۆی لە ئەورروپا و ئەمریکادا دەبینێتەوە(٤).

### مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی

بە شێوەیەکی دیاریکراو ناتوانرێت بوترێت کە یەکەمین کەس کێ بووە گرنگی بە توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانست داوە لەسەر ڕۆژهەڵات، بەڵام زانراوە کە لە ڕۆژانی دەسەڵاتی مسوڵمانان لە ئەندەلوس کۆمەڵە ڕاهیبێکی مەسیحی ڕوویان لە ئەندەلوس کردووە و ڕۆشنبیری و زانیاریان لە خوێندنگە ئاینییەکانی ئەو ناوچەیە وەرگرتووە و دواتر قورئانی پیرۆزیان بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێڕاوە کە زمانی نوسین و خوێندنەوە بوو لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ئەو ڕاهیبانە وانەی فەلسەفە و پزیشکی و بیرکارییان لەلای زانایانی مسوڵمان خوێندووە. یەکێک لە ڕاهیبە یەکەمینەکان کە گرنگی بە کۆکردنەوەی زانیاری داوە لەسەر ڕۆژهەڵات، جێربرت (Jerbert)ی ڕاهیبە. کە ڕاهیبێکی فەرەنسییە و لە ساڵی ٩٩٩ز هەڵبژێردرا بە پاپا لە دوای گەڕانەوەی لە ئەندەلوس و تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی زانیاری لە زانستگاکانی ئەندەلوس.

هەروەها (بطرس المحترم) و (جیراردی کریمون) لە ڕاهیبە یەکەمینەکان. ئەم ڕاهیبانە لە پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وڵاتانی ئیسلامی(٥).

ئەوەی کە مێژوونووسان زۆر لەسەری کۆکن بە جۆرێک کە وەک جۆرە کۆدەنگییەکە لەلایان ئەوەیە کە مێژووی دروستبوونی ڕۆژهەڵاتناسی دەگێڕنەوە بۆ سەدەی سیانزەی زاینی لە هەندێک لە شارەکانی ئەورووپا، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی دەگەڕێتەوە بۆ دوای (سەردەمی ریفۆرمی ئاینی) لە ئەورووپا. هەرچەندە لە پێش ئەوەش ڕۆژهەڵاتناسی بوونی هەبووە لەسەر ئاستی تاکە کەسی، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان زۆر بە وردی تیشک ناخەنەسەری و تەنها چەند کەسێک پێوەی خەریک بوون(٦).

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچونێک هەیە پێیوایە چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەورووپا هەتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دەرنەکەوتووە، بۆ یەکەمین جار لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٧٧٩ و لە فەرەنسا لە ساڵی ١٧٩٩ دەرکەوتووە، یەکەمین جاریش زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە ساڵی ١٨٣٨دا چووە نێو فەرهەنگی ئەکادیمی فەرەنسییەوە(٧).

### هۆکارەکانی دروستبوونی ڕۆژهەڵاتناسی

یەکەم/ هۆکاری سەرەکی ڕۆژهەڵاتناسی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئاینی: ئەو ئازارە ناخۆش و تاڵەی جەنگی خاچپەرستان جێیهێشت بوو لە دڵی ئەورووپییەکان و هاتنی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی، وای لە گاورەکان (پرۆتستانت و کاسۆلیک) کرد کە هەست بە پێویستی پێداچونەوەیەک بکەن بە ڕاڤەی کتێب و سەرچاوە ئاینیەکانیاندا و لە میانەی هەوڵدانیان بۆ تێگەیشتن لە کتێبە ئاینییەکانیان و لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی هێنابوویە گۆڕێ، هەوڵیاندا کەڵک لە توێژینەوە عیبرانیەکان وەربگرن. لەوێشەوە پەلیان بۆ توێژینەوە ئیسلامییەکان هاویشت، چونکە تێگەشتن لە کۆتا ئایین کەڵکی باشی دەبێت بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئاینی پێشوو.

هەروەها ئارەزووی بڵاوکردنەوە و تەشەنەکردنی ئاینەکەیان، وای لە گاورەکان کرد رژهەڵاتناس دروستبکەن، هەتا زەمینەسازی بکەن و بەرچاورِوونی بدەنە موژدەدەرەکان، ئەو پیاوە ئاینییانەی کە دێنە رۆژهەڵات و ئاینی مەسیحی بڵاودەکەنەوە. هەروەها موژدەدەرەکان باوەڕیان بە داگیرکەران هێنا ئاینی مەسیحی بکەنە بونیاد و بنەچەی هێرشەکانیان بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامی و ناوچەکانی رۆژهەڵات، لە بەرامبەریشدا داگیرکەران مەیدان چۆڵ و خۆش بکەن لە رۆژەڵات بۆ موژدەدەران ئاینی مەسیحی بڵاوبکەنەوە. بەمشێوەیەش رۆژهەڵاتناسی یەکەمین پەیوەندی خۆی لەگەڵ موژدەدەرەکان و پاشان لەگەڵ داگیرکەران دەبەستێت(٨).

هەروەها بۆ پاراستنی مەسیحییەکان و ئەو گەلانەی شوێنکەوتەی کەنیسەبوون بۆ ئەوەی نەیەنە نێو ئیسلام و هەروەها رێگریش بکەن لەو تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە خێرایەی ئاینی ئیسلام و بەر بە موسوڵمانبوونی خەڵکی بگرن. هەروەها لە رێگەی شارەزابوون لە ئیسلام و زمانی ئاینکەوە توانیان رێگەی دروستکردنی گومان و چەواشەکاری بدۆزنەوە دەربارەی ئیسلام و مێژووی موسوڵمانان. هەر لەم رێگەیەوە توانیان ئاراستەی گوتار و رەخنەکانی رووەو کەنیسە بگۆڕن بەرەو ئیسلام، و بە دوژمنێکی دیار و ئاشکرای کەنیسەی بناسێنن و خەڵکی رۆژئاوای لێ توند بکەن(٩).

دووەم/ هۆکارێکی دیکە بۆ دروستبوونی رۆژهەڵاتناسی، هۆکاری داگیرکارییە(الإستعمارية): لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگەکانی خاچپەرستان و شکست خواردنیان، رۆژئاواییەکان بێ ئومێد نەبوون لە دووبارە داگیرکردنەوەی وڵاتی موسوڵمانان و دووبارە خستنەژێر قەڵەمرەوی خۆیانەوە، بۆ ئەم مەبەستە روویان لە کۆکردنەوەی زانیاریی و توێژینەوە لەسەر رۆژهەڵات کرد لە هەموو رووە جیاوازەکانەوە، لە رووی بیروباوەڕ و شێوازی رەفتار و هەڵسوکەوت و رەوشت و ماڵ و سامانیان، هەتا بزانن کامە ناوچە بەهێزە بێ هێزی بکەن و کام ناوچەش بێ هێزە داگیری بکەن.

شایانی باسە رۆژهەڵاتناسەکان لە پاڵ داگیرکاری سەربازیشدا هەوڵیانداوە داگیرکاری فیکریش ئەنجام بدەن و تۆوی چەندین بیروباوەڕ و مەزهەبی فیکریی لارێ بوو بێباوەڕی بچێنن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا و لە رێگەی تێکشکاندنی هەستی پابەندبوون بە نەتەوە و ئاینەوە هەوڵیانداوە گیانی بەرگرییان لاواز بکەن.

هەروەها لە ئەنجامی دەستخستنی زانیاری لەبارەی ئیسلام و قورئان و فیقهـ و کەلەپووری ئیسلامییەوە توانیان چەندین مەزهەب و بیروباوەڕی بێ پێشینە و لارێ بوو دروستبکەن و ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لە پێش چاوی نەوەی نوێ ناشیرین بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانیان لەلای موسوڵمانان نەهێشت و یەکێک لە رەفتارەکانی سەردەمی جاهیلیەت کە شۆڤێنیستی بوو زیندوویان کردەوە و گەلانی موسوڵمانیان پارچە پارچە کرد و کردیانن بە دوژمنی یەک(١٠).

کەسانێک بۆ پەیداکردنی بژێوی و زیادکردنی سامانیان روو لە زانستی رۆژهەڵاتناسی دەکەن، کەسانێک بە مەرام گەلێکی سیاسی دەستیان داوەتە رۆژهەڵاتناسی ئەگەر بە نمونە کەڵکی رۆژهەڵاتناسی بۆ ئیستعمار و سیاسییەکان وەربگرین، «فأنتوني إيدن»ی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا هیچ بڕیارێکی سیاسی دەرنەکردووە لەمەڕ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەتا نەگەڕابێتەوە بۆ لای

ڕۆژهەڵاتناس(مرجیلیوپ) و ڕاوێژی پێنەکردبێت. کەسانێکی دیکەش هەن ئامانجیان تەنها بەدەستهێنانی زانست و تێرکردنی ئارەزووەکانیانە کە سامان و کاتیان هاوکاری کردوون تاوەکو لەو ڕێگەیەوە شارەزای خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕەوشت و ئاکار و تایبەتمەندییەکانیان ببن(١١).

سێیەم/ هۆکاری ئابووری: لە پاش ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێژەی ئەو خێرو بێرو سامانەیان بۆ دەرکەوت کە لە ڕۆژهەڵات هەیە هەوڵیاندا لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی لەگەڵیان هەڵبدەنەوە و کرانەوە لەگەڵیان ڕوویدات، تاوەکو لە ڕێگەی ئەم پەیوەندیانەوە برەو بە ئابووری خۆیان بدەن و کارگە و پیشەسازییەکەیان بخەنەگەڕ، لە هەمانکاتیشدا بزوتنەوەی پێشکەوتنی زانستییان بۆ ئاسان دەبوو. لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە توانیان کەرەستە خاوەکان بە نرخێکی کەم و بێ تێچونێکی زۆر ببەن و کەڵکی لێوەربگرن و لە هەمانکاتیشدا ڕۆژهەڵات بەکاربەرێکی چالاکی بەرهەمەکانیان بێت و لەم ڕێگەیەوە قازانجێکی زۆریان دەستکەوت(١٢).

چوارەم/ هۆکاری زانستی: لەگەڵ ئەو هۆکار و مەبەستە خراپانەدا بۆ دروستبوونی ڕۆژهەڵاتناسی، هۆکاری زانستیش هەیە. کەسانێکی ڕۆژئاوایی بێ هیچ مەبەستێک ویستویانە زانیاری دەربارەی ڕۆژهەڵات کۆبکەنەوە، ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە هیچ جۆرە هاوکارییەکیان ناکرێت لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ دەزگا ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا نیە و کار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری نا دروست و تێکدانی دیمەنی ئیسلام ناکەن و خەڵکانێکی ڕاستگۆ و بێ فروفێڵن. هەندێک لەم ڕۆژهەڵاتناسانە لە پاش لێکۆڵینەوە لە ئایینی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەر (د.خ) بەشێوەیەکی دادگەرانە بڕیاریان لەسەر ئیسلام داوەو هەڵیان سەنگاندوە و لە ئەنجامدا بونەتە بیرمەند و داکۆکیان لە ئیسلام کردووە و ئەو چەواشەکارییانەیان بۆ خەڵک ڕوونکردۆتەوە کە دەربارەی ئیسلام بە خەڵک وتراون. لەنێویاندا (محەمەد ئەسەد)ی ڕۆژهەڵاتناسە کە خاوەنی کتێبێکە بەناوی «الإسلام على مفترق الطرق»، هەروەها (توماس ئارنوڵد) کە خاوەنی کتێبێکە بەناوی «الدعوە إلى الإسلام». لەم کتێبەدا بە وردی باس لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە ئیسلامدا دەکات و باس لەو ڕووداوە مێژوویانە دەکات کە لێبوردەیی و پێکەوەژیان لەلای مسوڵمان پیشان دەدات. بەڵام لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانی دیکەوە بە توندی وەڵامدرایەوە و تۆمەتبارکرا بەوەی لە کتێبەکەیدا ڕێبازی زانستیانەی نەگرتۆتەبەر و لەسەر بنەمای سۆز بۆ ئیسلام ڕەفتاری کردووە. ئەمە لەکاتێکدا ئەم ڕۆژهەڵاتناسە هەر ڕووداوێکی مێژوویی باسکردبێت تێیدا بە وردی بەدواداچونی بۆ کردووە و لە سەرچاوەکانی کۆڵیوەتەوە(١٣).

## گرنگترین هۆکارەکانی بەردەوامبوون و بەهێزبوونی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئێستا و داهاتوودا

زیادبوونی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وادەکات وڵاتان پاڵپشتی و هاوکاری دەزگا ڕۆژهەڵاتناسییەکان بکەن بۆئەوەی ڕاپۆرت و وردەکارییان پێشکەش بکەن دەربارەی ڕۆژهەڵات.

هەروەها زۆرێک لە دەستە و ڕێکخراوە جیهانییەکان کاتێک بیانەوێت لەسەر ئیسلام و مسوڵمانان بنوسن پشت بە ڕاپۆرت و نوسراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەبەستن. هەروەها کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت بە وتەی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەبەستن لەکاتی گواستنەوەی زانیاری لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە.

کەلەپووری ڕۆژهەڵاتناسان گەنجینەیەکی پڕ زانیاری باشە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بونەتە مشەخۆرێک بەسەر ئەو زانیارییانەوە و کەڵکیان لێوەردەگرن. بۆیە بە تێڕوانین لەم هۆکارانە دەتوانین بڵێین ڕەوتی ڕۆژهەڵاتناسی بزاوتێکی بەردەوام و کۆتایی نەهاتووە و تا هەنوکە دامەزراوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان لەکاری بەردەوامی خۆیاندان و بە دەرکردنی کتێب و گۆڤار و بەستنی کۆنگرەوە سەرقاڵن، سی و سێ هەمین کۆنگرەیان لە کەنەدادا بەست، تەوەری تایبەتی کۆنگرەگە بریتی بوو لە (پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان) (١٤).

بەشێوەیەکی گشتی کاروچالاکی ڕۆژهەڵاتناسان لە نوسینەکانیان دەکرێت بە سێ قۆناغەوە:

- قۆناغی سەرەتایی، قۆناغی خوێندنەوە و بەدواداچوون.
- قۆناغی دووەم، لە کەوتن و لەدەستدانی غەرناتەوە دەستپێدەکات.
- قۆناغی سێیەم، قۆناغی دوای لەناوچوون و نەمانی خەلافەتی ئیسلامییە.

لێکەوتەکانی هۆکاری ئاینی لە توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکان

١. نکۆڵی کردنی هاتنی قورئانی پیرۆز لەلایەن خواوە و هەوڵی ناشیرین کردنی قورئان و بوختان و درۆکردن تا ئەو ڕادەیەی کە وتویانە قورئان هەڵبەستراوی دەستی محەمەدە. یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەناوی «جون تاکلی»، بەئاشکرا ئەو مەبەستەی خۆیان ئاشکرا دەکات و دەڵێت پێویستە ئێمە کۆنترین چەکی بەرگری لەخۆکردنی دەستی مسوڵمانەکان لە دژی خۆیان بەکاربهێنین و پێیان نیشان بدەین ئەو ڕاستیانەی لە قورئاندا هاتوون شتێکی نوێ نین قورئان هێنابێتی و ئەو بابەتە نوێیانەش قورئان هێناونی

**میرزا غولام لە (تریاق القلوب) دەڵێت: بەشێکی زۆر و بەرچاوی تەمەنم لە پاڵپشتیکردنی حکومەتی ئینگلیزدا بەسەربرد**

ڕاست نیین!(15).

٢. دروستکردنی گومان لەلای مسوڵمانان و خەڵک لە بارەی ڕاست و دروستێتی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و هەوڵدان بۆ کەنارخستنیان.

٣. گومان دروستکردن دەربارەی فیقهی ئیسلامی و تۆمەتبارکردنی بەوەی لە یاسای ڕۆمانی وەرگیراوە. گومان دروستکردن لەسەر کەلتوور و ڕۆشنگەری ئیسلامی و بەوە ناویان دەبرد کە هیچ بابەتێکی فیکریی نوێی نەهێناوەتە ئاراوە و لە یاسای ڕۆمانی وەرگیراوە(١٦).

لەگەڵ ئەمەشدا چەندین ڕەوتی فیکرییان دزە پێکردۆتە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەوانە:

**یەکەم**/- (المادیە): بریتییە لەو ڕەوتە فیکرییەی کە کار بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو هەست و نەستانە دەکات کە ئایین لە مرۆڤدا دەیچێنێت، لە سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی و هەستی مرۆڤانەی تاکەکان بەرامبەر کۆمەڵگە و دەوروبەری خۆی. هەروەها ئەم ڕەوتە فیکرییە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە هەستپێکراوەکان دامەزراوە. بەومانایەی هەرشتێک لەم دونیایەدا ئەگەر بەیەکێک لە پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ، هەستی پێنەکرا ئەوا ناتوانرێت باوەڕی پێ بهێنرێت و ڕاست نیە.

# بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە وڵاتە ئیسلامییەکان وادەکات وڵاتان پاڵپشتی و هاوکاری دەزگا ڕۆژهەڵاتناسییەکان بکەن

بەم پێیەش بەشێکی زۆر لە بیروباوەڕ و ئیمانی مسوڵمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و سەردەکێشێت بۆ باوەڕنەبوون بە خودا و بە فریشتەکان و ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ و کۆی هەموو ئەو بابەتانەی نەدیون و باوەڕ پێ هێنانیان پایەیەکە لە پایەکانی ئیمانی مسوڵمان.

**دووەم**/- (الوجودیە): کرۆکی بیروبۆچونی ڕەتی وجودیەت خۆی دەبینێتەوە لە دارِنینی مرۆڤ لە جیهانی گیان، مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی بێ هەست و نەست، لەگەڵ پشتگوێخستنی هەموو دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ شکاندنی هەموو ئەو بەند و سنور و پەرژینانەی ئایین دروستی کردووە بۆ جوڵە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لەژێر پاساوی ئازادکردنی بیر و جوڵەی مرۆڤ.

**سێیەم**/- ( العلمانیە): عەلمانیەت کە بە دوو واتا دێت، بەواتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، یان بە واتای جیاکردنەوەی ئایین و زانست لە یەکتری.

عەلمانیەتیش یەکێکی ترە لەو چەکانەی بە دەست ڕۆژهەڵاتناسەکانەوەیە بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام و نەهێشتنی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا.

چۆن ستەمی کەنیسە و پیاوانی ئاینی مەسیحی ئاشکرایە کە چییان لە زاناکانیان کردووە و چەندە بەرهەڵستی زانستیان کردووە و پێویستیان کردووە هەر گوفتار و ڕەفتارێکی زانستی لە کەنیسەوە سەرچاوە بگرێت و درکاندنی یەک وشەی زانستی بەبێ پرسی کەنیسە ژیانی خاوەنەکەی خستۆتە مەترسیەوە و دوچاری مەرگی کردۆتەوە.

بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکیش پەنایان بردۆتە بەر جیاکردنەوەی ئایین و زانست و توانیانە با پیاوانی ئاینی بە هیچ جۆرێک لە زانست وەرنەدەن و زانایانیش بۆ خۆیان بە هەموو جۆرێک سەربەست بن و بەرهەم و بیری زانستییان هەبێت.

سەرەڕای ئەم ئامرازە دەرەکیانەش، چەندین ئامرازی ناوخۆیی دیکە هەن بەدەست ڕۆژهەڵاتناسەکانەوەن ئەوانیش خۆیان لە بیروبۆچونی ئەو ڕەوتە فیکریانەدا دەبیننەوە کە دەدرێنە پاڵ ئیسلام و لە هەمانکاتیشدا بە لاکەوتن (الإنحراف) و زێدەڕۆیی هەژمار دەکرێن بەپێی یاسا و هێڵە گشتییەکانی شەریعەتی ئیسلام و زیانێکی گەورەیان لە بیروباوەڕی مسوڵمان داوە. ئەوان ئەو بۆچوونەی لەنێو مسوڵماناندا بەناوی زوهد و دنیا نەویستییەوە هەیە چواندوویانە بەو پەرگیری( الرهبانیە)یەی کە لە ئاینی مەسیحیدا هەبووە و پییانوایە هێنراوەتە نێو ئایینی ئیسلام، هەروەک توانیویانە گومان دەربارەی ئیسلام و مسوڵمانان دروستبکەن و بە ئاینێکی توندڕەو نیشانی بدەن لەبری ئاینێکی نێوەندگیری میانڕەو.

لە دیارترینی ئەو گرووپانەی خزێنراونەتە نێو ئیسلام، بەهائیەکان و قادیانییەکانن، بەهائیەکان: گرووپێک بوون لە ئێران سەریانهەڵدا و هەڵقوڵاوی بیری شیعەگەرێتییە و لە گرنگترین گوتارەکانیان خۆدارِنینە لە ئایین و بەخشینی ئازادی ڕەهایە بە ئافرەتان، و مانگەکانی ساڵ دەکەن بە نۆزدە مانگەوە!. ڕۆهەڵاتناسەکان هاوکاری زۆریان کردوون لە بڵاوبونەوەی بیروباوەڕیاندا و چەندین

کتێبی شیکردنەوەی بیروباوەڕی بەهائیەکانیان بڵاوکردۆتەوە بە چەندین زمانی جیاواز.

قادیانی: بەو ڕێبازە ئایینیە دەوترێت کە لەسەر دەستی میزاغولام ئەحمەد قادیانی دامەزراوە، لە سەرەتا میرزا غولام وەک ڕیفۆرمخواز و نوێگەری ئیسلام خۆی نیشانداو چەندین بۆچۆنی تازەی هێنایە دنیای ئیسلامەوە، دواتر بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو محەمەدی مەهدییە کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) مژدەی هاتنی بە ئومەتەکەی داوە لە کۆتایی زەماندا دەردەکەوێت. لە پاشان وتی من عیسا پێغەمبەرم کە پێغەمبەری ئیسلام لە هەندێک لە فەرموودەکانیدا ئاماژە بە هاتنە خوارەوەی دەکات لە ئاسمانەوە و چاکسازی لە باری ناهەمواری مسوڵمانانادا دەکات و سەرەوەری بۆ ئیسلام دەگێڕێتەوە.

ئەوەی پاڵشتی گومان لە هەبوونی دەستی ئینگلیز لە دروستبوون و تەشەنەکردنی قادیانی هەیە ئەوەیە کە میرزا غولام بەشێوەیەکی ڕەسمی تێکۆشانی دژ بە ئینگلیزی قەدەغە کرد و بە حەرامی دانا لەو کاتەی کە ئینگلیزەکان هندستانیان داگیرکردبوو. میرزا غولام خۆی دان بەم ڕاستیەدا دەنێت و لە یەکێک لە کتێبە بڵاوکراوەکانیدا بە ناوی (ترياق القلوب) دەڵێت: بەشێکی زۆر و بەرچاوی تەمەنم لە پاڵپشتی کردن و سەرخستنی حکومەتی ئینگلیزدا بەسەربرد، ئەوەندە بڵاوکراوەم هەیە لە کتێب و ڕاگەیەندراوەکاندا کە تێیدا تێکۆشانم لە دژی ئینگلیز بە نارەوا داناوە و گوێڕایەڵی کردنی ئینگلیزم بە پێویستییەکی ئایینی باسکردووە ئەگەر کۆبکرابانەوە پەنجا کۆگایان پڕدەکرد، ئەم کتێب و بڵاوکراوانەم لە وڵاتە عەرەبییەکان و میسر و تورکیا و شام بڵاوکردەوە و بەردەوام هەوڵ و ئاواتی من دڵسۆزکردن و ملکەچ کردنی خەڵک بوو بۆ بەریتانیا(17).

هەروەها هەموو ئەو گرووپ و ڕەوتانەی کە تێڕوانینێکی تایبەت و جیاوازیان لە تێکڕای مسوڵمانان هەیە لە هەمبەر سوننەتدا و بە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامی نازانن، کە ئەم بیروبۆچوونە خۆی لەژێر ناوی قورئانی بووندا دەناسێنێت و بانگەشەی کەنارخستنی سوننەت دەکات، زۆرێک لە بەهانە و پاساوەکانیان بۆ ڕەواج پێدانی تێڕوانینەکەیان بۆ کەنارخستنی سوننەت لە قسە و توانجەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لە ئەوانەوە وەرگیراوە. لەگەڵ ئەو ڕەوتە فیکرییەی بە نوێگەرا و عەقڵانییەکان ( العصرانيون- العقلانيون) دەناسرێن کە پوختەی قسەو بۆچونیان ئەوەیە ئیسلام لە تەرازووی بیروباوەڕو پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا هەڵبکێشرێت و ئەو بابەتە ئیسلامیانەی لەگەڵ بۆچون و پێشکەوتنی ڕۆژئاوا و ئاوەزی مرۆڤدا ناگونجێت ڕەتبکرێتەوە و ڕیفۆرمی ڕیشەی لە کۆی ئایندا بکرێت(١٨).

ڕۆژهەڵاتناسان بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر چەند بنەمایەک دەکەن و شێوازی کارکردنیان لە چوار دەوری باسکردنی چەند بابەتێک دەخولێتەوە، لە گرنگترینیان: قسەوباس کردنە دەربارەی قورئان و پێیان وایە کە قورئان هەڵبەستراو و دانراوی دەستی پێغەمبەرە(د.خ) و لە چەند سەرچاوەیەکی جولەکە و مەسیحی و چەند نوسراوێکی عەرەبی زەمانی نەفامییەوە وەریگرتوە.

هەروەها کار لەسەر تێکدانی بونیادی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکەن، لەم بارەشدا دەستیان داوەتە بابەتی مافەکانی ئافرەت، چونکە دەزانن ئافرەت بەردی بناغەی خێزان و کۆمەڵگەیە، بەردەوام وای نیشان دەدەن کە ئافرەتان لەژێر سایەی ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە بارێکی خراپ و ناهەمواردا دەژی. هەروەها بەردەوام ڕەخنە ئاراستەی یاسا

و سنورەکانی ئیسلام دەکەن کە بۆ تاوانباران دیاریکراوە لە ئیسلامدا و دەیکەنە پاساو بۆئەوەی ئیسلام بەئاینێکی توندوتیژ پیشان بدەن. هەروەها کار لەسەر نەهێشتنی ئادابی ئیسلامی دەکەن و بە ئادابە ڕۆژئاواییەکان جێگەی پردەکەنەوە(١٩)

هەروەک هەوڵیاندا لە ڕێگەی زیندوکردنەوەی جیاوازیی و ناکۆکی بیروبۆچونەکان لە نێوان قوتابخانە و گرووپە ئیسلامییەکان (٢٠) ئەو جیاوازی و شەڕەدەنوکەی لە نێوان مەدرەسە کەلامی و عەقڵیەکاندا هەبووە لەگەڵ مەدرەسەی نەقڵ و وەڵامدانەوەکانی سەردەستە و زانایانی هەردوولا بۆ یەکدی، گەلی مسوڵمان بگێڕنەوە نێو ململانێیەکی بێ بەرهەم و بێ کەڵک، ئەوەش هیچ کاریگەرییەک ناکات لە گۆڕینی ئەو داگیرکاریی و پەرتەوازەیی و لاوازبونەی ڕووی لە مسوڵمان کردووە، بەپێچەوانەوە نەبونی کەڵکی ئەوتۆی دەبێت، لەبری خۆماندوکردن بە بەلگەهێنانەوە و هەوڵدان بۆ شکاندنی یەکتر، تێکرا کاریان بۆ سەرخستنی ئەم گەلە و ڕزگارکردنی دەکرد لەوبارە ناهەموارەی تێیدایە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی مەبەستی سەرەکی تێیدا ئاینی بووە، ئەگەرچی چەند مەبەست و هۆکارێکی دیکەش هەن بۆ دروستبوونی. هەروەک ئەم زانستە خزمەتێکی زۆری ڕۆژئاوای کردووە و توانیویانە زۆرترین کەڵکی لێوەربگرن و ئامرازێکی سوودبەخش بووە بۆیان لە بەرامبەردا چەندین لێکەوتەی خراپ و نێگەتیڤی بۆ مسوڵمانان و ڕۆژهەڵاتییەکان هەبووە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١. بڕوانە: الاستشراق وموقفه من السنة النبوية، فالح بن محمد بن فالح الصغير، مجمع الملك فهد لطباعة، السعودية- المدينة، لا: ٦- ١٠

٢. المُستَشْرِقُونَ، نجيب العقيقي، دار المعارف، مصر- القاهرة، ١٩٨١م، لا: ٢٥.

٣. دراسات في تميز الأمة الإسلامية وموقف المستشرقين منه، إسحاق بن عبد الله السعدي، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، قطر، ط1، 2013، لا: ١٨٨.

٤. الإسلام والحضارة الغربية، محمد محمد حسين، مؤسسة الرسالة، لبنان- بيروت، ط٥، ١٩٨٢، لا:11.

5 الإستشراق والمُستَشْرِقُونَ ما لهم وما عليهم، مصطفى بن حسني السباعي، دار الوراق للنشر والتوزيع - المكتب الإسلامي، لا: 17.

6. المبشرون والمستشرقون في موقفهم من الإسلام، محمد البهي، مطبعة الأزهر، لا: 11.

٧. هەمان سەرچاوەی دووەم، لا: ١٩٤.

٨. هەمان سەرچاوەی شەشەم، لا: ١١.

٩. هەمان سەرچاوەی سێیەم، لا: ٢٣٠..

١٠. هەمان سەرچاوەی پێنجەم، لا: ٢٢.

١١. المستشرقون والسنة، الأستاذ الدكتور سعد المرصفي، لا:١٦

١٢. هەمان سەرچاوەی یەکەم، لا: ١٨.

١٣. الإستشراق وموقفه من السنة، فالح بن محمد بن فالح الصغير، لا: ٢٠.

١٤. هەمان سەرچاوەی سێیەم.

١٥. المستشرقون والسنة، الأستاذ الدكتور سعد المرصفي، مكتبة المنار الإسلامية ومؤسسة الريان، بيروت – لبنان، لا: ١٠

١٦. بڕوانە: المستشرقون والسنة، الأستاذ الدكتور سعد المرصفي، مكتبة المنار الإسلامية ومؤسسة الريان، بيروت – لبنان، لا: -12 15.

١٧. الإستشراق وجهوده وأهدافه في محاربة الإسلام والتشويش على دعوته، عبد المنعم محمد حسنين، الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، السنة العاشرة - العدد الثاني - ١٣٩٧هـ - ١٩٧٧ م، لا: ٨٠- ٩٦.

١٨. الإستشراق وموقفه من السنة، لا: ٨٠- ٨٧.

١٩. المستشرقون في الميزان، أبو مجاهد عبد العزيز بن عبد الفتاح بن عبد الرحيم بن الملا محمد عظيم القارئ المدني، الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، ط السنة السابعة العدد الأول رجب ١٣٩٤ هـ أغسطس ١٩٧٤ م.

الاستشراق والتبشير، أ. د. محمد السيد الجليند، المتبة الشاملة بدون رقم الطبعة، (ـ ٨٠ ٩٠).

# تەوەری داهاتوو

## شوناس و بەخۆماڵیکردنی کولتووری کوردی

گۆڤاری خاڵ بابەتی(شوناس و بەخۆماڵیکردنی کولتووری کوردی) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١. شوناس چییەو چی دەبەخشێت بە گەلان؟

٢. ئیسلام چۆن لە پرسی شوناسی گەلان دەڕوانێت؟

٣. ئایا کورد فەرهەنگ و شوناسی تایبەت بەخۆی هەیە؟

٤. تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی چین؟

٥. ئایا کورد کولتوورێکی هێندە دەوڵەمەندی هەیە کەشانازی پێوە بکات؟

٦. کاریگەری و لێکەوتەکانی زاڵبوونی کولتووری گەلان لەسەر کۆلگای کوردی چییە؟

٧. تا چ ئەندازەیەک فەرهەنگ و کولتووری کوردی ڕۆڵی هەبووە لە پارێزگاریکردن لەکورد وەک نەتەوە؟

٨. خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شوناس و ناسنامەی کوردی چین؟

٩. گرنگیدانی زیاد لە پێویست بە کولتوور و فەرهەنگی بێگانەو فەرامۆشکردنی کولتووری کوردی چ کاریگەرییەکی لەسەر پاشەڕۆژی کورد دەبێت؟

١٠- ئایین چ ڕۆڵێکی هەیە لە پێکهێنانی شوناسی کورددا؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بورانەی کەئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری(٢٠١٧/٣/١٠) بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.

- داوا لە نوسەرانی بەڕێز دەکەین فۆنتی (یونیکورد/ unikurd) بۆ نوسینی بابەتەکانیان بەکاربهێنن.

- داواکارین لە نووسەرانی خۆشەویست لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا وێنەیەکی گونجاو و پرۆفایلی خۆیانی لەگەڵدا بنێرن.

# بابەتی گشتیی



## دیوی شاردراوەی پەیوەندیی

# ئەرمەن و زازا




**د. هێمن عومەر خۆشناو**

لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی

چەند بەرهەمی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی

چاپکردووە. چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکی شیکارییانەیە بۆ پەیوەندیی ئەرمەن و کوردانی زازا، یان بە واتایەکی دی هەوڵ و چاوتێبڕینی ئەرمەنەکانە بۆ زازاکان، کە وێڕای پەیوەندیی خراپکراوی هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن بەگشتی، بەڵام هەڵبژاردنی زازا لەناو ئەم چوارچێوەیەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە و ئاسۆی باشی و خراپی پاشەڕۆژی پەیوەندییەکە لە دونیای تێگەیشتنی ئەم سەردەمەدا چۆن لێکدەدرێتەوە و مەودای دووریی و قووڵییەکەی، چارەنووسی خاک و زمان بەرەو کوێ دەبات و، دەخاتە ڕوو.

## زازاییەکان کێن؟

زازا یان دیملی شێوە ئاخاوتنێکی زمانی کوردییە و بەگوێرەی بۆچوونی لێکۆڵەرانی کورد، ئەم شێوەزارە سەر بە دیالێکتی گۆرانە و وەک هەورامی سەر بە یەک زارن. بەڵام بەشێک لە لێکۆڵەرانی نا کورد بە زمانێکی سەربەخۆی ئێرانی دادەنێن، هەروەک هەندێک لە زازاییەکانیش وەها خۆیان دەناسێنن کە زمانێکن لە زمانی کوردی جودان(١).

بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسانیش لەوانە (مەکەنزی)، هەروەها (هادانک) لەژێر کاریگەری (ئۆسکارمان) پێیوایە کە دیملی یان زازایی لە ناوچەی دیملی ئێرانەوە هاتوون و پەیوەندییان لەگەڵ زمانەکانی تاتی و تاڵشی و مازەندەرانی هەیە. هەر بۆ ئەوەش بەشێک لە توێژەران ڕیشەی زمانی زازایی بە بەشێک لە کرمانجی دانانێن و پێیانوایە (زازاییەکان لەوانەیە لە کەناری باشووری دەریای خەزەرەوە کۆچیان کردبێ، هەندێکیش لەوانە خۆیان بە دیملی دادەنێن کە دەلالەتە لە گرووپێک لە خەڵکی پارێزگای گەیلان «دیلیمان/ ناوچەی دیلمان»، هەندێک لە زمانەوانانیش پەیڤی دیملی یان دیلمیان پەیوەست دەکەن بە چیاکانی ئەلبورزی نزیک کەناری دەریای خەزەر لە ئێران و پێیانوایە کە دیملییەکان/ زازاییەکان لە دەیلەم «دیلمان»ەوە هاتوون و وەک زمانەکانی ئێستای باشووری کەناری دەریای خەزەر لە وێنەی زمانەکانی خزری/ کاسپین، سنگسری، مازندەرانی، تاتی /هەرزەندی، سەمنانی، تاڵشی/ گەیلەکی....ن. کە پێیانوایە ئەم زمانانە زۆر لە زازایی نزیکن. ئەگەرچی ئەم بۆچوونە لە ڕوانگەی نەسلناسی پاڵپشت ناکرێ، لێکۆڵینەوە تازەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەگ و ڕیشەی دیملی/ زازاییەکان ئەنادۆڵی بووە و لە ڕوانگەی نەسلناسی دراوسێی کرمانجەکانن و تەنیا لە ڕووی زمانییەوە لەگەڵ باشووری دەریای خەزەر پەیوەندیدارن)(٢).

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە یان بە مەبەست ئەو ئاماژانەیان کردووە و یانیش هاتوون بۆ ماوەیەکی کەم لەناو زازاییەکان ماون و وایان هەست کردووە کە لەگەڵ زمانەکانی باکووری ئێران نزیکییان هەیە، بۆیە ئەو بڕیارەیانداوە.

لە زانستی زماندا ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە خەڵکەکە خۆیان چی دەڵێن، ئەوە حسێب دەبێ، بۆیە بەگوێرەی لێکۆڵەران پێش ئەوەی زازاییەکان ببنە شارستانی و ئەو کاتەی کە ئەو ڕووداوە سیاسییانەی سەدەی بیستەم ڕوویان نەدابوو، زۆرینەی هەرە زۆری زازاییەکان لە گوندان بوون، بەڵام بەهۆی خاپوورکردنی زۆربەی گوندەکان و بە هۆکاری تر ڕوویان لە شارەکان کرد، لە شاردا وەزیفە و ئەرکیان گۆڕدرا، چونکە پێش هاتنیان بۆ شار، هیچ زازاییەک نەیگوتووە من زازاییم، بەڵکو هەموویان دەیانگوت من کردم، یان من کیردم، بە کرمانجەکانیشیان گوتووە کردیسی، واتە کوردئاسا، یان وەک کوردان(٣).

تەنانەت خەڵکی پارچەکانی تری کوردستانیش تائێستاش نەیانزانیوە شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دەرسیمی زازان، ئەوە لەکاتێکدایە ئەوانیش بە زاریاندا نەهاتووە کە زازان. لەبەرئەوە ئێمە پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەین کە نەک هەر ناکرێ بە دیملی

ناوببردرێن، بەڵکو زازابوونەکەش لە کرمانجییەکە جویێ نابێتەوە وەک نەتەوە، ئەوەندە هەیە دەکرێت ئەویش وەک شێوە ئاخاوتنێکی کوردی تەماشا بکرێت، چونکە کۆنترین دەقی ئەدەبی زازاکی، مەولوودنامەی (ئەحمەدێ خاسێ)یە، ئەویش نووسیویەتی مەولوودا کردی و بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بۆ زازاکی نەکردووە.

(جەلادەت عالی بەدرخان) لە گۆڤاری هاواردا لە ژێر ناوی (زاری دوملی و مەولوودا عثمان ئەفەندی)، بابەتێکی نووسیوە و لە ناساندنی زازا دا دەڵێت:( زاری دوملی: ئەڤ زار زمانی کوردین، دوملی ئان زازانە، کوردێن دوملی د وڵاتێ ژۆرین د رۆژئاڤایێ وی وڵاتێ دە رونشتینە. ب پرانی تەڤلی کوردمانجان و ژێ زارێ خوە پێڤە ب کوردمانجی ژی دزانن)(٤).

خاڵێکی تر هەیە پێویستە بخرێتە روو، ئەویش ستراتیژییەتی ئەو خاکەیە کە زازاکییەکانی لەسەر نیشتەجێن، بەتایبەت بۆ رۆژئاواییەکان یان بە دەربڕینێکی تر بۆتە جێی سەرنجی رۆژهەڵاتناسەکان، رەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی ئەوان حەزیان بەوە کردووە زازا لە کرمانج دابڕن. بەوەی ناوچەکە بۆ ئەرمەنەکان زۆر گرنگە و لە هەندێک شوێندا لە کاتی خۆیدا ئەرمەنی لێ نیشتەجێ بووە، بۆیە ئەرمەنەکان و رۆژئاواییەکان ئەو هیوایەیان هەر ماوە کە لە داهاتوودا قەوارەیەک بۆ ئەرمەنەکان دروست بکرێت، یان ئەو دەوڵەتە مەزنەی ئەوان خەونی پێوە دەبینن، باشترین شوێنیش کە دەکەوێتە سەر سنووری ئەو دەوڵەتە، خاکی زازاییەکانە. هەر لەبەرئەوەشە ئێستا لە ئەرمینیا و یەریڤان هەوڵی ئەوە دەدرێت بایەخ بە زازاییەکان بدرێت، لەم رووە تائێستا لە ماوەی ساڵانی(2012-2014)دوو کۆنفرانسی زانستی تایبەت بە زازاییەکان سازکراوە. ئەم هەوڵە بۆ مێژوومان دەگەڕێنێتەوە کە شاعیرێکی وەک حاجی قادری کۆیی هەر ئەو کات هۆشیاری ئەوەی دابوو، کە نیازێکی وەها هەیە و ئەرمەنەکان بەتەمان جێی کوردان بگرنەوە، بۆیە دەڵێت:

**خاکی جزیرە و بۆتان**

**یەعنی وڵاتی کوردان**

**سەد حەیف و سەد مخابن**

**دەیکەن بە ئەرمەنستان**

**ئەرمەنەکان چاویان لە خاکی زازاکانە**

زازاییەکان بە پەرش و بڵاوی لە زۆر لە ناوچەکانی باکووری کوردستان بڵاوبوونەتەوە، بەتایبەتی لە بەشێک لە پارێزگای دیاربەکر و تەواوی پارێزگاکانی بنگۆل و ئەلعەزیز و هەندێ لە قەزای موش و دەرسیم و ئورفاش بە زازاکی قسە دەکەن. وردتر بڵێین (کوردی زازا، کرمانجکی یان کردکی، دملکی، شوێنی نیشتەجێبوونیان باکووری رۆژهەڵاتی کوردستانی بن دەستی تورکیایە. ئەم بنکەیەش لە باکووری ئەرزەرۆم و ئەرزنجان لە باشوور تا دەگاتە گەرگەر و ئەدیامان و ناو سوێرک و قەزای ئورفا و گوندەکانی باکووری ئورفایە. هەروەها لەناو سەنتەری قەزاکانی دیاربەکر وەک چەرموک و چەنگوش و پیران و هێنی و هەروەها لە چەند گوندێکی مەزنی ئەو قەزایانە وەک لیجە و حەزرۆ چنار و قولپ، وێڕای قەزای گمگم و قەزای موش و چەند گوندێکی قەزاکانی ئەرزەرۆم وەک خنوس و تەکمان هەن. هەروەک لەناو ئەرزنجان و هەندێ لە گوندەکانی و لە دوو قەزای سیواس و گوندەکانی. شاری دەرسیم و قەزاکانی وەک بولومۆر و نازمییە و ئۆقاچیخ و خۆزات و جەمیشکەزەک و لە تەواوی (ئەلعەزیز) و قەزاکانی وەک مادەن و پالۆ و لە ناوەندی قەزای قەرەقۆجان و لە شاری بینگۆل و هەموو قەزاکانی و لە زۆربەی قەزای سۆلخان و قارلی جاف، ئەمانە بە زازاکی دەپەیڤن)(٥).

ئەم ناوچە جۆربەجۆرانەی کە زازایان لێ نیشتەجێن، باشترین دەرفەتە بۆ ئەرمەنەکان، چونکە ئەوان ناتوانن ئەو پەیوەندییە لەگەڵ کورد(کرمانجی)

بەگشتی پەرەپێیدەن، دەبێ لەو خاڵەوە دەستپێبکەن کە زازاییەکان هەستی جیابوونیان لە کورد لەلا وروژێنراوە، کە ئەمە دەوڵەتی تورک و خەڵکێکی زازا ئەم بیرۆکە پەرە پێدەدەن و جگەلەمەش نزیک لە نیوەی زازاییەکان عەلەوین و ئەمەش دەرفەتێکی دیکەی پێکانی ئامانجەکەیە و لەلایەکی تریشەوە پچرپچری ئەو دانیشتوانەی سەرەوە، قورسایی کرمانجی بەگشتی کەم دەکاتەوە و هەڵکەوتەی شوێنەکەش بۆ ستراتیژییەتی سنووری دەوڵەتی مەزنی ئەرمەن زۆر لەبارە.

هەوڵەکانی جیاکردنەوەی زازاکی لە کوردی

میشیل لیزینبێرگ لە کتێبەکەی خۆیدا (کاریگەری گۆرانی لەسەر کوردی ناوەڕاست) ناوی ئەو نووسەرانە دێنێت کە بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەسەر زازایی هەبووە و دەڵێت: مان (١٩٠٩-١٩٢٣ت) یەکەم کەس بووە تێبینی کردووە کە جیاوازیی نێوان زازایی و گۆرانی لەلایەک و کرمانجی و سۆرانیش لەلایەکی ترەوە، ئەوەندە گەورەیە کە ناتوانین بە زاری جیاوازی هەمان زمانیان دابنێین. سۆن (١٩٢١) دوای چەند ساڵێک، بە شێوەیەکی سەربەخۆ گەیشتۆتە هەمان ئەنجام. نووسەرانی پێشتر، بۆ نموونە: لێر چ (١٨٥٧) و موولەر (١٨٦٤) زازاییان بە یەکێک لە زارە کوردییەکان داناوە، ئەگەرچی ئەوانەی بە زارەکانی تر دەدوان بە زەحمەتییەکی تایبەتی لەم زارە دەگەیشتن. ڕیچ بە شێوەیەکی گشتی لای دەکرد بە لای ئەوەدا کە گۆران لە ڕووی ئێتنییەوە بخاتە ناو چوارچێوەی کوردەوە، ئەگەر چی هەندێک جار دوو دڵ بوو، چونکە چاک ئاگاداری جیاوازییە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانی بوو لەگەڵ جافەکانی کوردی زمانی دەوروبەرییان.

(مان) بۆچوونە زمانەوانییەکەی ڕێکخستووە و جەختی کردووە کە قسەی ڕاستت دەوێ زازایی و گۆرانی زاری کوردی نین، بەڵکو لقێکی سەربەخۆن لە زمانە ئێرانییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو، جیاوازییەکە تەنیا بە زمانەوانی دادەنێت، نەک ئێتنی. ئەگەرچی هەندێک سیمای چاندیی جیاوازی تێبینی کردووە لەناو گۆرانەکان. ئەگەر زازایی و گۆرانی، تا سەردەمی (مان) و (تا ماوەیەکی زۆر دواتریش) لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە زاری کوردی دانراین، ئەمە بەگشتی سەبارەت بەوە بووە کە گۆران و زازا زمانەکان، بەبێ دوو دڵی، لە ڕووی ئێتنییەوە بە کورد دانراون. بە جۆرێکی تر بڵێین زمان خۆی لە خۆیەوە پێوەرێکی ئێتنی جیاکەرەوەی زۆر گرنگ نەبووە، هەرچەندە ئەگەر هۆکاری تری ئایینی و خێڵەکی لەگەڵدابایە، وای لێ دەهات. ئەمەش ئەو کاتە باش دەردەکەوێت کە سەیرێکی سەرنج و تێبینی چاودێرەکانی ڕووی دەرەوە بکەین.

ئەولیا چەلەبی، نووسەری گەشتنامەی سەدەی حەڤدەیەم، لە کتێبی چوارەمی سیاحەتنامەکەیدا، زازایی بە یەکێک لە شازدە (لە شوێنی تر پازدە) زارەکانی کوردی دادەنێت. جێی بایەخە، ئەو، زمانی بارەگای ناوچەکەی، کە لە تبلیس قسەی پێ دەکرێت و پێی دەگوترێت (ڕۆژێکی) بە زارێکی کوردی داناوە، هەرچەندە نموونەکانی وادەردەخەن کە ئەم زارە زۆر ئاشکرایە تورکی بێ و زۆر شتی خوازراوەی ئەرمەنی تێدابێت. ئاشکرایە بەلای ئەولیا چەلەبییەوە پێوەری تری جگە لە پێوەری زمانەوانی هۆکاری یەک لاکەرەوە بوونە لە چەسپاندنی لکانی ئێتنییەوە.

بە هەمان شێوەش، توێژەری پێشەنگی دانیمارکی کارستێن نیبوور (١٧٦٨)، کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا گەشتێکی بە ناوچەکەدا کردووە و لە ڕێگەی خۆیدا، لە دیاربەکرەوە بۆ ماردین، ڕاستەوخۆ بەناو جەرگەی خاکی زازا زمانەکاندا تێپەڕیوە، بەڵام یەک تاکە جار چییە تێبینی نەکردووە کە ئەم خاکە کۆمەڵێکی ئێتنی جیای تێدابێت، لەبەرئەوەی خۆی نە کوردی دەزانی و نە تورکی. دیارە زانیاریدەرەکانی

(کە دیارە جێی بڕوا بوون) باسی هیچ جیاوازییەکی زارەکی یان ئیتنی ئێرەیان بۆ نەکردووە. بە جۆرێکی تر بڵێین، دیارە لەوکاتەدا، ئەوانەی بە زازایی دواون (وەک هەن) لە کوردی تر جیانەکراونەتەوە. لەوماوەیەدا، ئایین سنوورێکی ئیتنی زۆر گرنگتر بووە لە زمان، بەڵام تەنانەت ئەم سنوورەش تەواو و کامل نەبووە. بە ئاشکرا باجەلان و لەک و سارلی بە کورد دادەنێت، بەمجۆرە، گۆرانی و زازایی لە رووی ئیتنییەوە، لە هەموو حاڵێکدا زمانی کوردی بوون. بەلایەنی کەمەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، هیچ دەرک کردنێک بە ناسنامەی تایبەتی زازایی دیار نییە. لەوەدەچێت ئەوکات هۆکاری خێڵەکی و جوگرافی و بەتایبەتیش ئایینی لە هەموو کاتێک بەهێزتر بووبێت. مەکەنزی پێیوایە کە « گەلی زازا، وەک گۆرانەکان، بنچینەیان بۆ کەناری باشووری دەریای قەزوین دەچێتەوە، واتە بۆ دەیلەم، کە ئەو (تاقمە کوردە سەرەکییانەی) دواتر گەیشتنە ئەوێ، ئەمانەیان بەرەو رۆژاوا راماڵی(٦).

وەک باسکرا سەرەتای هەوڵەکان بۆ بەشێک لە رۆژهەڵاتناسان دەگەڕێتەوە، ئاشکراشە بەشێک لەم رۆژهەڵاتناسانە کەسانی سەر بە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا یان نوێنەر و فەرمانبەرانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتانە بوون و بەمەبەست و بۆ دوارۆژێکی دوور ڕوانینەکانیان خستۆتە ڕوو. یەکەم هەنگاوی ئەرمەنەکانیش لە زمانەوە دەستپێدەکات و بە دووەم هەڵمەت دادەنرێت دوای رۆژهەڵاتناسەکان، ئەویش (هەندێ ئەرمەنی توندڕەو کە بیرۆکەی دەوڵەتی مەزنی ئەرمەنییان هەڵگرتووە و پێیانوایە ناوچەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکن لەو دەوڵەتە و لە خاکی ئەرمینیای گەورە. ئەمانە دەزانن کە لە ناوچەکانی زازادا ئەرمەن نەماون و بەو خەیاڵە دەژین کە زازا رەگەزێکی ئەرمەنین و بەتایبەتی زازایانی عەلەوی لە ناوچەکانی دەرسیم و شێوەئاخاوتنی زازاکیش بە شێوەئاخاوتنێکی نزیک لە ئەرمەنی دادەنێن. هەروەک چۆن بەشێک لە فارسەکانیش پێیانوایە کە کوردیی بەشێکە لە ئەوان. هەر لەو سۆنگەشەوە بووە بەشێک لە زانا و توێژەرانیش لەبن سێبەری ئەو هێرش و بۆچوونە توندڕەوانەیە بە هەڵە هەمان بۆچوونیان دووبارەکردوونەوە)(٧).



لە پەیماننامەی سیڤەریش هاتبوو کە دەبێ ئەرمەنستان و کوردستان و حیجاز سەربەخۆیی خۆیان وەربگرن، لەو نێوانەدا سنووری هەریەکەشیان دیاریکرابوو، کە بۆ موجامەلەی داخوازییەکانی ئەرمەن ناوچەی(وان) لە کوردستان دوورخرایەوە، بەمەش ئەمین عالی بەدرخان نەخشەیەکی دیکەی پێشکەش کرد و وانی خستەوە ناو نەخشەی کوردستان و گفتوگۆکانی نێوان کورد و ئەرمەن بەردەوام بوو لەسەر ویلایەتی ئەرزەرۆم و ساسۆن و هەروەها ئاگری و مووش، کە ئەوکاتیش ئەرمەنەکان بە هی خۆیانیان دادەنا(٨).

ئەم هەڵمەتە ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەر لەبرەودایە و کارەکە لە ئاستی زمان دەرچووە و رووەو خاک هەنگاوی ناوە، بۆ وێنە (ریمون کیفورکیان)ی سەرۆکی توێژینەوەکانی زانکۆی پاریسی هەشتەم لە شوباتی ٢٠١٥ وەها دەنووسێت

**ئەوەندەی ئەرمەنستان بایەخی جددی بە کوردانی زازا دەدات، ئەوەندە بەگشتی بایەخ بە کورد نادات.**

کە:( لە شەڕی ئەرمەن و عوسمانییەکاندا ئەرمەنەکان لە (شەش ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵات بەتلیس، سیواس، ئەرزەرۆم، وان، دیاربەکر و ئەلعەزیز کۆچیان پێکراوە، ئەم ویلایەتانە نیشتمانی دیرۆکیی ئەرمەنەکانە)(٩)، دەبینین هەموو باژێرە کوردییەکان بە هی خۆیان دادەنێن، تەنانەت ئەوەی کە کورد بە پایەتەختی خۆی دادەنێت لە باکوور، ئەوان ئەویش دەخەنە ناو ویلایەتەکانی خۆیان.

### مەزهەبی زازا

وەک سەرنج دەدرێ زازاییەکان بەشی هەرە زۆریان لەسەر ڕێڕەوی سوننە مەزهەبن و بەشەکەی تریشیان عەلەوین، ئەگەرچی بەلای هەندێ توێژەری فارسییەوە کە لەژێر کاریگەری شیعەگەرایەتیدان، پێیانوایە نیوەیان عەلەوین و نیوەشیان سوننین، بەڵام وەک پرسی مەیدانیمان، بۆمان دەرکەوت کە بەشە زۆرەکە سوننین و ئەو بەشەشی عەلەوییە، وەک شیعەکانی لوبنان و تورکیا و ئێران نین، واتە خاوەنی حوسێنییە و شوێنی پەرستش کردن نین، بەڵکو تێیاندا هەیە وەک سوننییەکان دێنە مزگەوت و مەراسیمە ئاینییەکانیان جێبەجێ دەکەن و ئەوانی دیکەشیان نوێژ ناکەن، بەڵام ئەو سرووتە ئایینیانەی کە بوونەتە دابی کۆمەڵایەتی، وەک خەڵکی تر پێیەوە پابەندن. دیملییە عەلەوییەکان لە ناوچەکانی باکووری ناوەڕاست و دیملییەکانی سوننەش لە ناوچەکانی باشوور دەژین. گوایە (مەزهەبی کۆنی زازاکان زەردەشتی بووە)(١٠)، ئەمەش تائێستا بە بەڵگەیەکی زانستی پشتڕاست نەکراوەتەوە.

ئەرمەنەکان زیاتر مەزەبی عەلەوییوونی هەندێ لە زازاکانیان قۆستۆتەوە، بەوەی دەکرێ ئەگەر لەگەڵ سوننی بوونیش نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەرمەنەکان هاوکاربن، لەبەرئەوە ئەو سنوورەی زیاتر عەلەوییەکانی لێ نیشتەجێن وەک شوورەیەک دەبێت بۆ سنووری ئەو دەوڵەتە مەزنەی ئەرمەنەکان کە خەونی پێوە دەبینن و لەو نێوانەدا کورد بەگشتی دەکەوێتە نێوان عەلەوییەکان و ئەرمەنەکان و بەوشێوەیەش سنوورێک دێتەکایەوە کە بە دڵی ئەرمەنەکانە.

### زازا و شۆڕشەکانی کورد

بێگومان لە زۆر بواردا زازاییەکان پێشەنگ بوون، ئەم پێشەنگییەش دواتر وەک ناسنامەی زازاکی بوون نەناسێنراوە، بەڵکو وەک کوردێک تەماشاکراوە، دیارترین نموونەش لەم بارەدا شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانە، کە لەم بارەیەوە لیزینبێرگ دەڵێت:» لە شۆڕشی شێخ سەعیددا، کە بە سەرکردایەتی کوردی سوننی زازایی زمان بوو، کۆنفیدراسیۆنی ملی کرمانجی زمان و خێڵەکانی جبران و حەسەنان بەشدارییان تێداکرد، بەڵام خێڵە عەلەوییە زازایی زمان و کرمانجی زمانەکان بە توندی لە دژی شۆڕشەکە وەستان. لەم حاڵەتانەدا، سنووری ئایینی و خێڵەکی زیاتر لە زمانەوانی دەوریان هەبووە.. لە شۆڕشی دەرسیمی(١٩٣٧-١٩٣٨)، تەنیا خێڵی عەلەویی بەشدارییان کرد»(١١). ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆچوونی تری پێچەوانە هەن نکۆڵی لەم ڕامالینە دەکەن، بۆ وێنە :» (ڤان برۆنسن) هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە ئەو بۆچوونەوەی دەڵێت خێڵە کوردی

زمانەکان دانیشتووی رەسەنی گۆرانی زمانیان بەزاندبێ و رایانماڵی بن، کە ئەوانیش لە دەیلەمەوە هاتبن (ئەمە جگە لە دانیشتوانی تەواو ناخێڵەکی کە ئیدمۆنز باسیان دەکات زۆر سادە و ساویلکانەیە، هیچ کات کۆمەڵەی ئیتنی سەرلەبەری یەک پارچەیی monolithic نەبووە و سەرچاوەی مێژوویی هەن ئاماژە بۆ کردەوەی تر دەکەن. بۆ نموونە: مینۆرسکی باس دەکات کە گۆران، لە سەدەی نۆزدەمدا، وەک خێڵێکی شەڕاوی باس کراون»(١٢).

لە ئەنجامی ئەو خستنەڕووەی بنگە و بناغەی پەیوەندییەکە دەردەکەوێت کە وێڕای ئەوەی کوردانی ئەرمەنستان هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندیی کورد و ئەرمەنیان داوە و لەو روانگەوە کوردانی ئەوێ رۆڵی باشیان لە پەرەسەندنی زمان و ئەدەبی کوردی گێڕاوە، بەڵام ئەوەندەی ئەرمەنستان بایەخی جددی بە کوردانی زازا دەدات، ئەوەندە بەگشتی بایەخ بە کورد نادات، تەنانەت لەناو هەموو ئەو کارەسات و قرکردنانەی بەسەر کورددا هاتوون لە هەموو پارچەکاندا، نە ئەرمەنستان وەک حکومەت و نە لەسەر ئاستی گەلیش ئیدانە نەکراون و هێشتاش ئەو خەونەیان نەهاتۆتەدی کە پێیان وابوو لۆزان و سیڤەریش بەڵێنەکەیان نەهێناوەتەدی بەوەی کە بەشی زۆری خاکی کوردستان دەبێ بکەوێتە ژێر قەڵەمرەوی ئەرمەنییەکان.

لەبەرئەوە ئەگەر لە مێژوودا هەردوو گەلی ئەرمەن و کورد تێوەگلاوی شەڕێکی نەگریس بووبن، ئەوا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کورد بە ستەم رازی بووبێ جا هەر کامیان کردبێتی، بەڵام ئەم دیوە شاردراوەیەش مەترسییەکی گەورەیە کە بە پەنهانی خاک و زمانی کوردان خەونی پاشەڕۆژی گەلێکی وەک ئەرمەنە کە بیخاتە ژێر رکێفی خۆی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ ئەم بۆچوونە لای هەندێک لە لوورەکان و هەورامییەکانیش ئەم سەردەمە لە برەودایە.

٢ـ زبان زازا (دیملی)، دکتر سیاوش مرشدی، تهران موسسه نشر بلخ، ١٣٩١، ل١٢.

3ـ ئەم بۆچوونە نووسەری ناوداری زازا، محمد مالمیساژ لە کۆنفرانسی کوردۆلۆژی دەربڕی لە زانکۆی دیجلەی شاری دیاربەکر لە رێکەوتی ٢٠١٦/٩/٢٢.

٤ـ زاری دوملی و مەولوودا عثمان ئەفەندی، جەلادەت عالی بەدرخان، گۆڤاری هاوار، ژمارە٢٣٢٥، تموز 1933، ل١.

٥ـ اللغة الکردیة، مراد جوان، ترجمة دلاور زنکی، مجلة افشین الالکترونیه، بتاریخ ٢٠١١/٢/٢٤ https:// kurdsyria.wordpress.com

٦ـ کاریگەری گۆرانی لەسەر کوردی ناوەڕاست، میشیل لیزینبێرگ، و.عەزیز گەردی، سەردەم، سلێمانی، 2004، ل79.

٧ـ اللغة الکردیة، مراد جوان، ترجمة دلاور زنکی، مجلة افشین الالکترونیه، بتاریخ 2011/2/24 https:// kurdsyria.wordpress.com

٨ـ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە سایتی ویکیپیدیا لەبارەی (پەیماننامەی سیڤەر)

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9 85%D8%B9% 87%D8%AF%D8%A9_%D8%B3%%D8%A7%D9 81%D8%B1#.D8.A3.D8.B1.D9.85.%8A%D9%%D9 D9.8A.D9.86.D9.8A.D8.A7_2

٩ـ مجازر الارمن وتفکک السلطة العثمانیة الی دولة أمة تبطن استبعاد غیر الاتراک، ریمون کیفورکیان، جریدة الحیاة، ٨ نیسان/٢٠١٥.

١٠ـ زبان زازا دیملی، دکتر سیاوش مرشدی، ل١٣.

١١ـ کاریگەری گۆرانی لەسەر کوردی ناوەڕاست، میشیل لیزینبێرگ، و.عەزیز گەردی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٤.

١٢ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.



# ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی

## گرنگی و پێگەیان لە ناوەندە فەرمییەکاندا




**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: د.ئیسماعیل بەرزنجی**

لەدایکبووی ١٩٧٨. بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی عەرەبی. چوار بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەندین توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوییە.

کۆمەڵگای هاوچەرخ بەپێی رای زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا سێ خەسڵەتی گرنگی هەیە: (زیادبونێکی بەرچاو لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا، قوڵبوونەوە و ئاڵۆزبوونی ژیانی خەڵکی، گۆڕانکارییەکی زۆر لە رووی ئەنترۆپۆلۆژیا و ئیکۆلۆژیادا بەشێوەیەک هیچ پێشینەیەکی نەبووە لە سەردەمەکانی تردا)، ئەم گۆڕانکاریانەش بەرئەنجامی شێوازی ژیانی هاوچەرخە بە هەموو رەهەندە جۆراوجۆرەکانییەوە، کە وایکردووە مرۆڤ لەو بازنە تەسکانەدا نەمێنێتەوە کە سنووریان بۆ دیاری دەکرد، وەک لادێ و شار و وڵات و زمان ناوچەیەکی بەرتەسک، بەڵکو ئێستا زەوی شارێکی بچووکە و شێوە ژیانی هاوچەرخی مرۆڤەکان کاریگەری لەسەر یەکتری هەیە، زیادبوون و بەرەوپێشچوونی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن زیاتر ژیانی ئاڵۆز و قوڵتر کردووە، لەلایەکی ترەوە پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا ریتم و ئاراستەی دیاریکراوی بە ژیان بەخشیوە کە ژیری مرۆڤ بەشێوەی هەرەمەکی و بێ زانیاری و سستم ژیان بەرێ ناکات.

ئەمەش وایکردووە کە دامەزراوەی تایبەتمەند بەرهەم بهێنرێت بۆ توێژینەوە و بەرهەمهێنانی بیر و بۆچوون و گەشەپێدانیان، ئەم دامەزراوانەش ناوی جۆراوجۆریان لێنراوە وەک: ناوەند، پەیمانگا، مونتەدا و کۆمەڵە...هتد، کە بەئینگلیزی پێیان دەوترێت (Think tanks) بە عەرەبی (مراکز البحث) و بە چەند جۆرێک وەردەگێردرێت کە هەموویان خۆیان دەبیننەوە لە ناوەندەکانی توێژینەوە.

ناوەندەکانی توێژینەوە گرنگن لە ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگاکاندا بۆئەوەی بەشداری بکەن لە بە سستمکردنی ژیان و دوورکەوتنەوە لە هەرەمەکی بۆ هەنگاونان و گەیشتن بە ئەنجامی دروست، ئەمەش لەرێگای کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دواتر ئەنجامگرتن.

لەم ناوەندانەدا توێژەری خاوەن بڕوانامە و بە ئەزموون کار دەکەن و پسپۆڕن لە بوارەکانی خۆیاندا و پشتدەبەستن بە تیۆر و فەلسەفە و بیری جۆراوجۆر و فیکر بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ گەیشتن بە ئەنجام.

ئەم دامەزراوانە فیکر بەرهەم ناهێنن بۆئەوەی پاشەکەوتی بکەن و هەڵی بگرن، بەڵکو بۆ ئەوە بەرهەمی دەهێنن تا ئەو لایەنانەی کە پشتگیریان لێدەکەن بتوانن سودی لێوەربگرن بۆ بڕیاردانی دروست و گونجاو، بۆیە ئەو لایەنانە ئەوە چاوەڕوان دەکەن لەو دامەزراوانە کە بەو ئەرکەی خۆیان هەستن، بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتی داراییان دەکەن و ئازادییان بۆ دەستەبەر دەکەن بۆ رێکخستنی کار و چالاکیەکانیان لە کۆڕ و کۆبونەوە و کۆنگرە و بڵاوکراوە، کە تیایاندا توێژەر و شارەزا و پسپۆڕی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە ئامادە دەبن، جا لەناو دامەزراوەکەدابن یان لە دەرەوەی، لە ناوخۆی وڵات بن یان لە دەرەوە.

بابەتی توێژینەوە و گرنگیدان بەو دامەزراوانەدا جۆراوجۆرن وەک بابەتی سیاسەتی ناوخۆ، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پرسی ئابووریی و بەبازاڕکردن، گەشەپێدان، بابەتی ژینگە، خێزان، منداڵان، فێرکردن، فیکر و مەعریفە و زۆر بابەتی تر.

**کاری تاکەکەس یان کاری پێکەوەیی**

مێژووی فیکری مرۆڤایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بیرکردنەوە و بەرهەمی فیکری لە زۆربەی سەردەمەکانی مێژوودا کردەیەکی ناوەکی تاکەکەسیە تا رادەیەکی زۆر، بەڵام هەندێک لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە بیرکردنەوەی پێکەوەیی هەیە، جا ئەمە بۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا بێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە نێوان کۆمەڵێک کەسدا

بۆ گەیشتن بە بیرێکی هاوبەش، یاخود ئاڵوگۆڕی بیرورا بێت لەسەر بیرۆکەی کەسێک بۆ گەیشتن بە قەناعەتێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەیەکدا، ئەمەش بەوە دەبێت کە ڕێکەوتنێکی پێشوەختە هەبێت لەسەر پلانێکی داڕێژراو کە ڕۆڵی بەشداربووەکان لە بیرکردنەوە و هەنگاوەکانی کارەکەیان دیاریکرا بێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، ئەمە بریتیە لە توێژینەوەی زانستی کە دامەزراوە تایبەتمەندەکان پێی هەڵدەستن.

هەندێک سەردەمی مێژوویی جۆرە بیرکردنەوەیەکی پێکەوەییان بەخۆیانەوە بینیوە، دەکرێت بیرورا گۆڕینەوەکانی ئەفلاتۆن و گفتوگۆکانی ئەرەستۆ لەو بابەتە بژمێردرێن، بەڵام نمونەی زۆر دیاری ئەم بوارە ئیمام ئەبو حەنیفەیە کە بیروڕای ئاڵوگۆڕ دەکرد لەگەڵا قوتابیەکانیدا، هەریەکێک لەوانیش ڕای خۆی دەگوت و گفتوگۆیان لەسەر دەکرد تا لەیەکتری تێدەگەیشتن «دوای ئەوەی هەر یەکێکیان سەرنجی خۆی دەردەبڕی ئەویش ڕای خۆی دەردەبڕی وەک ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە، ئەوەش دەبووە پاڵفتەی ڕایەکان و هەموویان دانیان پێدا دەنا و پێی ڕازی دەبوون»(١).

## سەرهەڵدانی ناوەندەکانی توێژینەوە و ئامانجەکانیان و ئاڕاستەکانی کارکردنیان

بیرۆکەی دامەزراوە زانستییەکانی توێژینەوە بەمشێوەیەی ئەمڕۆ هەیە تازەیە و پێشتر نە لە جیهانی ئیسلامی و نە لە جیهانی ڕۆژئاوادا نەبووە، ئەم دامەزراوانە بەهۆی پێویستی سەردەم و کەڵەکەبوونی شارەزاییەوە پەیدابوون، هەروەکو ئەم پێویستیی و شارەزاییە بوتە هۆی دامەزراندنی دامەزراوەی پسپۆڕی تر لە زۆربەی بوارەکانیتری ژیاندا.

سەرچاوەکانی مێژووی بیروبۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بە سەرەتای دامەزراندنی دامەزراوەکانی توێژینەوە لە جیهانی هاوچەرخدا، لۆرەنس ڕید پێیوایە کە ساڵی ١٧٨٧ بە یەکەم ساڵ دادەنرێت کە کۆمەڵێک کەس هەستان بە دامەزراندنی یەکەم ناوەندی توێژینەوە لە جیهاندا، ئەویش ئەوکاتەی تۆماس کلارسۆن لە بەریتانیا «کۆمەڵەی هەڵوەشاندنەوەی بازرگانیکردن بە بەندەی ئەفریقی» دامەزراند، ئەم کۆمەڵەیە کاری دەکرد لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بەپشتبەستن بە کۆمەڵێک بیرورا و ڕاستی کە حاشاهەڵنەگر بوون لەبارەی شێوەکانی ناڕەحەتی و سەرکوتکردن و ئازاردان و بێبەهاکردنی کەرامەتی مرۆڤایەتی کە ئەو بەندانەی لە ئەفریقیاوە دەهێنران توشی دەبوون(٢)، وە لە ساڵی ١٨٣١دا ڕوسیای قەیسەری «پەیمانگای مەلەکی بۆ توێژینەوەی بەرگری» دامەزراند، لە ساڵی ١٩١٠یشدا «دامەزراوەی کارینگی بۆ ئاشتی» لە واشنتۆن دامەزرا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکەم ناوەندی توێژینەوە بەمشێوەیەی ئەمڕۆ ناسراوە «ناوەندی برۆکنگز» بووە کە ساڵی ١٩١٦ لە واشنتۆن دامەزراوە.

ئێستا ناوەندەکانی باس و توێژینەوەی پاشکۆی سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتەکان دیاردەیەکی ئاشکرایە لە زۆربەی وڵاتاندا، تەنانەت هەندێک لەو ناوەندانە یەکەیەکن لە پەیکەری ڕەسمی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بەو کارانەی پەیوەستن بە وەزارەتەوە و بودجەی ساڵانەشی لە وەزارەتەکەوە وەردەگرێت، ئەرکی ئەم ناوەندانەش زیاتر بریتییە لە پێشکەشکردنی داتا و زانیاری بنەڕەتی و ڕاپۆرتی خولی، و دەتوانن بیرو بۆچوونی نوێ پێشکەش بکەن بۆ گەشەپێدانی کاری وەزارەت، ئەزموونی وڵاتە ڕۆژاواییەکان لەم بوارەدا بریتییە لە پێدانی ئازادی فیکری بەو ناوەندانە و یارمەتیدانیان بۆ

ئەوەی سەربەخۆبن لە دەزگاکانی حکومەت، دەکرێ پەیوەست بن بە حیزبە رکابەرەکانەوە، یان بە زانکۆکانەوە یان تەواو سەربەخۆ بن.

ئەم ناوەندی توێژینەوانە بیروبۆچوونی ستراتیژی گەورە بەرهەم دەهێنن، لە بابەتەکانی سیاسەت و ئابوری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کێشە ژینگەییەکان و ململانێی بەرژەوەندیەکان و شەڕی فیکریدا، لایەنی زۆریش هەن کە شارەزای و بەرهەمی ئەم ناوەندانە دەکرن بەوەی پەنایان بۆ دەبەن بۆ پێشکەشکردنی راسپاردەکانیان بۆ بڕیار بەدەستەکان جا لە حکومەتەکان بن یان لە پارتە رکابەرەکان یاخود لە کۆمپانیا گەورەکان.

زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوە هاوبەشن لە بەدیهێنانی سێ جۆر ئامانجدا، کە ئەمانەن: (بەرهەمهێنانی مەعریفەو بیرورا بۆ خزمەتی ئەو لایەنەی بەئامانجی گرتووە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی توانای توێژەران لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا لەو بوارانەدا کە ناوەندەکان مەبەستیانە بە راهێنان و گۆڕینەوەی شارەزایی، و رۆشنبیرکردنی چینێکی کۆمەڵگا بە رەواجدان بە بیروبۆچوونەکانی ناوەندەکە و ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەویش لە رێگای بڵاوکردنەوە و روماڵی راگەیاندنەوە.

ناوەندەکانی فیکر یەکجۆر نین لە کار و ئاراستەدا، بەڵکو سەدان ناوەندی هزری هەیە لە رۆژئاوا کە هەوڵدەدات «بونیادی فیکری» ستراتیژی دروست بکات بۆ خزمەتی جیهان و دەستبارگرتن بۆ رووبەرووبوونەوەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوریی و ژینگەییەکان(3).

ئەگەر بوونی ناوەندە فیکرییەکان نیشانەی دەوڵەمەندی بێت لە بونیادی فیکری هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەوا کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلامی تا رادەیەکی زۆر هەژارن لە رووی فیکرییەوە، پێویستییەکی زۆریش هەیە بۆ دامەزراندنی ناوەندی فیکری تایبەتمەند،

**زۆر بە کەمی ناوەندێکی توێژینەوەی ئەمریکی دەبینین گرنگی نەدات بە کاروباری جیهانی ئیسلامی.**

چونکە ئەم ناوەندانە لە بەرهەمهێنانی فیکردا دەتوانن رۆڵی گرنگ بگێڕن لە رێگای پرۆژەی توێژینەوەی کۆمەڵکارییەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بناغەیەکی مەعریفی دادەنێن بۆ بڕیارگرتنی گونجاو یان پاساوی پێویست دەدەن بە بڕیار بەدەست بۆ گرتنی بڕیاری دروست.

ئەگەرچی ئامانجی ناوەندەکانی توێژینەوە جۆراوجۆر و فراوانن، بەڵام کۆکردنەوەی داتا بنچینەییەکان و رێکخستنیان و شیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە زانیاری بە بەها و گرنگ ئامانجی هاوبەشی زۆربەی ئەو ناوەندانەیە، ئەم زانیاریانەش دەبنە بنەمای بڕیارگرتنی دروست، هەندێک لە ناوەندەکانی توێژینەوە تایبەتمەندن بە جۆرێکی دیاریکراو لە زانیاری وەک پێوانەکردنی رای گشتی لەبارەی پرسە سیاسی و ئابوریی و پەروەردەییەکانەوە....، ئەمەش وا لە ناوەندی بڕیاربەدەست دەکات کە بڕیاری گونجاو بدات، هەندێکجار پێوانی رای گشتی بەشێوەیەکی خولی دەبێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەی گۆڕانکاری بەتێپەڕینی کات، یان گۆڕانی ئەنجامی رووداوەکان، یان هەڵوێست یاخود بڕیارگەلێکی دیاریکراو.

هەندێک راقەی سیاسی لەسەر بنەمای ئاماژەدان بەپێوانی رای گشتی دەکرێت، کە لەسەر ئەو بنەمایە بۆچوون دەردەبڕدرێت بۆ هەندێک ئەنجامی

# زۆربەی ئەو وڵاتانەی بانگەشەی ئیسلامیبوون دەکەن وڵاتی ستەمکار و گەندەڵ و دواکەوتوو و نائیسلامین

دیاریکراو وەک ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و، ئەو بۆچوونە لای خەڵکی دروست دەکەن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەمان ئەو ئەنجامە یان نزیک لەوە دەبێت کە توێژینەوەکانی پێوانی رای گشتی دیاریکردووە، ئەم بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنە فراوانە بۆ پێوانی ئەنجامەکان لەوانەیە ڕێگایەکی کاریگەر بێت بۆ کارتێکردن لە رای گشتی بۆئەوەی بەرەو ئەو ئامانجە دیاریکراوە برۆن(٤)، ئەمەش پێی دەوترێت یاریکردن بە رای گشتی.

نمونەی مەسەلەی ئەم یاریکردنە زۆرن، لەوانە رۆژنامەی گاردیان لە ژمارەی رۆژی ١٦ی مارسی ساڵی ٢٠١٤ ئاشکرایکردووە کە «وەزارەتی بەرگری بەریتانیا خەریکی بنیادنانی بەرنامەیەکی توێژینەوەی نهێنیە کە تێچووەکەی بە ملیۆنان جونەیە دەخەمڵێنرێت، لەبارەی داهاتووی شەڕی ئەلیکترۆنی، وەکو بەکارخستنی تەکنۆلۆژیای تازەپێگەیشتوو وەکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنیکەکانی کاتێکردنی دەروونی کە دەکرێت سوپا بەکاریان بهێنێت بۆ کارتێکردن لە بیروباوەڕی خەڵکی». یەکێک لەو پرۆژانە پێی دەوترێت « تەکنیکی نوێ بۆ کارتێکردن لە بیروبۆچوونی خەڵکی و بەرهەمهێنانی تیرۆانین»(٥). ئەم بەرنامانە لەلایەن وەزارەتی بەرگری بەریتانیەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن بە هاوبەشی کۆمپانیاکانی چەک و ئەکادیمیان و شارەزایانی بەبازارکردن و ناوەندەکانی توێژینەوە Think Tanks، لەگەڵ ئەوەدا کە پرۆژەی زۆر و جۆراوجۆر گەشەی پێدەدرێت کە تایبەتن بە چەک و پرسە سەربازییەکان و رای گشتی لەبارەی سوپاوە، ئەوا ڕاگەیاندنی ئەم پرۆژانە لەژێر ناونیشانی گشتی و نادیاردا دەکرێت، وەک «چالاکیەکانی کۆکردنەوەی داتا و پەیوەندیکردن» Information Activities and Outreach(6).

### بابەتی توێژینەوە لەو ناوەندانەدا

لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک توێژینەوە دەرکەوتن کە لە واقیعی ناوەندەکانی توێژینەوە دەکۆڵنەوە و قوڵبوونەتەوە لە ڕونکردنەوەی سروشتی کارکردنیان و ئەو ئامانجانەی دەیانەوێت بەدی بهێنن، و ئەو پرسیارانەی دەیوروژێنن، بەتایبەتی یاریکردن بە رای گشتی و ڕاگەیاندن، سەرەڕای ئەو پێشنیازانەی دەیخەنە بەردەستی سیاسیەکان و پیاوانی خاوەنکار، یان ئەو پاساوانەی دەیهێننەوە بۆ بڕیارەکانیان، ئەم کۆمەڵانەی توێژینەوە گرنگی دەدەن بەتایبەتی بە سەرچاوەکانی دارایی ئەم ناوەندانەی توێژینەوە و ڕادەی دەرخستنی شەفافیەت لەبارەی ئەو سەرچاوانەوە، یەکێک لەو کۆمەڵانەی توێژینەوە کۆمەڵەیەکی ئەمریکییە پێی دەڵێن (Transparify) و ناوەندی (ئیدمۆند سافرا) بۆ مۆراڵ لە هارڤارد (Edmond J. Safra Center for Ethics at Harvard)و دامەزراوەیەکی بەریتانی خۆی ناوناوە (کێ پاڵپشتی داراییتان دەکات؟ Who funds you) و کۆمەڵەی Transparify ئەنجامی توێژینەوەیەکی مەیدانی بڵاوکردوەوە کە تاقانە بوو لەو بوارەدا، لەسەر ١٦٩ ناوەندی توێژینەوە ئەنجامیدابوو کە وەسفی Think Tanks یان بەسەردا دەچەسپێت، ئەویش لە 47 وڵاتدا، توێژینەوەکە داتایەکی کەمی

دەرخستبوو لە ڕووی باسکردنی سەرچاوەی دارایی لەلایەن ئەو ناوەندانەوە.

توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستبوو کە لە نێوان هەر (سێ) ناوەندێدا تەنها یەکێکیان شەفاف بوون لە باسکردنی سەرچاوەی داراییان، ئەنجامەکان دەریان خستبوو کە تەنیا ٢١ ناوەند شەفافیەتی تەواویان هەبووە، هەروەها ١٤ ناوەندیان بەگشتی شەفاف بوون، بەڵام ١٣٤ ناوەندیان کەمترین ڕێژەی شەفافیان هەبووە یان هەر هیچیان ڕوون نەکردۆتەوە سەبارەت بە سەرچاوەی داراییان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ئەو ٢١ ناوەندەی زۆرترین ڕێژەی شەفافیەتیان هەبووە دابەش دەبن بەسەر 26 وڵاتدا لە جیهان، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ناوەندی توێینەوانەی کە دەکەونە (کۆماری شاخی ڕەش) زۆر شەفافتر بوون لەوانەی کە لە ئەمریکا بوون، ئەم نەبوونی شەفافیەتە لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا پرسیارگەلێک دەوروژێنێت لەسەر کار و بەرنامەی نهێنی ئەوان، بەمەش کارایی کەرتی ناوەندەکانی توێژینەوە ناهێڵێت(٧).

هەوڵەکان بەردەوامن بۆ بەجیهانیکردنی ناوەندەکانی هزر و کۆکردنەوەی داتای ورد لەبارەی خۆیان و چالاکیەکانیانەوە لە هەموو جیهاندا، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی پەنسلڤانیای ئەمریکا بەرنامەیەک داڕێژرا بۆ دروستکردنی بنکەیەکی داتابەیس لەسەر ئەم ناوەندانە و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاڕاستە و ڕۆڵی ئەم ناوەندانە بەو سیفەتەی ڕەگەزێکی کاران لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت بە ئامانجی «بەدیهێنانی دامەزراوەی بەردەوام و بەشداری فەرمی ئەم ناوەندانە و کاراکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی «توێژینەوەی سیاسەتەکان» لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو، کە توانای دروستکردنی ڕاوبۆچوون و کارکردن لەسەر خەڵکی بەگشتی و دەستەبژێر بەتایبەتی لە بواری بەرژەوەندی گشتی»(٨).

بەرنامەکە ساڵی ٢٠٠٧ دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی نەخشەیەکی جیهانی لەبارەی ئەم ناوەندە فیکریانە کە لە هەموو جیهاندا هەن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هونەریی و بەرنامەی بنیاتنانی تواناکان لە ٨١ وڵاتدا، لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣دا کە مانگی یەنایەتری ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکرایەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرنامەکە هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ ناوەندەکانی هزر لەپێناو ئاسانکردنی هاریکاری و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

ناوی بەرنامەکەش «بەرنامەی ناوەندەکانی هزر و کۆمەڵگای مەدەنی»یە(٩)، ڕاپۆرتەکە کە ١١٧ لاپەڕەبوو لە بەرگی دەرەوەیدا نوسینێکی لەسەر بوو کە دروشمی بەرنامەکەی ڕوون دەکردەوە، ئەویش ئەمە بوو: «یارمەتیدان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان مەعریفە و سیاسەت»، هەروەها سێ نوسینی تری دانابوو کە ئامانجی ئاشکراکراوی بەرنامەکە و بواری کارکردنی دەردەخست کە ئەمانە بوون:

-- گەڕان بە دوای ئەو ئاڕاستە و ئاستەنگانەدا کە ڕێگرن لەبەردەم ناوەندەکانی توێژینەوە و بەرهەمهێنانی سیاسەتەکان و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا کە گرنگی بە سیاسەت دەدەن.

-- بنیاتنانی توانای ناوەندەکانی هزر لە جیهاندا و پارێزگاریکردن لەو توانایانە و بەهێزکردنیان.

-- دابینکردنی گەورەترین و فراوانترین داتابەیس کە توانای لەخۆگرتنی زیاتر لە شەش هەزار ناوەندی فیکری لە جیهاندا هەیە.

ژمارەی ئەو ناوەندانەی توێژینەوە کە بەرنامەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە ٦٨٢٦ ناوەندن لە جیهاندا، کە بەمشێوەیە دابەشبوون: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٧٨٠ ناوەند (26.07%)، ئەورووپای ڕۆژئاوا ١٢٧٠ ناوەند بەڕێژەی (18.6%)، چین

٤٢٦(6.2%)، هیند ٢٨٦ (4.2%)، ژاپۆن ١٠٨ (1.6%)، وڵاتانی عەرەبی ٣٨٧ (5.7%)، ڕاپۆرتەکە دابەشکاری زۆر لەخۆی دەگرێت بۆ ناوەندەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافیان لە جیهاندا، ئەرکی تایبەتی ئەم ناوەندانە و لایەنەکانی دەستکەوتی هەریەکێکیان کە وێنەیەکی گەورەتر لەبارەی کاری ئەم ناوەندانەوە دەنەخشێنێت لە سەر ئاستی جیهان.

ڕاپۆرتەکە گرووپێکی تایبەت نەکردووە بە وڵاتانی عەرەبی، بەڵکو لە ڕیزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا ئەژماری کردوون، کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و تورکیا و ئێرانن، ناوچەکەش باشترین ٥٠ ناوەندی توێژینەوەی تێدایە، کە بەشی تورکیا ٤ ناوەند و ئێران تەنها یەک ناوەند و ئیسرائیل ١١ ناوەند، پاشماوەی ناوەندەکانی تر بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا دابەشبوون کە بەشی میسر ٩ ناوەند و ئیمارات 4 ناوەند و هەریەکە لە ئوردون و قەتەر و کوێت و لوبنان 3 ناوەند بۆ هەریەکێکیان، بۆ هەریەکە لەمەغریب و بەحرەین 2 ناوەند، سعودیە و فەلەستین و تونس و لیبیا و یەمەن یەک ناوەند.

گرنگیی ئەم بەڵگەنامەیە تەنها لەو ئەنجامانەدا نیە کە پێی گەیشتووە، بەڵکو لە بەکارهێنانی ئەو مەنهەجە بەرزەدایە کە زۆر وردە و کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێوشوێنی گرنگ کە ژمارەیەک لە گەورە توێژەران دایانناوە و پیادەیانکردووە، ئەم جۆرە توێژینەوانە گرنگی تایبەتیان هەیە لەسەر سەرنج ڕاکێشانی ئەم ناوەندانە بۆ کۆمەڵێک بابەتی گرنگ و لایەنی جۆراوجۆر لە کاری ڕێکخراوەییدا کە پێشتر جێگای سەرنج نەبوون، بەڵام دوای وروژاندنی پرسیار لەبارەی ئەم بابەتانەوە بوونە جێگای گرنگی و چوونە ناو بەرنامەی کاری ئەم ناوەندانەوە.

**ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهانی عەرەبیدا**

ئەگەر بتەوێت داتا و زانیاری تایبەتت دەست بکەوێت لەبارەی وڵاتانی عەرەبییەوە لە توێژینەوە بیانیەکاندا پێویستە توانایەکی زیاتر خەرج بکەیت بۆ جیاکردنەوەی داتاکانی وڵاتانی عەرەبی لەو هەرێمە فراوانەدا کە پێی دەوترێت (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا) ئەمەش زیاتر ڕوون دەبێتەوە لەو داتایانەدا کە توێژینەوەیەکی ئەمریکی پێشکەشی کردوون لە زانکۆی پەنسلڤانیا بە ناونیشانی «بەرنامەی ناوەندەکانی هزر و کۆمەڵگای مەدەنی» و ڕاپۆرتەکەی لە جۆنیۆری ٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە(١٠).

هەوڵماندا هەندێک وێنەی ئامادەیی ناوەندەکانی توێژینەوەی عەرەبی بخوێنینەوە لەم ڕاپۆرتەدا، بۆمان دەرکەوت کە ژمارەی دامەزراوەکانی توێژینەوە لە جیهانی عەرەبیدا کە شایانی ئەوەن ناوی یان لێ بنرێت٣٨٧ دامەزراوەن، کە دابەشبوون بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبی ئەندام لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیدا، جگە لە سۆماڵ و جیبۆتی و جزرلقەمەر، کە ئەمەش کەمترە لە 5.7%ی کۆی ناوەندەکانی توێژینەوە کە ڕاپۆرتەکە دەیانگرێتەخۆی کە (٦٨٢٦ ناوەند)ن، لە ڕووی پلەبەندی وڵاتانی عەرەبییەوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون میسر لە پلەی یەکەمدایە بە (٥٥ ناوەند)، ئینجا فەلەستین و عێراق بە (٤٣ ناوەند بۆ هەریەکێکیان)، ئوردون بە (٤٠ ناوەند) و تونس (٣٩ ناوەند) و یەمەن و مەغریب (٣٠ ناوەند بۆ هەریەکێکیان)، لوبنان (٢٧ ناوەند)، بەڵام سعودیە تەنها (٧ ناوەند)ی هەیە و ئیمارات (14 ناوەند) و کوێت (١١) و قەتەر (١٠ ناوەند).

پرسەکانی مسوڵمانان لە ناوەندەکانی توێژنەوەی ڕۆژئاوادا

لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٩١ گرنگیدانی ناوەندەکانی توێژینەوەی ڕۆژئاوا

لە هەرەشەی سورەوە کە مەبەست لێی یەکێتی سۆڤیەت بوو گۆڕا بۆ گرنگیدان بە هەرەشەی سەوز کە جیهانی ئیسلامییە، بۆیە ناوەندەکانی توێژینەوە و دەزگا ڕۆژنامەوانییە پەیوەستەکانیان کەوتنە توێژینەوە لەبارەی لایەنەکانی هەڕەشەی ئەو گرووپە ئیسلامیانەی هەوڵیان دەدا جەخت لەسەر شوناسی ئیسلامی گەل و دەوڵەتە ئیسلامییەکان بکەنەوە، حکومەتە ڕۆژئاواییەکانیش کەوتنە پۆلێنکردنی ئەو گرووپ و حیزبانە و پێوەلکاندنی تۆمەتی تیرۆر پێیانەوە، هەروەها کەوتنە فشار خستنە سەر وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و دانانی سنورێک بۆیان و وشککردنی سەرچاوەی داراییان و بنەبڕکردنی ئەو دامەزراوانەی لێیانەوە ئەندامیان بۆ پەروەردە دەکران. زۆر بە کەمی ناوەندێکی توێژینەوەی ئەمریکی دەبینین گرنگی نەدات بە کاروباری جیهانی ئیسلامی، بەتایبەتی کاتێک ڕووداوی کاریگەر لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوودەدات، ئەو ڕووداوانەش زۆرن، بۆیە ئاساییە کە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ببنە جێگای گرنگی پێدان و چاودێریکردن نەک تەنها لای بڕیار بەدەست و سیاسییەکان و سەربازییەکان، بەڵکو لای ناوەندەکانی توێژینەوەش بە چاوپۆشی لە ئاڕاستەی بۆچوونیان.

بێگومان ئەنجامی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەرمەبنای جۆری ئەو پرسیارانەیە کە دەیوروژێنێت و توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە، بۆیە کاتێک پرسیارەکان تایبەت دەبن بە سستمی سیاسی و جۆری دەسەڵاتدارەکانەوە، ئەوا ئەنجامەکانیش بەتەواوی جیاواز دەبن لەو پرسیارانەی تایبەت دەبن بە هەست و سۆزی خەڵکی ئاسایی و جۆری هەڵسوکەوتیان، هەروەها کاتێک توێژەری نائیسلامی لە واقیعی پابەندیی بە ئیسلامەوە دەکۆڵنەوە لە جیهانی ئیسلامیدا پرسەکان و ئەنجامەکان جیاواز دەبن، ئەو توێژینەوەیەی ناوەندی (پاو)ی ئەمریکی بۆ توێژینەوە(Paw Research Center) ئەنجامیداوە هیچ پرسیارێکی نەکردووە لەبارەی دەسەڵاتداران و سستمی حوکمڕانییەوە، بۆیە داتاو زانیارییەکانیش دڵنیاکەرەوەبوون بۆ هەستی ئیسلامی، چونکە دەریخستووە کە زۆربەی مسوڵمانان لە سەرجەم جیهاندا پابەندییەکی قوڵیان هەیە بە ئیمان و بڕوایانەوە، و دەیانەوێت یاسا و ڕێساکانی ئیسلام ژیانی تایبەتی و کۆمەڵگای سیاسیان دیاری بکات و حوکم بە شەریعەت بکەن(١١).

بەڵام ئەو توێژینەوەیەی حسەین عەسکەری و شەهرزاد ڕەحمان ئەنجامیاندا لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، ئەنجامەکانی زۆر جیاوازبوون، کاتێک توێژەرەکان پێوەرێکیان دانا بەناوی (پێنوێنی پابەندیی ئیسلامی Islamicity index)، کە هەستان بە جێبەجێکردنی میسالیاتی ئیسلام لە چەند بوارێکی ژیانی کۆمەڵگادا، وەک: دەستکەوتی ئابوری، حوکمداری، مافەکانی مرۆڤ، مافی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان... لە 208 وڵاتدا لە وڵاتانی ئیسلامی(12)، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتانی ئیسلامی بەشێوەیەکی زۆرخراپ ئیسلام بەکاردەهێنن، تەنانەت بەوە تۆمەتباری کردوون کە سیفەتی ئاینی (ئیسلام) کە بانگەشەی بۆ دەکەن تەنها بۆ زاڵبوون و دەسەڵاتە، هەردوو توێژەر ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی بانگەشەی ئیسلامیبوون دەکەن وڵاتی ستەمکار و گەندەڵ و دواکەتوو و نائیسلامین تا خەیاڵ بڕ دەکات.

ناوەندەکانی توێژینەوە لە کوردستان

سەبارەت بە کوردستان ئەوا تازە لە سەرەتای گڕوگاڵی بنیاتنان و دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی زانستیدایە کە هەوڵی گرووپ و تاکەکەسی سنوردار چەند ناوەندێکی دامەزراندووە و لەم ساڵانەی دواییدا ڕاپۆرتی شیکاریی و توێژینەوە بڵاودەکەنەوە، بەڵام

تائێستا عەقڵی دامەزراوەیی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بیر لە دامەزراندنی ناوەندی لەو جۆرە بکاتەوە و ئەنجامی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەکانیان بکاتە بەرنامەی کاری خۆی و لەبەرچاوی بگرێت، نە لایەنە حکومییەکان و نە لایەنە حیزبیەکان بڕوایان بە گرنگی ئەم ناوەندانە نیە لەکاتێکدا وەک لە پێشەوە باسکرا گەورەترین وڵاتانی دنیا بەشێوەیەکی بەرچاو پشتدەبەستن بە توێژینەوەی ئەم ناوەندانە و لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی ئەوان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بڕیار دەدەن، تەنانەت بۆ پرسی گرنگی وەک شەڕ و ئاشتی و ئەمنی قەومی و سیاسەتی دەرەوە.

سەبارەت بە بواری گرنگیدانی ئەم ناوەندانە ئەوا دەکرێت بڵێین کەمترینیان گرنگی بە توێژینەوەی فیکری دەدەن ئەوەی هەیە زیاتر هەوڵەکانی بۆ بواری سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی تەرخانکردووە لەگەڵ بوونی تەنها ناوەندێک بۆ گرنگیدان بە بواری ڕای گشتی.

بەشێکی زۆری ئەم وتارە وەرگێڕدراوە لە کتێبی (البناء الفكري: مفهومه ومستوياته وخرائطه، د.فتحي حسن ملكاوي، من منشورات المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ردمک، الأردن، ٢٠١٥).

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. أبو زهرة، الإمام محمد، أبو حنيفة حياته وآراؤه وفقهه، دار الفكر العربي، ط2، 1942، ص87.

2. Reed, Lawrence W. A Students Essay That Changed the World, London: Mackinac Center for public policy,2009, p3-4.

3. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنیا نزیکەی 1800 ناوەندی لەم جۆرە هەیە، لەوانە 400 ناوەندیان نزیکن لە ناوەندی بڕیاری واشنتۆن، دیارترینیشیان پەیمانگای برۆکینگزە کە گرنگی دەدات بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و، دامەزراوەی ڕاند کە لە کۆمەڵێک بواردا کاردەکات لەوانە بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی، دامەزراوەی کارینگی تایبەت بە سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەوە، لە ئەورووپاش زیاتر لە 1200 ناوەندی هزری هەیە و، لەچین نزیکەی 425 ناوەند.

4 . Frankovic, Kathleen A. «Exit polls and pre-Election polls» in The Sage Handbook of public opinion Research, by Wofgang Donsbach and Michael Trougott. sage publication Ltd, 2007, p.570579-.

5 . Novel Techniques for public Sentiment and Perception Elictation.

6.http://www.theguardian.%20com/uk-news/2014amar/16/mod-cyberwarfar-program

7 . Transparify. How Transparentare Think Tanks about Who Funds Then? Tbillisi\ georgia: Transparity, May 2014,p.3 .

8 . McGann,James g>2013 Global go to Think Tank index Report. philadilphia, pa, usa, ThinkTanks and civil Socirties Program, university of Pennsylvania,2014,p.5.

9 .The Think Tanks and Civil societies program.

10 . McGann, James g. 2013,Global Go Think Tanks index Report, philadilpgia, PA,USA, Think Tanks and Civil Sosieties Program, University of Pennsylvania, 2014، ڕاپۆرتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەرنامەی ناوەندەکانی توێژینەوە و کۆمەڵگای مەدەنی, Think Tanks and Civil Sosieties Program کە ساڵانە ئەم دەرخستەیە دەخاتەڕوو خزمەتگوزاریەکانی لە 81 وڵاتی جیهان پێشکەش دەکات، بڕوانە ڕاپۆرتەکە لاپەڕە 5.

11 . Paw Research Center. The World sMuslims: Religin, Politics and sosiety, April 30,2013.

12. http://www.irishtimes.com/news/social-affairs/religion-and-beliefs/ireland-closest-to-islamic-economic-teachings-1.1826354

# زانکۆی زەهرا

## گەورەترین پڕۆژەی چاکسازی سەعید نورسی لە کوردستان



بەهێز حەسەن مەحمود
خوێندکاری زانکۆی سلێمانی



بەدیعولزەمان سەعید نورسی، زانای ناودار و هەڵکەوتی کورد، ساڵی 1907 بۆ گەیاندنی کێشەی کورد بە سوڵتان و دەسەڵاتدارانی عوسمانی چووە ئەستەمبوڵ، لە ناوچەی فاتیح شوێنێکی بۆمانەوەی خۆی دیاریکرد. ناوبراو بە هەڵوێست و جلوبەرگە ناوازە و لێدوانە کاریگەرەکانی ناسرابوو، لاوانی کوردی ئەستەمبوڵی گەرم کرد، ئەحمەد ڕەمزی دەڵێت: (مامۆستا سەعید لە ئافریدە دەگمەنەکان بوو، زاتێکی زیرەکی ئاگرین بوو، ساڵی 1907 لە چیا سەخت و ڕوشەکانی کوردستانەوە وەک خۆر هەڵهات و دەنگوباسی لە ئاسۆکانی ئەستەمبوڵ بڵاوبویەوە.

پیرەمێردی شاعیریش دەڵێت: سەرەتای ساڵی 1907 لە ئەستەمبوڵ بووم، قیرائەت خانەیەک هەبوو بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بە ناوی (قیرائەتخانەی دیاربەکر) هاموشۆم دەکرد، زۆرتر کوردەکان لەوێ دادەنیشتن، ڕۆژێک لە غەزەتەدا خوێندمەوە لە (وان)ەوە مەلا سەعید ناوێک هاتووە، لەقەبی بەدیعولزەمانی کوردییە لە مەدرەسەی فاتیح دادەنیشێت، ڕایگەیاندووە لە ماڵەکەی خۆی تا حەوت ڕۆژ هەرکەس ئارەزوو بکات لە عیلملدا هەرچی لێ بپرسێت وەڵامی هەموو پرسیارێک دەداتەوە، ئەم ئیعلانە بوو بە جونبوشێک بە ژن و پیاوەوە هەرچی هەڵدەسا ڕای ئەکردە فاتیح، نیوەیان بۆ پرسیار و نیوەیان بۆ سەیر، ئەوانەی کە ئەچوون عەجایەبیان لەوە ئەهات کوردێکی هەرەتی کوڕێنی بە شاڵ و شەپک و چۆغە و ڕانک و پشتێنی چیت، دوو سێ جامەدانە و شەدەی گوڵنگدار بەسەرەوە، قەمەیەک بە لاقەدەوە، سمێڵ بادراو و ڕیش هەڵپاچراو لافی مەلایەتی لێئەدات، خولیای ناسینی نورسی کەوتە سەرم، ڕەفیقێکم هەبوو یادی بەخێر (خەلیل خەیالی) زۆر خوێندەوار و بەویقار و بە ئاپار، هەمیشە بەیەکەوەبووین، پێی گوتم: ئاغا، مەلا سەعیدی بەدیعوزەمان هاتووە، هێشتا تۆ نەچووی بیبینی؟ وتم کاکە من و مەلایان نەوتووە، وتی ئاخر ئەویش وەک تۆ لە مەلایان بێزارە، تەعریفی وا بۆ کردم، دەستبەجێ وتم هەستە بابڕۆین، وتی باشە، وا ئێوارەیە درەنگە ئێستا کەسی لە دەور نەماوە، کە چوین لە دوور ئێمەی بەرچاو کەوت هەستا هات بەپیرمانەوە، بە خەیالی بەگی گوت یاخوا بەخێر بێیت، دیاریەکی قنجت بۆ هێناوم، باوەڕم ئەوەیە ئەمە (سلیمانیەلی تۆفیق بەگ)ە ناوی (پیرەمێرد)ە، (خەیالیش وتی سەییدی بە چیت زانی هەوە؟ وتی دڵم خەبەری دامێ، هەویش نەبێ بەو نیەتە دەست ئەکەمە ملی، دەستی ڕاستی بەسەر شانمدا هێناو خستییە پشت شانمەوە، وتی موصافەحەی کوردان وەسانە، دانیشتین، لە پاش گفتوگۆیەک بوینە ئاشنا)، ئەمە یەکەم سەرەتای ناسینی نورسی و پیرەمێردە.

نورسی لە نهێنی و ناوەڕۆکی کێشەی گەلەکەی گەیشتبوو، دەیزانی کە کردنەوەی قوتابخانە پرۆژەیەکی گەورەیە و بە تاکە مرۆڤێک ناکرێت، دەبێ حکومەت بیکات، ساڵی 1907 کە چووە ئەستەمبوڵ، سەردانی بەرپرسانی کرد، باسی دواکەوتوویی خەڵکی کوردستانی بۆ کردن، داواکارییە چاکسازییەکانی کردە ڕاپۆرتێک و پێشکەش بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی کرد، داوای کرد چەند قوتابخانەیەک بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان بکرێتەوە، نووسیبوی: خەڵکی کوردستان توخمێکی گرنگی قەوارەی کۆمەڵگای عوسمانی پێکدەهێنن، هەرچەند بارودۆخیان لەلای حکومەت ئاشکرایە، بەڵام دەرفەتم بدەن داواکارییان بخەمە ڕوو، کۆششی حکومەت جێی سوپاسە لە ڕووی کردنەوەی چەند قوتابخانەیەک لە مەڵبەندی قەزا و گوندەکان، بەڵام جگە لە مناڵە

تورک زمانەکان کەسی تر سودیان لێ وەرناگرێت، نەشارەزایی ماموستایانی ئەو قوتابخانانە لە زمانی خەڵکی ناوچەکە کۆڵێکی تری خستووەتە سەر ئەستۆی قوتابیان، داوای کرد لە گوند و شارەکانی کوردستان وەک شوێنانی تری تورکیا قوتابخانە بکەنەوە، کوردەکان چونکە تورکی نازانن، ناچارن ڕوو بکەنە زانستی ئایینی و حوجرە، کە جگە نەفامی و نەزانی هیچی لێفێرنابن، ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچەیە هەروا لە کەنارگیریی و ژیانی دەشتەکی و سەرەتایی بمێننەوە، چەندین دوو دڵی و گومانیان بۆ دروست دەبێت، ئەمانە وەک مستەکۆڵێکی جەرگبڕ ئاڕاستەی کورد کراون، دڵی کەسانی خاوەن هەستیان ئاگر تێبەرداوە، چارەسەریش بە کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی نمونەیی دەبێت لە ناوچەی تیرە و هۆزەکاندا، تاکو ببێت بە هۆیەک بۆ خوێندن و هانیان بدات بۆ بەدەستهێنانی زانست:

داواکاری یەکەم/ حکومەت سێ قوتابخانە بکاتەوە لە شوێنی جۆراو جۆر لە کوردستان:

١. لەماڵی گەنجان (بيت الشباب) کە مەڵبەندی عەشایەری ئەرتوشیە.

٢. لە ناوەڕاستی مەڵبەندی موتکان و بلکان و ساسۆن.

٣. یەکێکیش لە ناوەندی حەیدەران و سیبکان وەک ئەوەی کە لە وان هەیە.

لە هەر قوتابخانەیەک بەلای کەمەوە (٥٠) خوێندکار هەبێت، حکومەت خەرجیان بکێشێت، بەوە ژیانی ماددی و مەعنەوی و ئایندەیان مسۆگەر دەبێت و یەکێتی گەل دروست دەبێت.

داواکاری دووەم/ زانکۆیەک بکرێتەوە لە شێوەی زانکۆی ئەزهەری میسر بە ناوی قوتابخانەی زەهرا.

هۆکاری دامەزراندنی قوتابخانە و زانکۆی زەهرا:

هۆکاری یەکەم/ دابەزینی ئاستی زانست لە قوتابخانە ئاینیەکاندا: دەبێت وانەبێژەکان لە بواری پسپۆڕی خۆیان ڕێک بخرێن.

هۆکاری دووەم/ چاکسازی لە ویلایەتەکانی کوردستان بکرێت: من بارودۆخی پەرێشانی کوردەکانی دانیشتوی کوردستانم بینی و تێگەیشتم کە ڕویەکی بەختەوەری دونیامان بە زانستە نوێیەکانی ئێستا دێتەدی، زانایانیش یەکێک لە ڕوبارە سازگارەکانی ئەو زانستانە دەبن، سەرچاوەکەی تریشی قوتابخانە ئاینییەکان دەبێت، تاکو زانایانی ئاینی لەگەڵ زانستە نوێیەکان ڕابێن، جڵەوی ئیختیاری کوردەکان بەدەست زانایانەوەیە، ئەوە هانیدام بێم بۆ ئەستەمبوڵ، چونکە پێموابوو سەعادەت لە (دار السعاده) دێتەدی.

هۆکاری سێیەم/ بەرپەرچدانەوەی پلانێکی چەپەڵ لە دژی قورئان: شەست و پێنج ساڵ لەمەوبەر یەکێ لە والیەکان هەواڵێ دامێ کە لە ڕۆژنامەیەکدا وتارێکی مستەعمەراتی بەریتانی خوێندوەتەوە، نوسخەیەکی قورئانی بەدەستەوە بووە، وتویەتی تا ئەم کتێبە لەناو دەستی مسوڵمانان بێت ناتوانین حوکمیان بکەین، دەبێ ئەم قورئانە لەسەر زەوی نەهێڵین، منیش هەر ئەو دەمە بڕیارمدا ڕووبەڕووی ئەم کارە ببمەوە و پشت بە قورئان ببەستم و هێزو پێزو پشت و پەنا هەر لەو وەربگرم، بیرۆکەی لێهەڵهێنجم، چونکە قورئان بەیەک جۆر سەیری پێکهاتەکانی مرۆڤ لە عەقڵ و دڵ و دەروون و ڕۆح دەکات، وەک یەک بەشیان دەدات، هەتا لایەک بەسەر لایەکی تردا لاسەنگ و زاڵ نەبێت، چونکە لادان ڕێکی تێکدەدات و پێچەوانەی فیترەیە، ونبونە، ئەوە بووە هۆی دواکەوتن و تێکدانی ژیانی مرۆڤ و پاشان کۆمەڵگە، ئەوەبوو قورئان ئیلهامی ڕێیەکی کورتی کردم، بیرم لە دامەزراندنی زانکۆیەک کردەوە، دوو هۆکاریشمان گرتەبەر:

یەکەم: پەیامەکانی نوور بۆ بەهێزکردنی ئیمان.
دووەم: شەست و پێنج ساڵ لەمەوبەر ویستم برۆم بۆ مزگەوتی ئەزهەر ـ زانکۆی ئەزهەر لە میسر ـ تاکو زانستەکانی تیا هەڵگۆزم، کە ئەزهەر قوتابخانەی جیهانی ئیسلامە، بەڵام دەرفەتی ئەو کارەم بۆ نەڕەخسا، خوای گەورە بۆ هێنانەدی بیرێک ڕێنومایی کردم، کە مزگەوتی ئەزهەر قوتابخانەیەکی گشتیە لە ئەفریقا، کەواتە کارێکی گەلێک پێویستە لە ئاسیاش قوتابخانەیەکی وەک ئەو بنیات بنرێت، دەبێت لە ئەزهەر فراوانتر بێت، چونکە ئاسیا لە ئەفریقا فراوانترە، بۆئەوەی بیری برایەتی نێوان عەرەبی و هیندی و ئێرانی و قەفقاسی و تورکستانی و کوردستانی تێک نەداو گیانی نێوانیان ببوژێنێتەوە و زانستە نوێیەکان دەست لە ملی زانستە ئاینییەکان بن و، شارستانی ئەورووپاش لەگەڵ ڕاستییەکانی ئیسلامدا بسازێن، قوتابخانە تازەکانیش لەگەڵ قوتابخانە شەرعیەکانی ئەنادۆڵدا هاوکاربن، هەوڵمدا ئەو زانکۆیە لە مەڵبەندی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات (کوردستان) بێ، چونکە دەکەوێتە نێوان هیندستان و وڵاتە عەرەبییەکان و ئێران و قەفقاس و تورکستان، ناوی قوتابخانەی زەهرام لێنا.
هۆکاری چوارەم: سەقامگیرکردنی ئاشتی و بوار نەدان بە دەمارگیری: ئەم زانکۆیە بەردێکی بناغەیە بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێ بە قەڵایەکی قایمی ئاشتی و ئاسایش و، گەلێک سودیش لە بەرژەوەندی ئەم گەل و وڵاتە بەرهەم دەهێنێت.
هۆکاری پێنجەم: مردنی قوتابخانە ئاینییەکان: بە مردنی قوتابخانەی خورخوری ژێر قەڵا سەختەکەی (وان) کە قوتابخانەیەکی سەرەتای قوتابخانەی زەهرایە، بە مردنی سەرجەم قوتابخانە شەرعیەکانی ئەنادۆڵ، هەموو قوتابخانەکان مردن و گیانیان لەدەستدا، وەک بڵێی (قەڵای وان) بووە کێلێک بۆ گلکۆی گۆرە مەزنەکەیان، دەسا ئەوانی دوای سێسەد ساڵی تر دێن، گوڵی قوتابخانەیەکی نور لەگەڵ خۆتان بهێنن و لەسەر لوتکەی ئەم قەڵایە بیروێنن.

شوێنی دامەزراندنی قوتابخانەی زەهرا

زەهرا کە خوشکی مزگەوتی ئەزهەرە، داواکارین لە (بدلیس) بکرێتەوە، کە وەک مەڵبەندی کوردستان وایە، هەردوو باڵەکەشی کە (وان و دیاربەکر)ە زانکۆی هاوشێوەی (بدلیس) یان تیابکرێتەوە.

مەرجەکانی قوتابخانە:

یەکەم: ناوی قوتابخانە (مەدرەسە)ی لێبنرێت، چونکە خەڵکی لەگەڵ ئەو ناوەدا ڕاهاتوون.
دووەم: تێکەڵکردن و خوێندنی زانستە گەردونیە نوێیەکان لەگەڵ زانستە ئاینییەکان، زمانی عەرەبی واجب و زمانی کوردی دروست و تورکی پێویست بێت و زمانی خوێندنی ناو ئەو قوتابخانەیە بن.
سێهەم: هەڵبژاردنی وانەبێژەکان لە زانایانی کوردی خاوەن دوو باڵ بێت، زمانی خەڵکی ناوچەکە بزانن.
چوارەم: ڕاوێژ و پرسوڕا بە توانا و لێهاتنی کوردەکان بکرێت و نازیان هەڵبگیرێت، یان خوێندنی بە زۆر و سەپاندن بێت.
پێنجەم: جێبەجێکردنی یاسای کاردابەشکردن، هەموو لق و بەشێک کەسانی پسپۆڕ و کارامەی لێ دەرچێت و تێکەڵکێشی یەکتربن.
شەشەم: کاتی دەرچونیان بۆ سوودلێوەرگرتنیان لەگەڵ دەرچوانی قوتابخانە باڵاکان و پەیمانگا ڕەسمییەکان یەکسان بن، وەک ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و، تاقیکردنەوەشیان وەک ئەوان بێت.
حەوتەم: بۆ بەهرە وەرگرتن بە جۆرێکی کاتی خانەی مامۆستایان بکرێتە کۆڵەکە و پاڵپشت بێت

بۆ ئەم قوتابخانەیە.
هەشتەم: ئەو نەریتە بگۆڕێت کە لە کوردستان هەیە کە خوێندن بۆ تاکە کەسە، تایبەت بکرێت بە کۆمەڵ و بازنە لە خەڵکان.

دەرامەتەکانی قوتابخانە و دانیشگای زەهرا

یەکەم: لەگەڵ ئەوقاف ڕێکبکەون قوتابخانەکان یەک بخەن.
دووەم: بەشێک لە زەکات تەرخان بکرێت بۆ ئەم قوتابخانەیە.
سێیەم: نەزر و سەدەقە بۆ ئەم قوتابخانە بکرێت و پێی ببەخشرێت، وەک تەکیە و خانەقا و حوجرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.
چوارەم: خواستن بە فراوانکردنی ڕێژەی دەرامەتەکانی خانەی مامۆستایان و بەجۆرێکی کاتی بێت، دەکرێت دەرامەتەکەی بۆ ئەو قوتابخانەیە بخوازرێت، کە ئەویش کەوتە سەرخۆو دەوڵەمەند بوو، ئەو خوازراوە بگێڕێتەوە.

سودو بەروبومەکانی قوتابخانەی زەهرا

دابینکردنی ئایندەی زانایان، هێنانی زانست بۆ نێو کوردستان، دەرخستنی لایەنە جوانەکانی مەشروتیەت و سەربەستی، یەکخستنی قوتابخانە ئاینییەکان و ئەنجامدانی چاکسازی تیایاندا، ڕزگارکردنی ئیسلام لە ئەفسانە و ئیسرائیلیات، هێنانی ئاشتی و سازش بۆ نێو قوتابخانە ئاینیی و گەردونییە نوێیەکان و شوێنکەوتووانی تەکیە و خانەقا و، وایان لێدەکات بەلای کەمەوە یەکبگرن و بیرورا بگۆڕنەوە.

سەرەتای کێشەکانی نورسی لەگەڵ دەوڵەت و بانگکردنی بۆ وەزارەتی ئاسایش

نورسی ئەو ڕاپۆرت و داواکارییەی دابوو بە سوڵتان عەبدولحەمید، پاشان بە درێژتر و وردتر لە ڕۆژنامەی (مەعریفەت و ئیتحاد) کە خۆی دەریدەکرد و ڕۆژنامەی (شرق و کوردستان) بڵاویکردەوە،

## نورسی لە نهێنی و ناوەڕۆکی کێشەی گەلەکەی گەیشتبوو، دەیزانی کە کردنەوەی قوتابخانە پرۆژەیەکی گەورەیە

داوای قوتابخانەی کوردی تێداکردووە، پاشان چەند منازەرە و کۆڕ و کۆبونەوەیەکی زانستی لە ئەستەمبوڵ سازکرد و مناقەشەی گەرم و جۆرە کەشوهەوایەکی دروستکرد. ئەم چالاکیانە دەنگی دایەوە، هەموو ڕۆشنبیران و کوردی ئەستەمبوڵ چاوەڕوانی وەڵامی سوڵتان بوون، بەڵام دەوڵەت ئەو چالاکی و جموجوڵ و خەڵک وروژاندنەی قبوڵ نەکرد و ترس کەوتە دڵی بەرپرسانەوە، وەزیری ئاسایش نورسی بانگ کردە وەزارەت، پێی گووت: سوڵتان داواکەتی خستووەتە بەردەم (ئەنجومەنی وەکیلان) بۆ مناقەشە چاوەڕوان بکە، بەڵام نورسی وازی نەهێناو لەناو ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ باسی پرۆژەکە و وەڵامی دەکرد، سوڵتان لە ڕێی شەفیق پاشای وەزیری ئاسایشەوە فەرمانێکی کارگێریان بۆ نورسی دەرکرد، وەزیر نورسی بانگ کرد و گووتی: سوڵتان سەلامت لێدەکات، موچەیەکی مانگانەی بەخششی شاهانەی هەزار قروشی بۆ بڕیویتەوە، کاتێکیش گەڕایتەوە بۆ ناوچەکەت ئەم موچەیە ئەبێتە سی لیرە و مەبلەغی هەشتا لیرەی زێڕیشی بە شێوەی خەڵاتی سەڵتانی بۆ ناردووی، نورسی لە وەڵامدا وتی: من سواڵکەری موچە نیم، من دەمەوێت سوڵتان ببینم، داوا لە وەزیر دەکات بچێتە لای سوڵتان ئەوە ڕونبکاتەوە کە گەلەکەی چی بەسەر هاتووە، وتی: ئەگەر هەزار لیرەشم بدەنێ وەری ناگرم، ئەوە بەرتیلە و بۆ بێدەنگ کردنمە، من بۆ خۆم

## نورسی بە برا کوردەکانی دەڵێت: دەسا ئەی کوردەکان من نەخۆشخانەی شێتانم قبوڵکرد، بۆئەوەی کوردایەتی لەکەدار نەکەم

نەهاتوم، لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەکەم هاتووم، وەزیر وتی: تۆ دەست بە ڕووی فرمانی سوڵتانەوە دەنێیت، نازانی فرمانی سوڵتان ڕەتناکرێتەوە، نورسی وتی: ڕەتی دەکەمەوە تا سولتان بێزار ببێت و بنێرێت بە شوێنمدا، ئەوکاتە ڕاستەوخۆ هەق دەڵێم، ئەگەر ئەنجامەکەشی ئەوە بێت بمخەنە ناو دەریا، ئەوا دەریا دەبێتە گۆڕێکی فراوان بۆم، ئەگەر لە سێدارەدان بێت، ئەوا لەناو دڵی نەتەوەکەمدا ئەسپەردە دەکرێم، من کە هاتمە ئەستەمبوڵ گیانی خۆم بەخشیبوو، من ویستم بە کردار نەتەوەکەم وریا بکەمەوە و خزمەت بکەن، وەزیر وتی: ئەوەی بۆی هاتووی زانستە و لە بەردەستی ئەنجومەنی وەکیلاندایە و لێی دەکۆڵنەوە. نورسی خۆی ئەم ڕووداوەی لە ژمارە (5)ی ڕۆژنامەی (کرد تعاون و ترقی غزنەسی) بڵاوکردەوە.

پاشان دەوڵەت دەیەوێت بە جۆرێکی تر نورسی تاوانبار بکات و بیوەستێنێت، لە کۆشکی سوڵتانەوە لیژنەیەک دروست دەکەن لە چوار دکتۆر و بە شێت تاوانباری دەکەن، دەڵێن مادام سەعید زیرەکە و هەموو شت دەزانێت کەواتە شێتە، چونکە شێت هەموو شت دەزانێت، ناوی (سەعیدی هەژار) دەخەنە دوای، بڕیار دەدەن لە خەستەخانەی شێتان بخەوێت، کە بردیانە خەستەخانەی شێتان، لە کۆشکەوە پزیشکێکیان نارد تا توانستە عەقڵییەکانی بپشکنێت، سەعیدی دیوانەی گەلەکەی هۆی هاتنی بۆ ئەستەمبوڵ بۆ دکتۆر ڕوونکردەوە، وتی: (من نەخۆش نیم، بەڵام گەل و نەتەوە و وڵاتەکەم دووچاری شێتی کردوم، من هاتمە ئەستەمبوڵ دەردەکانیان چار بکەم، ناوچەی کوردەواری لەوکاتەوە خوا دروستی کردووە تائێستا وەک خۆی ماوەتەوە، خەڵکەکەشی نوقمی زۆنگاوی نەزانین بوون، من بەهیوام ڕزگاریان بکەم بۆیە هاتووم بۆ ئێرە، کەچی پێم دەڵێن شێت بووە، من بۆ خۆم نەهاتوم، لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەکەم هاتوم، من لە کوردستانەوە بە نیازی کردنەوەی قوتابخانە هاتووم بۆ ئێرە، هیچ ئامانجێکی دیکەم نیە، هەر ئەم داوایەم هەیە و هیچ شتێکی ترم ناوێت).

شەفیق پاشا گووتی ئەو پێشنیارەی بۆ بڵاوکردنەوەی زانستەکان کردوتە لەژێر لیکۆڵینەوەدایە، نورسی وتی کەواتە بۆ ئەوە دواخراو بۆ موچە پەلەکرا؟ پاشان وتی: (ئەگەر من تورەم و شێتم، کەواتە وەزیری ئاسایش لە من شێتترە، چونکە لە من تورەترە، ئەگەر بەرگری بە شێتی و ماستاوچێتی دەزانن، ئەوا بڕیاربێ من هەر شێت بم)، دکتۆرەکە ڕاپۆرتێکی دایە سوڵتان و تیایدا نووسی: لە نێوان ئەوانەی کە هاتونەتە ئەستەمبوڵ، هیچ کەسێکم نەدیوە وەک نورسی وریا و زیرەک بێت، لە هەموو جیهاندا دەگمەن و بێوێنەیە.

پیرەمێرد دەڵێت: درێژەی پێنەدەین، دوایی ئەویان بردە مابەین و مەعاشێکیان بۆ تەخصیص کرد، نەیویست و هەندێ قسەی ناشرینی کردبوو، وتبوی: من بۆ سواڵکەری و مەعاش نەهاتووم، بۆ چارەی میللەتەکەم هاتووم، مەعاریفیان نیە، دەبێ سوڵتان زەکاتی زەمانی سەڵتەنەتی خۆی وەک عومەری کوڕی عەبدولعەزیز سەرف بکات، ئەوانیش ناردیانە (تیمارخانە) شێتخانە، مودیری تیمارخانە کە گفتوگۆی لەگەڵ کردبوو، تێگەیشتبوو

نەخۆش نیە، ئیستیعفای کردبوو، وتبوی ئەگەر ئەم پیاوە شێت بێت کێ عاقڵە؟ دکتۆر دەنوسێ ئەگەر یەک زەرە شێتی لەو پیاوەدا هەبێ ئەوا یەک کەس لە جیهاندا بە ساغی نامێنێتەوە، سەعید خۆی ئەم وتوێژەی لە ڕۆژنامەی (کرد تعاون وترقی عزتەسی) بلاوکردەوە، پاشان نورسی بە برا کوردەکانی دەڵێت: دەسا ئەی کوردەکان من نەخۆشخانەی شێتانم قبوڵکرد، بۆئەوەی کوردایەتی لەکەدار نەکەم، ویستی پاشا و موچە و چاکەی شاهانەم قبوڵ نەکرد.

هەوڵەکانی نورسی بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی زەهرا بەردەوام بوو، داواکەی پێشکەش بە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا کرد، قوتابخانەیەکی بەناوی خورخوڕ، نزیک کانیاوی خورخوڕ لە (وان) کردەوە، کە تا جەنگی جیهانی یەکەم خزمەتی کرد، قوتابخانەکە هەردوو زانستی ئاینی و گەردونی تیا دەخوێنرا، بەڵام لە هێرشی ڕوس و ئەرمەن، ئەو شارە و قوتابخانەکە ڕووخان.

چەند جارێکی تریش چووە ئەستەمبوڵ تا زانکۆی زەهرا نمونەی زانکۆی ئەزهەری میسر لە کوردستان دابمەزرێنێت، مەڵبەندی سەرەکی شاری (وان) بێ، دوو جۆر زانستی تێدا بخوێنرێت، ئەوە لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیددا نەکرا، بەڵام سوڵتان ڕەشاد قەناعەتی کرد و بڕیاریدا لە (وان) دایبمەزرێنێت، دیوارەکانی بەرزکرایەوە، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی یەکەمین جەنگی جیهانی و ڕووداوەکانی دواتر ڕاگیرا، نورسی دەڵێت: سێیەم ساڵی سەربەستی مەشروتیەت بوو، ئەم باسانەم دایەوە بە گوێی خەڵکی بەدلیس و وان و دیاربەکر، پێیان خۆش بوو، یەکەم کەس سوڵتان ڕەشاد بوو بایەخی بە دامەزراندنی ئەم زانکۆیەدا، بیست هەزار لیرەی زێڕینی بۆ تەرخان کرد، بەڵام جەنگی یەکەمی جیهانی هات، نورسی دەڵێت: بۆ بەرگری لە بەدلیس تیپەکانی یاریدەدانم لە قوتابیەکانم پێکهێنا، خۆبەخشانە خۆم سەرکردەیان بووم، چەندین شەڕی سەختمان دژی ڕوس کرد، کاتێکیش کە لە دیلی جەنگی یەکەمی جیهانی کە بە بریندار گیرابووم لە ڕوسیا دەرباز بووم، جارێکی تر پرۆژەکەم دایەوە بە حکومەت، لە 200 پەرلەمانتار 163 پەرلەمانتار ئیمزایان لەسەر کرد و سەد و پەنجا هەزار لیرەی بۆ تەرخانکرا، خودی مستەفا کەمال یەکێک بوو لەوانە، خۆم بەردی بناغەی زانکۆکەم دانا .. حکومەت گۆڕا، دوای بیست و پێنج ساڵ قوتابخانە ئاینییەکان داخران، (تۆفیق ئیلەری) وەزیری پەروەردە بڕیاری لەسەر پرۆژەی زانکۆی زەهرا لە (وان)دا، بەڵام بەناوی زانکۆی خۆرهەڵات، (جەلال بایار) سەرەک کۆماریش پەسەندی کرد، پاشان قوتابیەکانی نوور دوای سەعیدی مامۆستایان هەوڵی زۆریاندا بۆ هێنانەی ئاواتەکانی مامۆستایان.

چوونی نورسی بۆ ئەستەمبوڵ سوودی بۆ ناساندنی ئەو هەبوو لە سەرانسەری تورکیا، نورسی لە ئەستەمبوڵ کرایەوە بە ڕووی خەڵکێکی زۆر لە ڕۆشنبیران، چالاکی زۆری نواند، لە نێو گۆڤار و ڕۆژنامە و پارتە کوردی و تورکییەکاندا کاری زۆری کرد، وەک خۆی دەڵێت: من بەو نیازە هاتم بۆ ئەستەمبوڵ کە چارەسەری دەردەکانی کوردستان بکەم، کەچی دەبینم ئەستەمبوڵ خۆیشی پێویستی بە چارەسەر هەیە، هەر لەو ماوەیەدا سستەمی پەرلەمانی مەشروتیەت لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیەنراو سوڵتان عبدالحمید لەسەر کار لادرا، کە دوو ڕوداوی گەورەبوون لە سەرەتای سەدەی بیست و، گەلێک ڕوداوی ناوخۆیی و جیهانی تری بەدوادا هات، جەنگی جیهانی یەکەم نورسی ناچارکرد بگەڕێتەوە کوردستان و لەگەڵ قوتابیەکانی و گەلەکەیدا

بەرگری لە شارە کوردییەکان بکات و لە بەردەم لافاوی هێرشی ڕوس و ئەرمەندا بوەستن، لە شاری بەدلیس بەبریندای دیلکراو دوو ساڵ و نیو لە ڕوسیا مایەوە، پاشان دەرباز بوو، پاش ئەوە تێکۆشا بۆ وەدەرنانی ئینگلیز و یۆنان، پاشان ڕوخانی دەوڵەت و دابەشبونی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ و کۆمەڵێک ڕێکەوتنی نەخوازراو و دارشتنەوەی نوێی نەخشەی ناوچەکەی بەدوادا هات، کە هەموو زیانی گەورەیان بە کورد و پارچە پارچەبونی گەیاند.

نورسی هەموو ئەوانەی بە چاوی خۆی بینی و لە ناویاندا ژیا، ئەمانە بۆ کەسایەتی زیرەک و وردبین و زەینکراوەو خاوەن پەیام کاریگەری چاکی بوو، ئەو هەستی دەکرد کە لەگەڵ ئەو ڕوداوانە و پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی، بەربونەوەیەکی سامناک ڕوو لە ناخ و دڵ و زەین و ڕەوشتی خەڵک دەکات، کە سەرەتایە بۆ دارمانی شیرازەی کۆمەڵایەتی، ویستی بەربەست بۆ ئەو دارمانە دابنێت، ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، بەڵام بە هێمنی و لەسەرخۆ، دوور لە توندو تیژی، لەو ڕوانگەوە بۆ بنیاتنانەوەی کەسێتی تاک و چاکسازی هەمە لایەنە و زیندوکردنەوەی ئیمان، زنجیرە پەیامەکانی نوری نووسی، بەڵام ڕێی بڵاوکردنەوەی لێگیرا، بۆیە دەیان هەزار نوسخەیان بە دەست نووسیەوە، بەر زنجیرەیەک گرتن و دادگایی کەوت، بەرگری باشی لە خۆی و قوتابیان و پەیامەکەی کرد و بە سادەیی مەبەستی پەیامەکانی خۆی پێوتن، کە خزمەتە بە ئاسایش و یاسا و وڵات، هەمووجار دادگا بێتاوانی ئەوی دەردەکرد، دادگای گەورەی شاری ئافییون ساڵی ١٩٤٨ ویستی کۆتایی بەم گاڵتەجاڕی و شکات و شکاتکاریە بهێنێت، لیژنەیەکی باڵای لە زانایانی پسپۆڕی جۆراوجۆر پێکهێنا، بۆ وردبونەوە لە بەرهەمەکان، ساڵی ١٩٥٦ ئەوەیان سەلماند کە نورسی و پەیامەکانی دورن لەو تۆمەتانە و، بڕیاری ئازادی نورسی و بڵاوکراوەکانیدا، دوای ئەوە دەستکرا بە چاپکردنی بەرهەمەکانی، خۆی سەرپەرشتی دەکرد، لە کۆتایی تەمەنیدا هەوڵی وەرگێرانی پەیامەکان درا بۆ زمانی عەرەبی، زانکۆی ئەزهەر و پاپای فاتیکان وەسفیان کرد، لە دوا مانگی تەمەنیدا لە ١٩٦٠\١\١٦ ڕۆژنامەی (تایمس)ی بەریتانی دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا سازکرد، سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد، دوای وەفاتی قوتابیەکانی ئەو ئەرکەیان گرتەئەستۆ و نورسی مامۆستایان بە زانکۆکان و بیرمەندانی جیهان ناساند، کۆمەڵێک سیمینار و گۆنگرە و کۆنفراسیان لە تورکیا و وڵاتانی جیهان بۆ سازدا.

## سەرچاوەکان


١. زۆربەی سەرچاوە و زانیارییەکانی ئەم بابەتەم لە کتێبە دەوڵەمەندەکانی مامۆستا فاروق ڕەسوڵ یەحیا دەستکەوتووە.

٢. ژیاننامەی بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی، و.فاروق ڕەسوڵ یەحیا، چ1، نشر احسان، تاران، ٢٠١٣.

3. دیدار عوسمان: ڕۆڵی کورد لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٣.

٤. د.عومەر عەبدولعەزیز: سەعید نورسی لە زمانی پیرەمێردەوە، تیشکێک لەسەر کاری هاوبەشیان و خزمەتی هەردوکیان بە پرسی نەتەوەکەیان، ڕۆڤار، ژ (٨٩)، گۆڤاری خاڵ، ژ(٧).

٥. فاروق ڕەسوڵ یەحیا: ڕۆژنامەی(ژین) ژمارە(٢)، ساڵی دووەم، بنکەی ژین، ئەیلول ٢٠١٠.

٦. فاروق رسول یحی: مدرسة الزهرا، تشخیص مبکر و حل سدید للازمات الاجتماعیة، سعید النورسی و فلسفة التعلیم, المنعقد فی مدینة (وان) فی ترکیا للفترة ١٢ ـ ١٤ |١٠|٢٠١٢.

# سیاسەت و کاری سیاسیی، لە تۆماری تەمەنی

# (د.مستەفا زەڵمی)دا



**عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی.**
لەدایکبووی ١٩٨٢ ، ئەحمەدئاوا. ماستەر لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی و نامەکەشی لە سەر د.مستەفا زەڵمییە. خوێندکاری دکتۆرایە لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی.



سیاسەت لە زمانی عەرەبیدا بە مانای **(التَّدْبِيرِ وَالإِصْلَاحِ وَالتَّرْبِيَةِ)** هاتووە، واتە:(تەگبیر و راوێژ و چاکسازی و پەروەردەکاری)(١)، و لە زاراوەیشدا هەڵگری زۆر مانایە کە سەرجەمیان لە یەک واتادا کۆدەبنەوە کە بریتییە لە:( بەڕێوەبردنی باش و گونجاو و شیاوی کاروباری خەڵکی و چاکسازی کردن لە سستمی وڵاتدا)، هەروەک لە فەرموودەیشدا هاتووە کە دەفەرموێت: «**حَدَّثَني مُحَمَّدُ بْنُ بَشَّارٍ، حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، حَدَّثَنَا شُعْبَةُ، عَنْ فُرَاتٍ الْقَزَّازِ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا حَازِمٍ، قَالَ: قَاعَدْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ خَمْسَ سِنِينَ، فَسَمِعْتُهُ يُحَدِّثُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: «كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَيَكُونُ خُلَفَاءُ فَيَكْثُرُونَ» قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: «فُوا بِبَيْعَةِ الأَوَّلِ فَالأَوَّلِ، أَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ**»(٢)، واتە: جاران نەوەی ئیسرائیل، مەبەستی گەلی جولەکەیە، کە لە زمانی سوننەتدا ناودارن بە (بەنی ئیسرائیل) پێغەمبەران دەیانبردن بەڕێوە، و سەرپەرشتی کاروباریان دەکردن، هەرکاتێک پەیامبەرێک کۆچی دوایی بکردایە، ڕاستەوخۆ پەیامبەرێکی تر لە جێگای ئەو دادەنیشت و وڵاتی بەڕێوە دەبرد، واتە دەستاودەستی دەسەڵات دەکرا لە نێوانیاندا!

سیاسەت و کاروباری سیاسی لە دێر زەمانەوە جێگای مشتومڕی نێوان هەندێ لە گرووپ و تاقمە جیاوازەکانی بەرنامە و بیری ئیسلامیی بووە، کەم نین ئەوانەی بە جۆرێکی تر تەماشای ئەم چەمکە دەکەن و بە دەستەواژە و پرۆسەیەکی دوور لە ئاینی ئیسلامی دەبینن، ئەمە ڕاستە بۆ سیاسەتێک کە ماکیاڤیلیانە تەنها بەرژەوەندی کەسیی تیایدا بە ئامانج گیرابێت، و لەولاوە ئازادی و بەرژەوەندی خەڵکی تر ژێرپێ خرابێت، ڕاستە ئەو گەوجاندنەی ئەمڕۆ دەکرێت کە داشۆراوە لە هەموو مۆراڵێک ئیسلام بە تەواوەتی ڕەتیدەکاتەوە و لەڕاستیدا ئەم مەکر و کەید و حیلە فێڵەیەی ئەمڕۆ دەکرێت بە ناوی سیاسەتەوە، هەق نییە ناوبنرێت «سیاسەت»، ئەمە ستەمێکە لەم چەمکە دەکرێت، لە ئەمڕۆشدا زۆر کەس هەن کە پێیانوایە زانایانی بەرجەستەی وڵاتی خۆمان بڕوایان بە سیاسەت نەبووە، بەڵام ئەمە پێچەوانەی هەقیقەتە و ئەوان بڕواداربوون بە سیاسەت، بەڵام سیاسەتی شەرعیی نەک مەکر و تەڵەکەبازی سیاسیی و خواردنی مافی خەڵک، لێرەدا دەچینە نێو بواری سیاسەت و کاری سیاسیی لە تۆماری تەمەنی (د.مستەفا زەڵمی)دا، وەک زانایەکی پەروەردەی دەستی مەلاکانی ئەم نیشتیمانە و حوجرەکانی وڵاتی کوردەواری، و لە شەش وێستگەدا دەیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

### وێستگەی یەکەم: گەشتی ناوچەی مەهاباد و بینینی پێشەوا قازی محەمەد:

د.مستەفا زەڵمی، لە گەشتی خوێندنیدا ڕێی دەکەوێتە ناوچەی سابڵاخ(مەهاباد) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و زۆر سەرگوزەشتەی ئەو کاتە لە تۆماری تەمەنی خۆیدا دەگێڕێتەوە، بینینی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک کۆماری کوردستان و کاریگەربوون بە کەسایەتییەکەی، دەبێتە هۆکاری چاندنی بیری نیشتیمانپەروەری لە هزر و ئەندێشەیدا(٣)، وەک دەڵێت: لەو ماوەیەدا سێ جار چوومە ماڵی پێشەوا قازی محەمەد (خوا لێی خۆش بێت)، پیاوێکی باڵابەرز و سور و سپی بوو، ڕیشێکی ماش و برنجی جوانی هەبوو، مێزەر و جبەی لەبەر بوو، خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی تێگەیشتوو بوو، من بۆ یەکەم جار لە کتێبخانەی مەلادا، بینیم، جگە لە کتێبی فارسی و عەرەبی و ئاینی، کتێبی تری فەرەنسی و ئینگلیزی تیابوو، دیارە ئەو زمانانەیشی دەزانی!(٤)

لە هەمان جێگادا دەگێڕێتەوە کە لەو ناوچەیەدا دوو مەلای بەناوبانگی شاری مەهاباد هەبوو،

مامۆستا مەلا حسێن و مامۆستا مەلا صدیقی مزگەوتی ناوبازاڕ کە بە کوردپەروەری بەناوبانگ بوون(٥). دواتریش لە رووی کوردایەتی و سیاسییەوە لەوکاتەدا و هەر لە سابلاخ سەروکاری لە گەڵ عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی خدر ئاغادا، هەبووە، کە سەرۆک هۆزی مەنگوڕ بووە، لە ناوچەکەدا، و زۆر بیروڕای سیاسیی و نەتەوایەتییان پێکەوە تاووتوێ کردووە(٦).

دواتر لە هەمان سەرچاوەدا دەڕواتە سەر باسی ژیاننامەی پێشەوا قازی محەمەد و حکومەتەمەیی و کاروبارەکانی و زۆر بە چاوی بەرز و شکۆوە تەماشای خۆی و کارەکانی دەکات(٧). بۆیە دەکرێت ئەم گەشتەی مەهاباد و بینینی پێشەوا قازی محەمەد و ئەو کەسایەتییە سیاسییە بە ئەزموون و دیارانەی تر بە یەکەم وێستگەی فکری سیاسیی د.مستەفا زەڵمی هەژمار بکەین.

## وێستگەی دووەم: شەپۆلی شیوعیەت و ئاهەنگەکەی مزگەوتی ( بن طبق):

لە چلەکانی سەدەی رابردوو بەدواوە شەپۆلێکی بەرفراوانی شیوعیەت رووی لە عێراق و کوردستان کردووە، ئەمە راستییەکی مێژووییە و هیچ کەسێک نکوڵی لێ ناکات، بەم هۆیەوە و بەهۆی لە لایەک نەزانی و لە لایەکی تریشەوە کەم ئەزموونی زۆرێک مەلا و فەقێی ئەوکاتەی وڵاتی خۆشمان موبتەلای ئەم بیرە بوون، ئەم بابەتە لێرەدا بۆ ئێمە یەکلایی ناکرێتەوە و هەویرێکە ئاوی زۆر دەکێشێت و توێژینەوەی سەربەخۆی پێویستە، لەم سەروبەندەدا زۆر فەقێ و مەلا گیرۆدە بوون، زۆریان دواتر درۆ و مەکری ئەو سەرابەیان لا رۆشنبوویەوە و گەڕانەوە، و بەداخەوە زۆریش لەنێو زەلکاوەکەدا چەقین و ئیدی نەیانتوانی بێنە دەرەوە و بە مانای ووشە (ضایع) بوون و هەر بەو دەردەوە بۆ جیهانی هەرمان گەڕانەوە، د.مستەفا زەڵمی ئەگەرچی وەک پەیوەندی ئۆرگانیکی هیچ کۆنتاکتێکی فەرمی لە گەڵ رێکخستنەکانی ئەم رەوتەدا و بەم ناوەوە نەبووە، بەڵام بە شیوعیەتیش تۆمەتبارکراوە و خۆشی بەرپەرچی داوەتەوە(٨)، بێگومان تۆمەتەکە ناڕەوایە و دانپیادانان و بەرپەرچدانەوەی خۆی لەم مەبەستەدا پەسەندە، نەک تۆمەتی نەزان و ناحەزان.

بەڵام ئەوەی زیاتر لەم روانگەیەوە حاڵەتەکە زەق دەکاتەوە، ئاهەنگی ئیجازەنامە مێژووییەکەی مزگەوتی (بن تەبەقی هەرمنی)یە، لە شاری سلێمانی، کە گرفت و ئاژاوەی لێ کەوتۆتەوە، هەروەک د.مستەفا زەڵمی خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:( ئەم یەکەم ئیجازەیە دانیشتوانی گەڕەکەکە زۆر بایەخیان پێدا، چوون مێزەر و جبەیان هێنا بۆ مەلا سەید ئەحمەد، زۆر پیاوماقوڵی شارەکەیان بانگ کرد. کاک محەمەدی مامۆستا مەلاکەریم ئەدیبێکی گەورەی کوردە شانازی پێوەدەکرێت ئەو سەرپەرشتی رێکخستنی ئاهەنگەکەی کرد، (مکبرە) یەکمان لە دەرگای حوجرەی دەرس وتنەوە دانا بۆئەوەی چەند وتارێک لەوێدا بوترێت و دەنگەکە بگاتە دانیشتوانی ئاهەنگەکە.

یەکەم کەسێک کە وتاری خوێندەوە کاک محەمەد بوو، کە وتارەکەی زۆر پڕ مانا بوو، کاک محەمەد وتی: مەلا لە جێگەی پێغەمبەرە، نوێنەری ئەوە، پێغەمبەر لە دوو لاوە ئیشی دەکرد بۆ مسوڵمانان لەلایەنی ئاینییەوە وەک پێغەمبەرێک، لەلایەنی دونیاوە وەک سەرۆک دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵام زۆربەی مەلاکان ئاگایان لە کۆمەڵ نیە نازانن چی هەیە و چی نیە، تەنیا ئیشوکاریان بووەتە ئەوەی چوار رکات بەرنوێژی دەکەن لە مزگەوتەکەیاندا، ئەگەر موچەیان نەدەنێ نایەنە مزگەوت ئەو چوار

ڕکات نوێژەش ناکەن.

لەم کاتەدا مەلا (م.ر)، کە هەردەم سەرەتابوو لە کێشە دروستکردنی شارەکەدا، هەڵسایەوە وتی دەی مەلایان با بچینە دەرەوە، کە هەڵسا شەش حەوت مەلا دوای کەوتن، لەوکاتەدا مامۆستا سەید غفور پیاوێکی زۆر مەرد و ئازا بوو، بانگی کردن و وتی: (وامتازوا الیوم أیها المجرمون)، واتە: جیاببنەوە لەوانەی کە باشن و حەز لە کردەوەی باش دەکەن ئەی تاوان کارەکان) (٩).

من بۆ خۆم جەنابی دوا یادگاری زانایانی پێشینەمان جەنابی مامۆستا نوری فارس حەمەخان، کە لەوکاتەدا قوتابی د.مستەفا زەڵمی بووە و، لە هەمان ئاهەنگدا بەشداری کردووە، بۆمی گێڕایەوە و گووتی: (بە ڕاستی ئەوە ئاهەنگی ئیجازەنامەی مەلایەتی نەبوو، بەڵکو ئاهەنگێکی خۆدەرخستنی شیوعییەکان و هەڵدان بە شان و باڵی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو)(١٠)، کە بە درێژیی و زۆر بە جوانی سەرگوزەشتەی ئەم ڕووداوەی لە پەرتووکی (مختصر صحیح البخاری)دا، ب1، ل٥٥٣ـ٥٥٨ نووسیوەتەوە(١١)

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین گێڕانەوەکەی د.مستەفا زەڵمی بەوجۆرە نیە کە مامۆستا نوری فارس باسی دەکات، ئایا دەکرێت چاوەڕوان بین پیاهەڵدانی سۆڤیەت بکرێت و مامۆستا مەلا عەبولکەریمی مودەریس و چەندین مامۆستای ناوداری تری سلێمانی بمێننەوە، هەر ئەوەش بووە هۆی بەجێهێشتنی شاری سلێمانی لەلایەن مامۆستا مەلا عەبەدولکەریمی مودەریس و د.مستەفا زەڵمی. بۆیە دەکرێت ئەم ماوەیە بە وێستگەیەکی تری فکری سیاسیی د. مستەفا زەڵمی هەژمار بکەین، بەڵام وەک وێستگەیەکی فکری سیاسیی بارگاویی و کاریگەردار، نەک ئۆرگانیکی و حزبی.

### وێستگەی سێیەم: نزیکی لە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و بەشداریکردن لە کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨:

د. مستەفا زەڵمی، یەکەمجار لە پەنجاکاندا و دوای ئەوەی کە بۆتە پێشنوێژ و پەروەردەکاری ئاینی لە سوپای پاشایەتی ئەو سەردەمەی عێراقدا، تێکەڵی کاری سیاسی بووە لەگەڵ تاقمی کودەتاچییەکاندا، و زۆر تێکەڵاوی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف دا هەبووە، کە سەرکردایەتی کودەتای ١٤ی تەموزی١٩٥٨یان، کرد، دژ بە ڕژێمی پاشایەتی ئەوکاتەی عێراق، د.مستەفا زەڵمی، خۆی ئەم تێکەڵاوی و کاروبارانە بەدرێژی لە یادداشتەکانیدا (کاروانی ژیانم) باس دەکات، تەنانەت دوای سەرکەوتنی شۆڕش یەکەم وتاری کوردی سەرکەوتنی شۆڕشی لە ڕادیۆی بەغدا خوێندۆتەوە.

ئەوەی گرنگە لەم وێستگەیەدا باس بکرێت ئەوەیە کە سەرانی کودەتاچییەکە بە تایبەتی عەبدولسەلام عارف کە خاوەنی فکری چەپی کۆمۆنیستی بوون، بەڵام لەگەڵ د.مستەفا زەڵمیدا فرت و فێڵیان بەکارهێناوە و بە جۆرێکی تر خۆیان نیشانداوە، وەک ئەوەی کە خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: دوای ئەوەی لە ڕێی عەبدولسەلام عارفەوە، پەیوەندیم بە ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە کرد، پێم وت: دەبێت بزانم، ئامانجی ئێوە چییە؟! ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ڕژێمی پاشایەتی بگۆڕین بۆ کۆماری و حکومەتێکی ئیسلامیی پێک بهێنین! کە جیاوازی نەبێت لە نێوان کورد و عەرەبدا! (١٢)

دواتر بەدرێژی باس لە کودەتاکە و بەڵێنە درۆینەکانی سەرانی کودەتا و دزی و گەندەڵییەکانیان دەکات و لە بەشداری کردنەکەی پەشیمان دەبێتەوە، وەک لە چاوپێکەوتنێکدا کە

لە مانگی (ربيع الأول)ی ساڵی (١٤٢٩/ ٢٠٠٦)دا، لەگەڵی ئەنجامدراوە، زۆر بە زەقی گوتوویەتی: **(ثمّ بَعد أنْ ظَهرت السَرقات مِنْ أموالِ الدّوْلَة، وَ حَصَلَ الخِلاف بَيْنَ المَسؤُولين عَلى المَناصِب وَ الكراسي، فَشَعرتُ حينَها، بِأنّي أرتَكَبْتُ جَريمَة، لا تُغْتَفر!!)** (١٣).

**ویستگەی چوارەم: ڕاسپاردنی زەڵمی وەك هەڵسوڕاوێکی دیپلۆماسی و سیاسیی لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆ دیداری ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم:**

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، و دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق، ویستویەتی فەتوایەک بە مەرجەعی باڵای شیعەکان (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) دەربکات، کە تیایدا کورد بە بێ باوەڕ و هەڵگەڕاوە لە ئایین پێناسە بکات، و سەروماڵیان حەڵاڵ بکات، بەوەی کە بوونەتە شیوعیی و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام، بەڵام پێش دەرچواندنی فەتواکە، مەلا مستەفای بارزانی، د.مستەفا زەڵمی ڕادەسپێرێت کە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئاینیی تر بچنە لای ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم و بارودۆخەکەی تێ بگەیەنن، و ئاگاداری بکەنەوە کە لەم داوەی ڕژێمی عێراق ئاگاداربێت و تێی نەکەوێت، پاشان د.مستەفا زەڵمی و مەلا محەمەد عەلی کوڕی مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس و د.محەمەد شەریف دەچن و دەگەنە ئەوێ، و ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم دەبینن، و لە دۆزەکە حاڵی دەکەن، بۆیە ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم نەک هەر لە دەرچوواندنی فەتوایەکی لەو جۆرە پەشیمان دەبێتەوە، بەڵکو دەبێتە دۆستێکی زۆر نزیکی کورد، و پێیان ڕادەگەیەنێت کە سڵاوی ئەو بە مەلا مستەفای بارزانی بگەیەنن، و دەڵێت: من بە ماددی و مەعنەوی پشتیوانتانم، دەستتان خۆش بێت کە بێدارتان کردمەوە لەم تۆمەتە نارەوایە(١٤)، ئەم دۆستایەتییەیشی تا کۆچی دواییشی هەر بەردەوام بوو، بۆیە دەکرێت ئەو پەیوەندییەی بە ئێستاشەوە لە نێوان کورد و شیعەی عێراقدا هەیە ئەندازیار و دارێژەرەکەی د.مستەفا زەڵمی بووە.

**ویستگەی پێنجەم: د. مستەفا زەڵمی، وەك هەڵسوڕاوی دیپلۆماسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول لە قاهیرە:**

وەک د.مستەفا زەڵمی خۆی لە چەندەین جێگەدا جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە، کە هەرگیز حیزبی نەبووە، بەڵام بەردەوام وەک دڵسۆزێکی گەلەکەی کاری کردووە، بۆیە هەر لەم سۆنگەیەوە و لە ماوەی مانەوەیدا لە قاهیرە و لەسەر داوای قوتابیانی کورد لەوێ، وەک هەڵسوڕاوی دیپلۆماسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول لە قاهیرە دەستی بەکار کردووە، و ئەوەی لەسەر شانی بووە بە باشترین شێوە ئەنجامیداوە، تەنانەت وەک خۆی باسی دەکات لەکاتێکدا یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕش سەردانی قاهیرە دەکات، و کۆڕێک دەگرێت، لەو کۆڕەدا د.مستەفا زەڵمی پێشبینی گەلەکۆمەی دوژمنانی کورد لە سەر شۆڕش دەکات، هەرچەندە ئەو بەرپرسە باوەڕ بە پێشبینییەکە ناهێنێت، بەڵام بەکردەوە دوای ماوەیەک هەرەسی کارەساتباری شۆڕشی ئەیلول ڕوودەدات، و پێشبینییەکەی د.مستەفا زەڵمی دێتەدی(١٥). ئەمەش وێستگەیەکی تری سیاسیی و دیپلۆماسییە لە تۆماری تەمەنی د.مستەفا زەڵمیدا.

**ویستگەی شەشەم: هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ و نامەی مام جەلال بۆ د.مستەفا زەڵمی و ڕاوێژپێکردنی:**

پەیوەندی د.مستەفا زەڵمی لە گەڵ مام جەلال وەک خۆی دەگێڕێتەوە، لە ساڵی ١٩٦٣دا بووە، کاتێک لە ماڵی لیوا مستەفا ڕەزا دەعوەت بووە، د.مستەفا زەڵمیشی بانگهێشت کردووە و پێکەوە بەشداری دەعوەتەکە بوون، پاشان دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٤ لە ماڵی خۆمان سەردانی تایبەتیی کردم، لە حەفتاکانیشدا کە لە میسر سەرقاڵی خوێندن بووم هات بۆ قاهیرە و دیسان بەیەکتری شادبووینەوە. لە دوای ئەوەش

هەرکات سەردانی قاهیرەی بکردایە، لە گەڵ د.فوئاد مەعسوم پێکەوە سەردانمان دەکرد(١٦)، هەر ئەم پەیوەندییانە بۆتە هەوێنی ئەوەی کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کە جەلال تاڵەبانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دادەمەزرێنێت، د.مستەفا زەڵمی یەکێک دەبێت لەو کەسایەتییانە کە ڕاوێژیان پێ دەکات، بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی کاری سیاسیی پارتەکەی. مام جەلال لە ١٩٨٢/٦/٩ نامەیەکی ئاڕاستە کردووە، لەوکاتەشدا دکتۆر دانیشتووی شاری بەغدا بووە، دیارە دکتۆریش لەو پرس و ڕاوێژانەدا بەشداری کردووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمەوە و دەسەڵاتی نەگریسی بەعسییەکانەوە پەیوەندییەکان بە نهێنی بوون. ئەمەش دوا وێستگەی کاری سیاسیی د. مستەفا زەڵمی بووە لە تۆماری تەمەنیدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) بڕوانە: **المَوسُوعَة الفِقهِيَّة الكويتِيَّة**، ئامادەکردنی: لیژنەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لە وڵاتی کوەیت، چ1، «ووشەی (السياسة)»، مطابع دار الصفوة – مصر ، ب25، ل ٢٩٤ بە دواوە.

(٢) رواه البخاری، فەرموودەی ژمارە (٣٤٥٥)، و رواه مسلم، فەرموودەی ژمارە (١٨٤٢).

(٣) بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی دەربارەی بیری نیشتیمانپەروەری لە هزر و ئەندێشەی د.مستەفا زەڵمیدا، بڕوانە: ڕێدار ئەحمەد: پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، تاقگەیەکی نەسرەوت، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٣٥ ـ ٤٦.

(٤) کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب١، چ١، ٢٠١٤، ل٨٠.

(٥) کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب١، ل٧٦.

(٦) کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب١، ل ٨٠.

(٧) کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب١، ل٨١ – ٨٧.

(٨) بڕوانە: کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب2، ل٢٩ بە دواوە.

(٩) بڕوانە: کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب١، ل ٢٠٠ – ٢٠٢.

(١٠) هەروەها مامۆستا نوری فارس حەمەخان فەرمووی: خۆیشم موبتەلای ئەم دەردە فکرییە بووم، تا خوای تەعالا کردی دواتر کە بووم بە (ئیمامی عەسکەری) و لە (بنکەی سەربازی حەببانیە) لای شاری ڕومادی دامەزرام، لەوێوە جاروبار هاتوچۆی شاری بەغدام دەکرد و دەچوومە دیدەنی جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، و لەوێ زۆر فەرمایشتی جوان و کاریگەری دەفەرموو، کە بوونە مایەی گەڕانەوەم لەو فکرە بۆگەنە، و خوا گیان چایعی نەکردم و بەم شێوەیە کردمیە خزمەتکارێکی بچکۆلانەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ).

(١١) بڕوانە: مختصر صحيح البخاری، للزبیدی، بە کوردی کردنی: عەللامە مامۆستا نوری فارس حەمەخان، ب1، دارالمعرفة – بەیروت – لوبنان، ل٥٥٣ ـ ٥٥٨، هەر کەس خوازیارە لەم بارەیەوە زیاتر بەرچاو ڕوون بێت، پێویستە ئەو پێنج – شەش لاپەڕەیە بخوێنێتەوە، کە لێوان لێوە لە زانیاری وردی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.

(١٢) بڕوانە: کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب٢/ل٣٦.

(١٣) بڕوانە: (الـخطيب)، ژمارەی مانگی **(رَبيعُ الأوّل)ی، ساڵی (١٤٢٩/ ٢٠٠٦)، (لِقاءٌ مَعَ الشَّيخ الدكتور مصطفى الزَلـمِي)، ئامادەكردنی: د. النعمان مُنذِر الشاوي ، ل٣٢.**

**(١٤) بڕوانە: لا قَتلَ لِلمُرتَدّ غَيـر المُفسِد في القُرآن**، نووسینی: د.مستەفا زەڵمی، چ2، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦ـ٥.

(١٥) بڕوانە: کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب٢/ل١٣٨ و ١٤٦.

(١٦) بڕوانە: کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ب٢/ل١٤١.

(١) جهود الدکتور مصطفى الزلمي، ومنهجه في الدراسات القرآنية، نامەی ماستەری نووسەر لە بەشی خوێندنی ئیسلامیی زانکۆی سلێمانی.

(٢) کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی د.مستەفا زەڵمی، چ1، ٢٠١٤.

(٣) مختصر صحيح البخاری، للزبیدی، بە کوردی کردنی: عەللامە مامۆستا نوری فارس حەمەخان، ب1، دارالمعرفة – بەیروت – لوبنان، ل٥٥٣ ـ ٥٥٨.

(٤) گۆڤاری (الـخطيب)، ژمارەی مانگی (ربيع الأول)ی، ساڵی (١٤٢٩ – ٢٠٠٦)، (لقاء مع الشيخ الدكتور مصطفى الزلمي)، ئامادەکردنی: د. النعمان منذر الشاوي ، ل٣٢.

(٥) پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، تاقگەیەکی نەسرەوت، ڕێدار ئەحمەد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.

(٦) الموسوعة الفقهية الكويتية، ئامادەکردنی: لیژنەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لە وڵاتی کوەیت، چ١، «ووشەی (السياسة)»، مطابع دار الصفوة – مصر.

**(٧) لا قَتلَ لِلمُرتَدّ غَيـر المُفسِد في القُرآن ، نووسینی: د.مستەفا زەڵمي، ض٢، هەولێـر – ٢٠١٣.**

# ڕوانینێکی تر بۆ مەسەلەی

# تەقلید



**خالید ئەلیاس محەمەدئەمین**
لەدایکبووی ١٩٧٥.
بەکالۆریۆس لە شەریعەتی ئیسلامی.
خاوەنی چوار کتێبی چاپکراوە.

پێناسەی تەقلید: **هو الأخذ بقول الغير ممّن ليس قوله حُجَّةً شرعيّةً، من غير معرفة دليله.** واتە: وەرگرتن و کارپێکردنە بە قسەی کەسێکی تر کە قسەکەی بەڵگەی شەرعی نەبێت، بەبێ زانینی بەڵگەکەی.

کە دەڵێین: **(ممّن ليس قوله حُجَّةً شرعيّةً)** گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر و کۆڕا (ئیجماعی) زانایانی ئیسلام ناگرێتەوە، چونکە ئەمە ناونابرێت بەتەقلید؛ لەبەرئەوەی هەرکامێکیان بەڵگەی شەرعین. هەروەک کە دەڵێین:(من غير معرفة دليله) ئەو حوکمە شەرعیە ناگرێتەوە کەوا وەردەگیرێت لەگەڵ زانینی بەڵگە شەرعییەکەی، چونکە ئەوە پێی ناوترێت تەقلید؛ بەڵکو ئەوە لەڕاستیدا وەرگرتنی حوکمە لە بەڵگە شەرعییەکە نەک لە موجتەهیدەکە. لەبەرئەوەی زانینی بەڵگەی شەرعی بابەتێک کەوا بابەتێکی بەڵگەدار بەرهەم دێنێ جۆرە ئیجتیهادێک دەخوازێت، وەک زانینی سەلامەتی و دروستی بەڵگەکە لەوەی دژیەتی، بۆیە وەرگرتنی حوکمی شەرعی لەگەڵ زانینی بەڵگەکەی تەنانەت ئەگەر لەگەڵ قسەی موجتەهیدێکیش بێتەوە ئەوە بە تەقلید هەژمار ناکرێت، بەڵکو ئەوە (اتباع)ە شوێن کەوتنە.

**گرنگی تەقلید**

هەروەک ئیجتیهاد لە پێداوستییەکانی ژیانە، بەهەمان شێوەش تەقلید گرنگییەکەی کەمتر نیە لە ئیجتیهاد لەلایەنی کرداری، لەبەرئەوەی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەحکامەکانی ئاینەکەیان نازانن و شارەزانین، ناشتوانن پێداچوونەوە بە سەرچاوەی ئەو ئەحکامانەدا بکەن، بۆیە تاکە چارەسەر ئەوەیە پرسیار بکەن لەو کەسانەی شیاوی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان. لەوانەیە ئەو کەسەش وەڵام دەداتەوە هەر موقەلید بێت ئەوکاتە وەڵامەکەی لەسەر شێوەی فەتوا دەبێت بەبێ ئیجتیهاد لەبەرئەوەی خوای پاک و بێگەرد فەرموویەتی: ﴿ **فسألُوا أهل الذكرِ إن كُنتُمْ لاتعلمون**﴾ **ألأنبياء:٧.**

**مەترسییەکانی تەقلید**

مەترسییەکانی لەم لایەنانەوە دەردەکەوێت:-

١. جاری وا هەیە کەسی موقەلید جیاوازی ناکات لە نێوان دەقەکانی ئەو کەسەی تەقلیدی کردووە و دەقەکانی قورئان و سوونەت لە بە پیرۆزدانانیدا، پێشبینی ئەوەش ناکات کەوا ئەو مەزهەبەی ئەوی لەسەرە هەڵەی تیادابێت.

٢. پابەندبوون بە مەزهەبێکی دیاریکراو لە تەواوی ژیاندا و وەرگرتنی هەموو حوکمێک لە پێشینەکەی دەبێتە هۆی دەمارگیری مەزهەبی و پاشان سەردەکێشێت بۆ پارچە پارچە بوونی ئوممەت.

٣. تەقلید رووحی بەرهەم و داهێنان دەکوژێت، موقەلیدەکەش بە چەق بەستوویی دەمێنێتەوە لە جووڵە کردنیدا و، لەلایەنی ئەقڵیشەوە بە وشکی دەمێنێتەوە و، دەبێتە رێگر لە بەردەم هەموو بەرەوپێش چوونێکی فیکری، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتوویی لە کاروانی شارستانیەتی و پێشکەوتنی زانستی، هەروەک حاڵی ئێستای جیهانی ئیسلامی شایەتە.

حوکمی تەقلید

تەقلید جائیزە نەک واجب وەک هەندێک وای بۆدەچن، تەقلید لەو بابەتانەی پەیوەستن بە عەقیدەوە دروست نییە ئەمەش ڕای زانایانە، بەڵام لە بابەتەکانی جگە لە عەقیدە (ألأحكام العملية )دا زانایان سێ بۆچوونیان هەیە.

یەکەم: تەقلیدی دروست، لەسەر هەرکەسێک پێویستە کەوا گەیشتبێتە ڕادەی تەکلیفی شەرعی بۆ خۆی ئیجتیهاد بکات لەو ئیشوکارانەی دێنە پێشی، هەروەها پێویستە هەوڵی تەواوی خۆی

بدات تا دەگاتە ئیجتیهادێکی دروست، ئەمەش ڕای (ئیبن حەزمە).

دووەم: تەقلید واجبە و ئیجتیهاد دروست نییە لە دوای سەدەی چواری کۆچییەوە، سەردەمی پێشەوا موجتەهیدەکان کەوا کۆدەنگی کراوە لەسەر جائیزبوونی تەقلیدکردنیان. دیارە ئەمە بۆچونێکی پەسەند نییە، چونکە هەروەک پێشتر ڕوونمان کردەوە ئیجتیهاد تایبەت نەکراوە بە هەندێک خەڵکی تایبەت و کورتیش هەڵنەهاتووە لەیەک چاخدا.

سێیەم: پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەو کەسەی بەتەواوی نەخوێندەوارە(العامی الصرف) ئەو کەسەی پلەی لەو بەرزترە، واتە خوێندەوارە، بەڵام نەگەیشتۆتە پلەی ئیجتیهاد. جا ئەو کەسەی بەتەواوی نەخوێندەوارە پێویستە لەسەری کەوا پرسیار بکات و تەقلید بکات بۆ هەموو بابەتێک کە دێتە پێشی، بەڵام ئەو کەسەی خوێندەوارە ئەوا پێویستە لەسەری ئیجتیهاد بکات ئەگەر توانی ئەحکامی شەرعی هەڵبهێنجێ لە بەڵگەکانی و سەرچاوەکانی، خۆ ئەگەر نەشی توانی ئیجتیهاد بکات ئەوا پێویستە (اتباع) بکات. زۆربەی هەرەزۆری توێژەرانی شەریعەت ئەم بۆچونەیان (ترجیح) زاڵکردووە لەبەر ئەم بەڵگانە:

١. دەقی قورئان: ﴿**فسألوا أهل الذكر إن كُنتُم لاتَعلمون**﴾ **الأنبياء** 7 ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خەڵکی لە زانست و زانیاریدا یەک ئاست نین و جیاوازن، ئاراستەکردنی ئەو کەسانەی زانیاریان نییە بۆ لای ئەو کەسانەی ئەهلی زانست و زانیارین، بۆ هەموو ئەو شتانەی دێتە پێشیان و حوکمەکەی نازانن.

٢. چەسپاوە لە پرۆگرامی هاوەڵان و شوێنکەوتووان ئەوانەیان توانای ئیجتیهادیان نەبووە پرسیاریان لەوانە کردووە کە موجتەهید بوون، بۆ شارەزابوون لە حوکمی ئەو ڕوداوانەی دەهاتنە پێش، شوێن فەتواو ئیجتیهادەکانیان دەکەوتن. تاوەکو ئەم شێوازە لە نێوانیاندا بڵاوبۆوە و پەرەی سەند بەبێ ئەوەی هیچ نارەزایەتیەک هەبێت، بۆیە هەموویان کۆکبوون لەسەرئەوەی ئەوانەی توانای ئیجتیهادیان نییە ئەحکامی شەرعی فێرببن لە ڕێی ئەوانەیانەوە کە توانایان هەیە.

3- بێگومان ئیجتیهاد لە توانای هەموو کەسێکدا نییە، چونکە ئەو کارە پێویستی بە توانا و زیرەکییەکی تایبەتی هەیە کە خاوەنەکەی بتوانێت حوکمی شەرعی هەڵبهێنجێ و لە بەڵگە شەرعییەکان بگات. هەروەک پێویستە ئەو کەسە شارەزای تەواوی هەبێت لە زانستە شەرعییەکان و زمانەوانیەکان و ئەقڵییەکان کەوا زۆرن، جا هەموو کەسێک داوای لێکرا ئەم کارە بکات دەبێتە هۆی نارەحەتی و سەغڵەتییەک کە لە تواناادا نەبێت، ئەمەش دژە بە فەرمووەدەی خوا: ﴿**لايُكلفُ أللّهُ نفساً إلاّ وُسعها**﴾ **البقرة:٢٨٦**، هەروەک دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی دابڕێن لە هەستان بە ئەنجامدانی بەرژەوەندییەکانیان و بێتواناییان لە دەستکەوتنی هۆکارەکانی ژیانیان، کەوا سستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر بنیاتنراوە.

## شوێنکەوتنی مەزهەبێکی دیاریکراو

دوای ئەوەی زانیمان ئەو کەسەی توانای ئیجتیهادی نییە دەتوانێت تەقلید بکات ئەگەر هات و نەخوێندەوار بوو، پێویستە لەسەری پرسیار بکات لە ئەهلی زانست لە هەموو ئەو شتانەی پێویستییەتی بیزانێت لە ئەحکامە شەرعییەکان، خۆ ئەگەر هات و خوێندەوار بوو ئیتیباع دەکات و شوێن ئەو بۆچونە دەکەوێت کە بەڵگەکەی بەهێزترە. لێرەشدا ئەوەی بۆ زیاد دەکەین و دەڵێین: ئەو کەسەی تەقلید دەکات یان ئیتیباع دەکات لەسەری نییە کەوا پابەندبێت بە مەزهەب و موجتەهیدێکی دیاریکراو، بەڵکو دەتوانێت تەقلیدی

هەر موجتەهیدێک بکات کە حەزی لێیەتی. هەروەک پێشەوا (ئامیدی) پشتیوانی ئەم بۆچونەی کردووە و دەڵێت «لم ینقل عن أحد من السلف الحجر علی العامة في ذلک، ولو كان ذلک ممتنعا لما جاز من الصحابة اهماله والسكوت عن ألأنكار عليه.

پێشەوا (ئیبن قەییم)یش لەمبارەیەوە دەڵێت: «**فللعامي أن يستفتي من إتباع الأئمة ألأربعة وغيرهم، ولايجب عليه ولا علي المغني أن يتقيد بأحد من ألأئمة ألأربعة باجماع ألأمة، كما لايجبُ علي العالم أن يتقيد بحديث أهل بلده أو غيره من البلاد، بل إذا صَحَّ الحديثُ وجب العملُ به**»، هەروەها وتوویەتی «**ولايلزمُ أحداً قطُّ أن يتمذهب بمذهب رجلٍ من ألأئمة بحيثُ يأخُذُ أقواله كلها ويدعُ أقوال غيره، وهذه بدعةٌ قبيحةٌ حدثت في ألأمة لم ينقل بها أحدٌ من أئمة ألأسلام. وهم أعلي رُتبةً وأجلُّ قدراً وأعلم بالله ورسوله من أن يلزموا النّاس بذلك**» **ئیَشةوا شافیعیش وتوویةتي» أجمع المسلمون علي أنَّ منَ استبان له سنَّة رسول ألله صلي ألله عليه وسلم لم يحل له أن يدعها لقول أحدٍ**».

## گەڕانەوە بۆ قورئان و سووننەت نەك دەمارگیری بۆ مەزهەب

لەمبارەیەوە د.یوسف قەرزاوی نووسیویەتی:» لەو نەهامەتیانەی کەوا گیرۆدەبووین پێیەوە لە بواری فێرکردن و فەتواداندا پابەندکردنی خەڵکییە بە تەنها یەک مەزهەب لە هەموو بابەتەکانی خواپەرستی و مامەڵەکردندا، لەوانەشە ئەم مەزهەبە خودی خۆی لە بابەتێکدا بەڵگەکەی لاواز بێت و، دووربێت لە پێکانی هەق و ڕاستی، ئەوەش ببێتە مایەی سەغڵەتکردنی بەندەکان، وەک ئەوەی شوێنکەوتنی مەزهەبێکی دیاریکراو فەرزبێت و وەحی لەسەر هاتبێت، یان جوبرەئیلی ئەمینداری وەحی نازڵی کردبێت!، لەڕاستیدا هەر مەزهەبێک لەو مەزهەبانە تەنها کۆمەڵە بابەتێکن کە موجتەهیدێک ئیجتیهادی تێداکردوون و پڕوپاگەندەی ئەوەی بۆ خۆی نەکردووە کەوا هەڵە ناکات. جا ئەگەر هاتوو ڕاستی پێکا ئەوا دوو پاداشتی هەیە، خۆ ئەگەر هاتوو هەڵەی کرد ئەوا تەنها یەک پاداشتی هەیە. هیچ پێشەوایەکی موجتەهیدیش ڕاستی لەسەرخۆی تاپۆ نەکردووە، بەخەڵکیشی نەگوتووە ئەوەی ئەو بۆی چووە شەرعییە و دەبێ پیادە بکرێت و، ئاینێکە واجبە تەقلید بکرێت.

پێشەوا مالیک وتوویەتی «**كُلُّ إنسانٍ يُؤخَذُ من كلامهِ وَيُترَكُ إلاّ صاحبَ هذا القبرِ صلي ألله عليه وسلّم**، **ئیَشةوا (شافیعي)ش وتوویةتي» رأي صوابٌ يحتملُ الخطأ ورَأيُ غيري خطأٌ يحتملُ الصواب**»، **هەروةها وتوويةتي « إذا صحَّ الحديثُ فاضربُوا بقولي عُرضَ الحائِط**». ئەم قسەیە هەرکام لە چوار پێشەوا موجتەهیدەکان وتوویانە. پێشەوا ئەبو حەنیفە وتوویەتی» اذا جاء الحديث عن رسول ألله فعلى الرأس والعين، واذا جاء عن الصحابة فعلى الرأس والعين، واذا جاء عن التابعين فهم رجال ونحن رجال.

من نامەوێت کەسی مسوڵمان بگوازێتەوە لە نێوان مەزهەبەکاندا وەک باڵندە لە نێوان درەختەکاندا، لە هەر مەزهەبێک ئەوە وەربگرێت کەوا ڕێکە لەگەڵ هەواو ئارەزووی، بەبێ ئەوەی پشت ببەستێت بە ئەسڵی بابەتەکە و بەڵگەی شەرعی، نەخێر من دەمەوێت کەسی مسوڵمان شوێنی بەڵگەی شەرعی بکەوێت. گەردن کەچ بێت بۆ ئەو حوکمە شەرعییەی کە بەڵگەکەی بەهێزترە، دڵی پێی هۆگربێ و، ڕێکبێ لەگەڵ یاسا و ڕێسای شەریعەت و ڕۆحی ئیسلام. ئائەمەشە کەوا پێشینانی چاکمان لەسەری بوون پێش ئەوەی مەزهەبەکان شوێنکەوتووەکانیان پەیدابن و بڵاوببنەوە و، پێش ئەوەشی دەردی تەقلید تەشەنە بکات.

جا ئەی لەبەرچی خەڵکی پابەند بکەین بەشتێک

که خوای گەورە پابەندی نەکردوون پێیەوە! تەکلیفیان بکەین شوێن یەک مەزهەب و یەک پێشەوای دیاریکراو بکەون لە هەموو بابەتەکانی ئایندا، بەشێوەیەک کە بۆی نەبێت لێی لابدات، لەکاتێکدا لەمەدا نارەحەتی و سەغڵەتی و کارگران کردنە کە خوای گەورە ڕەتیکردۆتەوە لە ئاینەکەیدا هەبێت»؟!

### تەقلید لەبەرگێکی نوێدا

ئەوەی ئێستا لە زۆرێک لەگ ەنجە بەڕێزەکان دەیبینین جۆرە تەقلیدێکی نوێیە، بەوەی دێن دەقاودەق پابەندی هەندێک لە زانا و موجتەهیدە تازەکان دەبن و موو بە موو لێیان لانادەن، نووسراوەکانیان و فەتواو ئیجتیهادەکانیان وەک خۆی وەردەگرن و جێبەجێی دەکەن، پابەند دەبن پێوەی و خۆیانیانی لەسەر پەروەردە دەکەن، بەبێ ئەوەی دیراسەیان بکەن و بزانن تا چەند ڕاستیان پێکاوە و لەگەڵ شەریعەتدا دێتەوە. لەڕاستیدا ئەمەش جۆرە تەقلیدێکە، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا و هیچ جیاوازییەکی وای نییە لەگەڵ ئەو کەسەی تەقلیدی مەزهەبێک دەکات و دەمارگیرە بۆی.

ڕاستییەکی دیکەش هەیە دەبێ بیزانین هەموو ئەو نووسین و فەتوا و ئیجتیهادانەی کە لە کۆمەڵگە و وڵاتێکی ترەوە بۆمان دێن مەرج نییە بۆ کۆمەڵگە و وڵاتی ئێمە گونجاو بن، بەڵکو ئەوە بۆ کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیان گونجاوە، بەڵام بۆ ئێمە نەگونجاوە. چونکە قاعیدەیەکی ئوسولی هەیە دەڵێت:(فەتوا بەپێی کەس و شوێن و کات دەگۆڕێت)، کەواتە هەموو ئەو نووسین و فەتواو ئیجتیهادانەی کە زانایانی بەڕێزی وەک:( شێخ ناصرەدینی ئەلبانی، شێخ ئیبن باز، شێخ ئیبن عوسەیمین، شێخ ساڵح فەوزان...هتد) لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتمان بۆ هەوڵ و کۆششیان بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ناگونجێن، بەڵام دەکرێت سوود لە بەرهەم و ئیجتیهادەکانیان وەربگیرێت، بەڵکە دەبێت ئێمە ئاین لە زانا و موجتەهیدەکانی وڵاتی خۆمان وەربگرین، چونکە ئاینی ئێمە ئاینێکی واقیعییە و بەرتەسک نییە.

ئەگەر سەیری مەزهەبی پێشەوا شافیعی بکەین دەبینین کاتێک کۆچ دەکات بۆ وڵاتی میسر زۆرێک لە ئیجتیهادەکانی گۆڕی، بۆیە ئەو ئیجتیهادانەی لە عێراق کردوویەتی پێی دەوترێت:(المذهب القديم)، بەڵام ئەو ئیجتیهادانەی لە میسر کردوونی پێی دەوترێت: (المذهب الجديد). ئەمەش لەبەرئەوە بوو سەیری کرد کۆمەڵگەی میسری دابونەریتیان زۆر جیاوازە لە هی عێراق، بۆیە ناچاربوو فەتوا و ئیجتیهادەکانی گۆڕی بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ سروشتی ئەوان.

لەڕاستیدا ئەو هۆکارەش وایکردووە کە زۆرێک لە گەنجە خوێن گەرمەکانی ئێمە تووشی تێپەڕاندن و بەزایەدان و پەرگیری و توندڕەوی بن، بۆیە ئامۆژگاریمان بۆ هەموو ئەو گەنجە دیندار و دڵسۆزانە ئەوەیە کەوا دەمارگیر نەبن بۆ هیچ کەس و مەزهەب و قوتابخانەیەک، خۆیان پەروەردە بکەن بە پەروەردەیەکی ئیسلامی واقیعی ڕەسەن کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی خۆمان بێت، ڕێز لە زانا و موجتەهیدە دڵسۆزەکانی خۆمان بگرن و ئاینیان لێوەربگرن و خۆیان بە نووسینەکانیان پەروەردە بکەن.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. الأسس الشرعية والفكرية للعمل الأسلامي. راشد بن علي الأثري . دار الجيل. بيروت . ط١، ١٤١٧ه.

٢. أصول الأحكام وطرق الأستنباط في التشريع الأسلامي. لأستاذ الدكتور: حمد عبيد الكبيسي. ط1، دار السلام. دمشق، ٢٠٠٩.

٣. العبادة في الأسلام. د.يوسف القرضاوي. ط٦، ١٩٧٩.

# هەڵوێستی سوریا بەرامبەر بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە




**عادل سدیق علی**

لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە ، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەند وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبووەتەوە


ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و سوریا مێژوویەکی کۆنیان هەبووە، هەروەک زنجیرەیەک هۆکاری ناوخۆیی و هەرێمی نێودەوڵەتی ڕۆڵیان هەبووە لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دراوسێیەدا. بەڵام بە هاتنی سەدام حسێن بۆ سەر کورسی دەسەڵات لە عێراقدا ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە زیاتر پەرەی سەند، ئەگەرچی دیمەشق ئەو گۆڕانکارییەی سەرکردایەتی بەعسی عێراقی بەهەند وەرنەگرت، چونکە هاوزەمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی عێراقدا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ئێرانەوە و هاتنی خومەینی بۆ سەر دەسەڵات خەریکبوو هاوپەیمانێکی نوێی بۆ دروست دەبوو. ئەم هاوپەیمانێتییە زامنی ئەوە بوو (بەبۆچونی سورییەکان) فشارێکی تازە بۆ سەر بەعسییەکانی عێراق دروست دەکات.

بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگیش عێراق دووجار هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ سوریا، بەڵام هەردوو هەوڵەکە شکستیان هێنا. سوریا، سەدام و عەفلەقی بە دوو دوژمنی باوەکوشتەی خۆی دەزانی، هەربۆیە لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، حکومەتی سوریا پشتیوانی خۆی بۆ ئەو حکومەتە نوێیە ڕاگەیاند، ئەم هەڵوێستەی سوریاش، سەدام حسێنی بە جارێک توڕە و نیگەرانکرد.

ئێران و سوریا ئەگەرچی لەسەر زۆر بابەت ناکۆک بوون، بەڵام بەرەیەکیان پێکهێنابوو، یەکێک لە ئامانجەکانیان ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن بوو. بیروڕای ئەم دوو لایەنە لەسەر پاشەڕۆژی عێراق جیاواز بوو، ئێران تازە لە گەرمەی سەرکەوتنیدا بوو، دەیویست شۆڕشی ئیسلامی لە هەموو ناوچەکە، لە پێشەوەیاندا عێراق بگرێتەوە. هەرچی سوریاش بوو دەیویست سەرکردایەتی بەعس، بە تایبەتی سەدام هاوڕێکانی برووخێنێ، ئیتر دامودەزگاکانی حیزبی بەعس و حکومەتەکەی لە عێراقدا، بە موڵکی خۆی دەزانی.

گومانی تێدا نییە پەیوەندییەکانی کوردیش لەگەڵ هەریەکە لە سوریا و ئێران کە هەردووکیان دوژمنی عێراق بوون، خاڵی لاوازی عێراق بوو لەبەرئەوەی بەرەیەکی نەیاری دژ بە عێراقیان پێکدەهێنا. پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ سوریادا بەغدای توڕە و نیگەران دەکرد، ڕاستە دیمەشق لەگەڵ تاران زۆرتر لە ڕێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانیەوە پەیوەندی لەگەڵ کورددا هەبووە، بەڵام لە هەمانکاتدا دیمەشق لە هەر وڵاتێکی تر زیاتر پەیوەندی سیاسی لەگەڵ کورددا هەبوو. هەرزوو ڕێگەی بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا کە نوێنەرایەتی خۆیان لە دیمەشق بکەنەوە و لە چەندین بۆنە و ڕووداویشدا لێپرسراوە سیاسییەکانی دیمەشق پێشوازییان لە

لێپرسراوە سیاسییەکانی کورد کردووە.

سوریاش لەبەرئەوەی هێزە نەیارەکانی بەعس لەنێو عەرەبی عێراقدا لاواز بوو، بەناچاری یارمەتی گرووپ و رێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی عێراقی دەدا، تەنانەت حیزبێکی سیاسی گەورەی وەک (ی.ن.ک) لە ساڵی ١٩٧٦دا لە سوریا دامەزرا، هەر بەیارمەتی ئەو وڵاتەش زۆربەی بەرپرس و هێزەکانیان کە ئەودەم لە سوریا پەنابەر بوون، گەڕانەوە کوردستان.

هەر ئەو نزیکایەتی و دۆستایەتیەش وایکرد، کە لە سەروبەندی گازبارانکردنی هەڵەبجەدا، تاکە وڵاتێکی عەرەبی بێت لە بەرامبەر ئەو رووداوەدا هەڵوێست وەربگرێت و لەسەر ئەو کارەی سەرزەنشتی بەغدا بکات، رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە ئاماژەیان بۆ کۆمەڵکوژییەکەی هەڵەبجە کرد و سیاسەتی دوژمنکارانەی رژێمی عێراقیان دژ بە گەلی کورد ئیدانەکرد. وەزیری دەرەوە و رۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار، بە رەسمی نارەزایی خۆیان لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی گەلی کورد نیشاندا.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە رێگەی نامەیەکەوە بۆ هەردوو سەرۆک (حافز ئەسەد و موعەمەر قەزافی) لە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر گەلی کورد ئاگادارکردەوە، لە بەشێکی نامەکەدا هاتبوو:» گەلی کورد ئێوە بە دۆستی خۆی دەزانێ و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد نەک هەر ئیدانەی ئەو تاوانە بیوێنەیە بکەن، بەڵکو بە هەموو تواناتانەوە پشتیوانی لێ بکەن و دەنگی بە رای گشتی دەوڵەتان بگەیەنن لە پێناوی ئیدانەکردنی ئەو کارەی بکوژانی بەغدا و سزادانیان...هتد».

دواتریش تاڵەبانی لە مانگی مایس و ئەیلولدا دوو سەردانی بۆ دیمەشق ئەنجامدا و لە هەردوو سەردانەکەشیدا چاوی بە حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا کەوت، جگە لە باسکردنی تاوانەکانی عێراق و خودی سەدام حسێن دژ بە گەلی کورد، هاوکات تاڵەبانی زۆر سوپاسی سەرۆکی سوریای کرد لە بەرامبەر هەڵوێستەکانیدا بۆ پشتیوانیکردن لە خەباتی گەلی کورد و هەڵوێستەکانی لەمەڕ تاوانەکانی عێراق دژ بە گەلی کورد، هەروەک تاڵەبانی لە دیمەشق رایگەیاند کە ئەوان سەرۆک ئەسەد وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی و ستراتیژی خۆیان دەزانن، بەوپێیەی کە ناوبراو بە تەنگ مەسەلەی ئاشتی نێوان عێراق و ئێران و پێکەوەسازانی کورد و عەرەب و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردەوەیە لە چوارچێوەی عێراقدا.

تەنانەت سوریا لە دانیشتنی رۆژی ١٩٨٨/٩/١٢ کۆمکاری عەرەبی دژی بڕیارێکی ئەو کۆمەڵەیە وەستایەوە بۆ دژایەتیکردنی ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەی کە لەلایەن دەزگاکانی رۆژئاواوە دەکرایە سەر عێراق لەپای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی گەلی کورد، چونکە سوریا لەگەڵ پێکهێنانی لێکۆڵینەوەدا بوو بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە. عێراق پێی وابوو ئەم هەڵوێست و هەڵسوکەوتانەی سوریا هیچیان کەمتر نییە لە خیانەتکردن لە نەتەوەی عەرەب، بۆیە زۆر بە توندی رەخنەیان لە سوریا دەگرت.

دەکرێ بڵێین، هەڵوێستەکانی سوریا لە بەرامبەر کۆمەڵکوژییەکەی هەڵەبجەدا، رەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەو وڵاتە بوو، چونکە ئەو دوو وڵاتە ناکۆکییەکی قوڵی فرە رەهەند لە نێوانیاندا بوو، هەردووڵاش زۆر رێگا و شێوازیان گرتەبەر لە دژی یەکتر، سورییەکان هەمیشە کارتی کوردیان وەک فشارێکی بەهێز بەرامبەر بە بەغدا بەکاردەهێنا، هەربۆیە هەر هەڵوێستێکی سوریا بەرامبەر بە کورد و لەنێویشیاندا کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبێ لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان عێراق و سوریادا لێکبدرێتەوە.

**سەرچاوەکانی ئەم بابەتە لەلای خاڵ پارێزراون**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات

# کۆبەرهەمی
# دکتۆر
# مستەفا زەڵمی
# لە شەریعەت و یاسادا



دواخاڵ



تۆفیق کەریم

## مێژووی ئیسلامی لە نێوان یاران و نەیارانیدا

چواردە سەدە زیاتر بەسەر هاتنی ئاینی ئیسلامدا تێپەڕیوە، مێژوویەکی وەها دووورودرێژو پان و بەرین، بەدڵنیاییەوە دیاردە و حاڵەت و ڕووداوی جۆری ئەرێنی و نەرێنی لەخۆگرتووە، کە تاوەکو ئەمڕۆ ڕاستەقینە و هەڵبەستراوەکانیان بەتەواوی هەڵاوێر نەکراون، پێشناچێت بە ئاسانی لە ئایندەدا پرۆسەیەکی لەوشێوە ئەنجامبدرێت.

ئەم مێژووە درەنگوەخت و بە هەوڵی تاکەکەسی هەرچەند بیستراوە تۆمارکراوە، لە هەندێک قوناغیشدا دەمارگیریی و ڕێچکە و ڕێباز و ئاڕاستە جێپەنجەیان بە ڕوونی پێوە دیارە، جگە لە شوێندەستی دەسەڵاتی سیاسی و هەندێک نوسەری دەربار، هەموو ئەمانە خاڵی نەرێنین پێچەوانەکانیشیان کە نوسینەوەی مێژوویەکی زانستی دەستەبەر دەکەن وەک دروستکردنی دامەزراوەیەک بۆ تۆمارکردنی ڕوداوەکان لەکاتی خۆیدا و پشتبەستن بە بەڵگەنامە و نوسینی بێ لایەنانە بە ئەندازەیەکی زۆر بونیان نەبووە.

بۆیە ئەوەی کە بە مێژووی ئیسلامی ناوزەند دەکرێت پڕیەتی لە ناڕوونی و قۆرت و کەموکورتی ناتوانرێت بە ئاسانی ساغ بکرێنەوە و بەلایەکدا بخرێن، بۆیە گێڕانەوەی هاودژ و لێکدانەوەی پێچەوانە و ئەنجامگیری جیاواز بۆ زۆر لە ڕووداوەکان دەکرێت، سەرەڕای بژاردەکردنیان لە گێڕانەوە و بە نمونە هێنانەوەیاندا.

دەبینین ئیسلامخوازان زیاتر ڕووداو و حاڵەتە جوان و شایستەکان دەهێننەوە و دەیکەن بە بەڵگە بۆ بێ خەوشی شارستانیەتی ئیسلامی و دادگەریی دەسەڵاتداران و خاوێنی کەسایەتییە موسڵمانەکان، لەولاشەوە نەیارانیان کۆمەڵێک وێستگەی تاریک و هەڵوێستی نەرێنیان بەدەستەوە گرتووە بۆ نیشاندانی ڕووی تاڵخ و لەکەداری ئەم مێژووە، هەردوو جۆرە بژاردنەکەش ئەگەر بەتەواوی پشتڕاستبکرێنەوە بە بەڵگەی سەلمێنەر، هێشتا پڕ لە کەموکوڕین و نابنە گێڕانەوەی زانستی و ناسازن بە توێژینەوەی بابەتی.

ئەم دوو شێوازە لە بیر و تێڕوانینی ئایدۆلۆژی و ململانێی دەمارگیرییەوە سەرچاوە دەگرن، جۆرێکن لە لۆژیکی مەلا بەزێنە و یەکتر بۆڕدان، لەبەرئەوەی هەردوولاش لە یەکدی تێدەگەن، هەرگیز کەسیان نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە، مل بۆ ئەوی دیکەیان بدەن با ڕاستی و دروستیش لە بابەتەکەیدا بینیبێت.

سەرەڕای ئەو کەموکورتیە زۆرە کە ئاماژەمان بۆ کەمێکیان کرد، هەقە ئیسلامخوازان مێژوو بە هەموو جوان و ناشیرینییەکانییەوە بە هەڵە و کورتی مرۆڤەکان بزانن، مرۆڤیش وەک ناخی خۆیەتی، کە پڕپڕە لە جوانی، بێگەردی، سۆز، بەزەیی، چاکە خوازی،... وەک چۆن پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، واتە: ناشیرینی، خراپەکاری، ڕقو کینە، خۆسەپاندن و....هتد.

کەواتە دەگونجێت لە هەرکەس و کۆمەڵگە و قۆناغێکدا ئەو سیفەتە ناوازانە یاخود بەدەکان لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکو دامەزراوەکاندا ڕەنگبداتەوە، نابێت بە چاوی فریشتەی بێ هەڵە و بەفری پێ پەڵە لێیان بڕوانین.

ئەوانەش کە نەیارن ئەگەر بڕیاری پێشینەیانداوە بە ناشرین دەرخستنی ئاین و بە کون و قوژبنی مێژووی پانوبەرینی هەزاروچوارسەد ساڵەدا دەگەڕێن بۆ بەڵگە دۆزینەوە و پشتڕاستکردنەوەی بڕیارە پێشینەکانتان بەدڵنیاییەوە نمونەی زۆرتان دەستدەکەوێت، بەڵام هەرگیز ئەو بژاردەکردنە ڕێبازی بابەتی و زانستی نیە، تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەکانیش هەموو ڕاستبن سەرجەمیان دەبنە مێژووی موسڵمانان کە ئەوانیش مرۆڤن و مێژووەکەشیان بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی کەسیخناخە بە هەردوو ڕووە ئەرێنی و نەرێنییەکە، ناکرێت بەو هەڵە و پەڵانەی موسڵمان دادگایی خودی ئیسلامی پێ بکەین کە بریتییە لە دەقە ئاینییە دروستەکان.